# دەسەڵاتی رۆشنبیری

سابیر رەشید



منتدى إقرأ الثقافي
WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

سابیر ڕەشید

# دەسەڵاتی ڕۆشنبیری

هەولێر
٢٠١٦

* ناوی کتێب: دەسەڵاتی ڕۆشنبیری
* ناوی نووسەر: سابیر ڕەشید
* بابەت: ڕۆشنبیریی سیاسی
* نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم - ٢٠١٦
* دیزاینی ناوەڕۆک: عوسمان پیرداود
* دیزاینی بەرگ: ئاکار جەلیل کاکەوەیس
* پیت چنین: ڕزگار موحسین + کاوە حوسێن
* هەڵەبڕی: نووسەر
* تیراژ: ١٠٠٠ دانە
* چاپخانە: تاران
* نرخ: ٤٠٠٠ دینار
* لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (٥١)ی ساڵی (٢٠١٦)ی پێدراوە.

# ڕۆشنبیری و
# سیاسەت و ئەفسانە

بۆ دەستنیشانکردنی مانای ڕۆشنبیری بەشێوەیەکی ئەکادیمی پێویست بەلێکدانەوە و مەدلولاتی زمانەوانی و بنچینەو ڕەگەزی زانستی هەیە، بۆ دەربازبوونمان لە لێکدانەوە و قاڵبوون لەرووی مانا بەخشینی ڕۆژانە و ڕاگەیاندنەوە. چونکە زۆرجار تێکەڵاوی لەمەبەست دەکرێ بەمانای فراوان و مانا بچووکەکەی و ئەوەی بەسەر زماندا دێت لەمانا باوەکانی وەک (ڕۆشنبیر، فێرکەر، فێرخواز، کۆمەڵەڕۆشنبیرییەکان، ڕۆشنبیریی گشتی، تا دەگاتە نوێترین زانیاری کۆمەڵایەتی ئاخافتن کە لەڕۆشنبیریی میللی و یاسای کۆمەڵگاکان و پەیوەندیەکانیان دەدوێ). **(تایلۆر)** لەکتێبی (ڕۆشنبیری سەرەتایی)دا پێناسەی وردی ڕۆشنبیری نزیکەی ماوەی سەد ساڵ کردووە. ئەم وایدەبینێ کە (بەمانای ئەتنۆگرافی فراوان، ئەوەیە کە هەموو ئاڵۆزێکە لەزانست، بیروباوەڕ، هونەر، ڕەوشت، یاسا، نەریت و هەموو بەرجەستەیەکی تر کە مرۆڤ وەریدەگرێ وەک ئەندامێک لە کۆمەڵ بگرێتە خۆی). ئینجا هەر لەخانەی بەرەوپێشچوونی زانستی کۆمەڵناسی و لقەکانی دا کە لەلایەن خۆرئاواوە سەریهەڵداوە. **(کرۆبێر)** و **(کلاکهۆن)** نزیکەی سەدوشەست (١٦٠) پێناسەی تریان کۆکردۆتەوە. **(فرانس بواس)** وا پێناسەی وەسفی ڕۆشنبیری دەکا کە بەم شێوەیە بێت (ڕۆشنبیری هەموو دیاردەکانی نەریتی کۆمەڵایەتی دەگرێتەخۆی لە کۆمەڵگای

ناوچەییدا. کە بەدەنگەوەهاتنی تاکەکەسان دەگرێتەوە لەئەنجامی نەریتی ئەم کۆمەڵەی کەتیایدا دەژین، و لەئەنجامی جموجۆلی مرۆڤایەتیدا بەدیدێت). (**کلێنبرگ**)یش بەم جۆرە پێناسەی دەکا کە (هەموو شتێکە کە پەیوەستە بە شێوازی ژیان. هەروەکچۆن دەوروبەری کۆمەڵایەتی دەستنیشانی دەکا). لەساڵانی سییەکاندا زاراوەی بنەمای کۆمەڵایەتی لە جێگای ڕۆشنبیری بەکارهات لە بەریتانیادا. بۆیە (**فیرس**) بۆ ئەمە چووە کە پێناسەی ڕۆشنبیری بەگوێرەی پێناسەی کۆمەڵ دابڕێژێ وەک دەڵێ ((ئەگەر تەماشای کۆمەڵ بکەین بەوەی کە لەکۆمەڵێک تاکەکەسان پێکدێت، ئەوا ڕۆشنبیری ڕێگا گرتنە بەریانە لەژیان. ئەگەر وامان دانا کە کۆمەڵ بریتییە لە کۆمەڵێک لە پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان، ئەوا ڕۆشنبیری بریتییە لە ناوەڕۆکی ئەم پەیوەندیانە. ئەگەر هاتوو کۆمەڵ بایەخ بە ڕەگەزی مرۆڤایەتی بداو بە کۆکردنەوەی تاکەکەس و پەیوەندی نێوانیان هەڵسێ، ئەوا ڕۆشنبیری وامانا دەبەخشێ کە دیاردەی لەسەریەک کەلەکەبووی ماددی و ناماددییە کە خەڵک پشتاوپشت لایان ماوەتەوە و بەکاری دێنن و لەنێوان یەکتردا ئاڵوگۆڕی پێدەکەن)). سەرجەم ئەم هەموو پێناسانە[١] هەڵسوکەوت لە چەمکی ڕۆشنبیری بەدیار ناخەن و پەیوەست نین بەبەرهەمی بیردۆزی و هزری. تا بەدیارکەوتنی زانستی ڕۆشنبیری کە (**هوایت**) لەژێر ڕۆشنایی پێناسەی (**تایلۆر**) وا پێناسەی دەکا، نوێنەرایەتی ڕێکوپێکی کۆمەڵێک لە ڕووداوو ڕەگەزە ڕەمزیەکان بێت. وەک زمان و نەریت و بیروباوەڕ و کەلوپەلەکان، لەنێوان سەد ساڵی دوایی لەزانستی کۆمەڵناسیدا زاراوەی وەرگیراو لە ڕۆشنبیری سەریان هەڵدا وەک: نەسقی ڕۆشنبیری، گواستنەوە، گشتیەکان (عمومیات)، جۆر، جێگۆڕکێ (ابدال)، تایبەتمەندی، چەشن، دیاردە، کامڵ

بوون، شەپۆل (تیار)، هەردەبێ، لێک نزیک بوونەوە، پێکگەیشتن، کێشمەکێش، دارشتن، گۆڕان، ناوچە، کەڵەکەبوونی ڕۆشنبیری. هەروەها وەک ناوەڕۆک ڕۆشنبیری بۆ دوو جۆر دابەش بوو، ڕۆشنبیری ماددی و ناماددی – دواکەوتن و پێشکەوتن، هەروەها مێژوو و ڕۆشنبیری، دیاردەی لێک نزیک بوون. هەروەها چوونە ناو یەکتر و لێڵی لەنێوان پێناسەی ڕۆشنبیری و شارستانییەتی(٢).

لەوانەیە زاراوەی ڕۆشنبیری بەچەند مانایەک بەکاربهێنرێ لەرووی تاکییەوە وەها سوودی لێدەبینرێ کە ئاگادار بوونی فراوانە لە (زانست، توانا، بینین). بەڵام لەسەر ئاستی کۆ زاراوەکە وامانا دەبەخشێ کە کۆمەڵەی مرۆیی یان کۆمەڵ بەتێکەڵبوونی لەگەڵ دەوروبەری خۆی دەگاتە ئامرازێک وایلێبێت بتوانێ گوزارشت لە واقعێک بکات. ئاست و شێوەی ئەم گوزارشتە هەرچۆنێ بێت، کۆمەڵێکی دیاریکراو ڕەنگبێ بەدواکەوتوو یان پێشکەوتوو یان هۆشمەند و داهزراو دابنرێ. لەبەر ئەمە زۆر لەنووسەران کاتێ باسی ڕۆشنبیری دەکەن بە چەمکێکی تری دەبەستنەوە کە بەهاوئاستی ڕۆشنبیری دادەنرێ ئەمیش شارستانییەتە. کەواتە ڕۆشنبیری بەم هەموو شتەوە پێناسە دەکرێ کە شارستانییەتی دەیانگرێتەخۆ لەبیروباوەڕ و زمان و هەڵسوکەوت و ڕێگای ژیاری و دامەزراو (مؤسسات) و ژینگەو تەکنیکاری. لەبەر ئەمە کاریتەی ڕۆشنبیری بریتییە لە تێکەڵاوی لەنێوان هۆیەکانی ڕۆحی و ماددی. بۆیە زاناکانی کۆمەڵناسی لەکاتی نووسینی باسەکانیاندا لەبارەی ڕۆشنبیری توانیویانە نموونە و بۆچوونی تەجریدی دابرێژن کە سوودی بۆ گشتی هەبێ لەکاتی دوانیان لەبارەی جۆری کۆمەڵگاکان بەجۆرێک کە بتوانن لەبارەی: کۆمەڵگای سەرمایەداری، کۆمەڵگای سۆشیالیستی، کۆمەڵگای دەرەبەگایەتی،

کۆمەڵگای سەرەتایی بدوێن. ئەگەر هاتوو ئەم نموونانە مەبەستی گوزارشتکردن لەشێوەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵگاکان بەلایەنی ئابوورییەوە دەربخەن، ئەوا کۆمەڵگاکان وادەردەکەون لەرووی کۆمەڵایەتییەوە دابەش دەبن بۆ کۆمەڵگای ئایینی و وەهمی (میتافیزیکی) یان دامەزراوی عەقلانی بەگوێرەی ئەو قۆناغانەی کە کۆمەڵگاکان دەیگەنێ کاتێ گوزارشت لەواقعی خۆیان دەکەن. ئەگەر زاراوەی ڕۆشنبیری بەهاوشانی شارستانییەتی بەکاربهێنرێ ئەوا ڕۆشنبیری سیاسی وەک گوزارشت بایەخەکەی تەنها بەلایەنی ڕامیاری لە ڕۆشنبیریدا دەگرێتەوە. لەبەر ئەمە پاش واداناني ئەوەی کە ڕۆشنبیری وەک شارستانییەتی لایەنێکی ماددی و لایەنێکی مەعنەوی هەیە بۆیە پێویستمان بەوە هەیە لەدواییدا باسی ئایدیۆلۆژیای (باو)یش بکەین چونکە نوێنەری لایەنی هزرییە و هەر لەم باسەشدا باسی دامەزراوەکای ئایدیۆلۆژی دەوڵەت دەکەین چونکە گوزارشت لەلایەنی ماددی بۆ ڕۆشنبیری دەکات[٣].

## ڕۆڵی ڕۆشنبیری وەک فاکتەرێک بۆ کارکردنە سەر دیاردەی سیاسی:

ئێمە لەپێناسەکردنی ڕۆشنبیریدا گەلێک بیروڕاو بۆچوونی جیاجیامان خستەڕوو و پەیوەندی ڕۆشنبیریمان بەلایەنەکانی تری کۆمەڵناسی و سیاسی و ئابووری بەدیارخست ئێستا واچاکە بۆ زیاتر شارەزا بوون و تێکەڵاوی لەگەڵ دیاردەی سیاسی و ڕۆڵی ئایدیۆلۆژیاو ئەفسانە و کۆمەڵ بەرجەستە بکەین، چونکە ڕۆشنبیری فاکتەرێکی هەرە گرنگی هەڵسوڕێنەر و کارکردەی دیاردەی سیاسیە، بۆیە واچاکە لەم ڕوانگەیەوە ڕۆشنبیری بۆ دوو مانای گشتی ڕاڤە بکەین و ڕۆڵی هەر یەکێکیان لەم مانایانە

بۆ کارتێکردنی دیاردەی سیاسی شیبکەینەوە. لەم پێودانگەوە ڕۆشنبیری دوو مانای سەرەکی بەخۆوە دەگرێ، کە هەندێک جار بەمانای فراوان و هەندێک جاریش بەمانای کورت (الضيق) لێک دەدرێتەوە.

بەمانای کورت زاراوەی ڕۆشنبیری وا مانا دەبەخشێ: کۆمەڵێک هزر و بیروباوەڕ کە دانیشتوان بیری لێدەکەنەوە یان کۆمەڵێک لە تاکەکەسان لە کۆمەڵگایەکدا. بەڵام زاراوەی ڕۆشنبیری بەمانای فراوانی وشە بریتییە لە: ئایینەکان، ئەفسانەکان، کەش و هەوا، جوگرافیا، ژینگە، هزر، بیروباوەڕ..تاد، لەوانەیە یەکێک بێت لەم مانایانەی کە هەیەو پەیوەستە بە کۆمەڵێکی دیاریکراو لە دانیشتوان. ئێمە لەبەر ئەوەی باسەکەمان پەیوەستە بە ڕۆشنبیری و کۆمەڵ و سیاسەت دێین لەمانای کورتەوە دەخزێینە ناو باسەکەوە کە هزرو بیروباوەڕی دانیشتوانی کۆمەڵ دەگرێتەوە، ئەگەرنا بەمانا فراوانەکەی هەر زاراوەیەک لەمانە بۆ خۆی باسێکی تایبەتی پێویستە، بۆیە چەمکی رۆشنبیری لەم روانگەوە ئەم هزرو بیروباوەڕانە دەگرێتەوە کە خەڵکانی کۆمەڵ لەناو کۆمەڵگای خۆیاندا هەستی پێدەکەن و زیاتر لەمەبەستی باسەکەی ئێمەوە نزیکن و بنچینەی ماددیان هەیە وەک ئایدیۆلۆژیاو بیروباوەڕ یانیش لەمانە جیان وەک ئەفسانەو خورافات.

**١- ئایدیۆلۆژیا:**

ئایدیۆلۆژیا وەک زاراوە ئەگەر لەفەرهەنگەکاندا بۆی بگەڕێین ئەم مانایانە بەخۆ دەبەخشێ. لە (المورد) واهاتووە کە ئایدیۆلۆژیا بریتییەلە:

ا/ دانانی بیردۆز جا چ بەرێگای خەون چ بەشێوەی ناپراکتیکی.

ب/ ئایدیۆلۆژیا بریتییە لە: ژمارەیەک سیستەمی لەچەمک لەبارەی

بابەتی ژیان یان ڕۆشنبیریی مرۆڤ. یان ڕێگای بیرکردنەوەی جیاوازی تاکەکەس یان کۆمەڵ یان ڕۆشنبیری. بەڵام ڕاڤەکردنی فەرهەنگی بەتەنها بەس نییە بۆ تێگەیشتن لە ئایدیۆلۆژیا کە خۆی زاراوەیەکی نوێیە تەمەنی لەدووسەدە زیاتر نیە. یەکەم کەس کە دایهێناوەو بەکاری هێناوە فەیلەسووفێکی فەرەنسی بووە بەناوی (**دوتراسی ١٧٥٤-١٨٣٦**) کە مەبەستی یان ئیشارەت پێدانی بەهزری کۆمەڵێک لە فەیلەسووفە فەرەنسییە شۆڕشگێڕەکانە بەسەرکردایەتی (**کۆندیاک**). ئەم کاتە ئەو فەیلەسووفانە خۆیان بەکەسانی ئایدیۆلۆژی ناو دەبرد. ئەمانە ئەم دەستکەچنە بیرمەندیانەیان هەبوو، یەکەم: عەقڵ، پرنسیپی میتافیزیکی کەونی و نەگۆڕ نیە، کەچی شێوەیەکە لە شێوەکانی هزر بەگوێرەی گۆڕانکاریەکانی چارەنووسی کۆمەڵانی خەڵک دەگۆڕێ. ئەم دەستپێکیەشیان لە فەلسەفەی (**جۆن لۆک**) وەرگرتبوو. ئەم فەیلەسەووفانە بیری میتافیزیکیان ڕەفز دەکردەوە کە ئەوسا چینە حوکمدارە لیبرالییەکانی ئەوروپا بوونیان دەسەلماندو لەسەر عەرشی دەسەڵاتیان دادەنا. دووەم: لێکۆڵینەوەی هزر دەبێ لەسەر بنچینەی بەخشینی زانستە مرۆڤایەتی و دەروونی بێتە دێ، نەوەک لەسەر بنچینەی چەمک و بۆچوونە میتافیزیکییەکان[٤]. (**چارلس ماچ**) لای وایە کە یەکەم کەس زاراوەی ئایدیۆلۆژیا لەلایەن فەیلەسووفی فەرەنسی (**دیستات تریزی**) بەکارهاتووە لە کتێبێکیدا بەناوی ڕەگەزەکانی ئایدیۆلۆژیا کە مەبەستی زانستی بیری مرۆڤایەتی بووە[٥]. ئایدیۆلۆژیا کێ داهێنەری بووبێ گرنگ ئەوەیە برتییە لە هزرو بنچینەیەکی ماددی هەیە لەناو کۆمەڵداو لەناو گرووپەکاندا هەیەو بڵاوبۆتەوەو وەک بونیادێک لەکاری سیاسیدا کاری پێدەکرێ. کاتێ فەیلەسووف و بیرمەندەکان پەیڕەوی دەکەن و دەینووسنەوەو دایدەڕێژن ئەوا

ئەو دەمە پەیوەندییەکی توندوتۆڵ لەنێوان بوونی زەمینەیەکی لەبار لەهزرو لەمیانی ئاگادار بوونەوەی دارشتنی ئەم بیرو تیئۆرانە کە بیرمەندەکان بەڵێنی دارشتنی دەدەن. بۆیە ڕۆشنبیری لەم پێودانگەوە لەناو گەلێکی دیاریکراو لەناو گەلانی دنیادا کە بەدیاردەکەوێ و سەرهەڵدەدا ئەوا دەبێ ببێتە کۆمەڵگایەکی تاکی بۆ دارشتنی هزرو تەعبیر لەواقعێک بکا تا ئەم بیروباوەڕانە دەگەنە ئاستی ئایدیۆلۆژیا. بۆیە ئایدیۆلۆژیا لە هزر جیانابێتەوەو ڕۆشنبیرییش کاری هزری ڕایدەپەڕێنێ و هاوکێشەکان وادەردەخەن هەر میللەتێک بگاتە ڕادەی ڕۆشنبیرییەکی بەرز ئەوا ئاستی هزرو ئاستی ئایدیۆلۆژیای ئەم میللەتە بەرز دەبێتەوەو ئەمیش واتە ئایدیۆلۆژیا هەڵسوڕێنەری کاری دەوڵەت دەکاو کرداری سیاسی پێدەسپێردرێ. بۆیە مەرجەکانی سەرکەوتنی ئایدیۆلۆژیاو بیروباوەڕ ئەمانەن:

ا- بوونی باکگراوندێکی دیاریکراوو هەبوو بۆ ئەم بیروباوەڕانە.

ب- بوونی ئەوانەی ئەم هزرو ئایدیۆلۆژیانە دادەڕێژن، کاتێ بەشێوەیەکی لۆژیکی دادەڕێژرێ و لەلایەن کۆمەڵەوە پێشوازی لێدەکرێ. سەرکەوتنی ئایدیۆلۆژیاش ئەم کاتە دێتەدی کە تەعبیر لەهزری کۆمەڵگای خۆی دەکا.

دەبینین ئایدیۆلۆژیای سۆشیالیستی کە (کارل مارکس)و هاوەڵەکانی بیردۆزیان بۆ داناو دوای ئەمیش پەیڕەویکراو بوو بە پراکتیکی چەندین دەوڵەت و کۆمەڵ و خەڵکان بەهۆی ئەم ڕۆڵەی یان ئەم ئایدیۆلۆژیایەی کە بۆی دارێژرابوو. بۆیە زانستی کۆمەڵناسی لەمەڕ بیردۆزی مارکس بۆ ئایدیۆلۆژیا ناوی ناوە زانستی کۆمەڵناسی زانیاری و پراکتیکی سیاسیش تەعبیر لە هزرو ئایدیۆلۆژیا دەکات[٦]. هەمدیس بەگوێرەی ئایدیۆلۆژیاو بیروباوەڕی کۆمەڵگای لیبرالی و سەرمایەداری کە دەقەکەی دەگەڕێتەوە بۆ

فەیلەسووف و خاوەن هزرو لیبرالیەکان و پەرەسەندنی لە کۆمەڵگای سەرمایەداری دا دەگەڕێتەوە بۆ ئەم پێشکەوتنە هزری و کۆمەڵایەتییە نوێیانەی چەمکی ئایدیۆلۆژیا دەگۆڕێ بۆ ئەوەی ببێتە چەمکێکی باو لەنێوان بیرمەندەکان و نەک کۆنترۆلکرابێ لەلایەن بیرمەندە سۆشیالیستەکان، بۆیە بیرمەندە بۆرژواکان زاراوەی ئایدیۆلۆژیایان بەکارهێنا تا لەم پێودانگەوە هێرش و وەڵامی سۆشیالیست و مارکسییەکان بدەنەوە. بەڵام ئایدیۆلۆژیا ئێستا ئەگەر لەرووی زاراوەوە تەماشای بکەین نە فەرەنسی و نە ئینگلیزی و نە ئەلمانیە، بەڵکو زاراوەیەکی نێودەوڵەتییەو لەهەموو زمان و واقعێکدا بەکار دەهێنرێ(٧).

(کارل مانهایم) لای وایە کە یۆتۆبیای چینی بۆرژوا کە پەرەی سەندووە بریتییە لە بیرۆکەی (سەربەستی) ئەم بیرەش بەشێکی یۆتۆبیای ڕاستەقینەیە، واتە ڕەگەزی ئاڕاستەکراو بەرەو بەدیهێنانی سیستەمێکی کۆمەڵایەتی نوێ دەگرێتەخۆ و هەروەها ئەم ڕەگەزانە جێ پەنجەی دیاریان هەیە لە پووچەڵ بوون و تێکشکانی ئەم سیستەمەی کە هەبووە لەمەوبەر، پاش ئەوەی ئەم ڕەگەزانە دێنەدی و بەشێکیان وەردەگێڕدرێن بۆ واقعی ژیان، ئەوا سەربەستی بەمانای تێکشکانی کۆتی سیستەمی چینایەتی کۆمەڵایەتی و سەربەست لە نەگۆر دێ، و بەمانای سەربەستی سیاسی و سەربەستی پەرەپێدانی خەڵک بە کەسایەتی خۆی بێ گێچەڵ - سەربەستی بەم مانایە وایلێهاتووە ببێتە وادانانی بەدیهێنانی ئارادەیەکی زۆر، یان بەلانی کەمەوە ئاڕادەی زیاتر لەوەی سیستەمی دەرەبەگایەتی لەسەری دەڕۆیشت لەمەوبەر کەوایکردبوو خەڵک ناچار بکات کە هەر مرۆڤێک پەیوەست بێ بەشوێنی کۆمەڵایەتی و فێربووی بۆ ماوەتەوە. ئێمە ئەم ڕۆژانە وا

پێناسە دەکەین کە چ بەشێک لەم یۆتۆبیایە بووەتە ڕاستی و تا چ ڕادەیەک پێشتر بیری سەربەستی لەم ڕۆژانەدا نەک هەر ڕەگەزی یۆتۆبیا بەخۆوە دەگرێ بەڵکو بنچینەکانی ئایدیۆلۆژیاش بەخۆوە دەبینێ[٨]. بەلام لەواقیعدا سەرکەوتنی ئایدیۆلۆژیا دەوەستێتە سەر چەندی متمانەی خەڵکی پێیەوە. ئێستا هەموو هاوکێشەکان گۆڕاون بەتایبەتی لەکاتی بەپراکتیککردنی لەکاری ڕۆژانەدا، بەتەنها لای پسپۆران لەبیر ناکرێ و وەک زانست پەیڕەوی دەکرێ، لەگەڵ ئەمەشدا ئایدیۆلۆژیا دەمێنێ. ئایدیۆلۆژیا (هەموو لێک نەپچڕاوە) و پەیوەندی بەعەقڵی مرۆڤایەتییەوە دەکاو کاری تێدەکاو ئەم بۆشاییە ڕۆشنبیریانە پڕدەکاتەوەو هەروەکچۆن (جۆن ئادامز) جێگری سەرۆکی ئەمریکی ١٧٨٩- لەکاتی داهێنانی زاراوەی ئایدیۆلۆژیا دەڵێ: ((جیهانی هزرو سیاسەت زۆر قەرزارن بە داهێنانی زاراوەیەکی نوێ کە ئەمیش، ئایدیۆلۆژیایە))[٩].

**٢- ئەفسانەو خورافات:**

لەسەرەتای ئەم چەرخەدا، پسپۆرانی زانستی لێکۆڵینەوەی ئەفسانە، خەریکی ئەوەن بۆمان بسەلمێنن کە ئەفسانە پەیوەستە بە حاڵەتێکی دیاریکراو لە هزری مرۆڤی سەرەتایی. کەواتە عەقڵی مرۆڤایەتی پێش ئەوەی درک بە لۆژیک بکا، جیهانی وابینیوە کە شانۆیەک بێت بۆ کێشمەکێشی نێوان هەڵسوکەوتی جیاوازی دژ بەیەکتر. ئەمانە وادەبینن کە هەموو کۆمەڵگایەکی مرۆڤایەتی لەپێکهاتەی پەرەسەندنی مێژووییەوە ناچار بووە بەقۆناغی پێش لۆژیک تێپەڕێت کە ئەفسانە تیایدا بە ڕێگای سروشت لەبیرکردنەوە لەناویا دەبینرێ. پاش ئەم قۆناغە (چەرخی فەیلەسووفەکان) هاتەگۆڕێ پاش ئەمیش (چەرخی زانایان)، ئەمەش پرنسیپێکی باوو دیارەو یەکێکە لە ئەنجامەکانی ڕێبازی دانراو (المذهب الوضعي)

یان بەشێوەیەکی دوورتر، چەرخی ڕووناکبیری. جا بۆ ئەوەی لە ئەفسانە بکۆڵیتەوە، هەروەکچۆن باوەڕی پێدەهێنا، پێویستە بە هەڵەکانی مرۆڤ و کارە دزێوەکانیدا بچیتەوە. لە ڕۆژانی ئەمڕۆماندا ئەفسانە بەتەنیا پابەند نیە بە نموونەیەک بۆ بیری پابەندبوو تەنێ بۆ کۆمەڵگاکانی سەرەتایی. هەریەکێک لە ئێمە گەر بە ئەمانەتەوە تەماشای دەوروبەری خۆمان بکەین و لێی بڕوانین وادەبینین کە ئەفسانە بە هزرو بیرکردنەوەی ڕۆژانەمان نامۆ نیە. ئامانجی ئەفسانە هەروەکچۆن ئامانجی زانستە ئەمەیە کە تەفسیری جیهان بکاو وا لەدیاردەکانی بگات تێگەیشتووبن. هەروەکو زانست دووبارە ئامانجی ئەفسانە بەمە دیاردەکرێ کە هۆیەکانی کارتێکردنی کەون دەدا بە مرۆڤ و دڵنیابوون لەوەی کە ڕۆحیەت و مادیەت بەخۆوە دەبینێ. مرۆڤ کەونێکی لێوانلێوی لە شتی شاراوە و شتی لیدڵنیانەبوو پێبەخشراوە. بۆیە ئەفسانە خۆی دەخاتە ڕوو بۆ ئەوەی ڕەگەزی مرۆڤایەتی بەدیاربخات[١٠]. جا بۆیە ئەفسانەو خورافات بریتییە لە هزرو بیرکردنەوەی مرۆڤ کە ڕووکەشێکی یان لایەنێکی ماددی بەخۆیەوە دەبینێ لەناو کۆمەڵدا و بەگوێرەی شیکردنەوە و لێکدانەوە و کارتێکردنی بە دیاردەی سیاسییەوە دەکرێ بە دوو جۆر بەگوێرەی ئەم خەسڵەتانەی کە بەخۆیانەوە هەڵدەگرن:

**أ – ئەفسانە و خورافاتی ئاسایی:**

هەموو کۆمەڵگایەک لەناو کۆمەڵگاکاندا باوەڕی بە بوونی هەندێک کار و ڕووداوی وەهمی و نادیار هەیەو مامەڵە لەگەڵ ئەم ئەفسانانە بەشێوەیەک دەکا وەک ئەوەی ڕاستی بن. هەندێک لەم ئەفسانەو خورافاتانە زۆر کۆنن و بنچینەی غەیبی و ئایینی هەیە

که خەڵکی پشتاوپشت مامەڵەیان پێکردوون. ئەوەی باوە لەبارەی زاراوەی ئەفسانە لەمێشکدا مانای خورافات و کۆنی دەبەخشێ، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ چەرخەکانی پێش پەیامە ئاسمانییەکان. لەبەر ئەمە مرۆڤی ئەم سێ چەرخەی دوایی، ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕاو دانانی بنچینەی لێکۆڵینەوەی بیرکردنەوەی مرۆیی خستۆتە سەرشانی خۆی، بە بەرز بوونەوەو دابەزینیانەوە، بەماقوڵی و خەیاڵاتیانەوە، لە کلاورۆژنەی ئەم ئەفسانە داهێنراوانەدا ڕەگی قووڵی داکووتاوەو ئاگایی لێکراوەو دەسکاری و وێنەی تەلخ کراوە.. تا وایلێهاتووە ئەفسانە مەنهەجی لێتۆژینەوەی هەبێ و بخوێنرێ و کۆبکرێتەوەو بایەخی پێبدرێ لەلایەن ئەوانەی کاری بۆ دەکەن[11]. بۆیە دەبینین "شتراوس" چاوپۆشی لە پەیوەندی نێوان مێژوو و ئەفسانە دەکات. و بایەخی بەم کۆمەڵگایانە داوە کە مێژووییان نیە، وەک دانیشتوانی ئوسترالیای بنچینەو ئەم قەبیلانەی کە لەبەرازیلدا دەژین، و بەلای ئەمەوە ئەمانە کۆمەڵگای چەسپاوو نەگۆڕن، ئێستایان درێژ بوونەوەی ڕابردووە. هەروەها شتراوس وادەبینێ کە ئەفسانە لە زەمەنی مێژووییدا هیچ شوێنێکی نیە، بەڵکو خەسڵەتی وای هەیە ئەوهای لێبکا نزیک بێت لە خەون و هەقایەتی خورافی. جیا کردنەوە لەنێوان (سروشت) و (ڕۆشنبیری) کە زاڵە بەسەر تاقیکردنەوەکانی مرۆڤایەتی ئاسایی بەهیچ کلۆجێک بوونی نیە. بایەخی (شتراوس) لێرەدایە، لەسروشتی ناهۆشمەند بۆ دیاردەی کۆمەلایەتی، ئەمیش وەک (فرۆید) هەوڵیداوە بۆ کەشف کردنی سەرەتاو بنچینەکان کە لەهزردا دادەڕێژرێن و پێکیدێنن و بەنیسبەت عەقڵی مرۆڤایەتی بڕوا پێکردەی گشتی هەیە[12].

بەلام چۆنیەتی مامەڵە کردنی (رۆلان بارت) لەگەل ئەفسانە جیایە. ئەم وەک زاراوە وەک وشەی (ئەفسانە) دەیباتەوە سەر مەدلولاتی

زمانەوانی وەک دەڵێ: "ئەفسانە وشەیە: وەکو دەزانین هەر تەنیا وشەیەکیش نیە.. پێویستە زمان مەرجی تایبەتی خۆی هەبێ تا ببێ بە ئەفسانە. ئەم مەرجانەی ئەوسا بەکاریان دێنین، بەڵام ئەوەی پێویستە هەر لەسەرەتاوە بیخەمە ڕوو ئەوەیە کە ئەفسانە نەسقی بەردەوامە. خۆی پەیامە، لێرەوە ئەفسانە ناتوانرێ ببێ بەبابەت یان چەمک یان بیرۆکە، خۆی جۆرێکی دەلالییە خۆی شێوەیە دوای ئەمە پێویستی بەدانانی دەستنیشانکردنی مێژوویی ئەم شێوەیەو مەرجەکانی بەکارهێنانی و گەڕانەوەی متمانەی کۆمەڵ بۆی دەکا. ئەمەش مەسەلەکە ناگۆڕێ بێ لەوەی بەر لەهەموو شتێ دەبێ وەک وێنە وەسفی بکرێ. واپێدەچێ وەک وەهمێک وابێ کە نیازی ئەوەمان هەبێ جیاکردنەوەی جەوهەری لەنێوان بابەتەکانی ئەفسانە بکەین. لەبەر ئەوەی ئەفسانە وشەیە، هەموو شتێک دەتوانرێ ببێ بەئەفسانەو دەچێتە ژێر ڕکێفی یاسای گوتار، ئەفسانە بەگوێرەی بابەتی پەیامەکەی دەستنیشان ناکرێ. بەڵکو بەم ڕێگایەی کە پەیڤینی پێدەکرێ[١٣]. جا ئەفسانە هەرچی بێت و شێوەکانی چۆن بن و بنەماو ڕەچەڵەکی لە چییەوە هاتبێت. ئەوا ڕەگەزێکی گرنگە لە ڕۆشنبیری مرۆڤ هەروەکچۆن لەمێژووی زۆربەی کۆمەڵگاکان و دابونەریتی مرۆڤایەتی دەبینرێ[١٤]. هەروەها درکی پێدەکرێ بۆیە لەباسی ئەفسانەو خورافاتی ئاساییدا هەر هێندەی لێ باس دەکەین و دەگەڕێینەوە سەر جۆرێکی تری ئەفسانە کە کار لەدیاردەی سیاسی میللەتان دەکاو بۆ ئامانجی دی بەکاردەهێنرێ.

### ب- ئەفسانە و خورافاتی کارپێکردن:

ئەو کاتەی ئەم ئەفسانە و خورافاتانەی لەناو میللەتاندا باوە و بۆ ئامانجی سیاسی بەکاردەهێنرێن پێیان دەگوترێ ئەفسانە و خورافاتی کارپێکردن (اساطير وخرافات عمل)، کە لەپراکتیکدا سوود

لەم بیردۆز و بیروباوەڕە کۆنانەی میللەتان و جۆری ئەفسانەکانیان دەبینرێ و لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێ و بۆ ئامانجی تایبەتی یان دژی کۆمەڵگا بەکار دەبرێ و لەلایەنی هزرییەوە لەم کۆمەڵە دەکۆڵێتەوەو بەهۆی ئەم هزرو بیروباوەڕانەوە زەفەریان پێدەبردرێ. بۆیە بەلای (میکیاڤیللی) خەڵکی دەتوانن مێژووی خۆیان دروستبکەن بە دروستکردنی ئەفسانە. ئەمەش دوای شیکردنەوەی ئەم کێشمەکێشەی گریکیە کۆنەکان بوو لەسەر دەسەڵات کە میکیاڤیللی ئەنجامیدا. ئەم چەمکەش لەکۆنەوە لای فەیلەسووفەکان باسکراوە وەکچۆن ئەفسانەکانی (ئەفلاتون) مەبەستی ئەوە بووە کە تاکەکەسان هەمیشە چوونەتە ژێر ڕکێفی هەیبەتی دەوڵەتەوە. (ئەرستۆ)ش لەکتێبی (میتافیزیکا)دا بەدووری نازانێ کە هەر ئەمە ئامانجی ئەفسانەکان بێ. شتێکی نامۆش نیە کە (فرانسیس بیکن) دەرسی لە مانۆری شۆڕشی چەواشە بینیبێ لە لێکۆڵینەوەی چیرۆکی (جوبیتر)دا کە چۆن توانی بەهۆی (میرکۆری) بەسەر (تایفون)دا زاڵبێت، ئەمەش لەکتێبی (حیکمەتی کۆنەکان ١٦١٩، بەشی دووەم) باسکردووە، کە لەمەوە زاڵبوونی سیاسەت بەسەر ئەفسانە بەدیارکەوت. ئەوەی کە زیاتریش داهێنرا، بەدیارخستنی خورافاتی ڕەگەزی کۆنەپەرستی بوو کە تەماعکارانی سیاسی توانیان وادەربخەن کە واریسی دابونەریتن. ئەمە ئەگەر لە هەندێک ئەفسانەدا شتێکی مێژوویی تێدابێ کە کەس نکوڵی لێناکات تەنها هاوشێوەی (راکلان) نەبێ کە وابەستەیە بە تەقسەکان، ئەمە (مایکل کرانت) ناوی لێدەنێ (هاوشێوەی مێژوو) کە هەرشتێک ڕوویدابێ ناینووسێتەوە، بەڵکو وەکو خەڵک دەیڵێنەوە یان لەکاتی جیاوازدا بڕوایان پێی هەیە کە ڕوویداوە هەروەکو (کرانت) وا دەبینێ بۆ ئەوەی لەبارەی هەر شارستانییەتێک بیرۆکەیەکمان

هەبێ، پێویستمان بە مێژوو و هاوشێوەی مێژوو هەیە[١٥]. یەکێک لەو کەسانەی کە متمانەی بەم ئەفسانانە کردووە بۆ ئامانجی سیاسی ئەوا ئەندازیار (جۆرج سۆریل ١٨٤٧-١٩٢٢) بووە. ئەم ناودارە توخمی مرۆڤی بۆ سەرکردە و ڕەعیەت یان بۆ دەستەبژێر و ڕەعیەت، هەروەها بۆ گەلانی ڕاقی و گەلانی داتەپیو دابەش کردووە. هەروەها فەلسەفەی شۆبنهاوەر و نیتشە و سۆریل کە پێکهاتووە لەسەر پرنسیپی (هێز) و بۆ دابەش کردنی خەڵکی بۆ دەستەبژێر (نخبة) و ڕەعیەت وە بەسەر پرنسیپی ڕەتکردنەوەی عەقڵ و ڕق لێبوونەوەی لۆجیک و بازدان بەسەر ڕەوشت کە زەعیفان دەپارێزێ. دەڵێین کە ئەم فەلسەفەیە کاریگەری زۆری هەبووە بەسەر نەشونماکردنی بزووتنەوەی فاشیزم لە ئیتالیاو ئەسپانیا و بەسەر بزووتنەوەی نازیەت لە ئەڵمانیا و نەمسا و و بۆ بزووتنەوەکانی ئەنارکیزم (الفوضوية) کە لە ئەوروپادا زۆربوون[١٦]. (جۆرج سۆریل) لە کتێبی (چەند کورتە باسێک دەربارەی زەبروزەنگ) کە لەساڵی ١٩٠٧ دەریکردووە، تێبینی چالاکی ئەم نواندن و ڕێکخراوە وێنەییانەی کردووە کەناوی ناوە ئەفسانەکان لەوێ دەبێژێ (دەتوانین قسەی بێ کۆتایی دەربارەی ڕاپەڕینەکان بکەین بێئەوەی هەمیشە ئیشارەت بە چ بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕی بدەین، ئەگەرچی ئەفسانە نین کە جەماوەر قبووڵیان بکات) سۆریل وادەبینێ کە ئەم ڕێکخراوە وێنەییانە کە ئەفسانەکانی شۆڕشگێڕی پێکدێنن پێویستە وەک هێزی مێژوویی ڕاستەقینە دابنرێت[١٧]. سۆرێل هەر لەم کتێبەیدا دەڵێ: "سەرکردە یان سەردار دەتوانێ خەڵک لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە بەهۆی بەکارهێنانی وێنەو ڕموزی دیاریکراوی ئەفسانەیی کە دەتوانێ کار لە خەڵک بکات و بۆخۆیان کێش بکات بۆ هەڵسانیان بەهەر کارێک و دەتوانرێ کار بەم

گرووپانە بکرێ بەم شۆڕشگێڕیەی خۆی، بەڵام شۆڕشگێڕیش نین چونکە کار بۆ گۆڕینی سیستەمی حوکمڕانی ناکەن. ئەم بیرۆکەیەش لای زۆربەی زانایانی دەروونناسی بەبێ ئاگایی (اللاوعي) بەکارهاتووە وەک (فرۆید) وایدەبینێ کە داڕشتنی چەمکەکان متمانە ناکاتە سەر مێژووی شارستانییەتی مرۆڤ، ئەمە و لەهەموو لێکۆڵینەوەکانیدا لەمەڕ ئەفسانە وایدەبینێ کە پێویستی بە شیکردنەوەی مێژوویی و تێگەیشتنی قۆناغەکانی پێشکەوتنی هۆشمەندی مرۆڤ زۆر پڕ بایەخن لە لێکۆڵینەوەدا، بەڵام شیکردنەوەی (فرۆید) بۆ دەروونی مرۆڤایەتی ئەم شتەی داهێناوە کە پێی دەوترێ میکانیزمی بەرگریکردن کە سەربەخۆیە بەوەی پێش مێژووەو متمانە ناکاتە سەر مێژووی شارستانییەتی بەڵکو بۆ تێگەیشتنی ژیاری (بایۆلۆژی) بۆ مرۆڤ. (فرۆید) ئیشارەت بەمە دەدا کە ڕمووزەکانی هەستکردن بە تاوان یان تەفسیراتی ڕەمزی بۆ بەدیهێنانی ئارەزوو پەیوەست نین بەکاتی دیاریکراو لەمێژوو ئەوا لە ئەفسانەکاندا بەدیار دەکەوێ هەروەکچۆن لە خەوندا بەدیدەکرێ[١٨]. (فرۆید) وا سەیری ئەفسانە دەکا بەو پێیەی (کەلەکەبوو)ەو لە ئەنجامی تێکەڵبوونی بێ ئاگایی دێتە دی. هەروەها دەشتوانێ زانست (المعرفة) بەکار بێنێ کە پێی گەیشتووە بۆ هەلێنجانی مانای نامۆ لە ئەفسانە باوەکاندا[١٩]، بەڵام زانای دەروونناسی (یانک) دەسکاری ئەم ڕایانەی (فرۆید) دەکاو وایدەبینێ کە عەقڵی ناوەوە (هەڵدەستێ بە گواستنەوە)ی وێنەی سەرەتایی نەوەک (بەدەری بخات)و ڕەفزی ئەم نموونەیە دەکا کە (فرۆید) لەبارەی (بێ ئاگایی)یەکە داڕشتبوو. بەدانانی تەلارێک لە دوو چین، هی سەرەوەی پێی دەگوترێ بێ ئاگایی کەسی (اللاوعي الشخصي) کە ڕاستەوخۆ دەکەوێتە ژێر باری هۆش ئەمەش

خەزانێکە بۆ چەپێنراوەکان، ئەمەش لەگەڵ ڕاکەی (فرۆید) کۆکە کە بێ ئاگایی کەسی دەچێتە ژێر شیکردنەوەی فرۆیدی و لەژێر ئەم بێ ئاگایی کەسییەوەو لە قوڵایی زیاترەوەیە. ئەم بێ ئاگایی گرووپییەش کە بە (زمان گیران، هەڵبژاردنی هەڵگەڕانەوەی وشە، دەستەچنی ڕموزەکان) خۆی دەنوێنێ، چونکە ناوەڕۆکەکەی بەهیچ جۆرێک نەچەپێنراوە. ئەم بێ ئاگایی گرووپیەش گشتی و هەمە لایەنەیە "ئەوا خۆی لای هەموو کەسێک پێکدەچێ، لەبەر ئەمە بناغەیەکی دەروونی ئاسایی خاوەن سروشت پێکدێنێت (سەروەری - کەسایەتی) هەمیشە لەباری ئامادەیی دەبێت لەهەر تاکێک لە ئێمەدا". (یانک) ئەم بێ ئاگایی گرووپیە ناو دەنێ (جۆرەکانی سەرەتایی)، ئەم جۆرانەش خۆی (وێنەی جۆرەکان) دروستدەکا کە لەناو ئەفسانەکاندا باوە و لە خەونیشدا دەبینرێ. هەروەها لە هونەر و ئەدەبیشدا وێنەی باو بووە لە چەرخە کۆنەکاندا. (یانک) وا بەدیار دەخا کە لێکۆڵینەوەکانی خۆی "دەرگاکانی کێڵگەیەکی فراوانی لەبەردەم دیاردە دەروونییەکان خستۆتە سەرپشت، کە خۆی ئەم منداڵدانەیە کە بەهۆی ئەفسانەوە دەهێنرێتە بەرهەم". لەبەر ئەوە بەلای (یانک) ڕای (فرۆید) هەرچیەک بێ ئەوا ئەفسانە (دەروونێکی گرووپییە نەک تاکی) بۆیە ئەفسانەی کۆن شوێن پەنجەی چارەسەری دەروونی بەخۆوە بینیوە بۆ ئەوانەی بڕوایان پێی هەبووە[٢٠]. لەم بیروڕایانەی (یانک) لەوە دەگەین کە بەنیسبەت کەسان و گرووپەکان شتێک هەیە پێی دەگوترێ بێ ئاگایی کە لە کۆمەڵگاکاندا وەک دەفرێکی گەورە وایە کە دەتوانرێ ئەم بێ ئاگاییە لەلایەن زانایانی دەروونناسی و کۆمەڵناسی بەکار بهێنرێن بەو جۆرەی کە ئەمە بەهەل بزانن بۆ بەکاربردنی ئەم دەفرە لای کۆمەڵانی خەڵک بۆ ئامانجی دیاریکراو ئەمەش بەهۆی ئەفسانەوە

دێتە دی کە چۆن بەکاردەبرێ تا لەگەڵ بێ ئاگایی ئەم کۆمەڵە بگونجێ. ئەمەش هەڵەیەکی زەقە چونکە ئیستغلالی ئەم ئەفسانانە دەکرێ بۆ زاڵبوون بەسەر تاکەکەسان و کارتێکردنیان بۆ ئەنجامدانی کاری دزێو یان وەرگرتن و لایەنگیری کردنی بیروباوەڕی ئەم کۆمەڵگایە بەهۆی ئەم ئەفسانەو ڕموزانە. ئەم بێ ئاگایی گرووپیە لەلایەن سەرانی نازی و فاشیستەکانەوە بەکارهێنرا. کە باسی مێژووی پڕ سەروەری ئەفسانەیی خۆیان دەکرد و ڕموز و بێ ئاگاییان دەکردە ئامانجی خۆیان و لەکاتی کۆبوونەوەکانیدا داوای بیری نازیەتیان دەکرد و بڵاویان دەکردەوە. وایانکرد کار لە جەماوەر تەنانەت ڕۆشنبیرەکانیش بکەن و بانگهێشتی زاڵبوونی ڕەچەڵەکی ئاری بەسەر هەمووان بسەپێنن و وایان لەمێشکی خەڵکی دەچەسپاند کە ئەوان نەتەوەی بەرزی خوان و دەبێ حوکمی هەموو دنیا بگرنە دەست. تا وایلێهات ئەم هەموو هزرانە لە دەفری بێ ئاگاییدا تێک بپرژێن و یارمەتی زۆری دان بۆ باوەڕهێنانی خەڵکی بەم بیرە فاشیزمیە. هەروەکچۆن بڵاوکردنەوەی بیری (میللەتی هەڵبژاردەی خوا) لای زایۆنیزمەکان بەکارهێنرا بۆ فراوانکردنی نەخشەو مەبەستی سیاسیان و کپکردنەوەی دەنگی میللەتی ئازادیخوازی فەلەستینی. "یەکێک لەم نووسەرانەی تەئکیدی لەسەر ئامانجە سەرەکییەکانی ئەم بیرە دەکردەوە لە بیروباوەڕی (نازی)دا ئەوا (ئەلفرێد ڕوزنبرگ) بوو کە بیروڕای خۆی لەم بارەوە لە کتێبی (ئەفسانەکانی چەرخی بیستەم) کە ساڵی ١٩٣٠ لە میونخ بڵاوکردەوە، دەربڕی"[٢١]. گەلێکجاریش وابووە هونەرمەندو نووسەرانی تریش بەشداری ئەم بیروباوەڕانەیان کردووە بەنووسین و فیلم و ڕۆمان و پێشانگاو کەناڵەکانی تری ڕاگەیاندن و مەبەستی سیاسی ئەم ئامانجانەیان بەدیهێناوە. دامەزراندنی

وەزارەتێکی تایبەتی ئەو دەمەی نازییەکان کە تایبەت بووە بە پڕوپاگەندەو "گۆبلز" ئەوسا ڕێبەرایەتی دەکرد و تەنها ئامانجێکی کردنی گیانی ئەم ئەفسانانە بوو بۆ مەرامی سیاسی بەکاریان دێنا. عەقڵیەتی سیاسی ئەلمانییەکان وا دەخوێنرایەوە کە (کۆمەڵە سیستەمێکی پڕ لە هزر، دروستکراو بۆ جەنگ و لە ئیرادەی (هێز) ەوە نەشونمای کردووە) ئەمەو (ئەلمانە نازییەکان ویستوویانە ئیمپراتۆریەتی ئەلمان دروستبکەن و بەسەر هەموو وڵاتانی زەوی زاڵبن و بیرۆکەیان، پیرۆیەکی فاشی دیکتاتۆری ڕەگەزپەرست بووە)[٢٢]. (**ئەمیل دورکهایم**) لە هەردوو باسی بەناونیشانی (کێ شەڕی دەوێ؟ بنچینەکانی جەنگی پشت بەستوو بە بەڵگەنامەی دیپلۆماسی – پاریس ١٩١٥) و (ئەلمانیا لە سەرەوەی هەمووان: عەقلیەتی ئەلمانی و جەنگ – پاریس ١٩١٥) کە باسی عەقلیەتی شەڕانگێزی ئەلمانیا و بیری فاشستیانەی نازیەکان دەکات[٢٣].

هەر لە کلاورۆژنەی باسەکەمان دەربارەی ئەفسانە و خورافات و پێشتریش باسی ئایدیۆلۆژیامان کرد وەک دوو هۆکاری کارکردە بەسەر دیاردەی سیاسی. پرسیارێک لێرەدا دێتە ئاراوە، ئەمیش ئەوەیە: ئایا جیاوازی نێوان ئەفسانە و خورافات و ئایدیۆلۆژیا چییە؟. وەڵامەکەشی ئەوەیە کە: ئایدیۆلۆژیا بریتییە لە کۆمەڵێک هزر کە لەوانەیە بەشێوەی یاسا دابڕێژرێن، کەچی ئەفسانە و خورافات و شوێنی لە بونیادی یاساییدا ئەوەیە کە وەک دابونەریتی لێهاتوو، لەناو کۆمەڵ و ئەم ئەفسانانە دانەڕێژراون بەڵکو بیر و عەقڵی ئەم کۆمەڵە بەهۆی بۆچوونی جیاجیاوە هاتوونەتە ئاراو بوونەتە بیروباوەڕ و لەمێشکی هاووڵاتیانی ئەم میللەتانە چەسپاون و هەندێکجار لەبارەی بەهێزییانەوە لە یاساش بەهێزترن و میللەتان پەیرەوی دەکەن و گەلێک کۆمەڵ دەیکەن بەشێوە بیرکردنەوەو

لەسەری دەڕۆن و کاری بەسەر کۆمەڵگاکان و بیری مرۆڤایەتیدا زۆرە.

**کارتێکردنی رۆشنبیری بەسەر دیاردەی سیاسی:**

ڕۆشنبیری هەروەک زانایانی ئەنترۆپۆلۆژیا تێی گەیشتوون و هەروەک ناوەندە زانستییەکان بەکاری دەهێنن، بیری دەست تێوەردانی مرۆڤایەتی لەگەڵ خۆی هەڵدەگرێ، واتا زیاد کردنی شتێک بۆ حاڵەتێک لە حاڵەتە سروشتیەکان یان زیادکردنی دەستکاریکردنی پێیەوە. ڕۆشنبیری بۆ هەر گەلێک بریتییە لەو دەفرە یان مەخزەنە کەلەکەبووە لەزانست و بیروباوەڕ و بەها و هونەر و ڕەوشت و یاسا و عورف و عادات و هەموو شێوازەکانی پاراستنی مانەوە کە نەوەی مرۆڤ دۆزیویانەتەوە یان وەریان گرتووە یان ئەم مرۆڤە بۆخۆی دایهێناوە بەوەی کە ئەندامێکە لەنێوان کۆمەڵێکدا دەژی و بڕوای پێ هەیەو لایەنگیری دەکاو ئەم کەلەپوورەش دەپارێزێ.

ڕۆشنبیری لە هەموو ئەم شتانە و زیاتریش پێکدێت[٢٤].

لەم تیرۆژەدا دەگەینە ئەوەی کە بڵێین بنچینەی ڕۆشنبیری لای دامەزراوێکی کۆمەڵایەتی کۆ دەبێتەوەو دەبێتە زەخیرەو بەرفراوان دەبێ و ڕۆشنبیری دایک کە هی ئەم نەتەوەیە پێکدێت. بەڵام هەندێکجار ڕۆشنبیری لای نەتەوەیەک وەک خۆی نامێنێتەوە بەڵکو بۆ ناوچەی جوگرافی زیاتر بڵاو دەبێتەوەو تەشەنە دەکا. (بەڵکو لە هەوەڵجار وا لەشوێن و کاتی دیاریکراو داهێنراوە پاشان بەهۆی بڵاوبوونەوەو وەرگرتن و داهێنان بۆ گەلان و شوێنی تر گواستراونەتەوە. وەرگرتنی ئەم ڕایە پێویست بەوە دەکا بەتوانایی وێنەکێشانی مێژووی پەرەسەندووی هەر شارستانییەتێک،

مادامەکێ توانایی بڵاوبوونەوەو وەرگرتن و داهێنانی ڕەگەزەکانی شارستانییەتی هەمیشە لە گۆڕێدا هەیە. ئەم بڵاوبوونەوەیە بەردەوامە وادەکا کە ناتوانرێ ڕەملی ئەوە لێبدرێ هەر بەشێک لە شارستانییەتی جیهان ڕەسەن یان وەرگیراو بێ. بڵاوبوونەوەش مانای گواستنەوەی کەرەستەو جێبەجێکردن و هزری دیاریکراو لە کۆمەڵێک بۆ کۆمەڵێکی تر لەرێگای تاقیکردنەوە یان جەنگ یان لەڕێگای پەیوەندی ڕێک یان هۆیەکانی تر و دەبێتە بەشێک لەم ڕۆشنبیرییە[٢٥].

هەروەها ڕۆشنبیری بەمانای کەلەپوور بەکاردەهێنرێ، کە بریتییە لەم زەخیرە فراوانەی میللەتان بۆخۆیان بنیادیان ناوە لەم پاشماوە ڕۆشنبیرییەی کۆکراوەتەوە و بنیاد نراوە و بەو مۆرک و سیمایەی کە هەیەتی پێی دەناسرێتەوە وەک کەلەپووری ئاسیایی یان کەلەپووری ئەفریقی یان کەلەپووری ئەوڕوپی یان کەلەپووری عەرەبی یاخود کەلەپووری ئیسلامی کە هەندێک نووسەر کەلەپووری عەرەبی ئیسلامیشی پێدەڵێن. بەم جۆرە ئەم کەلەپوورە کە گرێدراوی ڕۆشنبیری و پێویستییەکانی هەنوکەیی دەبێ و لەگەڵ ڕۆشنبیری و کەلەپووری شارستانییەتی تر یەکانگیر دەبنەوەو لەگەڵ ڕەوتی مێژووی خۆی دەگونجێنێ بۆ نموونە (**دکتۆر غالی شکری**) لەکتێبی (ڕاپەڕین و کەوتن لەبیری میسری نوێدا) شارستانییەتی عەرەبی ئیسلامی لەنێوان زیندوو کردنەوەی کەلەپوور و چوونە ناو شارستانییەتی ڕۆژئاواداو بەلێکگرێدانی شارستانییەتی عەرەبی پێش ئیسلام و بەرهەمی ڕۆژهەڵاتی و پێویستیەکانی شارستانییەت، ئێستای عەرەبی ئیسلامی والێک دەداتەوە "ئەگەر چاو بدەنە شارستانییەتی عەرەبی ئیسلامی لە چەرخە زێڕینەکەیدا، چەرخی **فارابی**، **ئیبن سینا**، ئیبن

ڕشد، ئیبن خەلدون. واتە کێشەی کەلەپوور لای ئەوان هاوشانی ڕابردوو و ڕەچەلەک نییە، بەڵکو پێویستیەکانی بابەتی ئێستای زیندوو بووە بە قیبلەنومای بردوو بەرەو سەرچاوەکانی ئیلهام، سەرچاوەکەی هەرچیەک بێت، مێژووی کۆنی وڵاتەکەیان پێش مەسیحییەت یان مێژووی ناوەندی وڵاتانی جگە لە خۆیان لەکاتی سەربەرزی ئیسلام. کەواتە کەلەپوور ڕابردووی دوور نییە بەتەنیا (شارستانییەتی ئیسلامی لە ڕووی کاتیەوە دوورنەبووە لە چەرخی ڕێنیسانس-ی ئەوروپی). و ڕابردووی کەسی و خودی و نەتەوەیی نیە بەتەنیا (شارستانییەتی ئیسلامی لەبنچینەدا بەرهەمی عەرەبیە و بەشێوەیەکی گشتیش بەرهەمی ڕۆژهەڵاتیە).

کەلەپوور هەموو ڕابردوویک نیە بەڵکو ئەم پارچانەن کە دەتوانن پێویستیەکانی بابەتی بۆ پێشکەوتن دەستەبەر بکەن، لەدواییدا گەڕانەوە بۆ کەلەپوور هیچ مانایەکی گەڕانەوە بۆ ڕابردوو ناگەیەنێ و لەشوێن دانانیشی ئەلتەرناتیفی ئێستا نیەو کات ناگەڕێتەوە بەڵکو مەبەست لە زیندووکردنەوەی کەلەپوور و ژیاندنەوەی کۆن لە ڕێنیسانسی ئەوروپی، ئەمیش دیالۆگە لەگەڵ مێژوو بەچوونەناو داڕشتنەکەی. بەڵام کەی شارستانییەتی عەرەبی ئیسلامی پشوویداو هەڵوەشایەوەو داڕما؟ ئەوکاتەی -بەتەواوی- جیابووەوە لەزۆربەی تەقالیدی بیری ئیسلامی ئەمەش دەرگا کردنەوە بوو بۆ شارستانییەتەکانی تری کۆن و نوێ، و ئاوێتەی کەلەپوورەکانی تر بوو کە ئیلهامی بەوە دەدا پێشکەوتنی مرۆڤایەتی لەبەردەوامی دایەو عەقڵی مرۆڤایەتی لەباوەش دەگرێ کە ئیجتهاداتی بۆ شیکردنەوە هەرچییەک بێ، سەرکێشی کردنیەتی لە تەفسیرو داهێنان و هێنانە بەرهەم[٢٦]. ئینجا ئەم بەشداریکردنی ڕۆشنبیرییە و گواستنەوەی وەزیفەکانی گەیاندنی بەخۆوە گرتووە،

ئەم وەزیفەیەش لەمانادا فراوان دەبێ و بۆ ئەوەی سەرجەم وەزیفەکانی گەیاندن بگرێتەوە کە لەبنچینەدا خۆی لە گواستنەوەی کەلەپووری ڕۆشنبیری لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی ترو لەتاکێک بۆ تاکێکی تر و لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر دەنوێنێ و بۆ بەرەفتار باشکردنی و گەمارۆدانی و خستنەسەری بۆ گونجاندن لەگەڵ ئامانجە کۆمەڵایەتیە نوێیەکان و بۆ ئەوەی ببێتە ئامرازێک بۆ گۆڕان.

وازانراوە بۆ ئەوەی ڕۆشنبیری هەبێ پێویستە کەسانێک هەبن بتوانن بیگوازنەوە و بیگەیەنن بە نەوەکان و تاکەکەسان و گرووپەکان بۆ ئەوەی لەبەرچاوان ڕوون بێت و هەستکردن بە لێپرسینەوەش لەناویاندا بڵاوبکرێتەوە و پەرەپێدانی گیانی دانبەخۆداگرتن و گرِوتین دان بەتوانایان و پەرەپێدانی گیانی یارمەتی و چەکەرەکردنی بایەخدانی هاوبەش لە نێوانیاندا بۆ دروستکردنی چێنراوێکی کۆمەڵایەتی یەکگرتوو بۆ ئەوەی لەنێو توخمەکانیدا یەکەکانی ڕۆشنبیری و جۆرەکانی هەڵسوکەوتی هاوبەش کۆ بکاتەوە(٢٧). هەر لەبارەی کارتێکردن و تێک پرژانی شارستانییەتەکان لەم ساڵانەی دواییدا گەلێک باس و دەمەتەقێی هزری وڕووژاوە لەنێوان ئەم ڕایانەی کە بایەخێکی زۆری هەبووە و بەردەوام گفتوگۆی لەسەر کراوە باسی "تێکپڕژانی شارستانییەتەکان"ە کە لەلایەن "سامۆیل هنتینکتون"ی بەڕێوەبەری پەیمانگای جۆن ئەیلۆنی لێکۆڵینەوەی ستراتیژی لەزانکۆی هارفارد، کە گۆڤاری "فورین ئەفیرز"ی ئەمەریکی لە هاوینی ساڵی ١٩٩٣ بڵاوی کردۆتەوە. هزرنامەی "**سامۆیل هنتینگتون**" لەبارەی تێکپڕژانی شارستانییەتەکان بەم جورە کورت دەکەینەوە: هەڵێنجانی قووڵی کێشمەکێش لەم جیهانە نوییەدا بەپایەی یەکەم

ئایدیۆلۆژی نیە، یان ئابووری بێ بەپلەی یەکەم، ئەم دابەش بوونە گەورانەی لەناو نەوەی مرۆیان و سەرەتا هەڵقولانی کێشمەکێش لە بنچینەدا شێوەی ڕۆشنبیری بەخۆوە گرتووە، ئەوجا تێک پرژانی نێوان شارستانییەتەکان خۆی زاڵ دەکا بەسەر سیاسەتی دەولی و دوازنجیرە لە پەرەسەندنی کێشمەکێش لە جیهانی نوێدا پێکدێنێ. هەر شارستانییەتێک خۆی قەوارەیەکی ڕۆشنبیرییە، بەرەگەزە بابەتیەکانیش یەکتر دەگرێتەوە وەک زمان و مێژوو و ئایین و عادات و دامەزراوەکان، ئەمە لەلایەک و بەرەگەزەکانی تری خۆیی کە چڕدەبێتەوە لە ماهیەتی خۆیی خەڵکی ئەمەش لەلایەکی ترەوە وادەبێ شارستانییەتێک ژمارەیەک لە دەوڵەتانی نەتەوەیی بەخۆیەوە بگرێ، یان یەک دەوڵەتی نەتەوەیی بێت، هەروەها شارستانییەتەکان دەچنە ناو یەکتر و لەنێوان خۆیاندا کار لەیەکتر دەکەن. لەوانەیە هەندێک شارستانییەتی گەورە شارستانییەتی لقی لێبکەوێتەوە. ئەم نووسەرە لەم باوەڕەیە کە پێناسەی شارستانییەتی لە دوارۆژدا زیاتر بایەخ پەیدا دەکا و داڕشتنی جیهان تارادەیەکی زۆر دێتە تەواوبوون بە کارتێکردنی بووی نێوان حەوت تا هەشت شارستانییەتی سەرەکی. جا بۆ بایەخ دان بەم بیرە، هنتینگتون کۆمەڵێک هۆکار دێنێتە گۆڕێ، لەنێو ئەمانەشدا:

- دوای ئەوەی وای لێهات جیهان بچووک بووەوە، کارتێکردن لەنێوان ئەوانەی سەر بەم شارستانییەتە جیاوازانەن زیاتر بوو. ئەم کارلێک کردنانە ڕادەی هەستکردن بە جیاوازییەکان ئاشکراتر دەکات.

- بەرەوپێش بردنی نوێکردنەوەی ئابووری و گۆڕانی ئەو باری کۆمەڵایەتییەی کە هەیە، دەبێتە جیاکردنەوەی خەڵک لەم پێناسە ناوچەییانەی کە ماوەیەکە دوور و درێژە لێی دانیشتوون، هەروەها

کاردەکاتە سەر لاوازکردنی وڵاتە نەتەوەییەکانی کە سەرچاوەی ئەم پێناسەیەن.

لە بەشێکی گەورەی ئەم جیهانەدا ئایین خۆی ڕەپێش کرد بۆ ئەوەی ئەم بۆشاییە پڕ بکاتەوە، هەڵبەت ئەم شێوازە بزاڤانە بەجوولانەوەی ئسولی ناسراون. وەک (**جیل کیبل**) لەم بارەیەوە دەڵێ: زیندوو کردنەوەی ئایین بنەمای پێناسەو ئیلتزام دێنێتە ئاراوە، ئەو کاتە سنوورەکانی نەتەوەیی تێدەپەڕێنرێ و شارستانییەتەکان یەکدەگرن.

- گەشەی هۆشی شارستانی لەمیانەی جەمسەری دوولایەنەی ڕۆژئاوا کە زیاد دەبێ، لەلایەکی ترەوە ڕۆژئاوا لوتکەی شوێن پێ و جەبەروتی خۆی دەچەسپێنێ، لەهەمان کاتدا و لەئەنجامی ئەم واقعەدا، جۆرێک گەڕانەوە بەرەو ڕەگی شارستانییەتی ڕەسەن دەگەڕێتەوە بەرامبەر ئەو هێزەی ڕۆژئاوا کە لە لوتکەی دەسەڵات دایە، ئەمڕۆ چەندین لایەنی دیکە خاوەن ئارەزوو و دەسەڵاتێکی بەتوانان بۆ داڕشتنەوەی شارستانییەتی دنیا بەشێوازێکی جیا لەشێوازی ڕۆژئاوا. کێشمەکێشی نێوان شارستانییەتیەکان هەروەک هنتینگتون دەیبینێ بەدوو ئاست تێدەپەڕێ: ئاستی تەنگ، کەوا کۆمەڵانی جیران لە تاخمی جیاکەرەوەی نێوان شارستانییەتەکان دەکەونە کێشمەکێش، کێشمەکێشێکی وا کە زۆرجار توندوتیژ دەبێ لەبارەی زاڵبوون بەسەر زەوی و بەسەر یەکتری. و ئاستێکی فراوان ئەو کات دەوڵەتانی ئینتماکردوو بۆ شارستانییە جیاکان پێشبڕکێ دەکەن لەسەر شوێن پێی ڕادەیی سەربازی و ئابووری. هەروەها کێشمەکێش دەکەن لەبارەی زاڵبوون بەسەر دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان و لەسەر لایەنە سێیەمەکان. جا لە ئەورووپاو لەگەڵ نەمانی جیابوونەوەی ئایدیۆلۆژی، جیابوونەوەی ڕۆشنبیری ئەم

کێشوەرە گەڕایەوە بۆ بەدیار کەوتنی نێوان مەسیحیەتی ڕۆژئاوایی و مەسیحیەتی ئەرسۆدۆکسی و ئیسلام. هەر لە کلاورۆژنەی ئەوەی ئەگەر ئەم کێشمەکێشەی بەدرێژبوونەوەی هێڵی لێکجیاکەرەوەی نێوان شارستانییەتی ڕۆژئاواو ئیسلامی بەردەوام بوو بەدرێژایی سیانزە چەرخ، ئەوا ئەم کێشمەکێشە بۆ ئەمە دەستنیاشان نەکراوە کە بگەڕێتە دواوەو بشاردرێتەوە، بەڵکو لەوانەیە لەدوارۆژدا زەبروزەنگی زیاتر بەخۆوە ببینێ. بەڵام کارلێکردنی دوژمندارانەی تر بۆ شارستانییەتی عەرەبی ئیسلامی ئەوەیە دەگەڵ گەلانی ڕەش پێستی ناموسلمانە، کە ئێستا زیاترو زیاتر لە جاران سەرکەوتووە، بۆ خواروو (شەڕی ناوخۆیی سودان، کوشتاری ناو چاد). هەروەها لەسنووری باکووری ئیسلام، کێشمەکێشەکە توندتر بووە لەنێوان گەلانی ئەرسۆدۆکسی و ئیسلامی (بۆسنە، بولگار و کەمایەتی تورکی، ئەرمەن و ئازەرییەکان). هەروەها کێشمەکێشی شارستانییەتەکان ڕەگێکی قووڵی لە شوێنێکی تری ئاسیادا هەیە، کەوا تێکپرژانی مێژوویی لەنێوان موسلمان و هیندۆسەکان لە نیمچە کیشوەری هیندیدا کەشف دەبێ ئەمەش تەنها لە پێشبرکێی نێوان هیندو پاکستان دروست نابێ، بەڵکو لەزیاد بوونی توندی ئەم کێشمەکێشە ئاینییەی ناو هیند دەبێ لەنێوان هیندۆسەکان و کەمایەتی موسلمان، جێی گومانیش نیە کە جیاوازی ڕۆشنبیری کێشمەکێشی ئابووری لەنێوان یابان و وڵاتە یەککگرتووەکانی ئەمەریکا دەهێڵێتەوە. جا کێشە ئابوورییەکان پەیوەستن لەنێوان وڵاتە یەککگرتووەکان و ئەورووپا کەمتر نین لەم کێشە ئابوورییانەی کە لەنێوان وڵاتە یەککگرتووەکان و یابان هەن، بەڵام بەم ئاستەی دیاری سیاسی نیەو بەهەمان ئاستی توندی عاتیفی نیە، چونکە جیاوازیەکانی نێوان ئەم دوو ڕۆشنبیرییەی ئەمەریکی و ئەورووپی زۆر کەمترە

له جیاوازیەکانی نێوان هەردوو شارستانییەتی ئەمەریکی و یابان. هینتینگتون لێرەدا لەبەردەم دیاردەی چەند وڵاتێکی "پارچەکراو" دەوەستێ وەک تورکیا و ڕووسیا کە دوو تەریب پێشبڕکێی تیا دەکەن. تەریبێک دەیەوێ بەرەو ڕۆژئاوای بباو بەهای ئەو وەرگرێ و پەیوەندی گیانی لەگەڵ ببەستێ، تەریبێکی تریش دەیەوێ لەچوارچێوەی شارستانییەتی ڕەسەنی خۆی بیهێڵێتەوە کە ئیسلامییە لەنموونەی تورکیا و سلاڤی و ئەرسۆدۆکسییە لەنموونەی ڕووسیادا. هەر لەکلاورۆژنەی وابینینەکەیدا ئەوەیە کە تەوەری بنچینەیی بۆ سیاسەتی جیهانی لەدوارۆژدا کێشمەکێش لەنێوان ڕۆژئاواو پاشماوەی جیهان بەخۆوە دەبینێ و هەروەها کاردانەوەی شارستانییەتەکانی نارۆژئاوایی لەسەر دەسەڵات و بەهاکانی ڕۆژئاوایی.

هنتینگتون پێشبینی ئەوەش دەکا کە چڕبوونەوەی سەنتەری بۆ کێشمەکێشەکە لەدوارۆژدا چاوەڕوانکراو وادەبێ چڕبوونەوەی کێشمەکێشەکە لەنێوان ڕۆژئاوا لەلایەک و لەنێوان ژمارەیەک لە دەوڵەتانی کۆنفۆشیۆسی – ئیسلامی لەلاکەی تری بەرامبەری دەبێ (چینی میللی، کۆریای باکور، ئێران، عێراق). ئەمەو چەندین ڕێنمایی و پێشبینی کردنی تری ئەم نووسەرە بۆ ڕۆژئاواو چۆنیەتی سەرکەوتن و گرتنە خۆی شارستانییەتەکانی تری نارۆژئاوایی و بۆ بەدیهێنانی هونەری خۆگونجاندن و پێکەوە ژیانی شارستانییەتە جیاکان[٢٨]. ئەمەو گەلێک لەنوێنەری وڵاتان و سەرکردەو گەورە نووسەران ئەم باسەیان هەڵسەنگاندووە و ڕەخنەی توندیان لێگرتووە کە لێرەدا بەپێویستی نازانین باسیان بکەین. هەر بۆیەش وەک باسمان کرد ئەم کارتێکردنە ڕۆشنبیری و وەرگرتن و گواستنەوەی شارستانییەت و تێکپڕژانی شارستانییەتێک لەگەڵ

شارستانییەتەکانی ترو گردبوونەوەی ڕۆشنبیری و سیاسی و ئابووری کە پەیوەستن بە کۆمەڵگایەک و توانیویانە سیمایەکی هاوبەش و پێناسەو مۆرکی نەتەوەیی شارستانی خۆیان بەرەپێبدەن و جوغزە جوگرافیەکان و سنوورەکان ببەزێنێ و نەتەوەی تریش بخاتە ژێر ڕکێفی شارستانییەتی خۆی وەک لەڕاکانی هنتینگتون تێبینی ئەوەمان کرد، ئەم نموونەیەش لە شارستانییەتی ئیسلامیدا دەبینین کە چۆن فراوان بووە و ئایینی ئیسلامی هۆکارێکی بەهێز بووە بۆ دروستکردنی ئەم شارستانییەتیە ئینجا نەتەوەکانی تریشی خستۆتە بن کەلەپووری ڕۆشنبیری خۆی و کەلەپوورێکی رۆشنبیری بۆ ئەم شارستانییەتە دەستەبەر کردووەو گەورەتر بێ لە کەلەپوور و ڕۆشنبیری ئەم میللەتانەی بەشداریان تیا کردووە وەک "**هادی ئەلعەلەوی**" دەڵێ: "شارستانییەتی ئیسلامی مانای ئایین ناگەیەنێ، ئەمە زاراوەیەکی مێژووییەو دەگەڕێتەوە بۆ (تەها حوسێن) چونکە (**تەها حوسێن**) وادەبینێ کە وشەی (مسلم) واتە موسلمان، ئەمەش هەموو ئەمانە دەگرێتەوە کە بەشداریان لە شارستانییەتی ئیسلامی کردووە بێ گوێ دانە ئایینیان، جا شارستانییەتی ئیسلامی شارستانییەتێکی نیمچە جیهانییە، عەرەب و فارس بەشێوەیەکی سەرەکی بەشدارییان تیا کردووە هەروەها تورک و کورد و ئەوانی تریش بەشدار بووینە تیایدا. هەروەها بڕوادار و بێ بڕوا بەشداربووینە. بەڵام لایەنی عەقلانی لە بنچینەوە لە فارسەکانەوە هاتووە یان فارس و عەرەب، گرنگ ئەوەیە شارستانییەتی لەگەڵ یەکەم کۆچدا دەستیپێکردووە. لە چەرخی جاهلیدا شارستانییەت نەبووە ئەو کاتە کۆمەڵ نیمچە سەرەتایی بووە..[٢٩].

لەم ڕاستیانەدا کە باسی کارتێکردنی ڕۆشنبیریمان کرد

بەسەر دیاردەی سیاسی دەگەینە ئەو ڕاستیەی کە ڕۆشنبیری ڕۆڵی دوولایەنەی هەیەو دەتوانری ببێتە هۆکاری کێشمەکێش یان جیابوونەوە یاخود ببێتە هۆکاری کۆکردنەوە. ئەوکاتەی لەلایەن دەوڵەتانەوە سوودی لێدەبینرێ، یان لەلایەن ڕێکخراوەکانەوە بەکاردەبرێ بۆ چوونە ناو یەکدی هۆکارە پێکچووەکان کە لەلایەن چەند دەوڵەتێک یان زۆربەی دەوڵەتانەوە کە ئەم هۆکارانە پێکەوەیان گرێ دەداو بۆ یەک ئامانج ئیشی پێدەکرێ ئەوا دەبێتە هۆکاری کۆکردنەوە، وەک ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، هەر بۆ نموونەش ڕێکخراوی (یۆنسکۆ)ی ڕۆشنبیری و زانست کە بۆ بەرژەوەندی و ڕاژەی ڕۆشنبیری و زانستی کۆمەڵی نێودەوڵەتی کاردەکا و کاری بەجیاوازی بیروڕاو جیاوازی شارستانییەتەکان نیە. ئەو کاتەش ڕۆشنبیری دەبێتە هۆکاری جیابوونەوە کە بیروباوەڕ و بەهاو ئایدیۆلۆژیای جیاوازی شارستانیەت و نەتەوە جیاکان دەکەونە حاڵەتی دژکەیی و ناگەنە یەکتر و بەرژەوەندییان دەگەڵ یەکتر ناگونجێ، ئەو کاتە ئاست و شێوەی جیاجیا بەخۆوە دەبینێ و لەژێر چەترێک کۆ ناکرێنەوە.

پەراوێزەکان:

(١) بۆ زیاتر زانیاری و ئاگاداربوون لە گەلێک پێناسەی تری ڕۆشنبیری بڕوانە:

أ: رايموند وليامز، ترجمة، وجيه سمعان، الثقافة والمجتمع، ط/١ دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد.

ب: الدكتور ابراهيم ناصر، الانثروبولوجيا الثقافية، علم الانسان الثقافي، نشر جامعة الاردن، مطبعة جمعية المطابع التعاونية، ط/٢، الاردن ١٩٨٥.

ج: فوئاد تاهير سادق، ڕۆشنبيرى، الشركة العراقية للطباعة الفنية، ١٩٨٩.

(٢) فرج الله صالح ديب، في مفهوم الثقافة الشعبية والثقافة العالمية، مجلة الفكر العربي المعاصر، العدد ٣٨، آذار ١٩٨٦، ص١٥٥.

(٣) د.حسان محمد شفيق العاني، الثقافة السياسية والديمقراطية، مجلة الحقوقي، العددان الاول والثاني، السنة الثانية عشرة، ١٩٨٠، ص٣٦.

(٤) كارل مانهايم، ترجمة د.محمد رجاء الديريني، الايديولوجيا واليوتوبيا، مقدمة في سوسيولوجيا المعرفة، ط/١، شركة المكتبات الكويتية ١٩٨٠، ص٤٥.

(٥) چارلس ماچ، ترجمة د. احسان محمد الحسن، المجتمع في العقل، عناصر الفكر الاجتماعي، ط/١، دار الشؤون الثقافية العامة، سلسلة المائة كتاب الثانية، بغداد، ١٩٩٠، ص٦٩.

(٦) چارلس ماچ، هەمان سەرچاوە، ل٦٧.

(٧) دونالد ڕ.كيلي، ترجمة محمد جعفر داود، بدء الايديولوجية في الغرب، دراسة في الوعي والاجتماعي، دار الشؤون الثقافية العامة، سلسلة المائة كتاب الثانية، ط/١، ١٩٩٠، ص١٠.

(٨) كارل مانهايم، هەمان سەرچاوە، ل٢٥٧.

(٩) دونالد ر.كيلي، هەمان سەرچاوە، ل٨.

(١٠) بي غريمال، ترجمة د.فاضل السعدوني، الانسان والاسطورة، مجلة الثقافة الاجنبية، السنة الحادية عشرة، العدد الثاني، ١٩٩١، ص٣٩.

(١١) جمال بدران، عرض وتحليل، رحلة في كتاب علم الاساطير لرولان بارت، مجلة الفيصل، العدد ٢٣، ابريل ١٩٧٩، ص٨٣.

(١٢) ادموندليتش، ترجمة د.ناصر حلاوي، بنية الاسطورة عند

شتراوس، مجلة الثقافة الاجنبية، السنة الحادية عشرة، العدد الثاني، بغداد، ١٩٩١، ص٦٥.

(١٣) رولان بارت، الاسطورة اليوم، ت. حسن الغرفي، الموسوعة الصغيرة، العدد ٣٤٥، ط/١، بغداد ١٩٩٠، ص٦.

(١٤) الموسوعة البريطانية، الموسوعة وعلم الاساطير، ترجمة عبدالناصر محمد نوري عبدالقادر، كتاب الجيب، وزارة الثقافة والاعلام، بغداد ١٩٨٦، ص٧.

(١٥) ك.ك ڕاثفين، ترجمة جعفر صادق الخليلي، الاسطورة، ط/١، منشورات عويدات، بيروت، باريس ١٩٨١، ص٢٢.

(١٦) كارل مانهايم، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩.

(١٧) ب. روزانفالون – ب.فيفري، ترجمة د.خليل احمد خليل، نحو ثقافة سياسية جديدة، ط/١، دار الطليعة، بيروت، تشرين الثاني ١٩٨٢، ص٣٩.

(١٨) عن الموسوعة البريطانية، المصدر السابق، ص٤٤.

(١٩) ك.ك ڕاثفين، هەمان سەرچاوە، ل٣٥.

(٢٠) ك.ك ڕاثفين، هەر ئەم سەرچاوە، ل٣٨.

(٢١) ك.ك ڕاثفين، هەر ئەم سەرچاوە، ل١٩.

(٢٢) فوئاد تاهير سادق، ڕۆشنبيرى، الشركة العراقية للطباعة الفنية، ١٩٨٩، ل٢١٢.

(٢٣) توم بوتومور، ترجمة د. وميض نظمي، علم الاجتماع السياسي، دار الطليعة، بيروت، لبنان، ط/١، آذار ١٩٨٦، ص١٤٨.

(٢٤) الدكتور ابراهيم ناصر، انثروبولوجيا الثقافية، علم الانسان الثقافي، مطبعة جمعية عمال المطابع التعاونية، ط/٢، الاردن عمان ١٩٨٥، ص٨٧.

(٢٥) الدكتور ابراهيم ناصر، هەمان سەرچاوە، ل٥٢.

(٢٦) الدكتور غالي شكري، النهضة والسقوط في الفكر المصري الحديث، ط/١، دار الطليعة للطباعة والنشر، ايلول ١٩٧٨، ص١٣١.
(٢٧) هادي نعمان الهيتي، الاتصال والتغير الثقافي، الموسوعة الصغيرة (٢٣)، وزارة الثقافة والفنون، دار الحرية، بغداد، ١٩٧٨، ص١٥.
(٢٨) ماهر الشريف، اطروحة (صدام الحضارات) ونقادها، مجلة النهج، العدد (٤) صيف ١٩٩٥، السنة ١١، مركز الابحاث والدراسات الاشتراكية في العالم العربي، ص١٩٦.
(٢٩) هادي العلوي، العقل وخدر الايديولوجيا، مجلة النهج، العدد (٧)، ربيع، صيف ١٩٩٦، السنة ١٢، مركز الابحاث والدراسات الاشتراكية في العالم العربي، ص٢٢.

سەرچاوەكان:
١- كارل مانهايم، ترجمة د. محمد رجاء الديريني، الايديولوجيا واليوتوبيا، مقدمة في سوسيولوجيا المعرفة، الطبعة الاولى، شركة المكتبات الكويتية، اكتوبر ١٩٨٠.
٢- چارلس ماچ، ترجمة د. احسان محمد الحسن، المجتمع في العقل، عناصر الفكر الاجتماعي، الطبعة الاولى، دار الشؤون الثقافية العامة، سلسلة المائة كتاب الثانية، بغداد، ١٩٩٠.
٣- دونالد. ر.كيلي، ترجمة محمد جعفر داود، بدء الايديولوجية في الغرب، دراسة في الوعي والاجتماع، دار الشؤون الثقافية العامة، سلسلة المائة كتاب الثانية، بغداد، الطبعة الاولى، ١٩٩٠.
٤- رولان بارت، ترجمة حسن الغرفي، الاسطورة اليوم، الموسوعة الصغيرة، العدد (٣٤٥)، الطبعة الاولى، وزارة الثقافة والاعلام، بغداد، ١٩٩٠.

٥- الموسوعة البريطانية، ترجمة عبدالناصر محمد نوري عبدالقادر، الموسوعة وعلم الاساطير، كتاب الجيب، وزارة الثقافة والاعلام، مطبعة دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد ١٩٨٦.
٦- ك.ك. راثفين، ترجمة جعفر صادق الخليلي، الاسطورة، الطبعة الاولى منشورات عويدات، بيروت ، باريس، طبع دار العويدات، ١٩٨١.
٧- ب. روزانفالون، ب فيفري، ترجمة د.خليل احمد خليل، نحو ثقافة سياسية جديدة، الطبعة الاولى، دار الطليعة بيروت، تشرين الثاني، (نوفمبر) ١٩٨٢.
٨- توم بوتومور، ترجمة د.وميض نظمي، علم الاجتماع السياسي، الطبعة الاولى، دار الطليعة، بيروت، لبنان، آذار ١٩٨٦.
٩- الدكتور ابراهيم ناصر، انثروبولوجيا الثقافية (علم الانسان الثقافي)، الطبعة الثانية، مطبعة جمعية عمال المطابع التعاونية، الاردن، عمان ١٩٨٥.
١٠- الدكتور غالي شكري، النهضة والسقوط في الفكر المصري الحديث، الطبعة الاولى، دار الطليعة والنشر، بيروت، ايلول ١٩٧٨.
١١- هادي نعمان الهيتي، الاتصال والتغير الثقافي، الموسوعة الصغيرة (٢٣)، وزارة الثقافة والفنون، دار الحرية بغداد، ١٩٧٨.
١٢- فوئاد تاهير سادق، رۆشنبيرى ، مطبعة الشركة العراقية للطباعة الفنية، بغداد، ١٩٨٩.
١٣- فرج الله صالح ديب، في مفهوم الثقافة الشعبية والثقافة العامة، مجلة الفكر العربي المعاصر، العدد (٣٨)، آذار ١٩٨٦.
١٤- د. حسان محمد شفيق العاني، الثقافة السياسية والديمقراطية، مجلة الحقوقي، العددان الاول والثاني، لسنة ١٢، مطبعة جريدة العراق، بغداد، ١٩٨٠.

١٥- بي غريمال، الانسان والاسطورة، ترجمة د. فاضل السعدوني، مجلة الثقافة الاجنبية، السنة ١١، العدد الثاني، وزارة الثقافة والاعلام، بغداد، ١٩٩١.
١٦- جمال بدران، رحلة في كتاب علم الاساطير، لرولان بارت، عرض وتحليل، مجلة الفيصل، العدد (٢٣)، ابريل ١٩٧٩.
١٧- ادموند ليتش، بنية الاسطورة عند شتراوس، ترجمة، د. ناصر حلاوي، مجلة الثقافة الاجنبية، السنة ١١، العدد الثاني، وزارة الثقافة والاعلام، بغداد ١٩٩١.
١٨- ماهر الشريف، اطروحة (صدام الحضارات) ونقادها، مجلة النهج، العدد (٤) صيف ١٩٩٥، السنة ١١، مركز الابحاث والدراسات الاشتراكية في العالم العربي.
١٩- هادي العلوي، العقل وخدر الايديولوجيا، مجلة النهج، العدد (٧)، ١٩٩٥، السنة ١١، مركز الابحاث والدراسات الاشتراكية في العالم العربي.

# ڕۆشنبیریی
# سیاسی و دیموکراسی

ڕۆشنبیریی سیاسی و ڕۆشنبیریی دیموکراسی هەردوو پەیوەندییان بە ئاستی پێشکەوتنی کۆمەڵگاوە هەیە، هەدووکیشیان تەواوکەری یەکترین، چونکە ناتوانریّ ڕۆشنبیرییەکی دیموکراسی لە کۆمەڵگایەکی دواکەوتوو پیادە بکرێت، بێ بوونی ڕۆشنبیرییەکی سیاسی و پەرەسەندنی کۆمەڵگەی مەدەنی، ئەم کۆمەڵگایەی ئاستی ڕۆشنبیری و ژیاری پێشکەوتوو بێت ئاستی پەیڕەوکردنی دیموکراسیشی لە پلەیەکی بەرزدا دەبێت. دیموکراسییەت بۆ کۆمەڵگە پێشکەوتووو مۆدێرن و نوێکان بە بەهایەکی گرنگ دەژمێردرێت، وەک **هیگل** پێی وایە کە دیموکراسییەت دەستکەوتێکی گرنگی کۆمەڵگە مەدەنییە نوێکانە، کە لە ئەنجامی پەرەسەندنی گشتی کۆمەلگەکاندا هاتۆتەدی.

لەم دنیا نوێیەی ئەمڕۆی جیهانگەرایی و پێشکەوتندا دیموکراسییەت بۆتە پێویستییەکی ڕۆژانەو لە کەمترین ڕادەیدا ئەو مانایە دەبەخشێ کە لە ڕووی هزری و پراکتیکەوە ئامانجەکەی بۆ مرۆڤە، کە دەبێ خاوەن بەهاو مافی خۆی بێت، چ وەک تاک و چ وەک کۆمەڵ دەشوانێت بەشداربێت لە دروستکردنی بڕیاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریدا، هەروەهاش لە پێناوی هێنانەدی پێشکەوتن و خۆشگوزەرانی و پێشخستنی نیشتمان و خزمەتکردنی تێدەکۆشێ.

له باسکردنی دیموکراسییەت و پێشکەوتنیدا بەندیوارییەک دەگەڵ ڕۆشنبیریی سیاسیدا هەیە، چونکە پێشکەوتنی ڕۆشنبیریی سیاسی دەبێتە ڕادەی کەم بوونەوەی تەنگژەکانی بەردەم دیموکراسییەت و پێچەوانەکەشی هەر ڕاستە، ئەوەش لە هەموو کۆمەڵگایەکدا، پەیوەندی بە بنەمای سیاسی ئەو کۆمەڵگایە هەیە، کە جۆری سیستەمی سیاسی و ڕادەی پێشکەوتنی کاری پۆزەتیڤ و نێگەتیڤ دەکاتە سەر بەکارهێنانی دیموکراسی.

ئەوەی کە گومانی تێدا نییە ئەوەیە کە مانای ڕۆشنبیریی سیاسی دەلالەت لە بەلاداهاتنی هەڵسوکەوتی تاکەکەسان و شێوەی بە کۆمەڵ دەکات لە بەرامبەر سیستەمی سیاسیدا، لە کاتێکدا کە ڕۆشنبیری لە کۆمەڵێک بەهاو بیروباوەڕ و سۆز پێکهاتووە.

لەم بارەوە هەردوو نووسەر (**گابریل ئەلمۆندو سدنی ڤێربا**) لە کیتابێکیاندا کە ناویان ناوە (ڕۆشنبیریی مەدەنی و ڕێبازە سیاسی و دیموکراسییەکان لە نێو پێنج نەتەوەدا) وایدەبینن کە ڕۆشنبیریی سیاسی ودیموکراسی لە چەند ڕەگەزێک پێکدێت کە ڕەگەزە درکپێکراوەکەی مەعریفەیەو سۆزدارییەکەشی سۆزە و ڕەگەزە هەڵسەنگاندنەکەشی بەهاکانە.

ئەو دوو نووسەرە توێژینەوەی چاکیان لەم بارەیەوە ئەنجامداوە، بابەتەکەی خۆیان لە ئەنجامی شیکردنەوە و تاقیکردنەوە و پرسین نووسیوە کە پێنج ساڵ پێیەوە خەریک بووینەو پێنج وڵات گەڕاون پرسیاریان کردووە وەک ئەمریکا و ئینگلستان و ئەلمانیا و ئیتاڵیا و مەکسیک، دەسەلاتدارانی ئەم دەوڵەتانەش توانایی دارایی چاکییان بۆ دەستەبەر کردوون بۆ ئەنجامدانی باسەکەیان.

ئینجا لە ساڵی ١٩٦٣ کتێبەکەیان لە زانکۆی فلنسلیادا چاپکرا، لەم لێکۆڵینەوەیەدا پرسیاریان لە هەزار کەس کردبوو، لە هەر

ولاتێکدا کە چووبوون بۆ ڕاپرسی لێکۆڵینەوەکەیان و پرسیارێکی دیاریکراویشیان ئاراستە کردبوون کە دەڵێ: **ئایا بنچینەکانی ڕۆشنبیری چین بۆ هێنانەدی دیموکراسییەت؟**

ئەم پرسیارەشیان بۆیە دەکرد، چونکە ڕایان وابوو کە سیستەمی دیموکراسی سیستەمێکی خاوەن فرە بنکەیە و توانای لە ناوچوونی هەیە.

ئەو دوو نووسەرە لە باسەکەیاندا دەربارەی دیموکراسییەت و ئەم مەترسییە بەردەوامانەی کە هەڕەشە لە دیموکراسییەت دەکەن ڕوونکردەوە.

هەمدیس ئاماژەشیان بەوە کردووە کە بنچینەکانی دیموکراسیی لە سەرەتای چەرخی ڕابردوودا نوشووستی هێناوە. ڕووداوەکانی هەردوو جەنگی جیهانیی و شۆڕشی بەلشەفی و پەیدابوونی دوو سیستەمی فاشیزم لە نێوان هەردوو جەنگی جیهانیدا، ئەمانە هەموو دیموکراسییەتیان تووشی مەترسی ڕاستەقینە کرد،کە نەتوانرا ببن بە سیستەمی سەقامگیر. هەروەها بەلای ئەوانەوە ناسەقامگیریی زۆر لە دەوڵەتانی جیهانی سێیەم لای هەردوو نووسەر وایان نیشاندا کە ڕاستییەک هەیە لەم دەوڵەتانەدا ئەویش ئەوەیە کە دیموکراسییەت وەک سیستەمێک لە زۆر ئەم دەوڵەتانەدا کە تازە سەربەخۆیی وەدەست دێنن لاوازە.

ئینجا لەوێوە پرسیان: لەبەرچی ئەم هەموو نووشستییە هەیە لە جێبەجێکردنی دیموکراسییەتدا؟

لەراستیدا سەرکەوتنی دیموکراسییەت تەنیا هەر ئەوەندە نییە کە دامودەزگای سیاسی بگوازرێتەوە و بنیادی چەمکەکانی دیموکراسییەت بکرێت بەتایبەتیش چەمکە بەرزەکانی وەک سەروەری و سەربەستی و یەکسانی، بەڵکو پێویستە کار بۆ

پەرەسەندنی ئەم بنچینانە بکرێت، کە بزووێنەری سیستەمی دیموکراسیین کە ئەمانەن: گۆشەنیگای سیاسی، یاسا و بنچینەکانی هەڵسوکەوت، میکانیزمییەتی بڕیار دەرکردن، هەروەها دەستنیشانکردنی پەیوەندییەکانی نێوان حاکم و خەڵک.

ئەم بنچینانەش چەمکی ڕۆشنبیری تێکەڵیان دەبێت و لێکتر جیانابنەوە. هەروەها ناشتوانرێت ئەم بنچینانە بگوازرێتەوە. بەڵکو دەبێ هەبن و گەشە بکەن و پەرەبسێنن، ئەگەر چی لەسەرخۆش بێت لەپاشاندا لەنێو کۆمەڵدا ڕەگ دابکوتن، لە زۆربەی دەوڵەتانی دنیادا هەرچەندە دامودەزگای ئەم وڵاتانەش بەیەکدەچن و بەکارهێنانی تەکنیکیشی هەر پێکدەچێ، بۆیە سەرکەوتنی سیستەم بەدەستکەوتی دامودەزگاکان نایەتەدی، بەڵکو بەهۆی ئەو کەسانەوە دەبێت کە سیستەمی هەر دەوڵەتێک یا هەر وڵاتێک پێکدێنن و دەبێتە بناغەیەک بۆ سەرکەوتنی.

کەواتە خاڵی گرنگ بەلای ئەوانەوە ئەوەیە کە بزربوون و نەبوونی ڕۆشنبیریی سیاسی دەبێتە هۆی چەکەرەنەکردن و ئەنجام نەدانی دیموکراسییەت. بەڵام ئەم ئەنجامدانە زانستییە لە بە ئەنجام گەیشتن بەدابڕانێک دادەنرێت لە ڕێگاکانی سۆسیۆلۆژی پێشترو بە نوێکردنەوەیەک دادەنرێت لە پشکنینی زانستی کە پەیوەندی بەڕۆشنبیریی سیاسییەوە هەبێت و دۆزینەوەی ڕۆشنبیریی مەدەنی لەلایەن ئەم دوو نووسەرە شان بەشانی پشکنین بەڕێبازەکانی کۆن لەبارەی ڕۆشنبیریی سیاسی، چونکە زانستی سۆسیۆلۆژیا سێ شێوە ڕێگای بەخۆوە دیوە لە پشکنین لە بارەی کۆمەڵگاکانەوە و هەموو ئەو دیاردانەی کە پەیوەندییان بەم کۆمەڵگەیانەوە هەیە.

ئەگەر زاراوەی ڕۆشنبیری هاوشانی شارستانێتی بەکاربێت

ئەوسا ڕۆشنبیریی سیاسیش وەک دەربڕین بایەخەکەی تەنیا بەلایەنی سیاسی ڕۆشنبیری دەگیرسیتەوە.

**ڕێگاکانی گەشەسەندنی دیموکراسی:**

یەکەم: ڕێڕەوی فەلسەفی یا ئایینی:- قووڵبوونەوە لەم ڕێڕەوە بۆ زانینی هەڵسوکەوت و چی پێویستەو هەڵسوکەوتی دانیشتوانە دەبێ چۆن بێت بۆ ئەوەی دیموکراسییەت بوون و گەشەی هەبێ؟ چۆن دەتوانرێت خەڵکی بکرێن بەدانیشتوانی چوست و چالاک، چۆن دەتوانرێ گرنگی و بایەخی بەشداریکردنی خەڵک بکرێ کە بێ ئەوە دەسەلاتداریتی دەتوانێ حوکمڕانی خەڵکی بکات و حوکم بۆ خۆی زەوت بکات و بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆی. وابینینی ئەم ڕێڕەوە لە ناوەرۆکیدا لە چوارچێوەی بایەخی فەلسەفی دەرناچێت.

دووەم: ئابووری وەک وزەو توانا بۆ بەدیموکراسیبوون: کە بەهۆی بزێوی ئابووری دێتە ئاراوە بۆ نموونە: ئەو کاتە دەبێ کە ئاستی ئابووری ڕێنیشاندەربێت بۆ پێداگرتنی دیموکراسییەت و هێزو توانای.

هەردوو زانایان (کوڵمەن ولبەست) لە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو (ئەندرێ ئوریۆ) لە فەرەنسا لەسەر ئەوە ڕێکدەکەون کە پەیوەندی نێوان پێشکەوتنی ئابووری و دیموکراسییەت و گەشەنەکردنی ئابووری و پەیوەندی بە دەسەلاتداری دیکتاتۆرییەت بەیەکەوە ببەستنەوەو لێکتریان گرێدەن.

سێیەم: ئەم شێوازە میتۆدیکە بەهۆی پێشکەوتنی لێکۆڵینەوەکانی زانستی دەروونناسی دەخرێتەڕوو، بەلام لە ڕێڕەوی خۆی چیتر تەکانی نەدا پاش ئەوەی چەند شیکردنەوەیەکی دیاریکراوی خستەڕوو، کاتێ کە (ئەدرنۆ) لە ساڵی ١٩٥٠ لێکۆڵینەوەیەکی

بەناوبانگی ئەنجامدا لەبارەی کەسایەتی دەسەڵاتدار، بۆ نموونە پەیوەندی نێوان پێکهاتنی دەروونی و بیروبۆچوونە نەگۆڕەکانی ڕوونکردەوە.

دوای ئەو (ئـیـزنیک)یش هەر لەسەر شێوەی ئەو ئامانجی خۆی دارِشت، کاتێ کەسایەتییەکانی بەگوێرەی دوو تەوەرەوە دابەشکرد، توندوتیژ و نەرم و لەسەرخۆ؟، چەپڕەوو ڕاستڕەو، ئینجا لێکۆڵینەوەی دەروون و هۆش وەک شێوازێکی لێکۆڵینەوە بەدیارکەوت کە هەریەکێکیان شوێنی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام ئەم شێوازە تەواو نییە بۆ زانینی دیاردە سیاسییەکان و لەنێوان ئەوانیشدا دیموکراسییەت بەنموونە:

تاوەکو لێکۆڵینەوەکەی (لاسۆل) لەبارەی هێزو کەسایەتی لەکلاورۆژنەی لێکۆڵینەوەی هۆش یەکالاکردنەوە، ئەویش بەوە باسکراوەو ڕێنوێنی تەواوی بوونی بۆ نییە. بۆ نموونە، چۆن دەگەیتە ئەو ڕایەی کە کەسی دیموکراسی وا وەسفدەکرێ کە کەسێکی لەخۆبوردووەو لەهەمان کاتیشدا کەسێکی لێبوردەیەو هێمن و لەسەرەخۆیەو ئەم سیفاتانەش وایلێدەکات کە کەسێکی لێوەشاوەی کۆمەڵایەتی بێت؟!

کەواتە لێرەوە لەباسکردنی تاقیکردنەوەی دیموکراسی حکوومەتی هەرێمی خۆماندا هەر ئەوە نییە کە ناوی تاقیکردنەوەی دیموکراسی لێنراوە، ئەگەر چی لەچاو دەورووبەرو ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تاقیکردنەوەیەکی نوێیە، بەڵام پێویستە ئەم دیموکراتییە ئیشی بۆ بکرێت و ڕەگوڕیشە دابکوتێ و تێکەڵ بەئاستی ڕۆشنبیری و بیرکردنەوەی هەموو کەسێک بێت و لەپەروەردەشدا خەڵکی فێربکرێت و بکرێتە وانەی خوێندن، چونکە زۆر جار لای خەڵکی کاڵفام و نەزان ڕەنگە دیموکراسییەت بەمانای بەرەڵڵایی

لێکبدرێتەوە، بەڵام ئەمەش پێویستی بەپتەوکردنی پێگەیاندنی سیاسی و پێگەی ڕۆشنبیری و گەیاندنی بەمێشکی خەڵکییەوە هەیە.

دیارە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنیش لەم ئەرکەدا ڕۆڵیان لە ڕۆڵی پەروەردەو سیستەمی سیاسی کەمتر نییە، بەڵام سیستەمی سیاسیش دەبێ بۆ چەسپاندنی ئەم بنەماو پێگانە کۆمەڵگەیەکی مەدەنی دروستبکات و گوێ لە سکاڵای خەڵک و لە ڕەخنەی بنیادنەر بگرێ و پێویستە گەندەڵی بنبڕ بکرێت و بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانیش لەبەرچاو بگیرێت و کاریش بۆ بەرژەوەندی و پێداویستییەکانی ماددی و مەعنەوی خەڵک بکرێت، بۆیە ڕۆشنبیریی سیاسی و دیموکراسی بۆ میللەتێکی ستەمەیدەی وەک ئێمە پێویستی بەزیاتر قوڵبوونەوە هەیە، هەرچەندیش ڕادەی پێشکەوتنی باری ڕۆشنبیری و ژیاری پێشتر بکەوێت ئەوا بێگومان چەمکی دیموکراسی زیاتر ڕەنگی ئاسوودەیی خۆی دادەکوتێ. دیارە دیموکراسیش بۆ بەرژەوەندی میللەتە، بۆیە دەبێ داخوازییەکانی تاکەکانی کۆمەڵ لەبەرچاو بگیرێت. ئەوانیش دەبێ بەرامبەر یاساو سیستەمی سیاسی بەرپرس بن و لە ئاست کێشەکان بن. دەبێ دانیشتووان هۆشمەندیی سیاسی هەبێت و ڕۆڵی کاریگەری هەبێت لەسەرخستنی ئەزموونی دیموکراسیدا.

لەدواییشدا دەبێ کاربکاتە سەر سیستەمی سیاسی بەرێگای جیاجیاوە وەک بەشداربوونی لە هەڵبژاردن و خۆپیشاندان و یارمەتیدان و دەشتوانێ مومارەسەی بەشداری سیاسی خۆی بکات لە ڕێگای حزبە سیاسییەکاندا، یان بەشدار بێت لە گرووپی فشاری سیاسی. بەڵام لەبەرامبەر ئەمەشدا هاوڵاتی یا تاکەکەسان مافی هاوڵاتییەتی یەکسانیان هەیە کە دەبێ سیستەمی سیاسی بۆیان دابین بکات کە دەبێ بەلانی کەمەوە ئەم مافانەی بۆ

دەستەبەر بکرێت وەک: سەربەستی تاکەکەسان، لە گوزارشتکردنی خۆیان. سەربەستی تاکەکەسی و ئاسایش و ژیانی پارێزراو بێت. بەڵام لەهەمووی گرنگتر لای ئێمە هۆشیارکردنەوەی خەڵک و بڵاوکردنەوەی بەردەوامی ڕۆشنبیریی سیاسی و دیموکراسییە.

**سەرچاوە:**


١- د.حسان محمد شفيق العاني، الثقافة السياسية والديموقراطية، مجلة (الحقوقي)، العددان الاول والثاني، السنة الثانية عشرة، ١٩٨٠.

٢- د.عامر حسن فياض، الثقافة السياسية ومشكلة الديموقراطية، مجلة (أفاق عربية)، العدد (٣) اذار ١٩٩٢.

٣- سابیر ڕەشید، ڕۆشنبیریی ڕامیاری، ڕۆژنامەی (ئاڵای ئازادی)، خوولی دووەم، ژمارە (٦)، تشرینی دووەم ١٩٩١.

# دیموکراسی و
# مافی هەڵبژاردن

مەسەلەی دیموکراسی هەر لەسەردەمی دەوڵەتی شار لە یۆنانی کۆنەوە لەئارادا بووەو توانیویانە تەعبیر لە ڕای خۆیان بکەن و ڕاستەوخۆ نوینەرانی خۆیان هەڵبژێرن بەڵام لە دیموکراسییەتی نوێدا دەستەی هەڵبژاردن پێکدەهێنرێ بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی دەسەڵاتی یاسادانان بەگوێرەی یاسای هەڵبژاردن کە هەندێک لەم یاسایانە مافی هەڵبژاردن بە هەموو هاووڵاتیەک دەدەن بەمەرجێ گەیشتبێتە تەمەنی هەرزەکاری. هەندێک یاسا وای دادەنێ کە بەشێک لە هاووڵاتیان بێ لەمافی هەڵبژاردن داو بەگوێرەی ئەم هۆیانەی کە بەڕاشکاوی دەستنیشانی دەکات.

مافی هەڵبژاردن لە دنیای ئەمڕۆدا وایلێهاتووە کە(دەنگ بۆ هەموو هاووڵاتیەک) بێ و پیاو و ژن وەک یەکن لە هەڵبژاردن دا.

لەمافی هەڵبژاردندا سەدەی نۆزدەم بە سەدەی فراوانبوون و بەرەو پێش چوون دادەنرێ لە ڕەچاوکردنی مافی هاووڵاتیان لە هەڵبژاردن دا. هەر لەو ماوەیەشدا چەند بیردۆزێک سەریانهەڵدا کە پشتگیری پرنسیپی هەڵبژاردنی گشتی دەکەن، بەگوێرەی ئەم داخوازیە دەبێ هەموو هاووڵاتیەک مافی هەڵبژاردنی هەبێت بەبێ گوێدانە مەرجی زانست یان سامان یان بیروباوەڕی جیا، ئەم پرنسیپەش ڕاستەوخۆ لە بیردۆزەکانی (جان جاک ڕۆسۆ)وە هاتووە دەربارەی ئیرادەی گشتی.

بۆ مافی هەڵبژاردن چەند مەرجێک هەن دەبێ ڕەچاوو پەیڕەو بکرێن لەوانە هەموو دەوڵەتێک ئەم مەرجە دادەنێ کە هەڵبژێر دەبێ بگاتە تەمەنی هەرزەکاری (سن الرشد)، تەمەنی هەرزەکاریش بە گوێرەی جیاوازی دەوڵەتان دەگۆڕێن، بەڵام زۆربەیان تەمەنی بیست و یەک ساڵی دەست نیشان دەکەن. هەرچەندە یاسای هەندێک دەوڵەت ئەم تەمەنە بە هەژدە ساڵی یان هەندێکی تریان بە بیست و پێنج ساڵی دەستنیشان دەکەن. دەوڵەتە دیموکراسیە نوێکان مافی هەڵبژاردن بە هاووڵاتیانی خۆیان ڕەوا دەبینن، دەستووری هەموو دەوڵەتێکیش شێت و پیاوکوژ و تاوانباران لە مافی هەڵبژاردن بەدەر دەنێت. ئەم دەوڵەتانەی زۆر دواکەوتووشن ئەم خاڵە ڕەچاو دەکەن.

هەندێک مەرجی دی هەن لەگەڵ بنەڕەتی ئیقتراعی گشتی ناگونجێن لەوانەش:

١- مەرجی فێربوون: جۆن ستیوارت میل کە دەڵێت- هەڵبژێر دەبێ ئەم مەرجەی بۆ دابنرێ کە هەر هیچ نەبێ ئەلف و بێ یەک بزانێ و شتێکیش لە بنچینەکانی ژمێریاری هەڵکرێنێ. لەهەمان کاتیشا ئەم کارە والەسەر دەوڵەت فەرز دەکات کە دەرگای فێرکردن بۆ گشت هاووڵاتیەک بکاتەوە چونکە مافی هەڵبژاردن دەبێ گشتی بێت.

٢- مەرجی موڵکداری و پارەداری: ئەمیش وای بۆ دەچن کە هەڵبژێر دەبێ خانوو سامانی هەبێت و لەوانەبن کە باج دەدەن.

جۆن ستیوارت میل دەڵێ: گرنگ ئەوەیە پەرلەمان بەهۆی هاووڵاتیان هەڵبژێردرابێت.

٣- مافی هەڵبژاردن بۆ ئافرەت: زۆربەی دەستورە نوێکان ئەم مافەیان بە ئافرەت ڕەوا بینیوە تا وایلێهاتووە لەزۆربەی

دەوڵەتانی جیهان ئافرەت لەگەڵ پیاودا لە هەمان ماف یەکسان بن. ئەمانەش لایەنگیر و دژی هەیە، هەنجەتی دژەکان لەم چەند خاڵانەدا کورت دەکرێنەوە:

١- ژیانی ڕامیاری ئەم بوارە سروشتییە بۆ ئافرەت مەیسەر ناکا.

٢- بنچینەی بەکارهێنانی ئەم مافە دەگەڕێتەوە بۆ باجی خوێن؟ (خزمەتی سەربازی) جا لەبەرئەوەی ئافرەت ئەم خزمەتە بەئەنجام ناگەیەنێ دەبێ ئەم مافانەی کە پەیوەندی بەو ئەرکەوە هەیە نەیدرێتێ.

٣- ڕای هەرە باویش ئەوەیە کە دەڵێن ئافرەت بێتواناترە لە پیاو چ لەڕووی لەش و چ لە ڕووی ئەدەبیەوە لەبەرئەوە نابێ یەکسان بن دەگەڵ پیاو لە مافی هەڵبژاردن دا.

بەڵام لایەنگران دەڵێن:

- ئافرەتی هاوچەرخ لەهەموو بوارەکانی کارکردندا توانای خۆیان سەلماندووە و شوێنی ئافرەتیش هەر ماڵ نیە.

- ئافرەت شان بەشانی پیاو باجی خوێنی داوە (خزمەتی سەربازی) لەهەردوو جەنگی جیهانیدا بۆیە پێویستە ئافرەت لە هەندێک یاسای توندوتیژ بپارێزرێ کە پیاوان دەریدەکەن ئەمەش بەوە مەیسەر دەکرێ کە ئەوانیش بەشداری دانانی یاسا بکەن.

- لە ڕووی بێ هێزی لەشەوە: ئەمە کارێکی سروشتییە بەڵام لەبارەی بێ توانایی لە بواری ئەدەبیەوە ئەوا زۆر تاقیکردنەوەی بازنەکانی هەڵبژاردن، بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرانی گەل لە دەوڵەتاندا وا باوە کە ئەم دەوڵەتەی هەڵبژاردن دەکا دابەش بکرێ بۆ چەند بازنەی هەڵبژاردن. بۆ ئەمەش وارەچاو دەکرێ کە بەگوێرەی توانا یەکسان بن لەگەڵ ژمارەی دانیشتوان بەڵام ئەگەر زروفێکی تایبەتی هاتە پێش و ببێتە هۆی دیاری نەکردنی ژمارەی دانیشتوان لە بازنەکانی هەڵبژاردن دا ئەو کاتە دەوڵەت

سەر لەنویَ دایەرەكانی هەڵبژاردن دەستپێدەكا دابەش بكریَ بۆ چەند بازنەی هەڵبژاردن، بۆ ئەمەش وارەچاو دەكریَ كە بە گوێرەی توانا یەكسان بێ لەگەڵ ژمارەی دانیشتوان.

بەڵام ئەگەر زروفێكی تایبەتی هاتە پێش و ببێتە هۆی دیاری نەكردنی ژمارەی دانیشتوان لە بازنەكانی هەڵبژاردن دا ئەوكاتە دەوڵەت سەر لە نویَ دایەرەكانی هەڵبژاردن دەستپێدەكاتەوە كە دەبێ دابەش بكریَ بۆ چەند بازنەیەكی هەڵبژاردن، بۆ ئەمەش وا رەچاو دەكریَ كە بەگوێرەی توانا یەكسان بێ لەگەڵ ژمارەی دانیشتوان. ئەم گۆڕانەش پێی دەڵێن (سەرلەنویَ دابەشكردنەوەی كورسییەكان) لەمەوەش ژمارەی نوێنەران زیاد دەبن بە گوێرەی ئەنجامەكانی سەر ژمێری گشتی دانیشتوان. زۆربەی دەوڵەتان لە دابەشكردنی بازنەكانی هەڵبژاردن دا ڕەچاوی ئەوە دەكەن كەوا هەر نوێنەرێک ببێتە جێگری ژمارەیەكی دیاریكراو لە دانیشتوان. هەندێک وڵاتیش ژمارەیەكی دیاریكراو لە نوێنەران دەست نیشان دەكەن ئەم ژمارەیەش وەک خۆی دەمێنێتەوە هەرچەندە ژمارەی دانیشتوان زیاد یان كەم بێت.

# ڕۆشنبیریی سیاسی و
# ئایدیۆلۆژیای زاڵ

لەم باسەدا بیروڕای چەند فەیلەسووف و هزرڤانێک لە بارەی ڕۆشنبیریی سیاسی و ئایدیۆژیای زاڵ لێکدەدەینەوە تاوەکو لەکلاوڕۆژنەی ئەم بیرورا سۆسیۆلۆژیانەوە چەمکی ڕۆشنبیری و ئایدۆلۆژیا چۆن دەستنیشانی زاڵبوونی خۆیان دەکەن و چۆن دەبن بەبنەمای کۆمەڵ و بەشداری کردەی سیاسی دەکەن... ئەگەر بێ و پێناسەی (**ماکس ڤیفەر**) بخوێنینەوە لەبارەی سیاسەتەوە کە دەبێژێ: (گرووپێکی زاڵن کە فەرمان دەردەکەن بۆ ئەوەی جێبەجێبکرێ بەسەر هەرێمێکی دیاریکراو بەهۆی لەژێر دەستبوونی دامودەزگەی ئیداری لەلایەن ئەو گرووپەوە، بەشێوەیەک کە بتوانێ پەنا بۆ هێز ببات یانیش هەڕەشەی پێوە بکات).. لێرەدا ئەوە ڕووندەبێتەوە کە ئەو گرووپە پەنا وەبەر زەبروزەنگ (العنف) دەبات بۆ زاڵبوونی سیاسی خۆی بەسەر کۆمەڵێک مرۆیان، ئەمەش پێناسەیەکە هەم بۆ سیاسەت و هەمیش بۆ دەوڵەت...

دەبینین دوو نووسەری وەک (**ئەلمۆن**)و (**ڤێرنا**)ش ئەم پێناسەیە بنیاد دەنێن و لەهەمان کاتیشدا بایەخە زۆرەکەی بەدیار دەخەن بۆ زیادبوونی ڕۆشنبیریی باوی ناو کۆمەڵ، بەڵام ئەوانە لەگەڵ ئەوەدا نین کە ڕەگەزی زۆرداری یان تۆبزی بخرێتە ناو کۆمەڵگەی سیاسی، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە پێناسەکە یاخود هەر پێناسەیەکی تر ڕەها بێ، بەڵکو پێناسەکە سنووررو

ناوەرۆکی تایبەتی خۆی هەیە هەر بۆیەش دەبینین (**دۆرکهایم**) ئەمە بەدیاردەخا کە پێناسەی تاوان سزاکەی دەقەبەل بکرێ سزاش شتێکی دەرەکی نیە، یان ئەوەندە بێ بایەخ نییە بکەوێتە دەرەوەی بازنەی تاوان بەڵکو هەموو تاوانێک پێناسەکەی هەر سزایە کە بەسەر تاوانەوە سەپێنراوە..

ئینجا کاری کۆمەڵایەتی بۆ ڕۆشنبیریی باو یاخود ڕۆشنبیریی سیاسی بۆ هەر کۆمەڵگەیەک جەوهەرەکەی بەسزا پێناسە دەکرێ کە سەرپێچی کردن و نەچوونە ژێر باری کارێکی دیاریکراو بەخۆوە دەگرێ بۆ ئەو شتە کە ڕۆشنبیریی باو دەیگرێتەوە... بەڵام وا بەدیار دەکەوێ کە (**کارل مارکس**) بەشێوەیەکی فراوانتر نووسینەکانی لەبارەی ڕۆشنبیریی باو یاخود ڕۆشنبیریی زاڵ ڕوونتر خۆیان دەنوێنن کاتێ باسی زاراوەی ئایدیۆلۆژیای باو یان ئایدیۆلۆژیای زاڵ دەکات بێگومان بەنیسبەت (مارکس) تەنیا ماناو گوزارشت لە دەستبەسەرداگرتنی چینێک بەسەر چینێکی ترەوە دەکات بەشێوەیەک کە چینی سوودمەند شەرعیەتێک بەزاڵ بوونی خۆی دەبەخشێ بۆ پاراستنی ماف و ئیمتیازەکانی ئەوەی پەیوەستە بەپەیوەندی بەرهەمهێنانی کە لەکۆمەڵ دا هەیە.

کەواتە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان گرێدراوە بەم پەیوەندییە باوەی ناو کۆمەڵ. بەڵام (مارکس) بواری ئەوەی نەبووە کە لە ئایدیۆلۆژیای باو لەمە زیاتر بەدوور کەوێتەوە...

بەڵام (**ئەنتۆنیۆگرامشی**) لەم کتابەی دا کە لەزیندان نووسیویە لەبارەی (**میکاڤیللی**)و سیاسەت و چەرخی نوێ ئەم بابەتەی زۆر بەجوانی شیکردۆتەوە، بابەتی ئایدیۆلۆژیای باو، کاتێ ئەو لەبنەمای سەرەوەدا دوو کۆمەڵگە دەبینێ.. (کۆمەڵگەی سیاسی) و (کۆمەڵگەی مەدەنی).

أ- كۆمەڵگەی سیاسی: کە داروودەستەی تۆقێنەرەو لە پۆلیس و لەشکرو یاسا پێکدێت کە گونجانی ئەم دەزگایانە بیرۆکراتیەتێکی تایبەتمەند ڕێکیان دەخات و ئەم بیرۆکراتیەش دەگۆڕێ بۆ بەشێکی سوودمەند لەبنەمای سیاسی. بەلام لەگەڵ ئەمەشدا هەندێک جاران لەکاتی ڕوودانی قەیرانێک لە کۆمەڵگەی سیاسی دا، دەوڵەت خۆی ڕێکخراوی نیمچە سەربازی دادەنێ بۆ چارەسەرکردنی ئەم قەیرانەی کە پەیوەستە بەکۆمەڵگەی سیاسی و ڕژێمی سیاسی.

ب-کۆمەڵگەی مەدەنی: ئەم کۆمەڵگەیە لەداروودەستەی تایبەتی نارەسمی و ڕەگەزەکانی پێکدێت ئەمیش: پیاوانی ئایینی - سیستەمی فێرکردن - هەموو ئەو شتانەی پەیوەندییان بە بڵاوکردنەوە و چاپەمەنی و دەزگاکانی بڵاوکردنەوەی پەیوەستن بە کتێب و ڕۆژنامەو ئێستگەو تەلەفزیۆن.

ئەم هۆیانە هەموویان لە بڵاوکردنەوەی ئایدیۆلۆژیای زاڵ بەسەر کۆمەڵ دا بەشدارن و دەبنە ڕێکخستنی ماددی بۆ چینە زاڵەکەوە دەشبێ بۆ ئەم مەبەستە سووپا و یاسا یارمەتی بدەن بۆ مسۆگەرکردنی زاڵ بوونەکەی و دەست بەسەر داگرتنەکەی ئەمەش لەنێو ڕای گشتی مەدەنی دا کاردەکا لەکلاورۆژنەی بڵاوکراوەو کەرەستەکانی بیستن و بینین وەک ڕادیۆو سینەما و تەلەفزیۆن و فیلمی سینەمایی و ڕۆژنامەو گۆڤارەکان کە هەوڵدەدات کار بکاتە سەر هەموو بوارەکانی ژیان هەتاوەکو بەسەر شێوەی بنیادنانی کۆمەڵیش، تەنانەت بەسەر ناوی شوێنە گرنگەکانیش لە دەوڵەت و تا ناوی شەقامەکانیش دەگرێتەوە کە بەڕۆشنبیریی باوی چینی زاڵ دەیانبەستێتەوە، ڕۆشنبیران لەم بوارەدا ڕۆڵێکی بنچینەیی و گرنگ دەبینن چونکە بەلای (گرامشی)یەوە ڕۆشنبیران مانای گشتی دەبەخشن کە پیاوانی ئایینی و لایەنگیرانی حزبەکان و جڤات و

فێرگەکان دەگرێتەوە کە ئەمانە هەموو بەو ڕۆشنبیرانە دادەنرێن کەوا سوودیان لێ دەبینرێ بۆ بڵاوبوونەوەی ڕۆشنبیریی زاڵ بەسەر ڕۆشنبیری مەدەنییەوە. یان زاڵبوونی ڕۆشنبیریی داسەپاو بەسەر ڕۆشنبیریی مەدەنییەوە.

جا کەواتە دەوڵەت زۆرداری دەسەپێنێ بۆ بڵاکردنەوەی ئایدیۆلۆژیای باوی چینێک بەسەر چینەکانی ترەوە، کەوایە ئەم هاوبەستیە (رابطة)ی کە لەکۆمەڵدا هەیە هاوبەستیەتێکی جووت جەمسەریە هەروەک دەبینین کە پەرلەمان خۆی دامەزراوێکی سیاسییەو لەهەمان کاتیشدا ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگەی مەدەنیە لە ڕژێمی سیاسیدا.

لەچەرخی سیانزەهەم دا دەوڵەت ئەوسا بەتەنها ڕێکخستنێکی سیاسی بوو بەڵام بەدرێژایی کات وایلێهات نەک هەر تەنها کۆمەڵگەی سیاسی بێت بەڵکو کۆمەڵگەی مەدەنیش بێت... ئەوان بۆ ئەم مەبەستە ئیشیان کرد کەبخزێنە ناو هەموو لایەنێکی ژیانی مەدەنییەوە لە فێرکردن و ئابووریشەوە تاوایلێهات دەوڵەت لە هەموو بوارەکاندا ڕێژەیەکی بەرز لە شێوەکانی ژیانی مەدەنی بگریتە ئەستۆ، کەواتە خاڵی سەرەکی لەم بابەتەدا ئەوەیە کە لەحاڵەتی بەرپابوونی شۆڕش لە چەرخی ئێستادا کە ئەمەش بۆ گۆڕینی ڕژێمی سیاسی نیە بەقەد ئەوەی هەوڵدانە بۆ دەستبەسەرداگرتنی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە، ئەمەیان جیاوازی نێوان (لینین)و (گرامشی) بەدیار دەخات. جیاوازیەکەیان لەمەدایەکە (گرامشی) بڕوای وایە کە دەوڵەت ئامرازێکەو گوزارشت لە زاڵبوونی چینێک دەکات بەسەر چینێکی ترەوە، لەگەڵ ئەمەدا خاڵی پێش وەختە دەبێ بۆ گۆڕینی کۆمەڵگەی مەدەنی بێت، وەک نموونەی کارکردنی بۆرژوای فەرەنسی پێش شۆڕشی فەرەنسی بۆ ئەوەی پاشان کە

ئەو بۆرژوایە دەسەلاتی گرتەدەست بۆ ئەوەی بوو کە لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە بەسەر ڕژێمی سیاسی فەرەنسی دا زاڵبێت و ڕووی خۆی بۆ ئەمە گۆڕی کە هەوڵ بدات بۆ گۆڕینی ڕژێمی سیاسی و لەمەشدا بەسەرکەوت و بەمەش هەر بەوە نەوەستا کە ڕژێمی حوکمڕانی ئاوەژوو کاتەوە یان بیگۆڕێ بەڵکو پێشتریش ئیشی بۆ ئەمە کردووە بۆ زاڵبوونی سیستەمی فێرکردن کە بەبیروباوەڕی خۆیان ڕەنگریژیان کردووە بەشێوەیەک کە دەوڵەت وایلێهات لەسەنگەری یەکەم و پێشەوە بێت و لەپشتەوەیشی شوێن قایم کردنی ئەو سەنگەرە بێت بەهێنانەکایەی ڕژێمی سیاسی، بۆیەش لە فەرەنسادا هەڵسان و بوونی جیاوازی سیاسی کارێکی ئاسان نیە، چونکە لەپشتەوەی دەوڵەت ئەم سەنگەرانە هەن کە بۆرژوا دروستیکردوون لەبابەت ڕۆشنبیری و هزرو هەموو ئەم شتانەی کە پەیوەستن بەبنەمای مەدەنی...

کۆدەتای سیاسی تەنیا لە کۆمەڵگەی سەرەتایی دا سەرکەوتن بەدەستدێنێ، چونکە کۆمەڵگەی سەرەتایی کۆمەڵگەیەکی ساکارەو بایەخ بەدروستکردنی بنەمای مەدەنی نادات... بە گوێرەی تاقیکردنەوەش ئەوا (**گرامشی**) لە زیندان بووەو بواری بۆ نەڕەخساوە تا تاقیکردنەوەی بەکردەی تیادا بکات بەڵام (**لینین**) توانی دەستبەسەر کۆمەڵگەی سیاسی دا بگرێت، واتە بەسەر دارودەستەی (جهاز)ی دەوڵەت، بەڵام **لینین** چۆن توانی وابکات تا شۆڕشەکەی سەرکەوتن وەدەست بێنێ؟... وەڵامەکەشی ئەوەیە کە پێشتر لە ڕووسیادا شۆڕشی بۆرژوا هەبوو دژی دەرەبەگایەتی ئیدی (**لینین**)یش ئەم بۆشاییە جیاکەرەوەی نێوان ڕژێمی سیاسی کە هەبوو و لەسەرشانی شۆڕشی بۆرژوادا دروستبوو و ئەوجا دەستی بەسەر شۆڕشی بەلشەفیک داگرت بەزاڵبوونی بەسەر

دەسەڵاتی سیاسی دا. ئینجا ئەم زاڵبوونەی (**لینین**) دەگەڵ جۆری فاشیزم جیایە بۆ دەسەڵات گرتنە دەست، هی ئەوەی (**لینین**) بیرو هزر بوون بۆ ئەوە ئیشیان کرد کە بخزێنە ناو کۆمەڵگەی مەدەنی لەیەکێتی سۆڤیەتی پێشوودا، بەڵام ڕژێمی فاشیزم بەهۆی دەستبەسەرداگرتنی زۆرەملێییەوە یان زۆرداری تەواوە بەسەر دارودەستەی سیاسی یان کۆمەڵگەی سیاسی لە ئیتالیادا. ئامرازی ئەم زاڵبوونەشیان بەهۆی زەبروزەنگ و هێزەوەیە جا لەبەرئەوە ئەم ڕژێمە سەرناکەوێ چونکە ئیشی بۆ گۆڕینی کۆمەڵگەی مەدەنی نەکردووە، ئەم گۆڕینە دەبێ بایەخی زیاتر بە کۆمەڵگەی مەدەنی بدات نەوەک تەنها کۆمەڵگەی سیاسی بێت. بەڵام بەنیسبەت دیکتاتۆریەت و نەمانی دەوڵەت ئەوا (**گرامشی**) وایدەبینێ کە دیکتاتۆریەت تەنها گوزارشت لە بەدیارخستنی ئەم هۆیە داپلۆسینەی دەوڵەت دەکات و باری سەرەنجی دەداتە بنەمای مەدەنی کۆمەڵ. بەڵام بەنیسبەت نەمانی دەوڵەت، ئەوا جیاوازییەکی زۆری نیە دەگەڵ بیرۆکەی (**مارکس**) لەم بارەیەوە کاتێ دەبێژێ... (کۆمەڵگەی سیاسی لە دواجاردا بزردەبێ کاتێ دەسەڵاتی زاڵ بۆ ئەوە ئیش دەکات کە نەیارانی چینی خۆی لەناو دەبات، لەبەرئەوە چینی زاڵبوو لەگەڵ جەستەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵدا خۆی لێک گرێدەدا، ئەوجا لەبەر هەندێ دەوڵەت و یاسا دەسڕێنەوە چونکە چینی زاڵ پەیامی خۆی بەتەواوی لە کۆمەڵ گەیاندووە...).

ئەوجا ئەگەر بێین بەراورد دەگەڵ هزری (**ئەلتۆسێر**) بکەین کە ئەمیشیان وەک (**گرامشی**) تیئۆرستێکی مارکسی بووەو هەردووکیان پابەند نەبووینە بەهزری مارکسی بێ گۆڕان بەڵکو بیروڕاو سەرنجی خۆشیان هەبووەو زیادەبەخشییان بۆ بیری مارکسیزم هەیە، کەچی جیاوازی لەنێوان (**گرامشی**) ئیتالی و

(ئەلتۆسێر)ی فەرەنسی ئەوەیە کە **گرامشی** بەشێوەیەکی ڕوونتر نا ئالۆزتر دەبینرێ لە شیکردنەوەی دەربارەی ڕۆڵی دەوڵەت وەک داورودەستەیەکی زۆرەملێی یان زەبرو زەنگی یاخود ستەمکاری لە کۆمەڵدا، هەروەک باسیشمان کرد (**گرامشی**) دوو جۆر کۆمەڵگەی دەستنیشان کردووە ئەمیش (کۆمەڵگەی سیاسی)و (کۆمەڵگەی مەدەنی)یە ئینجا پەیوەندی هەردووکیانی دیارکردووە لە ناو کۆمەڵدا، بەڵام (**ئەلتۆسێر**) هەمان بایەخی بەهەماهەنگی نیوان کۆمەڵگەی سیاسی و کۆمەڵگەی مەدەنی نەداوە، بەڵکو زۆر پێی لەسەر داورودەستەی ئایدیۆلۆژیای دەوڵەت داگرتووە، ئەو وایدەبینێ کە شان بەشانی دەوڵەت و دەسەلاتە داپلۆسێنەرەکەی ئەوا پۆلیس و ئیدارەو دادگاکان هەن و لەوێ دا داورودەستەی ئایدیۆلۆژیای دەوڵەت هاوپەیوەستە دەگەڵ داورودەستەی داپلۆسێنەری دەوڵەت کە ئەمانیش دەزگای بیروباوەڕی وەک کلێساو خێزانن کە هەموو ئەو دامەزراوانە دەبن بە داورودەستەی داپلۆسێنەر یان ستەمکاری. جا دەوڵەت بەتەنیا دەزگای داپلۆسینی ستەمکاری نییە بەڵکو دامەزراوەی تریش هەن کە داپلۆسینەرن وەک کلێسا، قوتابخانە، خێزان. ئایا هۆکارو پاڵنەری ئەم زاڵبوونە چییە؟ ئەم پاڵنەرە بەلای (**ئەلتۆسێر**)ەوە هەڵێنجانی زێدە باییە لەچینە زاڵەکاندا بۆخۆیان بۆ قازانجی چینی زاڵ یان چینی باو ئەمەش هەر بۆ خۆشەویستی دەسەلات نیە بەتەنیا بەڵکو بۆ ستەمکاری زێدەباییە لەچینە زاڵەکاندا بۆ خۆی چینی زاڵ. تا ئەم ڕادەیەی هزری مارکسیزم هەر یەک شتە بەڵام (**ئەلتۆسێر**) لەمەش زیاتر ڕەتی دەکا کاتێ وایدەبینێ کە چینی زاڵ تەنیا بایەخ بە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان نادات بەڵکو بایەخ بەهۆیەکانی بەرهەمهێنان دەدات، کە هۆیەکانی بەرهەمهێنانیش ئەمانەن (ئامێرەکان - کرێکارەکان) کە بۆ ڕاژەی بەردەوامبوونی

پەیوەندیەکانی بەرھەمھینان بایەخیان پێدەدات.
چا ئەگەر ھات و ھۆیەکانی داپلۆسین لە لایەن کلێساو خێزان و قوتابخانەدا بەکارھات ئەوا بۆ ئەمەش بەکار دەبردرێن تا کار لەھۆیەکانی بەرھەمھێنان بکات. قوتابخانەکان کە مندال دەگرنەخۆ ھەر لە باخچەی ساوایانەوە تا خوێندنی بالا ئەوەیان لە مێشکیدا دەئاخنرێ کە بیر لە ڕێگایەکی دیاریکراو بکەنەوەو کێشەی دیاریکراو فێربن و ئەم شتانەی کە لەراژەی چینی زالدان. خەلکەکەش ھەروا جێناھێلرێ بەلکو چینی زال بەلێنی ئەوەیان پێدەدا کە جێگاو خۆراک و پێویستەکانی بنچینەیی ئەم تاکەکەسانە دەستەبەر بکات تا بتوانن فێری ئەوەبن خزمەتی چینی زال بکەن. ئەم دەزگای ئایدیۆلۆژیایە پێکەوە لەگەلیان دا کار دەکات لە پێناوی داھێنانی جۆرێکی بەرھەمھێنانی دیاریکراو بۆ ڕاژەی چینی زال.
کەواتە ئەم شتەی کە (ئەلتۆسێر) دایھێناوە ئەوەیە کە نوێکردنەوەی دەزگای زالبوونی دەولەتە، دامودەزگاکانی دەولەت شان بەشانی کۆمەلگەی تایبەتی وەک کلێسا، خێزان، قوتابخانە، کاردەکەن ئەوەی کە(گرامشی) ناوی لێناوە دامودەزگای مەدەنی یان کۆمەلگەی مەدەنی.
ئەم کارەی کە (مارکس) ئەنجامیداوە پێوەندی کۆمەلایەتی سەرمایەداری بەدەردەخات بەو دەرەنجامەی کە لەسەر کێشمەکێشی چینایەتی بنیاتنراوەو بەم پێودانگەی کە ڕووبەرێک پێکدێنێت و نایەکسانی و نائاستی تیایە (نەک تەنێ نایەکسانی) ھەموو شتێک تیایدا لە ژێر دەسەلاتی کێشمەکێشی چینەکان و ئایدیۆلۆژیای باو دێتەدی. زیادکردنی (ئەلتۆسێر) بۆ ھزری (مارکس) لە شیکردنەوەی سروشتی دەولەتی سەرمایەدار دایە بەو پێیەی کە داپلۆسینەرو ئایدیۆلۆژیا واتە بەو پێودانەگەی کە بەتەنیا بەھێزی

بەرهەم ئەنجام نادات بەڵکو ئەوا دیسان بەم هۆیەوە دەیهێنێتەدی بە پاشکۆیی و چوونە ژێر ڕکێفی تاکەکەسان بۆ ئایدیۆلۆژیا. ئەم چوونە ژێر ڕکێفە بە هەوڵی چەندان دامودەزگا دێتەدی کە (ئەلتۆسێر) لە لیستێکی کۆنەکراودا پێکەوەیان خڕدەکاتەوە لەمانەش دامودەزگای قوتابخانەو دامودەزگای خێزانی و دامودەزگای سیاسی (حیزبەکان) و دامودەزگای سەندیکایی و دامودەزگای ئایینی و دامودەزگای ڕاگەیاندن (ڕۆژنامەو گۆڤارو ئێستگەو تەلەفزیۆن... تاد)و دامودەزگای ڕۆشنبیری (ئەدەب و فەلسەفە و هونەرە جوانەکان و یارییە وەرزشیەکان...تاد). ئەمانە هەموو مانای چیین..؟ ئەمانە مانای ئەوەیە کە کۆمەڵ، هەر کۆمەڵێک تەنیا ئەوە نیە کە پێکەوەنووسانی سیستەمی ئابووری و سیستەمی سیاسی و ڕۆشنبیری بێ و پەیوەندی نێوانیشیان نامۆ بێ یاخود کارتێکردنی هەر یەکێکیان لەوەی تر، بەڵکو کۆمەڵ ئەوەیە کە سیستەمێکی جیاوازی نەگونجاوە لەگەڵ یەکتر چونکە لەسەر کێشمەکێش و دژگەیی بنیات نراوەو دەتوانرێ لە ڕەگەزەکانی بکۆڵرێتەوەو لە کلاوڕۆژنەی سەر لەنوێ بەرهەمهێنانەوەی پێوەندییەکانی بەرهەم واتە پێوەندییەکانی کاری بەردەوام کە ڕاناوەستێ و ئامانجی بۆ ئارامی و دووبارە بوونەوەی ئەوەیە کە هەڵدەستێتەوەو لە ڕێچکە جۆراو جۆرەکاندا خۆی دووبارە دەکاتەوە.

بەڵام لە واقیع دا سەرکەوتنی ئادیۆلۆژیا دەوەستێتە سەرچەندی متمانەی خەڵکی پێیەوە. بەڵام ئێستا هەموو هاوکێشەکان گۆڕاون بەتایبەتی لەکاتی بەپراکتیک کردنی لەکاری ڕۆژانەدا، بەتەنها لای پسپۆران لەبیرناکرێ و وەک زانست پەیڕەو دەکرێ، لەگەڵ ئەمەشدا ئایدیۆلۆژیا هەر دەمێنێ، ئایدیۆلۆژیاش (هەمووی لێک نەپچڕاوە)و پەیوەندی بەعەقڵی مرۆڤایەتییەوە دەکاو کاری تێدەکاو

ئەم بۆشاییە ڕۆشنبیرییانە پردەکاتەوە، هەروەک چۆن (جۆن ئادامز) جێگری سەرۆکی ئەمریکی(١٧٨٩) لەکاتی داهێنانی زاراوەی ئایدیۆلۆژیا دەڵێ: (جیهانی هزرو سیاسەت زۆر قەرزارن بەداهێنانی زاراوەیەکی نوێ کە ئەمیش ئایدیۆلۆژیایە).

هەر بۆیەش دەبینین هزرڤانێکی وەک (فۆکۆیاما) دوای ڕووخان و هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو واپیینی کە نەمانی ئەم ئایدیۆلۆژیایە دەبێتە هۆی نەمان و کۆتایی مێژوو و بیردۆز و هزرەکانی خۆشی لەم بارەیەوە لە کتێبێکی پڕ بایەخ بڵاوکردەوەو ناوی لێنا (کۆتایی مێژوو) ئەمەش مشتومڕێکی زۆری خستە ناو دنیای مێژوو و فەلسەفەو هزرو لێکدانەوەی مرۆڤایەتی و گەلێکیش بەرپەرچی درایەوەو زۆری لەسەر نووسراو تا ئێستاش مشتومڕو دەمەتەقێ لەم بارەیەوە بەردەوامە کە ئایا بەهەرەسهێنانی ئایدیۆلۆژیای مارکسیەت لەیەکێتی سۆڤیەتی جاران و ئەورووپای ڕۆژهەڵات مێژوو دەوەستێ؟

ئێستاش بیرو لێکدانەوەی (فۆکۆیاما) شان بەشانی بۆچوونەکانی (هینتیگنتن) لەبارەی پێکدادانی شارستانیەتەکان لە ڕۆشنبیریی کوردیدا باس دەکرێ، ئەوەش نیشانەیەکی پێشکەوتنی هزرو ڕۆشنبیریی کوردییە.

### سەرچاوەکان


١- جاك تكسية - غرامشي - دراسة ومختارات - ترجمة ميخائيل ابراهيم محول - منشورات وزارة الثقافة والارشاد القومي - دمشق ١٩٧٢ - ط١ - مطبعة خالد حسن الطرابيشي.

٢- ب. روزا نفالون - ب. فيفرى - نحو ثقافة سياسية جديدة - ترجمة د. خليل احمد خليل - دار الطليعة - بيروت - ١٩٨٢

- ط١.
٣- د. حسان محمد شفيق العاني - الثقافة السياسية والديموقراطية - مجلة الحقوقي، العددان الاول والثاني - لسنة ١٢ - مطبعة جريدة العراق - بغداد ١٩٨٠.
٤- د. عمار بلحسن - الادب والايديولوجيا - مجلة المنار العدد (٥٨) اكتوبر ١٩٨٩ - السنة الخامسة.
٥- سابير ڕەشید - ڕۆشنبیرو دەسەلآت - گۆڤاری (رامان) ژماره (١٧) ١٩٩٧/١١/٥.
٦- سابیر ڕەشید - ڕۆشنبیری - كۆمەڵ - سیاسەت - گۆڤاری (كاروان) ژمارەی (١٠٧) - كانونی دووەم - ١٩٩٧.

# ڕۆشنبیر و دەسەڵات

# تأملات و پرسش‌ها

کێشمەکێشی نێوان دەسەڵات و ڕۆشنبیران یان بەواتایەکی فرەوانتر لەنێوان سیاسەت و ڕۆشنبیری دەستەو یەخەو نەپچڕاو و بەردەوامە، هەر لەوەتەی مرۆڤ سەری ناوەتە ئەم زەمینە وخزاوەتە نێو ئەم دنیا جەنجاڵە... ئەم کێشمەکێشە هەندێجار گەیشتۆتە خۆهەڵسوین لەچەقۆی دەسەڵات و گەیشتۆتە چلەپۆپەو لەمێژوودا وەک دەسەڵاتی زۆرداری تۆمارکراون بۆنموونە ئەم سەردەمانەی جیهان لەبەردەم چەبەرۆتی نازیەت و فاشیزم و عەسکەرتاریەتی ژاپۆنی و مارکارتی (ئەمەریکی) دا نالاندوویەتی تا دەگاتە ژێردەستەیی دەنگی میللەتانی دنیا لەبەردەم داگیرکەرو ئیمپراتۆرییەتە جیا جیاکان و دوو جەنگی گەورەی جیهانی بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی دیکتاتۆری و هەوڵدان بۆ سەرخستنی ڕەچەڵەکی و زاڵبوونی نەتەوەیی، لەملاوەش پڕکێشی میللەتانی ئازادیخوازی دنیا بەتایبەتی میللەتانی ژێر دەستەو دواکەوتووی جیهانی سێیەم بۆ مانەوەو بەرگری و سەلماندنی پێناسەی نەتەوەیی و بەرەنگاربوونەوەی پڕنیایەتی دەسەڵاتە جیاکان کە تا ئێستەش لەکێبەرکێدان... ئەم هەلوکێشە دژگەییە هەر بەتەنیا قۆناغێکی مێژوویی و دیاریکراوی کۆمەلایەتی نەگرتۆتەوە، بەڵکو لەهەموو قۆناغ و سیستەمە جیاجاکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا کە گوزەری پیاکردووە بەڵگەی دیارو لەبەرچاون کەمێژووی

سیاسی و رۆشنبیری پێکەوە لاپەڕەی زۆر دووروودرێژ و نەپساوە لە چیرۆکی ئەم کێشمەکێشە تۆمار دەکەن.. هەندێک کێشە هەن لەمێژووی رۆشنبیریدا لەگەڵ چەرخە یەکبەدوای یەکەکاندا وەک بنکەیەکی چەسپاوو نەگۆڕ سەرهەڵدەدەنەوە، هەر چەرخێک کێشەکە دەخاتەڕوو رۆشنبیر و هزرڤانەکانیشی بیرواڕاو چارەسەری خۆیان بۆ ئەم کێشەیە بەدیار دەخەن، وادێتە پێش چاوان کە کێشەکە چارەسەربووە یان بەلانی کەمەوە ئاستێکی تەواو وەردەگرێ و ڕەهەندەکانی دەدرەوشێنەوە، کەچی زۆری پێناچێ وەک برینێکی تر جارێکی تر سەرهەڵدەداتەوە.. لەوانەیە ئەم جارەیان بەشێوەیەکی ئاڵۆزتر لە جاران خۆی ڕەپێش بکاتەوە، هەروەک چۆن مێژووی رۆشنبیری بەتایبەتی لەم وڵات و نەتەوانەی هێشتا بنەمای کۆمەڵایەتییان پێشنەکەوتووەو چین و هەیکەل و دامەزراویان چەکەرەی نەکردووە، ئەوا وەک ئەم سیزیفە وان کەبەردەکەی بەسەر پشتییەوەیە، وەک ئەفسانەکەی باسی دەکا دەیگەیەنێتە دوندی چیاکەو جارێکی تر لێی گلۆر دەبێتەوەو دێتەوە بنار، بۆیە لەهەوڵی ئەوەدایە کەجارێکیتر بیگەیەنێتەوە لوتکە، تا دیسان لێی بەردەبێتەوە، بەمجۆرە بێ پسانەوەو بەکۆڵدان ئەمە کارو پیشەی هەمیشەییەتی.

لەم کێشە نەگۆڕانەی کە هەیەو چەرخەکان یەکێک بۆ ئەویتری جێدەهێڵێ کێشەی پێوەندی نێوان رۆشنبیری و سیاسەتە، کە بەگوزارشتێکی سادەتر کێشەی پێوەندی نێوان رۆشنبیران و دەسەڵاتە، کەپێوەندی ئەو دووانە دژگەیی و پێچەوانەییە لە زۆر کەرەتدا، بەهەموو بارێکیش پێوەندی چوونە ناو یەکتری و پەیوەستی توندو بەهێزە[1]. هندێکجار کێشەکان ڕووخساری نەتەوەیی و نیشتمانی بەخۆوە دەبینن وەک کێشەی نێوان

ڕۆشنبیران و ئەم دەسەڵاتە دیکتاتۆری وشۆڤینی و داگیرکارەی لەگەڵ خواستە نیشتمانی و نەتەوەیی و داخوازییەکانی ڕۆشنبیران یەکتر ناگرنەوەو هەمیشە لە بەرەنگاری و دەستەویەخەی یەکترین.. کەچی هەندێک جاریش بەرواڵەتی چینایەتیدا شۆڕ دەبێتەوە کە ڕۆشنبیر و هزرڤان بەم بۆچوونانەوە بەرەنگاری چینە زاڵەکانی کۆمەڵ دەبنەوە، وەک لەباسەکەماندا بیرواری هزرڤانە مارکسیەکان بەدیار دەخەین. بێگومان مرۆڤی نوێ، کە لە مێژووی خۆیدا قەدەغەکراوە، ئابلووقەی بنیاتنانی دوارۆژی خۆی بەسەردا سەپاوە، وایلێهاتووە ببێ بەنێچیرێکی ئاسان بۆ هەموو شێوەکانی زۆرداری، تا وایلێهاتوە بە هێواشی واز لە ڕۆشنبیری خۆشی بهێنێ تا ئەوڕادەیەی ئامادەیی هەیە بۆ مانەوەی خۆی، توانای ژیانی خۆی زیاتر دابین بکات... ئەو مرۆڤە بەدەر لە ڕۆشنبیری هیچ واقیعێکی نامێنێ تەنیا واقیعی کۆمەڵایەتی نەبێ، بۆیە وا زەن دەکا کە لە گرووپە جیاجیاکاندا وەک دەوڵەت، حزب، سەندیکا، کۆمەڵە... تاد دەتوانێ چارەسەری بۆ کلۆلی ڕۆشنبیری خۆی بدۆزێتەوە.. بەڵام ئەم گرووپانە خۆشیان بەبێ توانایی ماونەتەوە لەجێبەجێ کردنی ئەرکەکانیاندا، چونکە نەیانتوانی پاساوی خۆیان بدەنەوە تەنیا بۆ تواناییان بۆ سەر لەنوێ بەرهەمهێنانەوەی خۆیان نەبێت.. هەروەها بۆئەوە جێگەی خۆیەتی لەهەموو کاتێک زیاتر بنیاتنانی ڕۆشنبیرییەکی مرۆڤایەتی تەواو و هەڵگری ئاوات و ئامانج و دوور لە سیستەم و ئایدیۆلۆژیاکان چێ ببێ، لەم ڕوانینەدا ڕۆشنبیر بەمانای ئەڵمانی نەسەرکردەیەو نە پێغەمبەریشە. بەمانای ئیسلامیش پێویستە دووچەکەکەی کە ئازایەتی و بیرکردنەوەیە بەخۆوە ببینێ[٢]. ئێمە لەم باسەدا لەم جەمسەرە دەگەڕێین کە ڕۆشنبیران و دەسەڵات بەیەکەوە دەبەستێتەوەو ئەوەش کە لێکدیان جیا دەکاتەوە.

ئایا رۆشنبیران ئەوانەن کە پلەیەکی دیاریکراویان لە فێربوون بەدەستهێناوە کە ئەمەش رەگەزی هاوبەشی نێوانیانە، بەڵام چ پلەیەک؟ بۆ تەواوکردنی ئەم پرسیارە دەپرسین ئایا ئەوانەن کە پیشەیەکیان هەیە؟ یان بەهۆی پسپۆرایەتیان کە فێری بوینە ئامادەن و چالاکی دەنوێنن؟ ئەوانەی کە هەڵبژاردراون بۆ دیاریکردن ودەستنیشانکردن ئەمانەن: پزیشکەکان، پارێزەران، ئەندازیاران، مامۆستا و فێرخوازن، رۆژنامەنووسان، نووسەران، پیاوانی ئایینی، کارگێرانی ئیداری، هی تریش. ئەگەرچی زۆر ئاستەمە مانای رۆشنبیر بە ئاسانی لێکبدرێتەوە، بۆیە دەبێ لەواقیعی مێژوییەوە بەتەواوی بۆی بگەرێین وماناو وەزیفەکەکەی بدۆزینەوە، بەتایبەتی لەمێژووی ئەدەبی جیهانیدا کە هەمیشە ئەم رووبەروبوونەوەی نیشانداوین لەنێوان پاڵەوانی رۆمانسی پەککەوتە لەکردارو رووبەرووبوونەوەی کرداری لەوێنەی (دۆنکیشۆت) و (فاوست) ولەنێوان جۆرەکەی تری مرۆڤ کە نموونەی بەرزی خۆیان لەکێشەیەکدا دەبیننەوە کە توانای تەواویان هەیە بۆرِاژەکردنی، بەئامانجێکی دیاریکراو کەبەهۆ تایبەتییەکانی خۆیان دەتوانن بیگەنێ، ئەوانەن کە فەیلەسووفی ئەڵمانی (هیگل) ناوێکی نازداریان لێدەنێ ئەویش (گیانداوە رۆشنبیرەکان)، وئەم کێشەیەشیان نوێنەرایەتی خۆیان دەکا، هەروەک (ئەمیل برهییە) وایدادەنێ کە ئەم هەوای ئاسمانەیە وناتوانن بێ ئەو بژین، ئەمانەش مامۆستاو هونەرمەندانن کەبۆ پیشەکەی خۆیان ئەرکی خۆیان بە بەهایەکی رەها دادەنێن. بەمجۆرە لێڵی لەوشەی رۆشنبیردا ئاڵا تا ئەگەر روونکردنەوەی ئەم تێکنەگەیشتنەش لەمێشکی هەندێک کەسدا گوزەریشی کردبێ. جا ئایا جیاوازی لە نێوان ئەم پیشانەدا چیین

کەبۆ ڕۆشنبیران دەستنیشان کراون؟ چشتێک هەیە بەیەکەوەیان گرێبدات تەنیا زانست وفێرکردن نەبێت؟ ئایا ئەم شوێنەی کە لەبنەمای چینایەتی گشتیدا دەیانگرێتەوە بەیەکەوەیان کۆدەکاتەوە؟ ئایا یەک شۆینێ لەم بنەمای چینایەتییە داگیردەکەن؟ ئایا ڕۆشنبیران خۆیان بەکردەوە هونەرو چالاکی وەها دەکەن کە پێویستی بە ئەرکی هۆش زیاتر هەبێ لەوەی پێویستی بە ئەرکی دەستی هەبێ؟ لەم حاڵەتەدا چی جیایان دەکاتەوە لەسەرمایەداران وخاوەنکارو دەرەبەگ وبەڕێوەبەران و حاکمەکان؟ ئایا ڕۆشنبیران ئەوانەن کە کار بە وشە دەکەن، کە ئەوسا قسەوکردار لەیەکتر جیا دەکرێنەوە، هەروەک چۆن لە نێوان کاری هزری وکاری دەستیمان لێک جیا کردنەوە.

ڕۆشنبیران بەگوێرەی بیروڕاکانیان حیسابیان بۆ دەکرێ، هەروەکچۆن لە ڕۆژئاوادا بەخودان هزر یان پیاوانی هزر ناوزەد دەکرێن جا ئایا ڕۆشنبیران ئەوانەن کە بەپلەی یەکەم پابەندن بەهۆشمەندی کۆمەڵ بۆ خۆی کە ئەوسا ئەفراندن دەکەن و زانیاری بڵاودەکەنەوە کە زانیاری خۆیی وەی ترو زانیاری ڕیالزمیش دەگرێتەوە، ئەمەش بەپێویستی کۆمەڵ بۆ ڕوونکردنەوەی پێناسەو ڕوانینەکانی، بە لێکدانەوەو هێماو بەهاو بیروباوەڕو ڕەوشت و ئامانج و خەون و خواست وپەیام و بەخشینەکانی. لێرەدا ڕۆشنبیران جیاواز دەبینرێن لە ڕوانینەکانیاندا، ئینجا هەندێکیان لەچوارچێوەی ڕۆشنبیریی باو دەپرژێن و هەندێکی تریشیان لە چوارچێوەی لکە ڕۆشنبیریەکاندا. هەندێکی تر پابەند دەبن بە ڕۆشنبیریی دژگەیی و لەم پێودانگەوە دەبینین ئەمانە ڕوانینێکی یەکگرتوی ڕوون پێشکەش ناکەن، بەڵکو بەپێچەوانەی ئەمەوە دەبینین ئەو زاتانە دەڕواننە هەموو چین و کۆمەڵە پێچەوانەییەکان

بۆ ڕاستڕەوو ناوەڕاستەو چەپڕەوەکان، بۆکۆمەڵگای بۆرژواو کۆمەڵگەی سۆشیالیستی، بۆ بزووتنەوەکانی سەلەفی وبزووتنەوە عەلمانیەکان، بۆ پارێزگاران و لیبراڵەکان و پێشکەو تنخوازەکان، بۆ جەنگ وئاشتی، یان بۆ نەشەڕو نەئاشتی. لەژێر ڕۆشنایی ئەم پرسیارانەدا دەگەینە ئەم ڕایەی کە زۆر ئەستەمە بگەینە بەدیار خستنێکی تەواو و بێکەموکوڕی، بۆیە لەم تێڕوانینانەدا دەگەینە ئەوەی کە ڕۆشنبیران خۆیان چینیک یان کۆمەڵێک پێکناهێنن بەڵکو توێژێکن یان کەسانن، جا بۆیە دەپرسین ئایا ڕۆشنبیران چینێکی کۆمەڵایەتی پێکدەهێنن یاخود گرووپێکن یان توێژێک، یان تاقمێک. ئایا ڕۆڵ وپیشەی کۆمەڵایەتیان هەیە یان دەستەیەکی جیاوازن لەبنەمای هەرەمی چینایەتیدا؟[٢]

لەتێڕوانینی مارکسیزمدا دەتوانرێ بوترێ کە ئەمانە شوێنێکی ناوەڕاست پێکدەهێنن لەنێوان دوو چینی سەرەکی دژبەیەکتری، هەندێکیان بۆ ئەوە کاردەکەن کە چینی حوکمڕانی بچەسپێنن وبەهای بۆرژوا هەڵدەبژێرن، هەندێکی تریشیان لە ئینتماکردنی خۆیاندا دادەماڵرێن و بەشداری دەکەن لەتیئۆردانی چینە پرۆلیتارەکان و پەرەپێدانی هۆشمەندی چینایەتی و ڕێکخستنیان لەپارتە ڕادیکالیەکاندا، بۆیەش لە خۆچینەکاندا دەگۆڕێن بۆ ئەم چینانە بۆ زاتی خۆیان. وەک (**جۆرج لۆکاش**) دەڵێ ((خاڵی سەرەکی لەهزری بۆرژواو ئامانجەکانی ئەوەیە کە هەمیشە لەڕاژەی سیستەمی باو دایە، بەڵام پرۆلیتاریای باوەڕ پێکراو لە شوێناکاری مێژوویی خۆیدا بەئەرکی گۆڕینی کۆمەڵ و بەشۆڕش بۆکردنی هەڵدەستێ و ئەمیش لە ڕۆڵی خۆیدا پشت بە ڕۆشنبیران دەبەستێ، لە کرداری پێکهاتەی هۆشمەندی چینایەتی و ڕێکخستن لە ڕیزی حیزبە شۆڕشگێڕەکاندا)).. (جۆرج شۆمبتر) یش وایدەبینێ کە

هزرڤانان چینێک پێکناهێنن بەم مانایەی کە کرێکاران و جووتیاران وپیشەسازان توێژی کۆمەڵایەتین، ئەوانە لەهەموو لایەنەکانی جیهانی کۆمەڵایەتیدا پەسند دەکرێن. ئەمانە زۆربەیان بەو ڕێگایانە کاردەکەن کە هاوجووتە دەگەڵ زاراوەی چینە کۆمەڵایەتییەکان. بۆیە ناتوانرێ واز لەوەبهێنین کە دەسنیشانی ئەوەبکەین بەوەی کە ئەمانە خوێندنی بەرزیان بەدەستهێناوە. ئەم فێرکردنە وای لە (**کارل مانهایم**) کردووە کە ڕۆشنبیران لەژێر یەک ساباتدا کۆبکاتەوەو جیاوازی گرووپەکانیان یەکبخات و کێشمەکێشەکە لەئاستی بەرژەوەندی ماددی بۆ ئاستی هزر بگوازنەوە. لێرەوە کارتێکردنی فراوانیان بەسەر چینە جیاکاندا دەبینرێ. ئا ئەمەش بایەخی دەسکەوتەکانیان بەدیاردەکەوێ لەبەر ئەمە (**مانهایم**) دەستنیشانی ئەنتلجنسیای بەوەکردووە کە (چەند توێژێکی کۆمەڵایەتین و ئەرکی تایبەتیشی ئەوەیە کە ڕاڤەی جیهان پێشکەش بەکۆمەڵ بکات). بەڵام هەندێکیان تەنیا ئەوەندە دەبینن وەکئەوەی کەئەو ڕاستیانەبن و بەرژەوەندی چینی حوکمڕان دەیخوازێ، هەندێکی تریشیان پێچەوانەکەی دەبینن، ئەو ڕاستیانەی کە بەشداری دەکەن لە کرادای ڕووخان وگۆڕان لە کلاورۆژنەی چین وکۆمەڵە چەوساوەکاندا.

(**مانهایم**) ڕاڤەی کۆمەڵەی یەکەم بەوە دەکا کە نوێنەری (بیری ئایدیۆلۆژی) بن و کۆمەڵەی دووەمیش نوێنەری (بیری یۆتۆبیایی) بن[٤].

(**د.عاتیف ئەلعوقلە**) واپێناسەی ئەنتلجنسیا دەکا کە دەڵێ (مەبەستم لە ئەنتلجنسیا ئەم توێژە (فئة) کۆمەڵایەتیە ڕێکخراوەیە کە لەنێوان تاکەکەسانیدا چنراوێکی هزری و ڕۆشنبیری پێکەوەیان گرێدەدا و یارمەتیان دەدا بۆ داڕشتنی بینینێکی سەرتاپاگیری بۆ

واقیع و خواستێی کۆمەڵگەکانیان). ئەم زاتە ئەنتلجنسیا بەچینێکی ڕۆشنبیر ناودەبا[5]. بەلام زانای کۆمەڵناسی ئەمریکی (لویس کوزر) ئەنتلجنسیا بە پیاوانی هزر ناودەبا[6]. کەچی (د.سەمیر ئەمین) لە کێشەی پێوەندییەکانی نێوان ڕۆڵی (جەماوەر - چینە میللیەکان) و ڕۆڵی سەران (القیادة) لە بەدیهێنانی شۆڕشی نیشتمانی میللی لە نیشتمانی عەرەب و لە جیهانی سێیەمی هاوچەرخ بەشێوەیەکی گشتی ناوی ئەنتلجنسیا بە سەران- القیادە دەبات[7]. هەروەها ئەنتلجنسیا بەلای (سەلاح کامیل) لەکتێبی (الانتلجنسیا هذا اللغز البرجوازي) دا شتێکی ترە ئەوەیە کە لە ((زماندا- بریتە لە (دەستەبژێری هزری- النخبة الفكرية) بەم دەرەنجامەش پسپۆرەکانی سەرکوتکار (دەستەبژێری سوپا، پۆلیس، ئیستخبارات) سەربەم ئەنتلجنسیایەن؟ بەلام لێرەدا بابەتەکە زۆر قوڵترە لە مانا زمانەوانییەکەی. بەتایبەتیش مەسەلەکە مەسەلەی باری چینایەتی و ئەرکەکەیەتی لە کۆمەڵگەدا)). ئەم نووسەرە زۆر بەوردی وەسفی ئەنتلجنسیای کردووە بەڵکو پۆلینیشی کردووە بەتێڕوانینی مارکسیستە هاوچەرخەکانەوە دەبێژێ:

هەندێک دیاریکردن وپەنجە بۆ ڕاکێشانی تری چڕهەن، بەراورد دەکەن لەنێوان ئەنتلجنسیای ئەندامی ویاخود ئەو ئەنتلجنسیایەی کە چینێکی کۆمەڵگەیی نوێ کە لە ڕێڕەوی سەقامگیرییە پلە پلەکەیدا، دەیهێنێتە بوون و لەنێوان ئەنتلجنسیای باو یاخود ئەو ئەنتلجنسیایەی کەبەر لە سەرهەڵدانی چینێکی نوێ پێکدێن، جگە لەمانە هەندێک دیارکردنی چڕتریش هەن، بەراوورد دەکەن لەنێوان ئەنتلجنسیایەک و ئەنتلجنسیایەکی تردا: ((ئەنتلجنسیای شارستانی و ئەنتلجنسیای لاتینی)) ئەمەش ئالۆزییەکی بەچوارچێوەی هەردوو تیپە ڕۆشنبیرییە بنچینەییەکەدا کێشابوو، گەلێک بەر لە (ڕۆشنبیرە

تەکنیکارو ئەو ڕۆشنبیرانەش کە لە ئادابەکاندا کاردەکەن) بەڵام ئەمڕۆ ئەمە نەماوە. ئەنتلجنسیا هەموو ئەوانە دەگرێتەوە کە پیشەکانیان بەکاری هزرییەوە بەستراوەتەوە: زاناکان، ئەدیبەکان، مامۆستاکان، هونەرمەندان، نیگارکێشان، نۆژداران، ئەندازیاران، تەکنیکاران، هەروەها بەشێکی گەورەی فەرماندارەکانی شوێنە گشتییەکان و دامەزراوەکان و کۆمپانیاکان و ئابووریستەکان و ژمێریارەکان و خەزێنەدارەکان، دەگرێتەوە، لەمەوە دەردەکەوێت کە گەوهەری فەرمانەکانی ئەنتلجنسیا، کاریگەریتی هزرییە لە هەموو مەیدانەکاندا[8]: شیکردنەوەی دیاردەی ئەنتلجنسیا لە گۆشەنیگای بنەچەی کۆمەڵایەتیاندا بەزۆری وادەبێ شوێن پێی خواستە ئاسانکراوەکان بگرێتەوە، هەروەها تەوزیفکردنەکەشی دەکەوێتە ناو ڕێگەیەکی هۆشمەندی یان ناهۆشمەندی بەخواستی ڕەتکردنەوەی سەربەخۆیی ڕۆشنبیری وهزری بەرامبەر سیاسی.

گەلێک جاران ئەمە لەبیر دەکەین کە (گرامشی) پێوەندی ئۆرگانی (العضوي) بۆ ڕۆشنبیران بە تەنیا بە چینێکی دیاریکراو نەبەستۆتەوە، بەڵکو ئەو هەمدیس جەختی لەسەر ئەمە کردووە کە وەزیفەی تایبەتی ڕۆشنبیران بە پێشکەشکردنی بینینی ڕێکو تەواو و گونجاو بۆ جیهان خۆی دەنوێنێ وپێ لەسەربەخۆییان دادەگرێ. هەرچەندە ئەمە ڕادەییەو تا ئاستێک دەگەڵ چینە باوەکان ناگونجێ. جا ئەمە هەرچیەکی بێت ئەوا بەهای تاکەکەسان قەتاوقەت بە باکگراوندو بنچەیان ناپێورێ بەڵکو بەم هۆیانەیە کە پاڵنەرن بۆ یەکگیربوون بەهزرو کێشەکانیان. شتێکی بەڵگەنەویستە کە دەستنیشانکردنی شوێنی هزر خۆی دانراویەتی لە پێوەندی بەجیهانیبوونی چەرخێک لە چەرخەکان و بەکەشێکی دەستنیشانکراو و چینێکی دیاریکراو وەبەرێژەی هێزەکان لەنێوان

ئەم و چینەکانی تردا. هەروەها لەپێوەندیبوونی بە تێڕامانی ئایدیۆلۆژیای پرکێشی. بەڵام بە گژداچوونەوەی بۆ دەمێنێتەوە کە بەم هەموو شتانەوە هەڵبستین، لەهەمان کاتیشدا دوو ماوە پشتگوێ بخەین. ماوەی جیهانی تەجریدی و ماوەی تایبەنمەندی کە نەتوانرێ ساکار بکرێتەوە. بۆیە (ئەدوار شیلز) تێبینی ئەمەدەکا کە ڕوتێکردنی سیاسی ڕۆشنبیران لەبارەی بەدیارخستنی نموونەی باڵاو گوزارشت لێکردن بەدواکەوتنی دەوەستێ.

ئەوەبوو یەکەمجار نموونەی باڵا لە بەدواکەوتنی سیاسی لیبرالی و دەستووریدا خۆی دەنواند. بەڵام نموونەی باڵاکەیتر بە پتەوکردنی سیاسی ئایدیۆلۆژیا بەند بوو، واتە سیاسەتێکی شۆڕشگێڕی پراکتیک کراو لە دەرەوەی لاسایی دەستووری. لەگەڵ ئەمەشدا (شلیز) لەناوهێنانی هەڵوێستە سیاسییەکانی تر غافڵ نەبووە وەک دان پێنانی بایەخ نەدراو بە رووتێکردنی سیاسی و بایەخ پێنەدان، یان خزمەتکردنی سیستەمی چەسپاو، لەبەرئەوە وایدادەنێ کە گەورەترین دەسکەوتەکانی ڕۆشنبیریی نوێ دەقاو دەق لەپێبەخشینی بزووتنەوە شۆڕشگێڕیەکان بۆ ڕێباز یان ڕێچکە خۆی دەنوێنێ[٩].

## رۆشنبیران – پێناسە – چەمک – دەسەڵات

پێناسەی ڕۆشنبیر کردارێکی تێکەڵاویە، چونکە وشەی ڕۆشنبیر کە بەعەرەبی (المثقف)ی پێدەوترێ و لەزمانە زیندووەکاندا مانای شتی جیاواز دەگەیەنێ. وشەی ڕۆشنبیر لەزمانی ئینگلیزیدا (intellectual) ی پێدەڵێن ولە زمانی ڕووسیدا بەرامبەر وشەی (intelligenty) ـەوە بەئەڵمانیش (intelligenz) و بەفەرەنسیش (intellectuels) ی پێدەڵێن. مەدلوولی ڕۆشنبیران پێناسەی زۆر

بەخۆوە هەڵدەگرێ، هەر بۆ نموونە هەندێکیان باس دەکەین:

- "ڕۆشنبیران کۆمەڵێکن لەتاکەکەسان کەتواناو بەهرە تایبەتییەکانیان وایان لێدەکات بەم دەستکەوتانە بگەن کە بەهای ڕۆشنبیرییان هەبێ" (**ماکس فیڤەر**).

- "ڕۆشنبیران ئەو کەسانەن کە پلەی زانستیان بەدەستهێناوە و لەسەر بنچینەی ئەم زانستە بابەتیەوە ولەگەڵ لێوردبوونەوەی ناخی خۆیاندا ئەحکامەکان بەسەر واقیعدا دادەڕێژن، بێئەوەی ئەو ئەحکامانە ڕاستەخۆ یان بەپێویستی لێزانی هەستیاریان وەریگرن" (**ڕۆبەرت میشیڵ**).

- "ڕۆشنبیران ئەوانەن کە تایبەتمەندن بەکاروباری ڕۆشنبیری" متمانەکەشیان دەخەنە سەر متمانەی کۆمەڵایەتی ڕۆژانە پەیڕەوکراوەکان" (**تالکوت بارسۆنز**).

- "ڕۆشنبیران ئەو توێژەی نێوان فێرخوازەکانن کە خواستی سیاسییان هەیە، چ ڕاستەوخۆ بە کۆششکردن بۆ ئەوەی ببن بە حاکمی کۆمەڵگەکەیان، یان ناڕاستەوخۆ بە کۆششکردن بۆ داڕشتنی ویژدانی کۆمەڵگەکەیان و کارکردن بەسەر دەسەڵاتی سیاسی لە بڕیاردانی گەورەدا" (**ئەدوار شیلز**).

- "ڕۆشنبیران ئەم فێرخوازانەن کە خوازیاری گیانی فەلسەفەی ڕەخنەگریین و بەکاری دەهێنن لەپێداچوونەوەی ڕابردوویان و لێوردبوونەوەش لەئێستەیان تا شەرەفمەندی مرۆڤایەتی ڕاڤە بکەن و ڕۆشن بکەنەوە بۆ ڕۆڵەکانی نەتەوەکەیان، هەروەها ڕێگەی گونجاو و ڕاستیان پیشان بدەن" (**جەمالەددین ئەفغانی**)[١٠].

د. سادق ئەلئەسوەد دەڵێ: وشەی ڕۆشنبیر وابەکارهاتووە بۆ دەلالەتکردنی هەموو ئەوانەی هزری خۆیان بەکار دەهێنن. ئەمەش بەرامبەر وشەی (دەستیی - اليدوي) یە کە دەلالەتی

ئەمە دەدا ئەوەی لەسەرەتاوە بەئیشی دەستی هەڵدەستا، پاشان گۆڕا بۆ دەلالەتی ئەوەی هەر یەکێک بەهێزو بازوو کۆششێک بکا لەکارەکەیدا. هەروەک وتەکەی (رۆجێ گارودی) کە دەڵێ: (بەشێوەیەکی گشتی ناوی کاری دەستی) بەو کارە دەوترێ کە کارمەندی بەشتەکانەوە هەیە، هەروەها ناوی (کاری هزری) یش ئەو کارەیە کە کارمەندی بەمرۆڤەوە هەیە، یان ئەو کەسەی کارمەندی بەشتەکانەوە دەکات لەکلاورۆژنەی کارمەندانی بەمرۆڤەوە)). لەبەرئەمە هیچ جیاوازییەک لەنێوان (زانا) و (کرێکار)دا نییە تەنیا لەپلە نەبێ، هەردووکیان هزری خۆیان بەکاردەهێنن بەم شێوە یان شێوەکەی تر. پاشان دەتوانین بڵێین کە سەرجەم تاکەکەسان رۆشنبیرن لەگەڵ درککردن بەوەی سەرجەم تاکەکەسان پراکتیکی پیشەی رۆشنبیران ناکەن لەکۆمەڵدا. کێشەکە لێرەدا ئەوەیە کە خۆی بەشێوەی ئاستە جیاکان دەخاتەڕوو لە چالاکی هزریدا لای تاکەکەسان لەبەرئەوەی چالاکی مرۆیی نییە تەنیا لەوکاتەی کەپێویستی بەکۆششی هزری دیاریکراو هەبێ. لە ڕاستیشدا وشەی (ڕۆشنبیر) مانایەکی تریشی هەیە؛ ڕۆشنبیر ئەو کەسەیە کەدرک بەکۆمەڵ دەکا بەرێگەیەکی باوەڕییەوە. ئەو خۆی ڕەتکەرەوەی هەمیشەییە، ئاوێنەیەکی بەهێزە داوا دەکاو یارمەتی دەدا بۆ گۆڕینی کۆمەڵ[11] بەلام بەلای (گرامشی) یەوە ڕۆشنبیر، فەیلەسووف و هونەرمەندو چێژخوازە، لەنوێنەرایەتی جیهاندا بەشدرایدەکاو بەشداری ژیانە لە ڕوانگەی ڕوانینی سەرتاپای دیاریکراوی ژیاندا لەبەرئەوە بەشداریدەکا لەبەهێزکردنی ڕوانینکێی سەرتاپایی یان بۆ گۆڕینی – واتە لەهاندانی جۆرەکانی بیرکردنەوەی نوێ[12].. نموونەی تەواوی ڕۆشنبیر لەچەرخی نوێدا ئەوا شۆڕشگێڕەو، ئەوکەسەیە کە چەکەکەی هەڵدەگرێ و ژیان بەفەلسەفە دەکات،

هەروەها خەون بە ڕوانینی نوێوە دەبینێ بۆ جیهانێکی باشتر. یاخود بەشداری لەجوولانەوەی کرداری مێژوویی دەکا لەژیانی کۆمەڵدا، وەک کرداری بنیادنان و پەرەپێدان، هەروەها یارمەتی لابردنی تۆز و خۆڵی چەرخی ڕۆیشتووش دەدات لە کۆیلایەتی و ئیستغلالکردن و دواکەوتن بۆ دروستکردنی سەربەرزی مرۆڤ، هەروەها دەسکەوتەکانی گەل دەپارێزێ.

لەم پێودانگەوە پابەندبوونی ڕۆشنبیریی چەرخی نوێ هاتۆتە ئاراوە بۆ کێشەیەکی دیاریکراو یان زێتر، لەبەرئەوە (جان پۆل سارتەر) دەڵێ ((ڕۆشنبیر، بەتایبەتی ڕۆشنبیری فەرەنسی وا دەخەملێنرێ کە پیشەکەی هەر ئەوە نییە بەتەنیا تێبگا و بەس، بەڵکو دیسانەوە ئەوەی لەسەرە کە حوکم بەسەر کاروباریشدا بدات و بەئاقاری ئەو حیکمەیەی خۆی بجولێتەوە. ڕۆشنبیر ئەو مرۆڤەیە کە دژایەتی تایبەتییەکانی خۆی بەم ئاقارەدا ببا بۆلاگرتنی چەوساوەکان. ئینجا پێوەری تیۆری یەکەم کە ڕۆشنبیرێکی پێ دەپێورێ ئەوەیە کە لە ئەرکە لۆجیکەکانی دا دەبێ، ئەمیش ئەوەیە کە خۆڕەتکردنیەتی لە هەموو شتێکی لۆجیکی))[١٣]. (محەمەد عابد ئەلجابری) زاراوەی ئاوەز (عقل) دەکاتە ئامرازێک بۆ بەرهەمهێنانی هزر، جابۆئەوەی بنیاتنانی پرەنسیپێک بۆ لێکۆڵینەوەی پێناسە یان ڕەگەزنامەی ڕۆشنبیری بۆ هزرڤانان بکات، پشت بەبنچینەیەکی مەعریفی دەبەستێ بۆیە وا پێناسەی ڕۆشنبیر دەکا (ڕۆشنبیر خۆی ناچێتەوە سەر ڕۆشنبیرییەکی دیاریکراو، تەنیا ئەگەر لەناوەوەی خۆیدا بیرنەکاتەوە، بیرکردنەوەش لەناو ڕۆشنبیرییەکی دیاریکراو مانای وانییە بیرکردنەوەیە لەکێشەکانی بەڵکو (بیرکردنەوەیە بەهۆی ئەمەوە).

ئەمەش مانای وایە بیرکردنەوە لەکلاوڕۆژنەی ڕێکخەرێکی

بۆگەڕاوە کە مەودا دیاریکردنی بنچینەییەکانی لە دیاریکراوەکانی ئەم ڕۆشنبیرییە وپێکهاتەکانی ڕێکدەخرێ، لە پێشەوەیاندا بۆماوەی ڕۆشنبیری ودەوربەری کۆمەڵایەتیی و بینینی داهاتوو، بەڵکو ڕوانینیش بۆ جیهان و کەون و مرۆڤ هەر وەک چۆن پێکهاتەکانی ئەم ڕۆشنبیرییە دەستنیشانی دەکات)..[١٤] (ت.س. ئیلیەت) یش لە کتێبەکەی خۆیدا بەناوی (چەند تێبینیەک بەرەو پێناسەکردنی ڕۆشنبیری) وایدەبینێ کە ڕۆشنبیری تاکەکەس لەسەر ڕۆشنبیری توێژێک یان چینێک دەوەستێ، هەروەها ڕۆشنبیری توێژو چینێکیش لەسەر ڕۆشنبیری هەموو کۆمەڵ دەوەستێ کە ئەو توێژە یان ئەوچینە ئینتمای بۆ دەکا. جا بەنیسبەت ئیلیەت ڕۆشنبیری کۆمەڵ ئەوە بنچینەییە وسەرەکییە، مانای وشەی (ڕۆشنبیری) یش بەنیسبەت هەموو کۆمەڵ ڕووخاندنی ئەوەیە کە پێویستە لێی بتۆژێتەوە. بۆیە جۆری ڕۆشنبیری و شێوەکەی هەرچییەک بێت ئەوەیە کە دروستکردنی ڕۆشنبیر کارێکی دژێوە هەرچەندەش ئەم بەربلاویەی کە لەمەڕ فێرخوازی هەیە لەگەڵ زیادبوونی کەناڵەکانی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن، ئەمە وای لەهەندێک کەس کردووە گەلێک جار لەبارەی (گوندێکی گەردوونی) بئاخڤن، کە تەنیایی تەواو لە گەڵیا چاوپۆشی لێدەکا بەوەی کە لەجیهاندا ڕوودەدات، تا ئەگەر ئەم دوورە پەرێزیەش خۆی داواکرابێ، بەتایبەتی ئەگەر زانیمان کە گیانی دڵەڕاوکێ و بەرەنگاری لەنێوان (تایبەتی) و (گشتی) بەخەسڵەتێکی بنچینەیی دەمێنێەوە لە خەسڵەتەکانی پێکهاتەی ئەو ڕۆشنبیرە، لەوانەشە هەر ئەوەبێ وای لە (هیگڵ) کردبێ بە (هۆشمەندی نەگریس) ناوی بنێ کە خەسڵەتێکی بنچینەییە لە خەسڵەتەکانی پابەند بە شێوەی ڕۆشنبیرو پێکهاتەی ناوەوەی کە بەشێوەیەکی تایبەتی ئەمەدەخاتەروو ئەو ڕەتکردنەوەیەی

که ڕۆشنبیر هەستی پێدەکا وەک هەستێکی غەریزی کە لەوانەیە پەرەبسێنێ بەرەو پرەنسیپی (رەفزکردنەوە) کە هەنگاوێکی پێویست بۆ هزری زانستی دەستەبەر دەکا بەگوێرەی جەدەلی هێگلی.[١٥]

## ڕۆشنبیران – هزر – پۆلین

هزر خۆی چەقی توندوتۆڵی ڕۆشنبیرییە، ئەگەر بشکرێ گیانەکەیەتی جا ئەدەب بێت یان شانۆگەری، موزیک بێت یان گۆرانی و هەڵپەڕکێ، ڕۆشنبیریی پیشەیی بێت یاخود ڕۆشنبیریی پسپۆری ژیان.. ڕۆشنبیریش چ شاعیر بێت چ فەیلەسووفێک یانیش هەر شتێکی تر بێت ئەوا هزرڤانێکە بەرێگەی تایبەتی خۆی، بیری خۆی، دەستنیشانی ڕەوانی ئەدەب و هونەرو قووڵی ئەم ڕەوانیە دەکا. هزریش خۆی کردارەو ئەم کردارەش سێ ڕەهەندی هەن: ڕەسیدەکەی –توانایی بەسەر جارێکی تر بەرهەمهێنانەوەی ئەم ڕەسیدە- ئاسۆبینی ڕوانینی بۆ دوارۆژ[١٦].

لەناوەراستی چەرخی بیستەمدا فەیلەسووفی ئینگلیزی (برتراند راسل) جەختی لەسەر ئەوەکردووە کە پیاوانی زانست سەربەخۆیی خۆیان لەدەستداوە، بەڵام پێویستی وایلێکردوون کە ببن بە بەشێک لە دامەزراوێکی گەورە.. جا ئایا ئەمە لەبارەی ئەو ڕۆشنبیرانە جێبەجێ دەبێ کە لەبوارەکانی زانستە سروشتی و پراکتیکییەکاندا کاردەکەن بەتەنێ، یاخود بۆ ئەوانە دەگەڕێتەوە کە لەبوارە ڕۆشنبیرییەکانی تردا کاردەکەن؟ لەهەمان باسدا، (راسل) هونەرمەندو ئەدیبەکانی لە کلکایەتی دامەزراوەکاندا جیا کردۆتەوە، هەروەها وایدەبینێ کە ئەوانە توانای ئەوەیان هەیە کە پراکتیکی چالاکیەکانی خۆیان بکەن وبە دەستپێشخەری تاکیش هەڵبستن کە ترسناکە. بەڵام ئەم جیاکردنەوەیە وردە وردە لاوازدەبێ، چونکە ئەدیب

و هونەرمەندان بەزۆری وان کەپابەندبن بەئیفرازاتی دامەزراوە سیاسییەکان و کەلوپەلەکانی، وەک کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و سەرنج بۆ ڕاکێشانی خۆشگوزەرانی وشتی تریش[١٧].

ئەم هاوکێشەیە بەلای (سارتەر) شتێکی ترە بۆیە لە کتێبی (بەرگریکردن لەڕۆشنبیران) دا دەڵێت: (خەڵکانی واهەن وایادەنێن کەڕۆشنبیر کەسێکە تەنیا پراکتیکی کاری هزری خۆی دەکا، ئەمەش پێناسەیەکی خراپە. کەواتە لێرەدا کاری هزری وەک خۆی هیچ بونێکی نییە..هەروەها هیچ کارێکیش نییە پێویستی بەهزر نەبێ هەر بۆ نموونە دەبینین برینپێچێک ڕۆشنبیرە لەگەڵ ئەوەش کە کارەکەی بەدەست ئەنجامدەدرێ.. من تەنێ حیسابی ئەوە ناکەم کەپیشە بەتەنیا خۆی ببێتە هۆی دەستنیشانکردنی ئەو کەسانەی کە پێیان دەوترێ ڕۆشنبیر. بۆیە دەبێ بزانین لەکامە پیشەدا خۆیان پێکدێنن هەروەها دەتوانرێ لەچوارچێوەی ئەوەی کەناوی دەنێم تەکنیکاری، زانیاری زانستی بدۆزرێتەوە، لەراستیشدا هەموو زانیارییەک بۆ خۆی کرداره، بەلام ئەم ڕاستیە تەنیا لەم چەرخە نزیکانەدا زانراوە. پزیشک بەگشتی لە جەستەی مرۆڤ دەکۆڵێتەوە، بۆیە چارەسەری و دەرمانەکەی دەزانێ. بەلام تەکنیکاری زانستی بۆی هەیە ئەندازیار بێت یاخود زانایەک بێت، یان نووسەرێک یان مامۆستایەک بێت. بۆیە لەهەموو ئەم حاڵەتانەدا بەتەواوی و بەکردەوە دەگەینە ئەم دژگەییە. زانیارە تەکنیکارەکانی زانستیەکان لەهەموو زانیارییەکان تێدەگەن، واتە گشتین، بەلام بەهیچ شێوەیەک خزمەت و سوودی مرۆڤیان نییە، بەڵکو سوودەکەیان لەگشت هەرێمە سەرمایەدارەکاندا دەبەخشن، پێشوەختیش بۆ هەندێک توێژ لەوکەسانەی کە ئینتما بۆ چینە حوکمڕان و سوێندخۆرەکانی دەکەن. لەم گۆشە نیگایەوە جێبەجێکردنی گشتی نابێتە گشتی و سەرجەمیش نابێتە سەرجەمی

بەڵام جێبەجێکردنی تایبەتی مانای کەسانی تایبەتی دەگەیەنێ. ئیمە هێشتا ڕۆشنبیرانمان نەناسیوە. لێرەوە دەبینین تەکنیکارانی مەعریفەی زانستی زۆر بەسانایی خۆیان دەگەڵ دژگەییەکاندا دەگونجێنن، یان کاروباریان پێکدێنن بۆ ئەوەی ئازار نەچێژن. بەڵام کاتێ یەکێکیان درکی بەمەکرد کە لە گشتی وسەرجەمیەکانەوە بۆ ڕاژەی تایبەتی کاردەکات، ئەوا هۆشمەندی ئەم دژگەییەیە کە (**هێگل**) ناوی ناوە هۆشمەندی نەگریس یان ویژدانی ئازاردراو. ئەمەش وەک ڕۆشنبیرێک خاسیەتەکەی پێبەدیاردەخات[١٨] .

بۆیە (سارتەر) جیاوازی لەنێوان دووجۆر لە ڕۆشنبیران دەکا..
**یەکەمیان**: ڕۆشنبیری کلاسیکی، ئەو مرۆڤەیە کە دەڵێ: ئاگاداربن، ئاگاداربن کەسانێک هەن کردارەکانتان بۆ وێنە دەکێشن، یان بە شێوەیەکی تر ئەوەیە کە شێوەیەکە لە جۆرەکانی بەپراکتیککردن کە گشتی وسەرجەمیە. ئەمانە لە دژگەییەکانی خۆیاندا ئازار دەچێژن، بەڵام لەهەمان کاتیشدا ئەم دژگەییە وایانلێدەکات کە ئەمانە سوودمەندی گشتی بن، هەربۆیەش ڕەفزی ئەمە دەکەنەوە کە خۆیان لەناوەوەدا بخەنە شوێنی نیشانەی پرسیارو تۆمەتی. بەواتایەکی تر، لە کۆمەڵگەدا ئەم گشتیە نییە کە مەیلی سەرجەمی هەبێت، چ شوێنێکی بابەتی بۆ ڕۆشنبیران نییە.

بەڵام **جۆری دووەم**: لەناوەندی قوتبیاندا خەڵکانی واهەن کە دابڕانی تەواویان کردووە و لەکارگەکاندا کاردەکەن وهەمان زمانی جارانیش بەکارناهێنن کە دووساڵ یان سێ ساڵ لەکارەکانیاندا ڕەتیکردووە، زمانیان پرژاوەتە سەر ساکاری وپێوەندیشیان بەپرۆلیتاریا بۆتە شتێکی ڕیالیزمی، بوونەتە پیاوانی نوێ.. گۆڕانێکی تەواو بەسەر زمانیاندا هاتووە، ئەم وەرچەرخانەش زۆر زەحمەتترە بۆ ئەو ڕۆشنبیرانەی کە لەتەمەنی سییەکان و چلەکان و پەنجاکان.

خولاسەی قسە ئەوەیە کە دووجۆر لە ڕۆشنبیران هەن: ئەوانەی کە بەتەواوی ڕەفزیدەکەنەوە کە هەڵوێست بنوێنن وئەوانەی کە (**موزیل**) وەها ناویهێناون لە ڕۆمانی (ئەو مرۆڤەی هیچ خاسیەتێکی نییە).. واتە (ئەونووسەرانەی کە لە پشتەوەڕا دەبینرێن).. ئەو نووسەرانەی کە هەموو جۆرە بارێک ڕەچاودەکەن و ئامادەبوونی سیاسییان هەیە لە هەموو شوێنەکاندا، هەروەها ڕۆڵی سوودمەندی پڕبایەخییان هەیە، بەڵام ئەوانەی بە سەر هیچ لۆمەیەکی دیاریکراو بازنادەن هەر چەندەش لە پلەیەکی بەرزی ڕاستوڕەوانی و هێزی هزری دابن..[19].

(**گرامشی**) ڕۆشنبیران بۆ دووجۆر پۆلین دەکا. لە بەشێکی باسەکانیدا، دەربارەی **ڕۆشنبیرانی ئۆرگانی** (**العضوي**) دەدوێ، کە مەبەستی ئەو ڕۆشنبیرەیە کە پێوەندی بە چینەکانی کۆمەڵایەتی پێشکەوتووەوە هەیە. لە بەشێکی تریدا باسی **ڕۆشنبیرانی ئاسایی** (**التقليدي**) دەکا، واتە ئەو ڕۆشنبیرەی پەیوەستە بە چینە لابراوەکان یان لە ڕێگان بۆ لاچوون. لە باسێکی تریشیدا دەربارەی حزب تێبینی ئەوە دەکات کە حزب هەمان سیفاتی ڕۆشنبیرانی هەیە، هەروەها حزب بە تێڕوانینی گرامشی ئەوەیەکە ماهیەتەکەی ڕۆشنبیرێکی کۆمەڵییە (المثقف الجماعي)[20].

ئینجا (**گرامشی**) دەپرسێ: چۆن ڕۆشنبیران لە ناڕۆشنبیران جیادەکرێتەوە؟ وەڵام و پێوەرەکەشی ئەوەیە کە دەڵێ: وام بە خەیاڵدا دێ کە هەڵەی مەنهەجی کە زۆر بەربڵاوە ئەوەیە کە ئەم پێوەری جیاکردنەوەیە، لە ناوەوەی چالاکییە هزرییەکاندا لێی کۆڵراوەتەوە، نەوەک لە سەرجەم ڕێکخەری ئەم پێوەندییانەی کە ئەم چالاکیانەی لێدەدۆزرێنەوە (بەمجۆرەی ئەو توێژانەی کە بەخۆیەوەدەگرن) هەربەخۆی، تاوای لێهات بکەوێتە دڵی ئۆردوگایەکی گشتی بۆ

پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان). پێوەری ناوەوەی کۆمەڵ بۆ دوو توێژ دابەش دەکا: کارگەرانی دەستی و کارگەرانی هزری. جالەبەر ئەوەی دیاردەی دەستی و دیاردەی هزری هاوبەشن و پێکەوەن بەرێژەی جیاواز لە هەموو کارێکدا ئەوا پێناسەی ڕۆشنبیر لە سەر بنچینەی ئەم دابەشکردنە ناتوانرێ یارمەتیمان بدات بۆ دۆزینەوەی ئەوەی کە تایبەتی و جۆرییە و ناتوانرێ هەڵبگێڕدرێتەوە بۆ هیچ وتەیەکی تر لە وتەی ڕۆشنبیر. کەواتە (گرامشی) پێوەرێکی تر بە کاردەبا: جا ڕۆشنبیر وا دەبێ بە شوێن و وەزیفەکەیەوە دەستنیشان بکرێ، کە هەردووکیان لە سەرجەم پێوەندییە کۆمەڵایەتیەکاندا داگیری بکەن. لەبەر ئەوە ئەوەی کە کرێکار جیادەکاتەوە، شێوە دەستیەکەی کارەکەی خۆی نییە، بەڵکو لە چوارچێوەی شێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا دەبێ. بەم پێناسەیە (گرامشی) سەرپێچی ئەوە دەکا لەیەک کاتدا ئەوانەی بەهزری دەناسرێتەوە بە گەڕانەوەیان بۆ دەستی وەک دەڵێ (من چەمکی ڕۆشنبیر زۆر بەرفراوان دەکەم و بە چەمکی چەسپاو داینانێم کە هیچ پێوەرێک بۆ چ کەس دانانێ تەنیا بۆ گەورە ڕۆشنبیران نەبێ)[٢١].. ئینجا (گرامشی) شوێن و وەزیفە بۆ ڕۆشنبیران دادەنێ. یان شوێن و وەزیفەی ڕۆشنبیران لای (گرامشی) چیین؟ گرامشی دەخوازێ خەڵکی هەمووان لە ڕیزی ڕۆشنبیران ناونووس بکرێ، ئەمەش بە گوێرەی ئەوەی هەر یەکێکیان لەوانە بە پلەیەکی بەرز جا چ زۆر و چ کەم لە وزەی مێشکی خۆی بەکاربهێنێ. بەڵام هەموو خەڵک وەزیفەی ڕۆشنبیر پراکتیک ناکەن. ئەم پێناسەیەش تەنیا بەسەر چینە بنچینەییەکاندا جێبەجێ دەبێ، نموونە هێنانەوەی گرامشی تەنیا لە دووچینی گشتی و سەرمایەداری وەرگیراوە. ڕۆشنبیران کە چینێک لە چینەکان دروستدەکەن لە کاتی پەرەسەندنی پێشکەوتندا، بەکاری

وەها هەڵدەستێت کە لە زۆر کاتدا تایبەتمەندییە لە چالاکی هزری کە لە بنچینەوە چۆتە ناو چوارچێوەی ئەو وەزیفەیەی کە چینەکە پراکتیکی دەکا بە حوکمی ئەم شوێنەی کە لە جۆری بەرهەمدا بە دەستی دەهێنێ. سەرۆکی دامەزراوو پرۆژەکان ئەگەر هەمووشیان نەبێ ئەوا بەلانی کەمەوە دەستەبژێرێک لەوانە، هەر دەبێ ببن بە ڕێکخەری دەستبەسەرداگرتنی چینی بۆرژوا لە کۆمەڵگەی مەدەنیدا و ڕێکخەری زۆرەملێ کە پراکتیکی دەکا، بە هۆی دەوڵەتەوە چینی بۆرژوا دەیکات بە سەر سەرجەم چینەکاندا. بەم حاڵەتە ئەم چالاکیە جیاوازیانە لە جۆری هزریدا واباوە کە سەرانی هەمان چین پراکتیکی ناکەن بەڵکو بریکارەکانیان دەیکەن، ئەوانەی ڕۆشنبیری ئۆرگانین. کەواتە ڕۆشنبیران ئەوانەن: یەکەمیان، ڕێکخەرانی وەزیفەی ئابووری، ئەم چینەی پابەندی ئەندامیەتین. ڕۆشنبیران دیسانەوە ئەوانەن کە هەڵگری وەزیفەی زاڵبوونن کە چینی باو لە کۆمەڵگەی مەدەنیدا پراکتیکی دەکەن. ئەوانەی لە دارودەستەی ڕۆشنبیری جیاوازدا کاردەکەن (سیستەمی قوتابخانە، دەزگای بڵاوکردنەوە، ڕۆژنامەکان، گۆڤارەکان، ئێستگە، سینەما... تاد) هەروەها لە حزبەکانی چینە باوەکاندا بەو شێوەیەی خوازیاری وەرگرتنی نیگەتیڤانە بێ، ئەگەرنەڵێین پۆزەتیڤانە.

هەروەها ڕۆشنبیران ئەوانەن کە ڕێکخەری زۆرەملێن (الاکراه) کە چینی باو بە سەر سەرجەم چینەکاندا دەیسەپێنێ بە هۆی دەوڵەتەوە. وەزیران و جێگرەکان و پیران لەوانەوە دێن، ئەوانن کە کادیری دەزگای ئیداری وسیاسی و دادوەری و سەربازی پێکدێنێن. لێرەوە پرۆلیتاریا بە ڕۆڵی خۆی هەڵدەستێ لە هەندێک مەرجدا. هەوڵبدات ڕادەیەک بۆ توانایی چینی باو دابنێ بۆ زۆرەملێ، بە کۆششکردنی بۆ دەستبەسەرداگرتنی وردە وردەو بە شێوەی

دیموکراسی به سەر هەندێک داروودەستەی دەسەڵاتی دەوڵەت. هەروەها دەتوانێ لە ماوەی شۆڕشگێریدا کە لەشکری تایبەتی خۆی و هێزی میلیشیایی و دەزگای ئیداری دابمەزرێنێ. هۆیەکانی بەکارهێنان هەرچییەکبن، پرۆلیتاریا بە حوکمی ئەم شوێنەی داگیری دەکا لە ناوەوەی شێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری بۆ کۆنترۆلکردنی پایەکانی دەسەڵات بە شێوەیەکی سروشتی بۆ ئەوەی پەرەبسێنێ بۆ دامەزراندنی دەوڵەت لە ناو دەوڵەتدا.

هەروەها وەزیفەیەکی تری ڕۆشنبیران ئەمەیە کە هەڵگری ئەندامێتی ئەو چینە بێ کە پێیەوە بەستراوەتەوە بۆ پەرەپێدانی ئەو هۆشمەندییەی یەکێتی بەرژەوەندیەکانیان زامندەکات، هەمدیس لەناو ئەم چینەدا ڕوانینی بۆ جیهان بەدیاربخات و ئەم ڕۆشنبیرە دەبێ گونجاوو سەربەخۆیی ناخی خۆیشی بپارێزێت[٢٢]..

ئینجا لایەنەکەی تری هاوکێشەی نێوان ڕۆشنبیران و دەسەڵات ئەوا ئەو دەسەڵاتەیە کە هەندێک لێکۆڵەرەوە لەم بابەتە بە سیاسەتیان داناوە و لە ڕاستیشدا دەسەڵات مەبەستی دەسەڵاتی سیاسیە و هەردوو زاراوەکە یەک مانا دەگەیەنن بەڵام هەرچی سیاسەتە مەدلولی خۆی دەگەیەنێ کەتەنیا ئەو دەسەڵاتە سیاسیەیە کەچی سیاسەت هەموو ئەم چەمکانە دەگرێتەوە بە دەسەڵاتیشەوە کە مانای سیاسەت بەرجەستە دەکەن.. جا لەوەتەی هزری سیاسی پەیدا بووە، هزرڤانان بەجیاوازی نەتەوەو زمان هەر یەکێکیان بە بیروڕاو تێڕوانینی خۆیەوە گوزارشتی لە دەسەڵاتی سیاسی کردووە، شارستانیەتییەکانیش جیابەجیاو پێ بەپێ و قۆناغ بە قۆناغ ئەم هزرانەیان گواستۆتەوە و هزرڤانانی بەپێودانگ و باری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ... تاد ئەو سەردەمەوە لە مەسەلەی دەسەڵات ورد بۆتەوەو بیردۆزی جیاو ئایدیۆلۆژیاو

فەلسەفەی جیای لەگەڵ خۆیدا هێناوە..

بە کورتی مێژووی مرۆڤایەتی هزری سیاسی خۆی بەخشیوە، هەر لە سەرەتاوە، هزری سیاسی یۆنانی و ڕۆمانی و میسری کۆن و هیندو ئەلمان و چین و عەرەبی ئیسلامی. ئینجا هزری سیاسی بۆ سێ قۆناغ دابەشکراوە وەک هزری سیاسی کۆن وهزری سیاسی ناوەڕاست (الوسیط) و ئینجا هزری سیاسی نوێ. کە هەر قۆناغە و هزرڤانانی تایبەت بە خۆی و بیرو بۆچوون و هزری وەختی خۆی هەبووەو ئەم سێ قۆناغەش لە مێژووی هزری سیاسی پۆلینکراون و ئێمە ئیشمان بەمە نییە باسی سەرجەم هزری سیاسی مێژووی مرۆڤایەتی بکەین، هێندە هەیە لەگەڵ کۆنترین شارستانییەتی سەر ئەم زەمینەدا ئەوا هزری سیاسی هەبووە مەسەلەی دەسەڵاتی تیا باسکراوە و لەگەڵ ڕۆشنبیرانیشدا ئەوا هەمیشە وەک دوو هاوکێشە بووە کە هەندێکجار دژەو هەندێک جاریش تێکهەڵکێشی یەکتر لەگەڵ جیاوازی دیدو هەڵسوکەوتی ڕۆشنبیراندا گۆڕاون ...

ئێمە نامانەوێ وەک مێژوونووس هەر لەوەتەی هزری سیاسی پەیدابووە لەمەڕ مەسەلەی دەسەڵاتەوە بئاخڤین، بۆیە هەر بۆ زیاتر زانیاری لە هزری سیاسی نوێوە سەرەداوێک یان نوێشکێک یان مشتێک لەو خەرروارە دەخەینەڕوو. هەر هێندەش پێوەندی بەباسەکەمانەوە هەبێ و لێی نەپچڕێین. بەم جۆرە هزری سیاسی نوێ هەروەک چۆن (**بییرمانان**) لەسەرزاری (**لیوشتراوس**) ەوە بەسێ قۆناغی جیاکراوە لەیەکتر دەستنیشانی دەکا ئەمانەن: مافی سروشتی نوێ کە (**مکیاڤیلی**) دایناوەو (**بیکون**) و (**هۆبز**) ۆ (**ئەسپینۆزا**) پەرەیان پێداوە، هەروەها (**دیکارت**) و (**لۆک**) یش بەشدارن. ئەوەیتریان قەیرانی مافی سروشتی و بەدیارکەوتنی

مێژووه، که (ڕۆسۆ) دایمەزراندووەو (کانت) و (هیگڵ) یش پەرەیانپێداوه.

ئینجا نەزعەی مێژوویی بنەڕەتی که (نیتشه) دایمەززراندوەو لەلای (هێدگەر)یش گەیشتۆتە چڵەپۆپە.

(بیرمانان) ئامانجی ئەوەیە، هەروەک چۆن لە پێشەکی کتێبەکەشیدا باسیکردووه، له وتەیەکی (لیوشتراوس)ەوە سەرهەڵدەگرێ که بەهۆی فەلسەفەکەیەوە ڕاکەی کورت دەکاتەوە، ئامانجیشی له لێکۆڵینەوەی ئەم سێ هزرڤانانە (ماکیاڤیلی- هۆبز- ڕۆسۆ) بۆ ڕوونکردنەوەی چۆنیەتی مێژووی هزری سیاسی دابەشبووە بۆ دوو هێڵ که تا ئەمڕۆش هەر بەردەوامە.

یەکێکیان بەناوی زانستەوە واقیع پیرۆز دەکات، ئەوەیتریان (ماف- الحق) پیرۆز دەکات. ئینجا لێرەوە بەم پێودانگەوە (مکیاڤیلی) دەبێتە باوکی هێڵی زانستی واقیعی لەکتێبی (میر)دا. بەڵام لەوەوە مکیاڤیلی خۆی بەدانانی واقیعی دەسەڵات وەکخۆی بەستۆتەوە، هەروەک چۆن ڕادەربڕینەکەی بە مەدلولی ئەمر دەخاتە ئاراوە. هەروەک چۆن کاتێ بڕیاری ئەمەدەدا که هەڵسوکەوتی حاکم ئەوەی که وەکخۆیەتی، ئەوا داواکاری تەواویەتی تا ببێتە بنچینە تا وەک سمبۆلێک دابڕێژێت که دەلالەتەکەی بەمجۆرە بەدەستەوە بدات. ئەگەر بڵێین که حاکمێک هەبێ ئەوا ناتوانێ حوکمڕانی بکات تەنیا بەم شێوازو بنچینانە نەبێ که (مکیاڤیلی) داوای کردوه، وەک ئەوەی که وەها وەسفی دەکا بەڵام داواکاری ناکا، بەوەش پرۆژەکەی دەبێتە سوڕانەوە بە دەوری بازنەیەکی بەتاڵی دژگەیی. کەواتە ئەو کاتێ واقیع دووبارەو لەبەردەگرێتەوە ئەوا دەیەوێ کرداری هەواڵ بۆ کرداری سەلماندن بگۆڕێت. لەبەر ئەمەیە که

(رۆسۆ) کاتێ دەیەوێ ڕەوایی دەوڵەت لەسەر پرنسیپی پەیمان بەستن (العقد الاجتماعي) دابمەزرێنێ. واتە لەسەر یاسای بێگەرد بێلەوەی پێچەوانەی واقیع بێت. هەروەک چۆن (رۆسۆ) ئەمە دەردەخا کە نایەوێ ڕەخنە لە هیچ دەوڵەتێکی چەسپاو لە چەرخی خۆیدا بگرێت، ئەوا دیسانەوە دەخلیسکێ لە دەلالەتی ڕاپۆرتی بۆ دەلالەتی ڕێنمایی یان ئەمر. گوتارەکانی خۆی بە مەدلولی هاوپێچ دادەپۆشێ کە بانگهێشتەکەی ئەمەیە: دەوڵەت و کۆمەڵگە دەبێ وابێ. واتە هاتنەدی نموونەی پەیمانبەستنی چەسپاو لەسەر ماف و یاسای بێگەرد. بەمەش پرۆژەیەکی پێچەوانەی پرۆژەکەی مکیاڤیلی ناهێنێتە ئاراوە بەڕای ئەم نووسەرەوە. بەلانی کەمەوە لەرووی وێنەییەوە، یان بەلای دال بەزاراوەی زمانەوانی نوێوە. ئەم دالەش ئەوا بانگهێشتەیە بۆ یۆتۆبیا. چجای مەدلولەکەی پیرۆزکردنی واقیع یان پیرۆزی مافی سروشتی بێت. لەهەمووی گرنگتر بەڕوانینی (مانان)ەوە ئەوەیە کە ڕۆنانی هزری سیاسی ڕۆژاوایە لە نێوان ئەم دوو هەڵبژاردنەدا کە بە هەڵوەشانەوەی پرۆژەی ڕۆشنبیری ڕۆژئاوا دەمێنێتەوە. بەشێوەیەک کە هەڵبژاردنی هەر لایەنێک بەوەی کە دەیچەسپێنێ وبڕیاری لەسەردەدا، ئەوا جیا لەوەکەی تر ڕەتدەکرێتەوە. ئینجا یۆتۆبیاش وا دەمێنێتەوە کە دەزگای یەکەمی بەرهەمهێنانی ئایدیۆلۆژیا بێت. کە ئەم پرۆژەیە وایدەهێڵێتەوە لە پێناسەی مەسیحیەتی یەکەمیدا ئەم نووسەرە ئەوەی هاوێرکردووە کە (هێگل) هەوڵیداوە بەدارێژەی (ویژدانی سەرەڕۆ) گوزارشتی لێیکردووە لەبارەی ئەم ڕۆنانەوە، هەمدیس لێشی ڕەتداوە بەدۆزینەوەی پرۆگرامی جەدەلی تا لە دوڕیانی هەڵبژاردنی ستەمی بپەڕێنێتەوە.. (٢٣)

## هاوکێشەی نێوان ڕۆشنبیر و دەسەڵات

ئەگەر ڕای نووسەرانی کۆمەڵناسی وەبگرین لەبارەی پێوەندی ڕۆشنبیری بە بەکارهێنانی هێزو زەبروزەنگ، تێبینی ئەوەدەکەین کەسەرجەمیان پاراستنی بەهاو ڕۆشنبیریی باو بە زەبروزەنگ و زۆرلێکردن گرێدەدەن. پێناسەی زانای ئەڵمانی (**ماکس فیفەر**) لەم بوارەدا زۆر ڕوون ولەبەرچاوە لەکاتێکدا کە پێناسەی سیاسەت دەکات وایدادەنێ کە، گرووپێکی داپڵۆسێنەرە، فرمانی جێبەجێکردنی بەسەر هەرێمیکی دیاریکراودا هەیە بەهۆی داردەستێک (جهاز) یان ڕێکخستنێکی ئیداری کە لە ژێر دەستیەتی و توانای هەڕەشەو بەکارهێنانی هێزی ماددی هەیە.

ئایدیۆلۆژیا لای (**مارکس**) تەنیا هۆکارێکە بۆ دەسبەسەرداگرتن، چونکە لای ئەو هەر چینێکی زاڵ ئایدیۆلۆژیایەکی زاڵ دەهێنێتە بەرهەم بۆجێ خۆشکردنی مانەوە بەشوێنیێ زاڵەکەی خۆی بەهۆی شەرعیەت پێدانی بۆ دەستبەسەر داگرتنەکەی. بەڵام مارکسیزم بەبزربوونی مارکس دەستەوەستان نەمایەوە، هەربۆیە دەبینین لە نێوان ئەم نووسەرە مارکسیانەی کە بایەخیان بەم بابەتە داوە ئەوا (**ئەنتۆنیۆگرامشی**) ئیتالییە. بەگوێرەی بیروڕای (گرامشی)، لەچینی سەرەوەی کۆمەڵدا دوو کۆمەڵ هەن کە خاوەنی دووبنەمان: **یەکەم – بنەمای سیاسی** – ئەمەش دارودەستەی تایبەتمەندی داپڵۆسێنەر دەگرێتەوە بە ئاکامی بەرەوپێش بردنی جەماوەر، بەکارکردن بۆ جۆرێک لەبەرهەمهێنان لەکاتی دیاریکراودا. ئەم دارودەستەی داپڵۆسێنەرەی دەوڵەت بەشێوەیەکی شەرعی گوێڕایەڵی گرووپەکان دەستەبەردەکات کە ڕەفزی ڕازیبونی خۆیان دەکەنەوە بۆ چوونە ژێر چەتری شەرعیەتی گشتی. ئەم دارودەستە داپڵۆسێنەرە لە چی پێکهاتووە؟ وەڵامەکەی ئەوەیە لەلەشکر، پۆلیس، یاسا پێکهاتووە.

ئەرکی داپڵۆسینەکەشی لە پێشکەشکردنی کارەکانی خۆیدا گرێنتی بەندە بەهۆی کەسایەتی (مەعنەوی) تایبەتمەندەوە کە ئەمیش بیرۆکراتییە ئینجا بەهۆی بیرۆکراتیەتەوە دەسەلاتی داپڵۆسێنەر پراکتیک دەکرێ، لەوانەشە ئەو کۆمەڵەکەسانەی کەکاری بیرۆکراتی پراکتیک دەکەن ببن بەگرووپێکی جیاواز یان ببن بە زومرەیەک. هەندێک جاریش وەها ڕودەدا کە دارودەستەی دەوڵەت وایلێدێ نەتوانێ کێشەیەکی زیندەگی لەکۆمەڵدا بپێچێتەوە یانیش هەڵیبوەشێنێتەوە. لەم حاڵەدا ئەوا چینی باوی زاڵبوو والێدەکا کە کۆمەلان و زومرەی نیمچە سەربازی ڕێکبخات و ببێتە بەشێک لەدارودەستەی دەوڵەت خۆی کاتێ کە تەنگوچەڵەمەکە کۆتایی پێدێت[٢٤] ئەم دارودەستەی ئایدیۆلۆژیای دەوڵەت، گرەنتی ئەمە دەدات کە وەزیفەکەی سەرلەنوێ بەگەڕخستنی پێوەندیەکانی بەرهەمهێنان بێت لە ژێر چاوەدێری دارودەستەی سەرکوتکەری دەوڵەت وەک (ئیدارە، سووپا، پۆلیس، زیندانەکان...تاد) کە یەکەمیان بە ئایدیۆلۆژیا کاردەکات، کەچی دووەمینیان بە زەبروزەنگ و داپڵۆسین کاردەکات[٢٥] **دووەم- کۆمەڵگەی مەدەنی-** ئەمەش لە بەیەکەوەلکانی یان کۆبوونەوەی چەند دەستەیەک یان چەند پێکهاتەیەک دروست دەبێ. کە بە دامەزراوی تایبەتی دادەنرێت. بۆیە گوزارشت لە وەزیفەی زاڵبوون دەکات کەوا گرووپە باوەکانی کۆمەڵگە پراکتیکی دەکەن، ئەم دەستەو گرووپانە کە ڕەسمی نین وەکو بناغەیەک وان کە خاوەن ناوەرۆکێکی ڕەوشتییە بۆ دەوڵەت. بەمەش ڕێکخستنی ماددی و دیاریکراو لە وەزیفەکەیدا پێکدەهێنێت بۆ مانەوەو پاراستن و بەرگریکردن و پەرەپێدانی بەرەی بیردۆزی (ئایدیۆلۆژیا) بۆ چینی زاڵ. کۆڵەگەی ئەم دارودەستانە چییەو چۆن دەتوانێت ئاکاری خۆی بڵاوبکاتەوە؟

لێرەدا سێ دامودەزگا (مؤسسات) یان بینراوی بنچینەیی هەیە کە ئەرکی بڵاوکردنەوەی ئەم ئایدیۆلۆژیایە دەبینێ کە ئەمانەن: کلێسا، سیستەمی فێرکردن، چاپکراو، ئەم بینراوە بنچینەییانەش ڕێکخراوی تریان پێوە دەلکێ وەک سووپا، دادوەری کە وەکو دارودەستەی یارمەتیدەر دەبن بۆ بڵاوکردنەوەو دەستەبەرکردنی جموجۆڵی ڕۆشنبیری. بەمجۆرە دەتوانی هەموو ئەم شتانەی کە یارمەتی و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناراستەوخۆ کار لە ڕای گشتی دەکەن زیادبکرێ وەک: کتێبخانەکان، کۆرڕوسیمینارەکان، زنجیرە لێکۆڵینەوەکان، یانەکان. ئینجا بنیادنانی ئایدیۆلۆژی بەهاو هزری خۆی بڵاودەکاتەوە بەهۆی هۆیەکانی جۆراوجۆری گەیاندنەوە وەک: پەرتووک، بڵاوکراوەی ئێستگە، خوێندنەوە. ئەمانە هەموو بایەخەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی پێکدەهێنن. بەڵام کێ گرەنتی بڵاو بوونەوەو سەروەری ئایدیۆلۆژیا دەدا لە کۆمەڵگەی مەدەنی دا؟ ڕۆشنبیران دەتوانن ئەم ئەرکە بگرنە دەست. ڕۆشنبیران بە تێڕوانینی (گرامشی) چەمکی فراوانتر دەگریتەوە کە (وەک بەکارهێنانی ئاسایی نییە) پیاوانی ئایینی، دۆست و لایەنگیرانی حیزب و سەندیکاکان دەگریتەوە. کەواتە دەوڵەت بەگوێرەی ڕای (گرامشی) وەک بنەمایەکی سەرەوە پێکهاتووە لە کۆمەڵگەی مەدەنی و کۆمەڵگەی سیاسی، دەوڵەت کۆمەڵگەی مەدەنییە + کۆمەڵگەی سیاسی، ئەم دەوڵەتە بە هۆی پشتبەستن بە داپڵۆسین پێکدێت.

دەوڵەت یارمەتیدانی پێویست لە نێوان کۆمەڵگەی مەدەنی و کۆمەڵگەی سیاسی ڕێکدەخات.

یەکگرتنی نێوان ئەم دوو کۆمەڵگەیە بە بوونی جووت دەستە گوزارشتی لێدەکرێ. بەمجۆرە پەڕلەمان دارودەستەی دامەزراوی سیاسیە، هەروەها خۆشی دامەزراوو دارودەسەی کۆمەڵگەی

مەدەنییە، لەبەر ئەمە پەرلەمان زمانحاڵی ڕەسمی یان ڕەنگدانەوەی ڕەسمی ڕای گشتییە[٢٦]. بیرکردنەوە بەشێوەی بیردۆزی و سیاسی لەبارەی مارکسیزمەوە ئەمەیە کە بۆ یەکەمجار دیقەتی ئەوەیان داوە لە فەرەنسادا وێنەی چونەناویەکتر یان بەگژداچوونەوەی توند لەگەڵ ڕۆشنبیریی سیاسی بەرامبەر سۆشیالیستی دەوڵەت خەملێوە، ئەمەش بۆ گرامشی گرنگە چونکە زۆر بەڕوونی باسی ئەم بابەتەی کردووە لەو تێبینیانەی لە بەرامبەر فەلسەفەی کردار (براکسیس) و ڕۆشنبیریی نوێ بە شێوەیەکی تایبەتی وایدەرخستووە کەمارکسیزم سەرکەوتن و پێشکەوتنی لە ڕووی ڕۆشنبیریی میللییەوە بەدەستهێناوە، وەلێ نوشوستی هێناوە لەڕووی بیردۆزی ڕۆشنبیری، ئەمەش هیچ چارەیەکی دی نەبووە بۆیە هاوپەیمانێتی لەگەڵ ڕێبازو مەیلی نامۆ بەخۆی بەستووە، وەک ماددیەتی باو، بۆ بەرەنگاربوونەوەی بنکرەی جیهانی پێش سەرمایەداری لە نێوەندی جەماوەری میللیدا. لەهەمان کاتیشدا ئاوەژوو بۆتەوە بۆ ((وێنەیەکی ڕۆشنبیری مام ناوەندی کەتۆزێک بەرزتر بووە لە ڕۆشنبیریی میللی مام ناوەندی (کە لە ئاستی زۆر نزمی دابووە)، بەڵام بە هیچ کلۆجێک نەگونجاوە بۆ جەنگان دەگەڵ ئایدیۆلۆژیای چینە ڕۆشنبیرەکان)). ئەم حاڵەتەش بە تێڕوانینی گرامشی ئەوەیە کە مارکسیزم توانای ئەوەی نەبووە زاڵبێت و (ڕۆشنبیریی نوێی مۆدێرن پێکبێنێ) تەنیا ئەگەر لەیەک کاتدا ڕۆشنبیریی میللی و ڕۆشنبیریی باڵا نەبێ. ئەمڕۆ ئەم دابڕان و شکانەوەیە لە فەرەنسادا ڕێک لەگەڵ ئەوەدا یەکدەگرێتەوە کە بزووتنەوەو ئاودێرکردنی مارکسیزمی (جیهان بین) کە (ئەلتۆسێریەت) و (مارکسیزمی میللی) گوزارشتیان لێدەکات ئەوەی کە ڕابەرانی حیزبی شیوعی و حیزبی سۆشیالیستی ئاودێر دەکەن گەلێک بە خێرایی لەوە دەگەین کە

بۆچی مارکسیزم لە فەرەنسادا بەبەرهەم نەگەییوە، چونکە توانای ئەوەی نەبووە لە نێوان ئەم دوو بزووتنەوەیەدا ڕۆشنبیرییەکی سیاسی نوێ کۆبکاتەوە.

بۆچی بە شێوەیەکی بنەڕەتی و بنچینەیی داشکاوەتەوە لە دامەزراندنی ئەگەرێکی بیردۆزی بۆ ڕۆشنبیریی دەوڵەتی، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی بیردۆزی دەسەڵات لای مارکس. هەروەکچۆن (سارتەر) وەها وەسفی دەکا کە (مارکسیزم ئاسۆی چەرخەکەمانەو ناتوانین لێی ڕەتبین) کە ئەمەش ئاسۆی بیردۆزی چەرخی خۆیەتی و پێکهاتەی کەلوپووری دەوڵەتی بۆ سۆشیالیستی ئەلمانی (دەوڵەتی گەل) هەروەها کەلەپووری رزگاریخوازی بۆ سۆشیالیستی فەڕەنسی (نەمانی دەوڵەت، کۆبونەوەی خۆیی کرێکاران و کارگەران) بەتەنیا بەس نییە بۆ بەرهەمهێنانی بیردۆزێکی سیاسی. لەبەر ئەوەی ئەم دوو کەلەپوورە بەشداران لە فەرامۆشکردنی مەسەلەی دەسەڵات، لە واقیعیشدا هەرتکیان تەئکید لەسەر ئەمە دەکەن بە شێوەو وێنەی جیا بە سەرلەنوێ یەکخستنەوەی کۆمەڵ و بە ئامانجی سیاسەت، ئەمەش ڕێکەوت نییە ئەگەر بڵێین شۆڕشی سۆڤیاتی تا دوایین کەلەپووری ڕزگاریخوازی مابێتەوە، هۆی ئەمەش بوونی ئەنجوومەنەکانی سۆڤیات بووە وەک شێوەیەکی بنەڕەتی نوێ بۆ دەسەڵات.

ئەمەش لە کۆتاییدا دەوڵەتی زێدە تۆتالیتاری لە جیهاندا هێنایە بەرهەم و بەسەرکەوت وەکچۆن فاشیزم چۆکی داداو نوشوستی هێنا، واتە بەلەخۆگرتنێکی تەواوەوە سەرکەوت بۆ لەخۆگرتنی کۆمەڵگەی مەدەنی و کۆمەڵگەی سیاسی[٢٧]. بەڵام لای (گرامشی) کۆمەڵگەی مەدەنی وایلێهاتوە زیاترو زیاتر ڕووبکاتە گەڕانەوە بۆ ڕێکخستنی کاروباری خۆی بۆ دەوڵەت. تا دەوڵەت دەتوانێ دەسەڵاتی خۆی

بسەپێنێ بەڵام بە وێنەیەکی تەواو، بۆ ئەمە دەوڵەت کەناڵەکانی گەیاندن دەکاتە مۆڵکی خۆی، وەک ڕۆشنبیری و فێرکردن. بەڵام ئەم تێکەڵکردنەی نێوان کۆمەڵگەی مەدەنی و کۆمەڵگەی سیاسی دەبێ لێکجیابکرێنەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ستراتیژی تەکنیکی کە دادەنرێ بۆ سەرەوژوورکردنەوەی سیستەمی زاڵبوونی چینی باو. ئالێرەدا جیاوازی لە ڕوانینی تەکنیکی و ستراتیژی لە نێوان هەریەک لە (لینین) و (گرامشی) بەدیاردەکەوێ. بۆیە تێبینی ئەوە دەکرێ کە (لینین) لە نووسینەکانیدا پێ لەسەر گۆڕینی دارودەستەی (جهاز) دەوڵەت دادەگرێ بەبوونی هێزەوە بۆ لابردنی چینی زاڵ کە بونیادە بەسەر لایەنی سیاسی کە دارودەستەی حوکمڕانی لە سیستەمی سیاسیدا پێی دەناسرێتەوە. کەچی (گرامشی) بەپێچەوانەوە تەئکید لەسەر پێش ویستنی کۆمەڵگەی مەدەنی بەسەر کۆمەڵگەی سیاسیدا دەبینێ. بۆ ئەمە (گرامشی) ئیشارەت بە پێشوەختەیەکی مێژوویی دەدا ئەمیش ئەوەیە کە چۆن بۆرژوای فەرەنسی لە خەباتی خۆیدا ڕوویکردە کۆششکردن لە بواری فێرکردندا، بەمەش توانی بگا بە زاڵ بوونی ئایدیۆلۆژیا پێش ئەوەی بە شێوەی سیاسی ساڵی ١٧٨٩ لە ڕۆژانی هەڵایسانی شۆڕشدا زاڵبێت. ئێستاش دەستبەسەرداگرتنی بۆرژوا بە مانەوەی خۆی وەک پرنسیپێکی پنچینەیی پشت بە سەرکردایەتی کۆمەڵگە دەبەستێ بە شێوەیەکی ڕەوشتی و ڕۆشنبیری بە دەرسدانی کۆمەڵگەی فەرەنسی بە هەموشتێک کە پەیوەستە بە هەڵسوکەوتو دابونەریت و بەهاکان. (گرامشی) هەڵوێستی فەرەنسا وا مەزەندە دەکا هەروەک چۆن دەوڵەت سەنگەرێکی پێشەوە بێ و لەپشتەوەشی زنجیرەیەک لە قەڵاو سەنگەر هەبن. لەبەر ئەوە هەر هەوڵدانێک بۆ گۆڕینی ئەم بارە دەبێ ئەمە لەبەرچاو بگیرێ بە چوونە ناو هەوڵدانێکی

دەستەویەخەی دێژخایەن بۆ هەڵوەشانەوەی بۆماوەی بونیادنراوی فەرەنسی و ئەوەی لە کۆمەڵگەی مەدەنی دا چێنراوە[٢٨] .. دەبینین نووسینەکانی (ئەلتۆسێر) کە فەیلەسووفێکی فەرەنسیەو یەکێکە لە نووسەرە مارکسیەکان. ئەو زاتە تێڕوانینەکانی دەگەڵ (گرامشی) جیاوازە، زۆر کەمیش لای ڕۆشنبیرە عەرەبەکان ناسراوەو کتێبەکانی وەرگێڕدراون، بەڵام ناوێکی پرشنگداری هزرڤانێکی ڕۆژئاواییە.

ئێمە نامانەوێ بە تەواوی دەگەڵ ئەو فەیلەسووفە لە هەموو بیروڕاکانی بدوێین بەقەد ئەوەی دەمانەوێ لەم کتێبەیدا کە ناوی لێناوە (ئایدیۆلۆژیاو دەزگای ئایدیۆلۆژیای دەوڵەت) ئەوەندەی پێوەندی بە باسەکەمانەوە هەبێ نویشکێکی لێهەڵێنجین. ئەم دووانە واتە (گرامشی و ئەلتۆسێر) پەیوەست نین بە دەقەکانی مارکسیزم، بەڵام لە ڕوانگەی مارکسیزمەوە بیرو لێکدانەوەو تێڕوانین و زێدەبەخشیان هەیە. جیاوازیش لە نێوانیاندا ئەمەیە کە گرامشی لە شیکردنەوەکانیدا زۆر ڕوونتر دەبینرێ ڕۆڵی دەوڵەت وەک دەزگایەکی داپڵۆسین یان وەک دەزگایەکی ستەمکاری لە کۆمەڵگەدا دەبینێ. هەروەک باسمان کرد گرامشی باسی کۆمەڵگەی مەدەنی و کۆمەڵگەی سیاسی کردووە و هەر لەم ڕوانگەیەشەوە دەخزێتە نێو پێوەندییەکانی کۆمەڵگە. بەڵام ئەلتۆسێر هەمان بایەخ بە هاوئاستی نێوان کۆمەڵگەی سیاسی و کۆمەڵگەی مەدەنی نادات، بەڵکو زیاتر بایەخ بە دەزگای ئایدیۆلۆژیای دەوڵەت دەدات و وایدەبینێ کە لەگەڵ بوونی دەوڵەت و دەسەڵاتە داپڵۆسێنەرەکانی وەک پۆلیس و ئیدارەو دادگاکان، ئەوا دەزگای ئایدیۆلۆژیای دەوڵەتیش هەیەو هاوپێوەندە دەگەڵ دەزگای داپڵۆسینی دەوڵەت وەک دەزگای بیروباوەڕی کڵێساو خێزان. پێکهاتەی هەموو ئەم دامەزراوانە دەبنە دەزگای

داپلۆسین دژی تاکەکەسەکان، بەجۆرێک کەوا لە تاکەکەسان دەکات سەر دانەوێنن بۆ هەموو ویستەکانی ئەم دەزگایە داپلۆسێنەرە. جا دەولەت بە تەنیا دەزگای داپلۆسینی ئیستیبدادی نییە بەڵکو دامەزراوی تریش هەن کە داپلۆسێنەرن وەک کڵێسا، قوتابخانە، خێزان. ئایا هۆکار و پاڵنەری ئەم زاڵبوونە چییە؟ ئەم پاڵنەرە بەلای ئەوەوە هەڵێنجانی زێدەباییە لە چینە زاڵەکاندا بۆ خۆیان بۆ قازانجی چینی زاڵ یان چینی باو ئەمەش هەر بۆ خۆشەویستی دەسەلاّت نیە بەتەنیا بەڵکو بۆ ئیستیبدادی زێدەباییە لە چینە زاڵەکاندا بۆخۆی بە هۆی چینی باو یان زاڵ تا ئەم ڕادەیەی هزری مارکسیزم هەر یەکشتە بەلاّم (ئەلتۆسێر) لەمەش زیاتر ڕەتیدەکا کاتێ وایدەبینێ کە چینی زاڵ تەنیا بایەخ بە پێوەندییەکانی بەرهەمهێنان نادات بەڵکو بە هۆیەکانی بەرهەمهێنان دەدات کە هۆیەکانی بەرهەم هێنانیش ئەمانەن (ئامێرەکان – کرێکاران) کە بۆ ڕاژەی بەردەوامبوونی پێوەندیەکانی بەرهەمهێنان بایەخیان پێ دەدات، چونکە ئامێرەکانی کارکردن لەوانەیە لاواز ببن و لەناوبچن بۆیە بەتەنیا بایەخ بە بەرهەمهێنان نادا بەڵکو بەهۆیەکانی بەرهەمهێنان و تا بەم هۆیەوە بتوانێ ئامێرەکان بەردەوام بن. جا ئەگەر هاتوو هۆیەکانی داپلۆسین لەلایەن کڵێسا و خێزان و قوتابخانەدا بەکارهات ئەوا بۆ ئەمەش بەکار دەبردرێن تا کار لە هۆیەکانی بەرهەمهێنان بکات. قوتابخانەکان کە منداڵ دەگرنەخۆ هەر لە باخچەی ساوایانەوە تا خوێندنی بالاّ ئەوەیان لە مێشکدا دەئاخنرێ کە بیر لە ڕێگایەکی دیاریکراو بکەنەوەو کێشەی دیاریکراو فێربن و ئەم شتانەی کە لە ڕاژەی چینی زاڵدان. خەڵکەکەش هەروا جێناهێڵرێ بەڵکو چینی زاڵ بەڵێنی ئەوەیان پێدەدا کە جێگاو خۆراک و پێویستیەکانی بنچینەیی ئەم تاکەکەسانە دەستەبەر بکات تا بتوانن فێری ئەوەبن خزمەتی

چینی زاڵ بکەن. ئەم دەزگای ئایدیۆلۆژیایە پێکەوە لەگەڵیاندا کار دەکات لەپێناوی داهێنانی جۆرێکی بەرهەمهێنانی دیاریکراو بۆ ڕاژەی چینی زاڵ.

کەواتە ئەم شتەی کە (ئەڵتۆسێر) دایهێناوە ئەوەیە کە نوێکردنەوەی دەزگای زاڵبوونی دەوڵەتە، دامودەزگاکانی دەوڵەت شان بەشانی کۆمەڵگەی تایبەتی وەک کڵێسا، خێزان، قوتابخانە، کار دەکەن، ئەوەی کە (گرامشی) ناوی لێناوە دامودەزگای مەدەنی یان کۆمەڵگەی مەدەنی.

ئەم کارەی کە (مارکس) ئەنجامیداوە پێوەندی کۆمەڵایەتی سەرمایەداری بەدەردەخات بەو دەرەنجامەی کە لەسەر کێشمەکێشی چینایەتی بنیاتنراوە و بەم پێودانگەی کە ڕووبەرێک پێکدێنێت و نایەکسانی و نائاستی تیایە (نەک تەنێ نایەکسانی) هەموو شتێک تیایدا لە ژێر دەسەڵاتی کێشمەکێشی چینەکان و ئایدیۆلۆژیای باو دێتەدی.

زیادکردنی ئەلتۆسیر بۆ هزری مارکس لە شیکردنەوەی سروشتی دەوڵەتی سەرمایەداریدایە بەوپێیەی کە داپڵۆسێنەرو ئایدیۆلۆژیە واتە بەو پێودانگەی کە بەتەنیا بەهێز بەرهەم ئەنجام نادات بەڵکو ئەوا دیسان بەم هۆیەوە دەیهێنێتەدی بە پاشکۆیی و چوونە ژێر ڕکێفی تاکەکەسان بۆ ئایدیۆلۆژیا. ئەم چوونە ژێر ڕکێفیە بە هەوڵی چەندان دامودەزگا دێتەدی کە ئەلتۆسیر لە لیستەیەکی کۆنەکراوەدا پێکەوەیان خڕدەکاتەوە لەمانەش دامودەزگای ئایینی و دامودەزگای قوتابخانە و دامودەزگای خێزانی و دامودەزگای سیاسی (حیزبەکان) و دامودەزگای سەندیکایی و دامودەزگای ڕاگەیاندن (ڕۆژنامە و ئیستگە و تەلەفزیۆن) و دامودەزگای ڕۆشنبیری (ئەدەب و فەلسەفەو هونەرە جوانەکان و

يارييه وەرزشيەكان...تاد). ئەمانە هەموو ماناى چين؟ ئەمە ماناى وايە كە كۆمەڵ، هەر كۆمەڵێك تەنيا ئەوە نييە كە پێكەوەنووسانى سيستەمى ئابوورى و سيستەمى سياسى و ڕۆشنبيرى بێ و پێوەندى نێوانيشيان نامۆ بێ ياخود كارتێكردنى هەر يەكێكيان لەوەى تر بەڵكو كۆمەڵ ئەوەيە كە سيستەمێكى جياوازى نەگونجاوە لەگەڵ يەكتر چونكە لەسەر كێشمەكێش و دژگەيى بنياتنراوەو دەتوانرێ لە ڕەگەزەكانى بكۆڵرێنەوەو لێى بكۆڵرێتەوە لە كلاوڕۆژنەى سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەى پێوەندييەكانى بەرهەم واتە پێوەندييەكانى كارى بەردەوام كە ڕاناوەستێ و ئامانجى بۆ ئيستيقرارو دووبارە بوونەوەى ئەوەى كە هەڵدەوەشێتەوەو دەسوێ لە ڕێچكە جۆراوجۆرەكاندا[٢٩].

كەواتە ئەم مەسەلە بايەخدارەى كە بەلامانەوە گرنگە، پێوەندى نێوان ڕۆشنبيران و سياسەتە. سنوورى ئەم پێوەندييە ئەوەيە كە لە لايەكەوە زۆر فراوانە هەروەكچۆن (گرامشى) تێبينى كردووە وەك وتوويەتى ((هەموو مرۆڤێك ڕۆشنبيرە)) بە ماناى هەموو تاكەكەسانى كۆمەڵ بيردەكەنەوە لە ژيانى كۆمەڵايەتى خۆياندا بە ژيانى سياسيشەوە بەهەرچى ڕێگەيەك بێت، ئەمەش بەشێكى سەرەكيە لە بوونى ڕۆژانەياندا. لەگەڵ ئەمەشدا پێويستە هەڵاوێرێك بكەين وەك گرامشى لە دواييدا ئاماژەى پێداوە بە زيادكردنى ئەوەى كە (هەموو مرۆڤێك ئەركى ڕۆشنبيران لە كۆمەڵدا نابينێ) ئەوەى كە لە نێوان ئەم ئاستە ڕۆژانەى تێبينى و بيركردنەوەى سياسيانەو چەكەرەكردنى زياترى سيستەمى و وردبينى بۆ هزرى تايبەتى بە كۆمەڵ و سياسەت، كە چالاكى سەرەكى بۆ تاقمە ڕۆشنبيرەكانى تايبەتمەندتر پێكدێنێ.

بە نيسبەت ئەم تاقمانەوە وازەندەكرێ كە سێ جۆرى

سەرەکی هەیە لە پێوەندی بە سیاسەتی کردارییەوە. یەکەم: ئەوەیە کە بە نیسبەت هزرڤانان یان کۆمەڵێک لە هزرڤانان نەشونوما دەکات کە سەرەتاکانی بیردۆزی سیاسی نوێ دادەڕێژن لە ناو چوارچێوەی بیردۆزی کۆمەڵایەتی فراوانتردا. بەنشام و سوودگەیەنەران (النفعيين)، **مارکس** و **ئەنگلس**، **باریتۆ** و **مۆسکا**، **فابیەکان** و **براگماتە ئەمریکییەکان**، نموونە لەبارەی هزرڤانە سیاسیەکان- جیاوازمەندەکان بە شێوەیەکی فراوان لە هێزو بڕکردنی بیردۆزەکانیان- کاریان لە ژیانی سیاسی کردووە بە بەخشینی ڕێنمایی نوێیان بۆ کرداری چینەکان، یان دەستەبژێرو تاقمەکانی تر لە کۆمەڵگەکانی خۆیاندا بە شێوەیەکی نیمچەیی بە پێکهاتەی بیروڕا. هەروەها بەنیمچە بەشداریکردنی ڕاستەوخۆ لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان و حیزبە سیاسیەکاندا. جۆری دووەمی: پێوەندی لە ڕاڤەکردنی کەش و هێڵە سیاسیە جیاجیاکانی باو لە لایەن ئەم هزرڤانانە دەبینرێن کە هیچ زیاد بەخشینێک بە بیردۆزی نوێی سیاسەت نادەن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەم بیردۆزە بوانەدا بە ڕێگەیەکی زۆر گونجاو ئاودێری کەشی بۆ دەکەن، هەندێک لەم هزرڤانانە - **ترۆتسکی**، مارکسییە نەمساوییەکان، **نەهرۆ** یان **ماوتسی تۆنگ** - ڕاستەوخۆ لەسیاسەتدا بەشدار بووینە وەک سەرکردە بۆ بزووتنەوە سیاسەکان. هەندێکی تریش هەن کەمتر دیارن لە ئینتیماکردن بۆ ڕێکخراوە سیاسیەکان - **سارتەر**، فەیلەسووفەکانی قوتابخانەی فرانکفۆرت، بانگخوازە نوێکانی بیری پارێزگاران- لیبرالەکان، وەک **بوبروفۆن هایک**- مومارەسەی شوێنپێی بڵاوتریان بەسەر ئەم بزووتنەوانەی جۆرەجیاجیاکاندا کردووە. ئەمەش لە لایەنێکی گەورەی زانستی کۆمەڵناسی سیاسی ئەکادیمیدا پێوەندییەکی هاوشێوەی بە ژیانی سیاسیدا هەبووە.

دەتوانین بڵێین کە ڕاڤەکردنی سیاسی (ماکس فیڤەر) کە بە پلەی سەرەکی دژی سۆشیالیستی مارکسیەو هاندەرێک بووە بۆ دانانی گۆشەنیگای سیاسی لیبرالی، ئەمە تا ڕادەیەک. جا بە شێوەیەکی زۆر ڕوونتر نموونەمان بیروڕای نەتەوەیی توندڕەوە لە نێوان ڕیزەکانی چینی ناوەندی ئەڵمانی. بەڵام بە نیسبەت (دۆرکهایم) کەزانستە کۆمەڵناسیەکەی لیبڵتر ناسراوە، لەگەڵ ئەمەشدا پابەندی تەواوی بە جمهوریەت خوازی دا هەیە (بە شێوەیەکی ڕوونتر لە کاتی کێشەی دریفۆس دا) هەروەها خۆشەویستیەکی ئاگاداری هەیە بۆ باڵی چاکخوازی لە بزووتنەوەی سۆشیالیزمدا، هەروەها دوژمنداریەکی زۆری هزری مارکسیزم دەکات لە بارەی کێشمەکێشی چینەکاندا.

زانستی کۆمەڵناسی لای (دۆرکهایم) بەسەرجەمی، نەخاسما بیروڕای دەربارەی پێویستی بۆ دەسەلاتێکی ئەدەبی نوێ لە کۆمەڵدا تەنیا پاڵپشتێکی گشتیشی بۆ هزری سیاسی کۆماری سێیەمی فەرەنسا نەبووە. بەڵکو کاری ڕاستەوخۆی بەسەر سیاسەتی فێرکردن و هەوڵدان بۆ پێکهێنانی (ئەخلاقیەتی عەلمانی) داهەبووە. سێیەمیان: پێوەندیەکی پتەو و بەردەوام لە نێوان کاری زانا سیاسیەکان و بەرەوپێشچوونی ڕۆتینی بۆ حکوومەت و ئیدارە هەیە. گەورە فەرمانبەرانی دەوڵەت، تا ڕادەیەکیش سەرکردە سیاسیەکان لە زۆرکاتدا لە مێژووی سیاسی و یاسای دەستووری و پراکتیک کردنی ئیداری فێر دەبن دەرس وەردەگرن. وایلێهات زانستە سیاسییەکان ببن بەراوێژکاری دایەرەو وەکالاتی میری. باسە سۆسیۆلۆژیەکانیش دەبن بە یارمەتیدەر لە دارشتنی بڕیارە سیاسیەکاندا. لەواقیعیش دا دەتوانرێ دەمەتەقێی ئەمە بکرێ هەروەک چۆن (هابرماس) وئەوانی تر کردوویانە بەوەی کە ڕێبازێکی بەهێز لە کۆمەڵگە پیشەسازیە پێشکەوتووەکاندا هەیە

بەگۆڕینی کێشە سیاسییەکان بۆ کاروباری هونەری و پاشانیش بەهێزکردنی ڕۆڵی زاناکانی کۆمەڵناسی وەک (پسپۆڕ) کە دەتوانن چارەسەری هونەری ئامادە بکەن.

بەڵام هەروەکچۆن ڕەخنەگران ئاماژەیان بەمەداوە ئەم هێڵە خۆی خاوەن جەمسەرێکی سیاسییە. هەروەها دەتوانرێ وەهاش ڕاڤەبکرێ کە ئەمە لە ئەنجامی بەرزبوونەوەی چینی یان دەستەبژێری بیرۆکراتی- هونەری نوێیە بۆ دەسەڵات. هەموو کێشەکان ئەوکاتە بەشێوەیەکی میکانیزمی دەبێتە (کێشەی ڕۆتینی) لە جۆری هونەری - دەستبەسەرداگرتنی زێدەبایی، زیادکردنی بەرهەم، جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرامەتی سەرکەوتوو یان دۆزینەوەی چارەسەری بۆ پشێوی نرخی خەرجی- لەسەر بنچینەی سەرجەمی سیاسی داسەپاو. بوونی ڕاستەقینەی توێژە زاڵەکان و گوێڕایەڵەکان لە کۆمەڵگەدا دەسڕێتەوە، ئەمەش پێویستی بە بوونی گفتوگۆی سیاسی زۆر فراوان هەیە بۆ دەستنیشانکردنی خامە کۆمەڵایەتیەکان لە نێوان ئەو توێژانەدا یان بە مانای فراوان لەبارەی دادوەری و مانای (کۆمەڵگەی ڕێکوپێک)[٢٠]. (**کارل مانهایم**) وسۆسیۆلۆژیای دەستەبژێری ڕۆشنبیران لای ئەو گرووپێکی نیسبی ناچینایەتیەو هێشتا نەنیشتۆتەوە ئەمەیە کە (**ئەلفرد فیبەر**) ناوی دەنێ دەستەبژێری ڕۆشنبیری بێلایەنی کۆمەڵایەتی. شتێکی ستەمیشە لەم بوارەدا تاوەسفی زۆرگشتی بۆ کێشەی سۆسیۆلۆژی کە بەزەحمەتی ئەم هزرڤانانە بەرپای دەکەن بتوانین بە دەستیانەوە بدەین. بەڵام ئەم گیروگرفتانەی کە پێیەوە خەریکدەبین ناتوانرێ بە داڕشتنێکی تەواوەوە دابڕێژرێ. سۆسیۆلۆژیاش کە تەنیا بەگوێرەی چینە کۆمەڵایەتیە ئابووریەکان ئاراستە دەبێ ئەوا تێگەیشتنی تەواویان لەم دیاردەیەدا نییە، بەگوێرەی ئەم بیردۆزە هزرڤانان

چینێک پێکدەهێنن، یان بەلانی کەمەوە کلکداری چینێکن. بەمجۆرە ئەوا دەتوانرێ وەسفێکی ڕاستی ئەم هۆکارانەی کە دەستنیشانی ئەم توێژە کۆمەڵایەتییە بێلایەنە دەکات و وەسفی ڕەگەزو پێکهاتەکانی دەکا بەڵام ناتوانێ ئیشارەت بە خەسڵەتی بنەڕەتی بۆ ئەم توێژە بە تەواوی بە دەستەوە بدات. ڕاستە ژمارەیەکی زۆر لە هزرڤانەکانمان لەم چینانەن کە داهاتی بەرزیان هەیە (ئەو چینانەی لەسەر کرێی موڵکەکانیان وقازانجی بانقەنۆتی وسەهمەکانیان دەژین)، بەڵام دیسان توێژی تر لە فەرمانبەران هەن کە پیشەی پڕ لە قازانجیان هەیەو ئەمانیش دیسانەوە ئەندامن لە دەستەبژێری ڕۆشنبیران.

بەڵام پشکنینی وردی بناغەی کۆمەڵایەتی بۆ ئەم توێژانە وا بەدیار دەخا کە ئینتمای ئەندامەکانی بۆ یەک چینەو لەئینتمای ئەوانە ڕوونتر نییە کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەشداری زیاتریان هەیە لە کردەی ئابووری دا. ئەگەر ئەم لێکۆڵینەوە سۆسیۆلۆژییاییە بەسەر چەند دەستنیشانکراوێکدا جێبەجێبکەین کە هەموو توێژەکانی ڕۆشنبیران بنوێنێ بە لێکۆڵینەوەیەکی مێژوییەوە، ئەوکاتە گەلێک جیاوازی لە نێوان هزرڤانان و ڕۆشنبیراندا بەدیار دەکەون. ئەم گۆڕانکاریانە لە پێوەندی چینایەتی کاتە جیاکاندا کار لە هەندێک لەو توێژانە دەکات بەکارتێکردنی سوودبەخش و بەسەر هەندێکی تریشیان بەکارتێکردنی زیانبەخش دەکات. لەبەر ئەوە ناتوانین بڵێین کە ئەو توێژانە بەشێوەیەکی گونجاو یەکتر دەگرنەوە، لەگەڵ ئەمەش کە جۆراوجۆری وجیاوازی لە نێوان ئەم توێژانە ڕێگای ئەوەمان پێنادەن وەها سەیری بکەین بەوەی کە هەموویان یەک چینن بەڵام گرێدراوێکی سۆسیۆلۆژی هەیە کە گشت توێژە ڕۆشنبیرەکان یەکدەخات. ئەمیش فێرکردنە کە لەنێوان یەکتریدا کۆیان دەکاتەوەو بەرێگەیەکی سەرسوڕمێن بە یەکترەوەیان

گرێدەدات. بەشداریکردن لە کەلەپووری پەروەردەیی هاوبەش بەشێوە زیادەییەوە وەها وەردەگەڕێ کە جیاوازیەکانی دانیشتوانی و جێگەو ڕێگە و پیشەو شۆڕش تێکبشێنێ و یەکڕیزیش بخاتە نێو کەسانی پەروەردەکراو لەسەر بنچینەی ئەم پەروەردەیەی کە وەریدەگرن. لێرەدا بایەخ بە پشکنینی تواناداری بوونی سیاسەتێکی گونجاو بە تەنیا بۆ هزرڤانان و ڕۆشنبیران نادەین. ئەگەرچی بێت و ئەم پشکنینە بێتەدی لەوانەیە وایدەربخات کە ڕۆشنبیران لە کاتی ئێستەدا ناتوانن بەشێوەی سیاسی سەربەخۆ چالاک بن. لەم چەرخەی وەک چەرخی ئێستەمان، بەرژەوندی چینەکان و شوێنیان بەشێوەیەکی دیار لە زیادبوون دایە، بەرژەوەندی و ناوەندەکەشیان هێزی خۆی لەکاری جەماوەری وەردەگرێ، هەرکاتێک هەڵسوکەوتی سیاسی بۆی لوا پشت بە هۆکارەکانی پاڵپشتی تر ببەستێ ئەمە ئەگەر بتوانێ. بەڵام ئەمە مانای وانییە کە شۆێنی تایبەتی هزرڤانان ڕێگەیان پێ نادات لە بەدیهێنانی ئەم شتانەی کە بایەخێکی پەسندیان هەیە بەنیسبەت سەرجەم کرداری کۆمەڵایەتی. لە گرنگترین ئەم شتانەش دۆزینەوەی ئەم پایەیەی کە دەتوانرێ بگەیەنرێتە ڕوانینێکی سەرتاپاگیری. بەمجۆرە ئەوا ڕۆشنبیران دەتوانن ڕۆڵی چاودێران بگرنە ئەستۆی خۆیان لە کەشێکدا کە بێئەوان شەوێکی ئەنگوستەچاوە(٣١).

لەبەر ئەمە (کارل مانهایم) لای وایە کە ڕۆشنبیران توانای پێکهێنانی (زانستی سیاسەت) یان هەیەو ناشتوانن لەرووی سیاسییەوە سەربەخۆ بن و وایدەبینێ کە لە (چەرخی ئێستەماندا کە جیاوازیەکی زۆر لە شوێن و بەرژەوەندی چینایەتیدا دەبینرێ، ڕۆشنبیران لە هەرچی شتێکی تر زیاتر هێزی سیاسی کاریان تێدەکات لەگەڵ ئەمەشدا ناتوانن پایەی سیاسی گرنگ بگرنەدەست

که کار له کاروانی کۆمەڵ وگۆڕینیشی دەکات. بەڵکو شوێنی چاودێری سیاسی دەگرنەوە، که تەنیا دەتوانن بڕواننە ئەم ڕووداوە سیاسیانەی کە لەکۆمەڵگاکانیاندا ڕودەدات لەم بارەیەوە).

(مانهایم) لای وایە کە زانستی کۆمەڵناسی سیاسی بۆ ئەم مەبەستە بەدیاردەکەوێ تا یارمەتی سیاسییەکان بدات بۆ بڕیاردانی سیاسیانەی گونجاو کە لە ئەستۆیەتی و پێوەندی نێوان هەڵبژاردەی فەرمانڕەواو جەماوەر بەهێز بکات. لەبەر ئەمە زانستی کۆمەڵناسی سیاسی ئامانجی ئەوە نییە کە هزری سیاسی سیستەمی حوکمڕانی بڵاوبکاتەوەو چەکەرەی پێبکات. بەقەد هەوڵدانی بۆ یارمەتیدانی فەرمانڕەوایان بۆ بڕیاردانی بڕیاری سیاسی چاک وگونجاو کە دەبێتە پتەوی پەیوەندی لە نێوان دەوڵەت و گەل. لەم شێوازە زانستیەدا کە مانهایم لە ڕاڤەی پێوەندی سیاسی نێوان فەرمانڕەواو مەحکوماندا پشتی پێدەبەستێ دەچێتە خانەی سیاسەتی پراکتیکی بەشێوەیەکی زیاتر لە زانا کۆمەڵناسە هاوچەرخەکانی تر[٣٢].

هاوکێشەی پێوەندی نێوان ڕۆشنبیران ودەسەڵات یان بەواتایەکی فراوانتر لە هزرڤانێکەوە دەگەڵ یەکێکی تر جیایەو هەریەکەیان بە پێوانەی هزری خۆیەوە لە مەسەلەکە وردبۆتەوە و لەگۆشەنیگای هزرو ئایدیۆلۆژیا و تێڕوانین و ئاستی بیرکردنەوەی خۆی بیری لەم هاوکێشەو پێوەندیە دووسەرەیە کردۆتەوەو لیێ دواوە، ئەوەتانێ (ڕیمون ئارۆن) لە کتێبی (ئەفیونی ڕۆشنبیران) دا پێوەندی نێوان ڕۆشنبیری وسیاسەت بەم شێوەیە لێکدەداتەوە: هەموو کۆمەڵێک لە کۆمەڵە مرۆڤایەتیەکاندا توێژێکی ڕۆشنبیری خۆی هەیە کە چالاکیەکانی دەست لەملانێی هەموو ئەم شتانە دەکا کە ڕۆشنبیری بەخۆیەوە هەڵدەگرێ، لەبەهای هزری وشێوەکانی دەربڕین لە ئەدەب و هونەرو زانست و فەلسەفەو ئەو توێژەش

بەپەرەسەندنی کۆمەڵەکان زیاتر پەرەدەستێنێ. ئەوەبوو شۆڕشی پیشەسازی ڕۆڵی گرنگی هەبوو لە پەرەسەندنی ڕۆشنبیریدا، وابوو زنجیرەی ڕۆشنبیران فراوان بوو تاوایلێهات خاوەن پسپۆرایەتی زانستی و هونەریش بگرێتەوە شان بەشانی یاسادانەران و ئەندازیاران و تا پیشەسازە کارمەندەکانیش. هەمدیس پێشکەوتنی پیشەسازی خۆیشی توێژێکی فراوانی لە (پرۆلیتاریا)ی جیاواز لەگەڵ ئەوەی لە چەرخی نۆزدەیەمدا هەبووە هێناوەتە ئاراوە بەنیسبەت هۆشمەندی و سروشتی مامەڵەکردنی دەگەڵ ئالەتی جۆراو جۆرو ئاڵۆزدا. شتێکی پێهەلبەستە نییە کە ڕۆشنبیران بەسیاسەتەوە لکاون، ئەمەش دیاردەیەکی زۆر سروشتیە نەخاسما ئەو توێژە لە زۆربەی کاتدا وابەستەی سیستەمی دانراوو هەبووی هەر سیستەمێک بووە، لە دیموکراسیەوە بۆ لیبرالی و تا نەتەوەیی و هەمدیس فاشیزم و شیوعیەتیش، کە لایەنگیرو سوودمەندی خۆی هەر هەبووە. ئینجا لەهەموو ئەم سیستەمانەشدا ئەم ڕۆشنبیرانە دەبینرێنەوە، یان بەلانی کەمەوە هەندێکیان بەئەرکی بانگهێشتن بۆ ئەم سیستەمە هەڵدەستن و تەفسیرو پاساودانەوە بۆ هەڵەکانیشی دەکەن لەلای جەماوەر. پێوەندی ڕۆشنبیران بە حکمڕانی – بەشێوەی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤ- دەگەڕێتەوە بۆ ئەم شێوە پێشکەوتنەی کە بەسەر واقیعی ئابووری سیستەمی هەبوو دا دێت. ئەمەش چ لە ڕۆژهەلات یاخود لە ڕۆژئاوادا بێت، یان لەم وڵاتانە بێت کە بە ڕێگەی پیشەسازیدا تێدەپەڕن. شتێکی سروشتیشە کە توێژی ڕۆشنبیران سەرتاپایی فراوانتر بێت لەچینی فەرمانڕەوا. لەبەرئەوەی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا بەشێوەیەکی هەڵکشاو بەردەوام داوای توێژی زیاتر دەکا لە پسپۆران. ئینجا ئەم سروشتی دیموکراتیە خۆی بەردەوام وادەنوێنێ وەک ئەوەی بێشکەی شۆڕش بێت[٣٣] ئینجا دەبێ ئەو

کەسانەی بیانەوێ بیروڕای سیاسی ڕۆشنبیران پۆلین دەکەن بگەڕێنەوە سەر بنچینەو ڕەگەزیان لە کۆمەڵدا. فەرەنسا بەنموونە وەربگرە: هەر پشکنەرێکی باری ڕۆشنبیران دەبینی کە مامۆستایان و زۆربەی خوێندکارانی لە ناوچەیەکی دیاریکراوی ئەم وڵاتەدا ئەوا بەزۆری مەیلی سیاسیان بەرەو چەپڕەوییە. لەکاتێکدا دەبینێ کە پەیمانگە باڵاسیاسیەکان لەبەرنامەو هەڵسوکەوتیاندا مەیلیان بەرەو پارێزگارییە.

پایەی ڕۆشنبیران لە وڵاتانی ئەنگلۆساکسۆنیدا جیاوازە دەگەڵ هاوشێوەکانی خۆی لە وڵاتانی لاتینی دا. ئینجا بزووتنەوە چاکخوازەکانی وڵاتانی لاتینی نوشوستیان هێناو ڕێبازە ئایینیەکانی زۆربوون وکاسۆلیکیەت نەیتوانی پەرەبسێنێ لەکاتێکدا وڵاتانی ئەنگلۆساکسۆنی بەرهەمی چاکی لەهەمبەر بزووتنەوەی چاکخوازی و یەکێتی ڕێبازی ئایینی و توانای پەرەسەندن وەدەستهێناوە. لەبەرئەمە دەبینین ڕۆشنبیران لەفەرەنسادا لە نێوان لایەنگیری بۆ کلێساو لایەنگیری بۆ چینی حوکمڕان بڵاوبوونەتەوە، بەڵام لەهەردوو حاڵەتدا هەوڵی پەرەسەندن دەدەن و ئەمانە کلێساو پیاوەکانی بەشێوەیەکی گشتی بەدوژمنی خۆیان دەزانن. بەڵام پیاوانی توێژی حوکمڕان بنەمای پێوەندی ڕۆشنبیران پێیانەوە زۆر توندوتۆڵە. هەرچەندە دەستەی حوکمڕان بۆ ئەو ڕۆشنبیرانەی کە لەعەرشەوە نزیک دەبوونەوە ئەوا ئاستەنگی ژیانیان لەسەر کەم دەبوەوە، بۆیە لەگەڵیا بوون و پێیان هەڵدەداو پاساو هێنانەوەی مانەوەی بیردۆزیشیان بەکەیفی خۆیان بۆداوە، بەڵام کە لە چەلاوو پارووی چەور دووریان دەخستنەوە ئەوا هەزاران جنێویان بۆ دەباراندن و جۆرەها تۆمەتیشیان بۆ هەڵدەبەستن و بانگهێشتی نزیکبوونەوەیان بۆ ڕووخان ڕادەدێرا. ئەوە سروشتی ڕۆشنبیران ئاوەهایە کاری

ئەو سیستەمە حوکمڕانیەی کە هەیە لەوڵاتەکەیاندا کاریان تێدەکا، بەتوندوتیژی ئەم سیستەمە ئەوا ئەوانیش کپ دەبن وسەری خۆیان دەشارنەوە، بەڵام ئەگەر سیستەمی حوکمڕانی نەرم ونیان وقبوڵی وەرگرتن و ڕەتدانەوەو قسەلەسەرکردنی هەبووە، ئەوا دنیاکە پڕ لە هەراو زناو هاوارو ناڕازیی دەکەن ئەمە لەلایەک. لەلایەکی ترەوە ئەوانە حەز بەسەربەرزی وڵاتەکەی خۆیان دەکەن، بۆیە دەبینرێن تارادەیەک لێبوردەن لە خراپی باری ئابووری و فەسادی سیستەمی حوکمڕانی بەڵام بە چ جۆرێک لێبوردەنین ئەگەر شتێک هەبوو وایانلێبکات کەرامەتی نیشتمانیان بریندار بکات. ئەمەش مانای وانییە کەئەوانە لەکەسانی بێجگە لەخۆیان نیشتمانی تربن، نەخێر، بەڵکو مانای وایە ئەوانە لەخەڵکیتر بەتواناترن لەبەردیارخستنی ئەمەیاندا بەوەی کە لەکەناڵەکانی گوازرشتلێکردندا بەدیاریدەخەن و توانای کارتێکردنیان لەخەڵکی زیاترە، بۆ نموونە لەئەڵمانیادا ئەوکاتەی نازیەت بڵاو بووەوە، ئەم کاتە ئەوانە پارێزەرو بانگهێشتی بوون، ئەگەر چی هەندێکیان دوژمنداریشیان کردووە، وەلێ ئەوانە کەم بوون وکاریان پێنەدەکرا. بەڵام زۆربەی زۆریان وایان لێدەبینی کە هەیبەتی وڵاتەکەیان بە لەشکری بە هێزو ئامادەباشی بەرز دەبێتەوەو شکۆمەندی نیشتمانی دەبزواندن و لەگەڵیا ڕۆیشتن و پاڵپشتیان دەکرد[٢٤].

بەڵام هاوکێشەی پێوەندی نێوان ڕۆشنبیرو دەسەڵات بەلای (**میشێل فۆکۆ**) و (**ژیل دولۆز**) جیایە لەم وتووێژەی لە نێوانیاندا کراوە گەلێک بیروبۆچوونی جیا لە هزرڤانانی تر ئاشکرا دەبن وەلێ ئیمە ناتوانین سەرتاپای بیروبۆچوونەکانیان باس بکەین تەنیا ئەوەندەی گوزارشت لە بیرو بۆچونەکانیان دەکا و ئەمانە لایەنی تیۆریی و پراکتیکیان لێک هەلاوێردووە (**ژیل دولۆز**) دەبێژێ (لە

ڕوانگەی ئیمەوە، ڕۆشنبیر ئیتر نوێنەرێکی وشیار نییە کەسانێک کەوا ئیش دەکەن و ڕەنجکێشن چیتر لە لایەن پارتێک یاخود یەکێتییەکی کرێکاری نوێنەرایەتی ناکرێن کە ئەمەش خۆی لە ڕاستیدا لە نێوبردنی مافی نوێنەرایەتی کردنی و وشیاری ئەوانە لە لایەن پارتێک، یەکیەتیەکی کرێکاری[٣٥]. ئینجا (میشیل فۆکۆ) دەڵێ: وا دەردەکەوێ لە ڕوانگەی سوننەتیەوە دیاردەی سیاسی بوونی ڕۆشنبیر دوو خاڵی هەبێت. یەکەم بە ڕۆشنبیربوونی ئەو لە کۆمەڵگەیەکی بۆرژوا، لە سیستەمێکی بەرهەمهێنەری سەرمایەداری لەناو ئایدیۆلۆژیایەکی بەرهەم هاتوو یاخود داسەپێنراو لە لایەن ئەو سیستەمەوە (چەوساندنەوە، بەدبەخت بوون، لەبەرچاو نەگرتنی، بە نەفرەت بوون، تاوانبار کردنی بە خراپەکاری، بێڕەوشتی،...تاد). دووەم بە گوتاری خودی ئەو کە هەندێ ڕاستی ئاشکراکردووە و هەستی بەهەندێ پێوەندی سیاسی لە شوێنێکەوە کردووە، کە هیچ یەکێکیان درکپێنەکراون. ئەم دوو چەشنە سیاسی بوونە نە لەگەڵ یەکتری بێگانە بوونە و نە لە ڕووی پێویستیشەوە گونجاون. نموونەیەکی (نەفرەت لێکراو) و نموونەیەکی سۆشیالیستی هەبووە لە ڕۆژگارێک کە کاردانەوەی توندوتیژ لە لایەن حکوومەتەوە دەبینرێ، ئەم دوو چەشنە سیاسی بوونە بە ئاسانی لێک دەبێ ودەشێوێندرێ. لە دوای ١٨٤٨، لە دوای (کۆمۆن) و لە دوای ١٩٤٠ کاتێک کە ڕاستیەکان ئاشکرا بوون، ڕۆشنبیری تێهەڵدراو کەوتە بن ئازارو ئەزیەتەوە، کاتێ کە ئەو مۆڵەتی پێنەدرا بڵێ حوکمڕان (جل و بەرگی) نییە. ڕۆشنبیر ڕاستیەکانی بۆ کەسانێک ئاشکرا دەکرد کە ڕاستیەکانیان دەبینی و بەناوی کەسانێک دەئاخاوتن، کە توانای ئاخاوتنیان نەبوو، وشیاری و شێوازی قسەکردن. ئەوەی لەم دوایەدا بۆ ڕۆشنبیرەکان دەرکەوت ئەوەبوو کەوا خەڵک ئیتر

پێویستیەکیان بەوان نییە بۆ تێگەیشتن، خەڵکی خۆیان بە باشی و بگرە بە چاکتر لە ڕۆشنبیرەکان تێدەگەن و بەباشیش دەریدەبڕن. بەڵام جۆرە سیستەمێکی دەسەڵات هەیە کەوا لە دەربڕینی ئەو ڕاو زانیاریە پێشگیری دەکاو بەشتێکی کەم بایەخ و بێ بەها دەریدەخا ئەم شتە تەنیا لە ڕێگەی ئاستی سەرووتر سانسۆر ناکرێ بگرە ڕەگێکی قووڵی لەناو سەرجەم تۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا هەیە. ڕۆشنبیران خۆشیان بەشێکن لەو سیستەمە دەسەڵاتە: ئەم بۆچوونە کە ئەوان نوێنەرانی (وشیاری) بوونە و ڕای بەشێک لەم سیستەمەن.

ڕۆڵی ڕۆشنبیر ئیتر ئەوە نییە کە خۆی هەندێک لە پێشتر دابنێ تاکو لەو ڕێگەیەوە ڕاستیە نەگوتراوەکان بدرکێنێ. بە پێچەوانە، ڕۆشنبیر دەبێ لە دژی هەموو جۆرە دەسەڵاتێک ڕابوەستێ کەوا خۆیشی بابەت و کەرەستەی دەسەڵاتەکەیەو لەدەروونی زانست و وشیاری و ڕادەربڕینە. لەبەر ئەم چەندە تیۆر درکێنەر یان ڕەنگدانەوە یاخود کردەوە نییە. تیۆر خۆی لە خۆیدا کردەوەیە بەڵام هەر وەک ئاماژەمان بۆیکرد سنووردارە بە هەندێک مەرجی دیاریکراو و شێوەیەکی گشتگیری نییە. تیۆری دەستەویەخەی خەباتێکە دژ بە حکوومەت تا لەو ڕێگەیەوە دەسەڵات وفەرمانڕەوایی ئاشکرا بکات و لەهەر شوێنێک کە لە هەموو کات زیاتر دێنە بەرچاوو خائینان سست و لاواز بکات. ئەمە خەباتێک نییە لەپێناو گەیشتن بە وشیاربوونەوەیەکی کتوپڕ. (ماوەیەکە خەڵکی، وشیاری بە چەشنە زانستێک دەزانن و ئەم وشیارییەش بۆتە بابەتێک و لەلایەن بۆرژواکانەوە کەوتۆتە داگیرکردن و دەستبەسەرداگرتن) بەڵکو بۆ لێکهەڵوەشاندن و بەدەستەوەگرتنی فەرمانڕەوایی. نەک بەهۆی وەرگرتنەوەی بۆ مەبەستی وریاکردنەوەی خەڵک – تیۆر

شێوازێکی هەڵوێست و ئاشکرایە بۆ ئەم چەشنە تێکۆشانە[٣٦] . بەم چەشنە دەسەڵات لای فۆکۆ پێناسینە بە میکانیزمی دەسەڵات خۆی وەک دەڵێ (لەم بوارەی پێوەندی هێزەکان پێوستە هەوڵی ئەوە بدەین کە میکانیزمی دەسەڵات شیبکەینەوە، بەمەش ئازاد دەبین لە سیستەمی یاسای باڵا کە گەلێک زۆر هزری سیاسی سیحر ئامێز کردووە. ئەگەر ئەمە ڕاستبێ کە **ماکیافیلی** لەو کەسانە بووە کە هەوڵیانداوە لە دەسەڵاتی میر بگەن بە دەلالەتی پێوەندییەکانی هێزەوە، لەوانەیە وا پێویست بکات پێشکەوتن بەدەست بێنین لەشێوەی ئەودا هەنگاوی تر بنێین و واز لە میر خۆی بێنین بۆ تێگەیشتنی دەسەڵات بۆ پشکنینی ئالیەتەکانی لە پێودانگی ستراتیژیەتی چوونە ناو پەیوەندیەکانی هێزەوە[٣٧]. بۆ ئەوەی زیاتر بچینە بنج و بناوانی هاوکێشەی نێوان ڕۆشنبیرو دەسەڵات پێویستیمان بە نووسین و باسی تر هەیە کە لە ڕووی پراکتیکییەوە تیشک بخاتە سەر ئەم باسە گرنگە.

**پەراوێزەکان**

١- مجلة المنار- ملف المثقف والسلطة- العدد التاسع والعشرون- السنة الثالثة – مايو- ايار ١٩٨٧- ص٦٤

٢- ميشال بريجان – المثقفون والديمقراطية- ترجمة الدكتور خليل احمد خليل – المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع- بيروت – ط/١- ١٩٨٠ ص٧.

٣- د. ضياء خضير- المثقف ومنهجيه الثقافية- مجلة (افاق عربية) العدد الثالث- آذار ١٩٩٠ السنة الخامسة عشرة- ص١٣٤.

٤- حليم بركات- المثقفون في المجتمع العربي المعاصر، ملاحظات حول اصولهم وانتماءاتهم الطبقية –مجلة المنار- العدد التاسع والعشرون- السنة الثالثة- مايو آيار ١٩٨٧- ص٧٠

٥- د. عاطف العقلة غضيبات – ازمة المثقفين العرب، دراسة تحليلية-

مجلة المنار- العدد التاسع والعشرون- السنة الثالثة- مايو- ايار ١٩٨٧- ص١١٣.

٦-حليم بركات - سەرچاوەی پێشوو- ل ٧١.

٧- د. سمير امين- تأملات حول دور الانتلجنسيا في الثورة الوطنية الشعبية - مجلة المنار- العدد التاسع والعشرون- السنة الثالثة- مايو- ايار ١٩٨٧- ص٧٢.

٨- صلاح كامل - الانتلجنسيا- وەرگێرانی- مەریوان فەتحی ل٤.

٩- د. عبد الباقي الهرماسي - المثقف والبحث عن نموذج- المنار - العدد التاسع والعشرون- السنة الثالثة- مايو- ايار ١٩٨٧- ص٨٠.

١٠- د.عاطف العقلة غضيبات - سەرچاوەی پێشوو ل١٠٩

١١- د. صادق الاسود- المثقف وصنع القرار السياسي- مجلة المنار- العدد (٢٩) - مايو- ايار ١٩٨٧- ص١١٨

١٢- انطونيو جرامشي- الأمير الحديث- قضايا علم السياسية في الماركسية- ترجمة زاهي شرهان و قيس الشامي- بيروت- دار الطليعة- ١٩٧٠- ص١٣١

١٣- د. صادق الاسود - سەرچاوەی پێشوو- ل١١٨

١٤- د. محمد باسل الطائي-حول تكوين العقل العربي- دراسة نقدية فى طروحات محمد عابد الجابري - مجلة أفاق عربية - العدد السابع - تموز ١٩٩٠ ص٥٧

١٥- د. ضياء خضير- سەرچاوەی پێشوو- ل١٣٤

١٦- انطوان مقدسي- المثقف العربي موقعه من الجماعة ودوره فيها- مجلة النهج- العدد (٤) صيف ١٩٩٥/ السنة ١١- العدد (٤٠) - ص٣٢

١٧- عطية مسوح -شهادات- محور العلاقه بين المثقف والسياسة- مجلة النهج العدد (٤) صيف ١٩٩٥/السنة ١١- العدد (٤٠)- ص٩٩

١٨- جان بول ساتر -دفاع عن المثقفين- ترجمة جورج طرابيشي -دار الاداب- بيروت -ط/١- ١٩٧٣ - ص٩٤.

١٩- جان بول سارتر - هەمان سەرچاوە- ل١٠٢ هەربۆ زیاتر زانیاری (روبير موزيل- نووسەرێکی نەمساویە (١٨٨٠-١٩٤٢) ئەم ڕۆمانەی بەناوبانگترین ڕۆمانیەتی.

٢٠- جان مارك بيوتى - فكر غرامشي السياسي - ترجمة جورج

طرابيشي – دار الطليعة للطباعة والنشر – بيروت- ص٩.
٢١- جان مارك بيوتى- هەمان سەرچاوە- ل١٦
٢٢- جان مارك بيوتى – هەمان سەرچاوە ل٢٠
٢٣- مطاع صفدي- استراتيجية التسمية في الانظمة المعرفية – دار الشؤون الثقافية العامة – افاق عربية- بغداد- ط/ ٢-١٩٨٦- ص١٥٣
٢٤- د. حسان محمد شفيق العاني – الثقافة السياسية والديمقراطية – مجلة الحقوقي- العددان – الأول والثاني- السة ١٢- مطبعة جريدة العراق- بغداد ١٩٨٠ ص٤٥.
٢٥- د. عمار بلحسن- الادب والايديولوجيا- مجلة المنار- العدد (٥٨) اكتوبر ١٩٨٩- السنة الخامسة- ص٢٥.
٢٦- د. حسان محمد شفيق العاني- هەمان سەرچاوە ل ٤٦.
٢٧- ب، روزانڤالون – ب- ڤيڤرى – نحو ثقافة سياسية جديدة- ترجمة د. خليل احمد خليل – دار الطليعة- بيروت – ط/١- ١٩٨٢- ص١٠٣.
٢٨- د. حسان محمد شفيق العاني- سەرچاوەی پێشوو- ل٤٧
٢٩- برتراند اوجيلفي – مدخل آلى فكر لويس التوسير- مجلة المنار- العدد الثامن- السنة الاولى- اغسطس- اب- ١٩٨٥- ص١٥٦.
٣٠- توم بوتومور- علم الاجتماع السياسي- ترجمة د. وميض نظمي – دار الطليعة –بيروت–ط/١-١٩٨٦- ١٥٧.
٣١- كارل مانهايم- الايدولوجيا واليوتوبيا- مقدمة في سوسيولوجيا المعرفة- ترجمة دكتور محمد رجا الديريني - شركة المكتبات الكويتية- ط/ ١ اكتوبر ١٩٨٠ ص٢١٧.
٣٢- چارل ماچ- المجتمع في العقل، عناصر الفكر الاجتماعي- ترجمة د. احسان محمد الحسن- دار الشؤون الثقافية العامة – سلسلة المئة كتاب الثانية- ط/١ بغداد – ١٩٩٠ ص٦٨.
٣٣- ڕیمون ارون- افيون المثقفين- ترجمة قدري قلعچي – دار الكتاب العربي – بيروت- ط/١ – ص٢٧.
٣٤ - ڕیمون ارون- هەمان سەرچاوە- ل١٨٠.
٣٥ - میشێل فۆکۆ و ژیل دۆلۆز – ڕۆشنبیر و دەسەڵات، وتووێژێک لەنێوانیاندا- وەرگێڕانی مقداد شاسواری- گۆڤاری (پێشکەوتن) ژمارە (٦٢) – ئاداری ١٩٧٧- ل٤٨.

٣٦ - میشێل فۆکۆ و ژیل دۆلۆز – هەمان سەرچاوە- ل٤٨.
٣٧- ميشيل فوكو – جنيالوجيا المعرفة- ترجمة احمد السلطاني – عبد السلام بنعيد العالي- دار توبقال للنشر – المغرب – ط/١- ١٩٨٨- ص٨١.

## سەرچاوەکان


١- ميشال بريجان- المثقفون والديمقراطية- ترجمة الدكتور خليل احمد خليل - المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع- بيروت- ط/١- ١٩٨٠
٢- انطونيو جرامشي- الأمير الحديث- قضايا علم السياسة في الماركسية- ترجمة زاهي شرهان وقيس الشامي- بيروت- دار الطليعة- ١٩٧٠.
٣- جان بول سارتر- دفاع عن المثقفين- ترجمة جورج طرابيشى- دار الأدب - بيروت- ط/١ - ١٩٧٣.
٤- جان مارك بيوتى- فكر غرامشى السياسي- ترجمة جورج طرابيشي - دار الطليعة للطباعة والنشر- بيروت- سنة الطبع بلا.
٥- مطاع صفدي- استراتيجية التسمية فى الانظمة المعرفية- دار الشؤون الثقافية العامة- أفاق عربية- بغداد- ط/٢ - ١٩٨٦.
٦- ب. روزا نڤالون- ب. ڤيڤرى- نحو ثقافة سياسية جديدة- ترجمة د.خليل أحمد خليل- دار الطليعة- بيروت- ط/١ - ١٩٨٢.
٧- توم بوتومور- علم الاجتماع السياسى- ترجمة د.وميض نظمي- دار الطليعة- بيروت- ط/١- ١٩٨٦.
٨- كارل مانهايم- الايدلوجيا واليوتوبيا- مقدمة في سوسيولوجيا المعرفة- ترجمة الدكتور محمد رجا الديريني- شركة المكتبات الكويتية- ط/١ - اكتوبر ١٩٨٠.
٩- چارل ماچ- المجتمع في العقل، عناصر الفكر الاجتماعي- ترجمة د.أحسان محمد الحسن- دار الشؤون الثقافية العامة- سلسلة المئة كتاب الثانية- ط/١ - بغداد- ١٩٩٠.
١٠- ريمون أرون- أفيون المثقفين- ترجمة قدري قلعچى- دار الكتاب

العربي- بيروت - ط/١ - سنة الطبع بلا.
١١- ميشيل فوكو- جينالوجيا المعرفة- ترجمة احمد السلطاني- عبدالسلام بنعبد العالي- دار توبقال للنشر- المغرب- ط/١- ١٩٨٨.
١٢- د.حسان محمد شفيق العاني- الثقافة السياسية والديموقراطية- مجلة الحقوقي- العددان- الاول والثاني- السنة ١٢- مطبعة جريدة العراق- بغداد - ١٩٨٠.
١٣-د.ضياء خضير- المثقف ومنهجية الثقافة- مجلة (أفاق عربية) - العدد الثالث- السنة الخامسة عشرة - أذار ١٩٩٠.
١٤- حليم بركات- المثقفون في المجتمع العربي المعاصر، ملاحظات حول اصولهم وانتماءاتهم الطبقية- مجلة المنار- العدد- التاسع والعشرون- السنة الثالثة- مايو- أيار- ١٩٨٧.
١٥- د.عاطف العقلة غضيبات- أزمة المثقفين العرب، دراسة تحليلية- مجلة المنار- العدد التاسع والعشرون- السنة الثالثة- مايو- أيار ١٩٨٧.
١٦-د.سمير أمين- تأملات حول دور الانتلجنسيا في الثورة الوطنية الشعبية- مجلة المنار- العدد التاسع والعشرون- السنة الثالثة- مايو- أيار- ١٩٨٧.
١٧- د.صادق الأسود- المثقف وصنع القرار السياسي- مجلة المنار- العدد التاسع والعشرون- السنة الثالثة - مايو- أيار- ١٩٨٧.
١٨-د.عبدالباقي الهرماسي- المثقف والبحث عن نموذج- مجلة المنار- العدد التاسع والعشرون- السنة الثالثة- مايو- أيار- ١٩٨٧.
١٩-د.محمد باسل الطائي- حول تكوين العقل العربي- دراسة نقدية في طروحات محمد عابد الجابري- مجلة أفاق عربية- العدد السابع- تموز ١٩٩٠.
٢٠- أنطوان مقدسي- المثقف العربى موقعه من الجماعة ودوره فيها- مجلة النهج- العدد الدوري (٤) - السنة -١١- العدد (٤٠) - صيف ١٩٩٥.
٢١- عطية مسوح- شهادات - محور العلاقة بين المثقف والسياسة- مجلة النهج- العدد الدورى (٤)- السنة -١١- العدد (٤٠)- صيف ١٩٩٥.

٢٢- د.عمار بلحسن- الادب والايدلوجيا- مجلة المنار- العدد (٥٨)- السنة الخامسة- اكتوبر ١٩٨٩.
٢٣- برتراند اوجيلفي- مدخل الى فكر لويس التوسير- مجلة المنار- العدد الثامن- السنة الأولى- أغسطس- أب- ١٩٨٥.
٢٤- میشیل فۆکۆ و ژیل دۆلۆز- ڕۆشنبیرو دەسەڵات، وتوویژیک لەنێوانیاندا- وەرگێڕانی- مقداد شاسواری- گۆڤاری (پێشکەوتن)- ژمارە (٦٢)- ئاداری ١٩٩٧.
٢٥- صلاح کامل- ئەنتلجنسیا- وەرگێڕانی- مەریوان فەتحی کەریم- ڕۆژنامەی (دەنگی میللەت) - ژمارە (١) - ٢٢-١٢-١٩٩٦.

# کورد و
# جیهانگەرایی ڕۆشنبیری

جیهانگەرایی سیستەمێکی ئابووری، سیاسی، ڕۆشنبیریی جیهانییە، بۆ پیادەکردنی ئەو سیستەمەش هەموو سنوورەکانی نێودەوڵەتی دەبەزێنێ و دەخزێتە ناو هەموو وڵاتێکەوە بەهۆی فاکتەری ئابووری و سیاسی و ڕاگەیاندنەوە. هیچ دەوڵەتێک ناتوانێ دەرگاو پەنجەرەکانی خۆی بەڕووی ئەم جیهانگەراییەوە دابخات و خۆی دوورەپەرێز بگرێت و خۆی لێ بشارێتەوە، چونکە جیهانگەرایی بەهۆی فاکتەرێک لە فاکتەرەکانەوە دەتوانێ پێگەیەکی خۆی بکاتەوەو بەربەستەکان تێکوپێک دەشکێنێ.. لەڕووی سیاسییەوە بەهۆی مافی مرۆڤەوە خۆی دەخاتە ناو دەوڵەتان و گوێ بە سەروەری و کاروباری ناوخۆییەوە نادات، چونکە جاران زۆر لە دەوڵەتەکان بەهۆی سەروەری و کاروباری ناوخۆییەوە ڕێگایان نەدەدا دەوڵەتانی زلهێز کاریان لێبکات بۆ مەبەستی خۆی هەرچی بکردایە بۆی ڕەوا بوو و بەتایبەتیش ئەو دەوڵەتانەی کە فرەنەتەوەن، زۆربەی جاران زۆرینەی حوکمڕان دەیچەوساندنەوەو تەنانەت جێنوسایدیشی دەکردن، بەڵام بەناوی کاروباری ناوەخۆوە کەس نەیدەتوانی دەستی تێوەربدات، یانیش بەناوی یاخیبوون و تیرۆرەوە شەڕی ناوخۆی دەکرد وەک شەڕی ڕووسیا لەگەڵ چیچان و چەندان نموونەی بەرچاوی دیکەش بەڵام ئێستا بەهۆی جیهانگەراییەوە خەڵکی هەموو دنیا لەسەر شاشەی

تەلەفزیۆنەکانیان بەزووترین کات ئاگادار دەبن و جاریش هەیە بەهۆی ڕاگەیاندنەوە جیهانگەرایی دەتوانێ گوشاربخاتە سەر ئەو دەوڵەتە و وڵاتە یەکگرتووەکان و دەوڵەتە زلهێزەکانیش بەهۆی پاراستنی مافی مرۆڤ و دیموکراسییەوە دەتوانن خۆیان بخزێننە ناو سنووری ئەو دەوڵەتانەوە. کەواتە لەڕووی سیاسییەوە مافی مرۆڤ و پاراستنی دیموکراسی دووهۆکاری لەبەرچاون کە دەوڵەتە زلهێزەکان پیادەی جیهانگەرایی دەکەن بەتایبەتیش ئەمەریکا کە جاری واهەیە ڕێگا بەدەوڵەتانی زلهێزی دیکە دەدات بخزێنە ناو ئەم ڕووداوانە وەک تەیمووری ڕۆژهەڵات کە لە دواییدا بووە هۆی جیابوونەوەی لە ئەندەنووسیا.

لەڕووی ئابووریشەوە هەڵبەتە دۆزینەوەی بازاڕی ئازادو بازرگانی سەربەست وا لە دەوڵەتە زلهێزەکان دەکات کە سنووری دەوڵەتان ببڕن و جیهانگەرایی پیادەبکەن بێگومان ئەمەش زیاتر هانی ئەم دەوڵەتە گەورانە دەدات تا بەهەر بیانوویەک بێت دەستبخەنە ناو کاروباری دەوڵەتان و بازرگانی پەرەپێبدەن و بازاڕی ئازادی ڕۆژئاوایی بۆخۆیان بدۆزنەوە. ئەمە ئەگەرچی دەوڵەتە زلهێزەکان هێشتا لەنێو خۆیاندا لەپێشبڕکێ و کێبڕکێدان و مەبەستیان کۆنترۆڵکردنی خۆیانە و بەدەستهێنانی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیانە. دەوڵەتانی جیهانی سێیەمیش باشترین بازاڕن بۆ وەرگرتنی مادەی خام و فرۆشتنی کەلوپەلی دروستکراو و یەدەگ و بازرگانیکردن دەگەڵیاندا. ئەمەو شۆڕشی ئابووری و گەیاندنی ڕۆژئاوا زۆر پێشکەوتووەو دەتوانن بەهۆی ئامێرە گەیەنەرەکان و ئینتەرنێت و فاکس و کەناڵی سەتەلایت و کەناڵەکانی گەیاندنی دیکەوە پرۆپاگەندە بۆ بەرهەمەکانی خۆیان بکەن و داخوازی بازارەکان بۆ ئەم کەلوپەلانە پەیدا بکەن.

بەڵام لەڕووی ڕۆشەنبیرییەوە. پەیوەستە بە چەندیەتی بەشداریکردن لەم تەکنەلۆژیا زەبەلاحە نوێیەی دنیا، مەترسیەکە لەوەدایە کە لە دنیادا دوو چین دروستبێت، چینێکی بەتوانا و زاڵ و خاوەن تەکنۆلۆژیای بەهێزو پشتبەستوو بە ئابوورییەکی تۆکمەو بەتین، چینەکەی دیکەش ژێردەستەی بێتوانا و خاوەن تەکنۆلۆژیایەکی لاوازو ئابووریەکی داتەپیو، بۆیە ئەم دەوڵەتە بچووک و بێتوانایانە مەترسی لەناوچوونی کولتووری خۆیان هەیە لەبەردەم ئەم توانایە بەهێزانەی شۆڕشی گەیاندن و کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی نوێ کەزۆربەی زۆری دەوڵەتانی دنیا ناتوانن لەم جیهانەگەراییە ڕۆشەنبیرییە دەربازبن، دەوڵەتی واهەن لە جیهانگەرایی دەترسن و ڕەفزیدەکەنەوەو بەڵکو پێشیان وایە کە بەرژەوەندی تاک جەمسەری و تاکەکەسی بەسەر بەرژەوەندییە گشتیەکاندا زاڵدەبێت و لەئەنجام دا کولتووری نەتەوەیی بەرەو نەمان دەچێت و جیهانگەرایی جێگای هەموو بەهاوو پێوەرە نەتەوەییەکان دەگرێتەوە.

لە هندێک دەوڵەتانی وەک فەرەنسا، ئەڵمانیا، ئیسپانیا بزاڤێکیان هەیە بۆ خۆبەستنەوە بە کولتووری نەتەوەیی خۆیان و ڕەتکردنەوەی جیهانگەرایی. تەنانەت دەوڵەتە عەرەبیەکانیش زۆر لە جیهانگەرایی دەترسن و پێیان وایە کۆمەڵگەی عەرەبی کە خەڵکانێکی نەخوێندەواری زۆری تێدایەو باری ڕۆشەنبیری و پێشکەوتنیان نزمە بۆیە ئەم جیهانگەراییە کاریانتێدەکات و تەنانەت سنووری دەوڵەتەکانیشیان دەبڕێ و دەست لە کاروباری ئەوان وەردەدات و کار لە کەسایەتی هاولاتیان دەکات و جێگیری سیاسیشیان نامێنێ و لەوانەشە بەپلەی یەکەم دەوڵەتانی دواکەوتووی جیهانی سێیەم لە بلاوبوونەوەی دیموکراسی و مافی مرۆڤ بترسن و

پێگەی زۆربەی سیستەمە دیکتاتۆریەکانیان بلەقێنێ، چونکە ئەم دنیایە وەک گوندێکی بچووککراوەو ڕووداوەکانی چرکە بە چرکە بەهۆی تۆڕی سەتەلایت و ئینتەرنێت و هۆیەکانی گەیاندنی دیکەی خێرا هەست پێدەکەن و لەڕووی سیاسیشەوە جیهانگەرایی سوود لە دیموکراسیبوون و مافی مرۆڤ وەردەگرێ و ئەمەش بەلای ئەوانەوە ڕەنگە سیستەمە سیاسیەکانیان لەق بکات و ئەم بازاڕە ئازادەی ئابووری و بازرگانی جیهانییە سەربەستەش تەواو بگاتە لای ئەوان و وەک جاران نەتوانن دەوڵەتەکانی خۆیان کۆنترۆڵ بکەن.

ئینجا جیهانگەرایی بۆ ئێمەی کورد دەبێ چ سوودو قازانجێکی هەبێت و زیانەکانیشی چیین؟ بۆیەش تا ئێستا نەتوانراوە تەفسیرێکی تەواوی تێگەیشتن لە جیهانگەرایی بکرێت. ئەمەشیان بەڕای من لە دوالیزمی سوود و زیان بەدەر نییە. وەلێ بەڕای من سوودەکانی زیاترن لە زیانەکان چونکە بۆ میللەتێکی وەک ئێمەی بێ دەوڵەت و سنوور ئەوا جیهانگەرایی سنوورە دەستکردەکان دەبڕێ و تێکەڵ بەم گوندە بچووکەی دنیامان دەکات و لەهەموو لایەنەکانی سیاسی و ئابووری و ڕۆشنبیرییەوە بۆ ئێمە دەرگاکانی خۆی والادەکات و بازاڕی ئازاد و بازرگانی سەربەستیش بۆ ئێمە کاریگەریەکی ئابووری باشیان هەیە و دەتوانین بەزووترین کات ئاڵگۆڕی بازرگانی لەگەڵ دنیای دەرەوە بکەین و ئەمەشیان پێگەیەکی سیاسیش بۆ خۆی دەستەبەر دەکات و مەسەلەی دیموکراسی و مافی مرۆڤیش وەک چەترێکی پارێزراو دەبێت لەهەموو دەستدرێژیەک بۆ سەر سنووری نەتەوایەتیمان و پاراستنی ئەو ئەزموونە دیموکراسییەی کە حکوومەتی هەرێم لەدوای ڕاپەڕینەوە پیادەی دەکات و لەهەمان کاتیش پاراستنی مافی کولتووری و سیاسی کەمینە نەتەوەییەکانی

ناو هەرێمی کوردستان زیاتر برەوپێبدرێت ئەمەش پێگەیەکە بۆ پاراستنی مافی مرۆڤ و پاراستنی ئەزموونی دیموکراسی کە دوو کۆڵەگەی گرنگی جیهانگەراییین، لەهەمان کاتیشدا ئەم شۆڕشی گەیاندنی نوێیە سوودێکی زۆر بەئێمە دەگەیەنێت و دەتوانین لەرێگای تۆڕەکانی ئینتەرنێت و فاکس و سەتەلایت و هۆیەکانی دیکەی گەیاندنەوە ئاگاداری دنیای دەوروبەرو ئەم گوندە بچووککراوەبین کە جیهانگەرایی دروستیکردووە.

ئێمە لە دوای ڕاپەڕینەوە ئەگەر جیهانگەرایی نەبووایە نەماندەتوانی سەتەلایت و تۆڕی ئینتەرنێت و فاکسی جیهانیمان هەبێت و ئەم هەموو کۆمپیوتەر و مەڵبەندانەش کە بۆ کۆمپیوتەرو ئینتەرنێت لە کوردستان دورستکراوە کاریگەری پۆزەتیڤانەی جیهانگەرایی بەدیار دەخەن. ئێمە لە ڕێگای کۆمپیوتەرەوە دەتوانین باشترین چاپەمەنی کوردی بەجوانترین شێوە دەربکەین و تەنانەت پێشبرکێی وڵاتانی دەوروبەریش بکەین، من هەست دەکەم چاپەمەنی ئێمە هیچی لە دەوروبەر کەمتر نیە بگرە لەهەندێکیان لە پێشتریشە، ئێستا کەم ماڵ هەیە سەتەلایتی نەبێ و پەیوەندی بەدنیای دەرەوە نەبێ. ئەمەش لەرووی رۆشنبیرییەوە هەنگاوی چاکی بۆ هەڵێناوین. بەڵام ئەوەی کە جێگای مەترسییە ئەوەیە کە جیهانگەرایی هەستی نیشتمانی و هاووڵاتی بوون لاواز دەکات و ئاسانکاری بۆ ئەو کۆچبەرییە دەکات کە میللەتی ئێمە بەرەو هەندەران و دۆزینەوەی بەهەشتی خەیاڵ بۆ لاوانمان ڕێگا خۆشدەکات. لەهەمانکاتیشدا کەلەپوورو فۆلکلۆر و سامانی نەتەوایەتیمان دەشارێتەوەو بێ بایەخی دەکات، بەڵام ئەم بارە نێگەتیڤەش دەتوانرێ بەبەرنامەیەکی تۆکمەو پتەوەوە ئیشی بۆ بکرێت و کارێکی وا بکرێ هەم سوود لە ئەزموونی دنیاو شۆڕشی تەکنۆلۆژیا و شۆڕشی نوێی گەیاندن ببینین هەمیش بتوانین سامانی نەتەوایەتی خۆمان بپارێزین، ئەمەش

دەوەستێتە سەر تواناو بەرنامەی حکوومەتی ئێمە، کە دەبێ بتوانێ لە جیهانگەرایی بگات و بۆخۆی بیکاتە پێگەیەکی بەهێز لە هەموو بوارەکانی سیاسی و ئابووری و ڕۆشنبیرییەوە، بەمەش دەتوانین کولتووری خۆمان زیاتر بەدنیای دەوروبەرو دووریش بناسێنین و زیاتر تواناکانمان بخەینە گەڕ لە دنیای دەرەوەو خۆمان بگەیەنینە هەموو لایەک و لەهەموو ئاستەکانیش بۆ ئەوەی بوونی ڕۆشنبیری خۆمان بسەلمێنین و خۆمان بکەین بە بەشێک لە دنیای پێشکەوتووی ئەمڕۆ و سیستەمی جیهانگەرایی.

# پێکەیاندنی
# کۆمەڵایەتی و سیاسی

133
دەسەڵاتی رۆشنبیری

پێگەیاندن (التنشئة) پرۆسەیەکی فێرکردنی تاکەکەسانە لە بەهاو پێوەرو چەمکەکانی ئەم کۆمەڵەی کە تێیدا دەژین، بەشێوەیەکی ڕاهێنراوبێت لە پێسپاردنی چەند ڕۆڵێک کە دەستنیشانی شێوەی هەڵسوکەوتی ڕۆژانەی دەکەن، ئینجا پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی، پرۆسیسێکی زۆر گرنگە بۆ تاکەکەسان و کۆمەڵ، کەوا تاکەکەسان بێ ئامانجی باڵاو بێ هۆکارەکانی هەڵسوکەوتی و بێ بوارە پێویستەکان کە یارمەتی وەرگرتنی توانایی و تاقیکردنەوەو ئەم زانیارییانەش دەدات، کەژیانی تایبەتی و گشتی دەیخوازێ، ناتوانێ پەرە بەخۆی بدات و گەشە بەتواناو بەهرەی خۆی بدات کە کۆمەڵ پێویستی پێهەیە، ئەوکاتە گەشەو فێرکردنی لەلایەن ئەو تاکەکەسانەوە جۆش دەدرێ کە دەوریانداوە، جا لەوانەوە ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکان وەردەگرێ، ئەمەش دەبێتە تەواوکردنی ڕۆڵی ئەوان.[١]

بێگومان پێکەوەگونجانی هەموو کۆمەڵگەیەکی مرۆڤایەتی لەسەر تێگەیشتنی تاکەکەسانی خۆی بۆ بەهاو بنچینە هاوبەشەکەی وەستاوە، واتە بۆ هەموو بەخۆوەگرتنێکی بیرۆکەی ڕۆشنبیری لەواقیعدا، ئەم تێگەیشتنە هاوبەشە کە هیچ کەسێک هەر لەو دەمەوە کە لە دایک دەبێت وەریناگرێت بەڵکو لەماوەی قۆناخە جیاوازەکانی ژیانیدا وەدەستیان دێنێت. ئەم پرۆسەیەی کە بەهۆیەوە فێربوونی کۆمەڵایەتی لێوەردەگیرێت بە گوزارشتی

(پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی) ناودەبردرێت، ئەمیش ئەم هۆکارانە بەخۆیەوە هەڵدەگرێ کە بەهۆیەوە تاکەکەسان مەعریفەو لێهاتوویی و بناغەکانی هەڵسوکەوتکردن وەردەگرن کە تارادەیەک ئامادەیان دەکات تا وەک ئەندامی کارامە لە چالاکییەکانی گرووپە جیاجیاکان و کۆمەڵگەیەکی سەرتاپاگیریدا بەشداربن، لەگەڵ ئەمەشدا قۆناغی منداڵی و مێردمنداڵی لە پێکهاتەی بنەمای کەسایەتی تاکەکەس و ناوەڕۆکەکەیدا، پێوانەیەکە بەهۆی تێکەڵبوونی لەگەڵ ڕۆشنبیریی باوی نێوەندی خێزانداری و کۆمەڵایەتیدا، بەڵام لەگەڵ هەندێش پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی لەم قۆناغەدا ناوەستێ بەڵکو بەردەوام دەبێت تا بە قۆناغەکانی هەراش بوونیشدا (الرشد)دا دەڕوات لەژیانی مرۆڤدا، ئەم گۆشەنیگایەش بۆ تاقیکردنەوەی هەموو تەمەنە.

ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەگەرچی ژیانی کۆمەڵ لە بزوێنیدایە، مرۆڤ هەندێکجار وای لەسەر پێوست دەکات کە پەرە بە ژیانی خۆی بدات و لە هەندێک کاتی دیکەشیدا خۆی دەگەڵ باری نوێدا ڕابهێنێت، بۆیە بە کورتی دەتوانین بڵێین پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی ئەگەر لەلایەنی تاکە کەسییەوە لێیەوە بڕوانین، ئەوەیە کە تاکە کەس فێری دەبێت، ئینجاش کەی و چۆن فێری دەبێت، لەگەڵ ئەم کاردانەوەی کەسایەتییەی کە بەزنجیرەییەوە دێت کە لەم کردارەدا دێتەدی(٢).

زاراوەی (پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و سیاسی) زاراوەیەکە لە ئەدەبیاتی سیاسیدا تا ڕادەیەک نوێیە، ئەمە ئەگەرچی چەمکی پێگەیاندن و هاونیشتمانێتی گەلێک کۆنە وەک کۆنیی لێکۆڵینەوەی سیاسی، ئەگەرچیش لێکۆڵینەوەیەکی میتۆدی مەیدانی بۆ پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی سیاسی لەسەرەتای پەنجاکاندا دەستپێکردووە، بەڵام

لێکۆڵینەوەکانی پێگەیاندن هەر لەکۆتایی شەستەکانەوە شوێنێکی جیاوازی لە تۆژینەوە سیاسییەکاندا داگیرکردووە وەک لقە بنچینەییەکانی دیکەی زانستە سیاسییەکان، لەوانەشە بایەخدانی هاوچەرخ بە شۆڕشی هەڵسوکەوتی لە زانستە سیاسییەکاندا وا دابندرێت کە یەکێک بێت لەم پاڵنەرانەی دووبارە بایەخ بە لێکۆڵینەوەی پێگەیاندن بدەن، ئەمەش چونکە ئەم شۆڕشە گۆڕانکاری لە لێکۆڵینەوەکانی دەستووری و دامودەزگایی بەخۆوەدیوە بۆ تێبینیکردنی وردی هەڵسوکەوتی مرۆیی لەناو ئەم دامودەزگایانەدا، هەمدیس ئەم گۆڕانەشی بەخۆوە دیوە لە ڕوانینی چۆنیەتی بوونی ئەم بارە بۆ ڕوانینی واقیعی لەژیانی سیاسیدا ئەوەش کە دەتوانرێت بکرێ لە بایەخدان بە ڕۆشنکاری ڕێبازەکانی تاکەکەسان و بیروباوەڕیان لەم ژیانە سیاسییەدا، ئەگەر تۆژەرەوەکانی بواری پێگەیاندن بەبایەخەوە ڕوانیبێتیانە بەکارهێنانی میتۆدی ڕاوەرگرتن و ئامرازەکانی ئەنکێتی ڕاوەرگرتن و چاوپێکەوتن و تێبینییەکان، لەبەر ئەوەیە چونکە ئەوانە بەم ڕێگایەوە هەوڵدەدەن بنچینە و ڕێساکانی میتۆدی زانستی دروست جێبەجێبکەن و بەڕێگای چەندایەتییەوە گوزارشت لە دیاردەکانی سیاسی بکەن[٣]، پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی بەتەنیا بە خۆگونجاندنی تاکەکەسان لەگەڵ پێوەرە کۆمەڵایەتییەکاندا پابەند نییە، بەڵکو لەلایەکەوە پرۆسەیەکی بەردەوامبوونی گۆڕینە لە سەرجەم ژیاندا بەمەبەستی پێکەوەلکانی ڕێژەی کۆمەڵایەتی و بەردەوامی تاکەکەسان، لەلایەکی دیکەشەوە هۆکارێکە بۆ نۆشدانی پێوەرو بەهاو نواندنە کۆمەڵایەتییەکان، ئەمەش خۆگونجاندنێکی ڕێژەیی تاکەکەسانە لە چوارچێوەی ڕێڕەوێکی ژیانی تاکەکەسی و کۆمەڵیدا[٤]، هەموو کۆمەڵگەیەک ئەگەرچی سروشتی سیاسیشی جیاواز بێت، پێویستی بە پێکەوەلکانی دانیشتووانەکانی هەیە و

بەتایبەتیش وەچە بچووکەکان، لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی تایبەت بەم کۆمەڵگەیە، ئەمەش بۆ مسۆگەریی پاراستنی قەوارە گشتییەکەیەتی، تا ئەم بچووکانە بەهاکانی ئەم کۆمەڵگەیە و دابونەریتی نەوە دوای نەوە وەردەگرن و دەیپارێزن، تا ئەرکەکانی خۆیان ئەنجام دەدەن بۆ ئەم کۆمەڵگەیەی کە بڕواو ئارەزوویان بەراژەکردنی هەیە، ئەم پرۆسەی خۆگونجاندنە ئەوەیە کە وەک زاراوە پێی دەوترێ پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فێرکردنی سیاسی.

ئەگەرچی بایەخدان بە ئامادەکردنی دانیشتووان و پێگەیاندنیان بۆ سەرەتاکانی بیردۆزی سیاسی دەگەڕێتەوە وەک لە نووسینی فەیلەسووفە بەناوبانگەکاندا بەدیاردەکەوێت، **کۆماری (ئەفلاتوون)** و **سیاسەتی (ئەرەستۆ)** و **پەیمانی کۆمەڵایەتی (جان جاک ڕۆسۆ)** وهی دیکەش، بەڵام ئەنجامەکانی باسە ئەزموونگەرییە تایبەتییەکانی پێوەندی نێوان پرۆسەی پێگەیاندن و هەڵسوکەوتی سیاسی لە ئەدەبی سیاسیدا بە دیارنەخست تەنیا لە پەنجاکان و شەستەکانی ئەم چەرخە نەبێت.

لەوانەشە ئەم ڕێبازە پێبەستەێ بە پەرەسەندنی لێکۆڵینەوەی زانستی سیاسەت و بایەخدانی بەشۆڕشی هەڵسوکەوتی و دوای ئەمیشەوە هەبوو بێت[٥]. وشەی پێگەیاندن لە ساڵی (١٨٢٨)دا لە ئەدەبیاتی ئینگلیزیدا بەکارهاتووە مەبەستیش لێیەوە خۆئامادەکردنی تاکەکەسان بووە بۆ خۆگونجاندن و ژیان و ئاوێتەبوون دەگەڵ کۆمەڵگەکەیاندا، بەڵام بەکارهێنانی نوێی پشت بە بیردۆزەکانی چوار زانا دەبەستێ کە لە نیوەی دووەمی چەرخی نۆزدەیەمدا ژیاون، ئەو زانایانەش ئەمانەن: (**سیگمۆند فرۆید ١٨٥٦–١٩٣٩**) کە لەم باوەڕەدابووە تاکەکەس فێرکردنە ڕەوشتییەکانی خۆی لە کۆمەڵدا

وەردەگرێت لە میانی خودگەری ڕەوشتی خۆیەوە (Superego)، زاناکەی دیکەشیان ئەوا (گی.مید ١٨٦٣-١٩٣١)ە کە تەرکیزی لەسەر کێشەیەکی بنچینەیی کردووە، ئەمیش پەیوەستە بە بنچینەو ئەرکی خود لە پرۆسەی کۆمەڵایەتیدا. ئەو زانایەی دیکەش ئەوا (سی. کۆلی ١٨٦٤-١٩٢٩) یە کە باوەڕی وابووە پێوەندییە سەرەتاییەکانی کۆمەڵ بنچینەی چەکەرەو گەشەکردنی ڕەوشتی بنچینەییە لەلای تاکە کەساندا، بۆ نموونە وەک دادپەروەری و خۆشەویستی، زانای چوارەمیش (بیجت)ە ئەویش باوەڕی وابووە کە هەمیشە کردارە هێمادارەکانی لۆجیکی هزری لە ئاوێتەبوونی کۆمەڵایەتییەوە هەڵدەهێنجرێت بەشێوەیەک کە وردە وردەو ڕێکخراو بێت[٦].

ئەگەر باسە ئەزموونییە بایەخدارەکانی پێگەیاندنی سیاسی لە سەرەتای پەنجاکانەوە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە دەستی پێکردبێت، ئەوا باسەکانی پێگەیاندن لە سەرەتای شەستەکانەوە لە زۆر دەوڵەتانی هەر پێنج کیشوەرەکە بڵاوبۆتەوە، بەمەش پێگەیاندن بووە بە لقێکی خۆچەسپێنەر لە لقەکانی زانستە سیاسییەکاندا، ئەم گەشەسەندنەش هاوشان بووە لەگەڵ لێکۆڵینەوە بەراوردکارییە سیاسییەکاندا، ئەمەو باسەکان لە بواری پێگەیاندنی سیاسی نێودەوڵەتیدا لە بارەی ئەم فێرکردنانەدا دەخولایەوە کە دەبێت هەر لە منداڵییەوە لە مێشکی منداڵاندا بچێنرێت، تا بە ع ڕێچکەیەکی سیاسی دیاریکراوی بارگاویکراو بە ڕقلێبوونەوە لە بەرامبەر گەلانی دیکەدا نەڕۆن، بەڵام ئەمەش هەمووی پابەندە بە هێنانەدی بەرژەوەندیی نیشتمانیی ماف پێدراوەوە لە جیهانێکدا کە پێوەندی هێزو دەسەڵات سەپاندن و بەرژەوەندی بەخۆوە دەگرێ بەڵام دەبێ ئێمە هەمیشە هیوامان پتەوبێت تا دیسانەوە بۆ نەوەکانی ئایندە، توانایی ژیانێک لەژێر ڕۆشنایی کەرامەت و ئاشتیدا دەستەبەر

بکەین[٧]. کەواتە پێگەیاندن، فێرکردن و خۆدۆزینەوەو فێربوون دەگرێتەوە، ڕۆشنبیریش بەخۆوە دەگرێت، بە شێوەیەک کە بەهاو پێوەرەکانی گرووپ دەبێتە بەشێک لە کەسایەتیی تاکەکەس[٨].

## چەمکی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و سیاسی

دەتوانین بە پێناسەیەکی فراوانەوە پێگەیاندن و وابناسێنین بەو پێیەی کە پرۆسەیەکە و بەهۆی ئەمەوە تاکەکەسان ڕێبازو بیروباوەڕو بەهاکان وەردەگرن کە وەک ئەندامێک لە سیستەمێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی دیاریکراودا پێیەوە پابەندە، وەک دانیشتووانێکیش لەناو ئەم سیستەمەدا پابەند دەبێت پێیەوە، ئەم پێناسە فراوانە پرۆسەی پێگەیاندن بەم شێوەیە دەگرێتەوە وەک ڕەگەزێکی سەقامگیری و بەردەوامی بۆ ئەم سیستەمە، هەروەهاش وەک ڕەگەزێکی گۆڕان لە کۆمەڵدا.

ئینجا بۆ خوێندنەوەی ئەدەبی سیاسی پێگەیاندن، دەتوانین ئاماژە بە تێگەیشتنی چەمکی مانا کورتی پێگەیاندن بکەین، کە مەبەستیش لێیەوە ئەم پرۆسەیە کە دەبێتە هۆی نۆشدان و دەرسدان بەمەبەستی زانیاریی سیاسی و بەهاو مومارەسەکردن بەکردەوە ئەمەش بەڕێگای دامودەزگاکانی فێرکردنی بەرپرسی ئەم مەبەستەیە بە شێوەیەکی ڕەسمی.

بەڵام پێناسەکردنی پێگەیاندن بە تێگەیشتنە فراوانەکەیەوە، هەموو فێرکردنێکی سیاسیی ڕەسمی و ناڕەسمی، مەبەستدار یان نەخشەبۆکێشراو دەگرێتەوە، بەشێوەیەک کە ئەم پرۆسەیە بگاتە هەموو قۆناخەکانی سووڕی ژیانی دانیشتووان، هەمدیس ئەم پرۆسەیە فێربوونی سیاسیی ڕوون و ڕاشکاوانەو فێربووی نا سیاسی کە لەوانەیە کار بکاتە سەر هەڵسوکەوتی سیاسی و

ئەمەش دەگەڕێتەوە (ئەمەش وەک فێربوونی تاکەکەسان هەندێک لە ڕێبازە کۆمەڵایەتییەکان کە پێوەندی بە سیاسەتەوە هەیە)، یا تاکەکەسان ئەم خاسیەتە کەسایەتییە وەردەگرن کە پێوەندی بە سیاسەتەوە هەیە.

پێگەیاندن گەلێک پێناسەی دیکەشی هەیە، یەکێک لەم پێناسە بەناوبانگانە (هایمان) واپێناسەی دەکات کە (فێربوونی تاکەکەسانە لە پێوەرە کۆمەڵایەتییەکاندا لەڕێگای دامودەزگا جیاوازەکانی کۆمەڵگەوە بەشێوەیەک کە کەمێک لەم پێوەرانە یارمەتی پێکەوەژیانی هەڵسوکەوتی دەدەن)، بەڵام (لانگتۆن) ئەویش واپێناسەی دەکات و دەڵێ (ئەم پرۆسەیە کە بەهۆی ئەمەوە کۆمەڵ ڕۆشنبیریی سیاسی خۆی لەوەچەیەکەوە بۆ وەچەیەکی دیکە دەگوازێتەوە)[٩]. (ڕۆتشێر)یش لایوایە کە (ئەم پرۆسەیە بۆ ئەوەی لە میانی ئەمەوە مرۆڤ فێربێت، لەماوەی ژیانیشیدا جێگای ڕەگەزەکانی کۆمەڵایەتی ڕۆشنبیری لە ژینگەکەیدا بۆ دەگرێتەوە بە شێوەیەک کە ئەمانە بە شێوەیەکی تەواوەو دەخرێنە ناو بنیاتنانی کەسایەتیەکەی، بەهۆی ئەمەوەو بەکاریگەریی هۆکاری گواستنەوەی کۆمەڵایەتییەوە، هەروەها لە میانی تاقیکردنەوە تایبەتییەکانیدا کە لە میانی ئەمەوە خۆی لەگەڵ ئەم ژینگە کۆمەڵایەتییە ڕادەهێنێت کە تێیدا دەژێت)[١٠].

بەڵام (ئەلتۆسێر) وایدەبینێ کە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی سیاسی لە ژێر هەژموونی دەوڵەتدا بەڕێوەدەچێت و جێبەجێ دەکرێت، بەهۆی دامودەزگا ئایدیۆلۆژییە زۆرەکانی و ئینجا ئەمەش ڕووندەکاتەوە کە چۆن دامودەزگا ئایدیۆلۆژییە فرەکان ڕۆڵێکی گرنگ لە کۆمەڵگەی لیبرالیدا دەبینن بۆ نموونە دانیشتووان زانیاریی دیایکراو وەردەگرێت و جارێک هەستی نەتەوەیی دەوروژێنرێت و جارێکی دیکەش شۆڤینییەکەی، لەمەشدا بەهایەکی ڕەوشتی

دیاریکراو وەدەردەدات، ئینجا دەوڵەت هەژموونی ئایدیۆلۆژی بەسەر کۆمەڵ بەهەند هەڵدەگریت و هەر لە قۆناغە سەرەتاییەکانی لە قوتابخانەداو رۆشنبیرییەکی دیاریکراوو فەلسەفەیەکی دەستنیشانکراو و هەڵسوکەوتیکی بڕیاردراوو دانپێدانراو دەسەپێنێ، بەمەش هەمووان دەخاتە ناو کردەیەکی بەرهەمهێنانی وێنە بۆکێشراو و پشتپێبەستراو بۆ بەڕێدا ڕۆیشتنی کۆمەڵ لەژێر هەژموونی دەوڵەتدا، ئەمەش دەتوانرێ زاراوەی پێگەیاندن و ئامادەکردنی بۆ دابندریت[11]. بەهەرحاڵ (**ئەلمنوفی**) دوو ڕێبازی سەرەکی لە بارەی چەمکی پێگەیاندن لێکتر جیاواز دەکاتەوە، ڕێبازی یەکەمیان وەک کرداریک سەیر دەکریت کە بەهۆیەوە دەرسدان و نۆشدانی تاکەکەسان جێبەجێ دەکریت بە کۆمەڵێک لە بەهاو پێوەرە سیاسییە جێگیرەکان لە ویژدانی کۆمەڵدا کەمانەوەو بەردەوامی لەگەڵ چەرخی زەمانە بۆ مسۆگەر بکات، ڕێبازی دووەمیشی وا دەڕوانێتە پێگەیاندن کەوا کرداریک بێت خەڵک لێیەوە پێناسەی کەسایەتیی خۆی لێوەرگریت کە ڕێگای پێبدات گوزارشت لە خودی خۆی بکات و پێویستییەکانی بۆ دەستەبەر بکات بەم ڕێگایەی کە خۆی پێی خۆش دەبێت، واتە لێرەدا پێداگرتن بۆ بەردەوامی و گونجاندن نییە، بەڵکو بۆ گۆڕان و جیاوازییە.

لەمەشدا دەگاتە ئەوەی کە ڕەگەزەکانی چەمکی پێگەیاندن بەم شێوەیە دەستنیشان بکات:

أ- پێگەیاندن وەک پرۆسەیەکی دەرسدانی بەهاو ڕێبازە سیاسییەکان و بۆ ئەم بەهاو ڕێبازە کۆمەڵایەتییانەی کە دەلالەتی سیاسی بەخۆوە دەگرن.

ب-پێگەیاندن وەک پرۆسەیەکی بەردەوام، تاکەکەسان هەر لە منداڵییەوە تا پیری ڕووبەڕووی دەبنەوە.

ج- پێگەیاندن سێ ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت، لە گواستنەوەی ڕۆشنبیریی سیاسی لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەکانی دیکەو لە دروستکردنی ڕۆشنبیریی سیاسی و پاشانیش لە گۆڕینی ڕۆشنبیریی سیاسیدا.

ئینجا چەمکی ڕۆشنبیریی سیاسی لەگەڵ چەمکی پێگەیاندندا بەندیوارییەکیان لەگەڵ یەکدیدا دەبێت، وەک (**ئەلمۆند**) و (**ڤیربا**) وای بۆ دەچن کە ڕۆشنبیریی سیاسیی مانای وادەدات کە (تەواو ڕێبازە سیاسییەکان بێت و مەبەستیشی تەرکیزکردن بێت بەسەر تاکەکەسان و پێوەنداری بێت بە سیستەمی سیاسییەوە[١٢]. (**مۆریس دوڤرجێ**) وای دەبینێ کە ڕۆشنبیریی سیاسی بەشێک بێت لە ڕۆشنبیریی باوی نێو کۆمەڵگەیەکی دیاریکراوەوە، بەڵام ئەمەش بەسەرجەم ڕەگەزەکانییەوە پێکهاتەیەکی ڕێکخراو پێکبهێنێت کە سروشتێکی سیاسی بەخۆوە هەڵبگرێت[١٣].

(**دکتۆر سادق ئەلئەسوەد**)یش بۆ ئەوە دەچێت کە تەئکیدکردن لەسەر مانای ڕۆشنبیریی سیاسی بۆ دوو ئاست بێت، ئاستی تاکەکەس و ئاستی سیستەمەکە، کاتێ کە تەرکیز لەسەر بایەخدان بە تاکەکەس دەکەین ئەوا چەقی ڕۆشنبیریی سیاسیی لە ناوەڕۆکەکەیدا دەبێتە شتێکی دەروونی، ئەمەش بەسەر هەموو ڕێگا گرنگەکاندا چەسپ دەبێت کە تاکەکەسان لە خودی خۆیانەوە ڕوودەکەنە ڕەگەزە بنچینەییەکان لە سیستەمە سیاسییەکەیدا، واتە تاکەکەس هەست بەچی دەکات؟ چۆن بیر لە هێما و دەزگاو بنچینەکان دەکاتەوە، کە سیستەمی سیاسی لە کۆمەڵگەکەیدا پێکدەهێنن؟ چۆنیش وەڵامدانەوەی دەبێت یان هاتنە پێشەوەی دەبێت؟ لەلایەکی دیکەشەوە ئەم پێوەندییانە چین لە نێوان ئەو و لەنێوان بنچینە سەرەکییەکانی سیستەمە سیاسییەکەی، چۆنیش ئەم پێوەندییانە کار

له هەڵسوكەوتی دەكەن؟[١٤] لەراستیدا ڕۆشنبیریی سیاسی بەرهەمی مێژووی هەریەک لە سیستەمی سیاسی و هەروەهاش بەرهەمی مێژوویی ژیانی ئەو تاكەكەسانەیە كە لە ژێر سێبەری ئەم سیستەمەدا دەژین، لەبەر ئەمە ڕۆشنبیریی سیاسی بەرووداوە گشتییەكانەوە لكاوە هەمدیس بەتاقیكردنەوەی كەسیی ئەو تاكە كەسانەشەوە، جا لەبەر ئەمە ئەم لێكۆڵینەوەیەی هەوڵدەدات چارەسەری بنچینەكانی كۆمەڵگەی سیاسی بكات لەمیانی ئەم هزرە بەرجەستەبووانەی كە بەرێگاوەیە چارەسەری ڕۆشنبیریی سیاسی بكات. زۆر پێویستە كە چارەسەری هەریەک لە پەرەسەندنی مێژوویی سەرجەمی كۆمەڵ بكات. هەمدیس تاقیكردنەوەكانی ژیانی ئەو تاكەكەسانەش كە بەرجەستەی ڕۆشنبیریی كۆمەڵ دەكەن، لە پاشان لە میانی لێكۆڵینەوەی مێژوویی بۆ پێشكەوتنی دەزگاكان و بەهاكانیش كە ڕۆشنبیریی سیاسی پێكدەهێنن، ئینجاش لە لێكۆڵینەوەی پرۆسەی پێگەیاندنی كۆمەڵایەتی سیاسی كە لە میانی ئەمەوە تاكەكەسان دەخزێنە ناو ڕۆشنبیرییەوە، لەمەوە دەتوانین بڕوانینە ئەوەی كە چۆن دەزگاكان پێوەند دەبن بەتاكەكەسانی كۆمەڵەوە[١٥]. ئەوەی كە دیسانەوەش تێبینی دەكرێ ئەوەیە كە پێگەیاندنی كۆمەڵایەتی سیاسی هۆكارێكی سیستەمی سیاسییە بۆ پاراستنی مانەوەی خۆی لە یەكەم شتدا و ئینجا ئامادەكردنی تێكەڵاوبوونی تاكەكەس و گرووپەكانیش لەگەڵ ڕێڕەوی كارەكەیدا، كەواتە مەرجدارییەو لەهەمان كاتیشدا بەبوونی ئەمەوە پابەندە، لەبەر ئەوە گۆڕینی سیستەمی سیاسی واتە هاتنی ڕۆشنبیرییەكی سیاسی نوێ لە شوێنی ئەم ڕۆشنبیرییەی كە سیستەمی سیاسی ڕووخاو پێیەوە پابەند بووە[١٦]، هەروەها ڕۆشنبیریی سیاسی وەهاش وەسف كراوە كە سیستەمێكی تەواوی لە بیروباوەڕو بەهاكان بەخۆوەگرتبێت كە

کاری سیاسی بە بنیاتنان لەسەر بنچینەکەیەوە ڕۆنراوە. بەمەش بەم حاڵەتەوە تەواو ڕێبازە سیاسییەکان پێکدەهێنێت.

واتە ڕۆشنبیریی سیاسی وادادەندرێت کە ئەنجامێکی سروشتی پێگەیاندنی سیاسییە[١٧].

## بایەخی پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی سیاسی

هەندێک هۆکاری سەرەکی هەن کە کار لە هەڵسوکەوت و کاری سیاسی دەکەن، لەنێوان ئەم هۆکارانەدا.

١- هەڵوێستە بابەتییەکان، کە نوێنەرە سیاسییەکان خۆیان تێدا دەبیننەوە (واتە ئەم گیروگرفت و باشیانەی کە ناوەندی دەوروبەر دەیسەپێنێت، کە پێکهاتەی دامودەزگا سیاسییەکانیشی دەگەڵدایە).

٢-خۆئامادەکردن یان فێربوون کە هاوولاتیان و سەرکردەکانیان لەمیانی تاقیکردنەوەکانی پێشوویاندا بەدەستی دێنن، ئەمەش ئامانجە سیاسییەکان و پێشبینییان لە بارەی ڕێساکانی باری سیاسی و تێگەیشتنیان لە بارەی ڕەوایی سەرکردایەتی و دەزگاکان و لادانەپاڵ کۆمەڵ دەگرێتەوە، جیا لە گریمانەو ڕوانینیان بۆ سروشتی مرۆیی و هەڵوێستیان لە هەمبەر دەسەلات و شتی دیکەش، سروشتی ئەم خۆئامادەکردنانەو فێرکردنەکان و تاقیکردنەوەکان و ڕێگای بۆخۆکێشکردنی بە کاروباری خودان بایەخێکی سیاسیی لاکەرەوە لە قەڵەم دەدرێت، ئەمەش چونکە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی سیاسی لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا لەوانەیە بەشداربێت لە جێگیربوونی ئەم کۆمەڵگەیەو جێگیرنەبوونی، لە بەردەوامبوونی یان گۆڕینی، لەزۆری و کەمی بەشداریی سیاسی لەرای گشتیدا[١٨].

جا ئەگەر تاکەکەس بەهاکانی کۆمەڵەکەی خۆی درک پێبکات و وەریبگرێت لەگەڵ باوەڕپێهێنانیشیدا، ئەوا هەڵسوکەوتەکەی

پابەندو پرەنسیپخواز دەبێت. کەواتە هۆکاری زێدە لە سیستەمی کۆمەڵایەتیدا ئەوا هۆکاری بکەرە کە کار لە کاروانەکەیدا دەکات، لەبەر ئەمە لەسەرمان پێویستە لەکاتی لێکۆڵینەوە لە سیستەمی شارستانیەتیدا جەخت لەسەر پێکهاتە ڕەگەزییە بنچینەییەکانی بکەین، ئەمیش ڕەگەزی درککردن و ڕەگەزی وەڵامدانەوەو ڕەگەزی هەڵسەنگاندنە، (ماکس فیفەر) دەڵێت: (تاکەکەسان لە کۆمەڵدا ڕۆڵی کۆمەڵایەتی دیاریکراو دەبینن و شوێنی کۆمەڵایەتیش پردەکەنەوە کە هاوجووت بێت دەگەڵ ڕۆڵەکانیاندا، هەریەکێکیش لە ئابڕوو و ڕۆڵ دەستنیشانی پایەی تاکەکەس دەکەن لە کۆمەڵدا). لەبەر ئەمە دەتوانرێ مرۆ لەبارەی ئابڕوو و ڕۆڵی تاکەکەس بدوێت. جا ڕۆڵ ئەوەیە کە دەستنیشانی سروشت و بواری بەشداریکردنی تاکەکەس دەکات لە کرداری ئاوێتەبوونی کۆمەڵایەتیدا[١٩].

هەمدیس دەسەڵاتی سیاسی جێگیرتر دەبێت ئەگەر گوێڕایەڵی جەماوەر بۆ بڕیارەکانی بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی جێبەجێ بکرێت، بێ ئەوەی پێویستی بە حکوومەت هەبێت تا هەڕەشە بەسزاو بەکارهێنانی بکات، واتە سیستەمی سیاسی پێویستیەتی بۆ ئەوەی پشتیوانی پەرەپێدانی وا دانانەکانی پشتیوانی خۆی بکات لە نێوان دانیشتووانی خۆیدا. (ئەستن)ی زانا پێشنیاری پۆلینکردنی دیاردەی سیاسی کردبوو کە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی سیاسی ڕوویتێدەکات بۆ سێ بەشی پێکەوە بەند: حکوومەت و شێوازی حوکمڕانی و کۆمەڵگەیەکی سیاسی پێکەوە گونجاو، بەڵام حکوومەت ئەم دەسەڵاتانە دەگرێتەوە کە پێڕەوکردنی بڕیارەکانی سیاسی ڕۆژانە کە لە کۆمەڵ دەردەچێ.

بەڵام شێوازی حوکمڕانی مەبەست لێیەوە ڕێساکانی گەمەی سیاسییە (بۆ نموونە حوکمڕانی زۆرینە) ئەم ڕێسایانەش خۆی

بڕیاری شەرعیەتی دەسەڵات و خاسیەتەکانی دەدات و خۆشی دەستنیشانی ئەوەدەکات کەچی لە دانیشتووان یا ڕەعیەت چاوەڕوان دەکرێت، لە دواییشدا کۆمەڵگەی سیاسی پێکەوەگونجاو ئەوەی کە دەلالەتی بەشداریکردنی کەسایەتیی نیشتمانی یان نەتەوەیی دەستنیشانکراو و جیاواز لە کەسانی دیکە دەکات و بۆیەش ئەرکی لێکۆڵەرەوەی پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی سیاسی ئەوەیە کە شیکردنەوەو ڕاڤەی ڕۆڵی ئەم پرۆسەیە دەکات لە پاڵپشتی و هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی سیاسیدا[٢٠].

## دامودەزگا و کەناڵەکانی پێگەیاندن

ئەم دامودەزگاو کەناڵانە گەلێک زۆرن، وەک خێزان و قوتابخانە و گرووپی هاوڕێیان و هۆیەکانی ڕاگەیاندنی جەماوەری و هی دیکەش، باسە نوێیەکان ئاماژە بۆ هەندێک گۆڕانکاری دەکەن لەم بیردۆزەی کە لە کۆنەوە لەسەری ڕێککەوتوون، ئەمیش ئەوەیە کە خێزان ڕەگەزی یەکەمە لە پرۆسەی پێگەیاندنداو بەها بنچینەییە سیاسییەکانیش بۆ تاکەکەس لە وەچەیەکی دیکە لە ڕێگای خێزانەوە دەگوازرێتەوە، دەسکاری کردنیش لە بیردۆزدا ئاماژە بۆ بایەخی ڕێژەیی دەکەن بۆهۆکاری دیکە کە لەوانەیە هەندێک جار وەپێش خێزانیش بکەوێت، بەهەر حاڵ ئەگەر هاتوو گەیاندنی ڕووبەڕوویی لە گرووپە سەرەتاییەکاندا (وەک خێزان و گرووپی هاوڕێیان..تاد) بە زیاتر ڕازیکەرو ڕاستەوخۆتر بێت لە گەیاندن لە پێوەندیکردن لە ڕێگای کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی جەماوەرییەوە، ناکرێ ئەم هۆکارانە پشتگوێ بخەین، چونکە بۆ نموونە منداڵان لە زۆربەی دەوڵەتە پێشکەوتووەکان و زۆربەی دەوڵەتە تازە پێگەیشتووەکانی کە داهاتیان زۆرە، ساتێکی زۆر (نزیکەی بیست کاتژمێر لە هەفتەیەکدا)

له بەرامبەر تەلەفزیۆن کات بەسەر دەبەن، هەمدیس ساتەکانی دیکەش لەگەڵ کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی دیکە بەسەر دەبەن، ئەمەو باسەکانی دیکە ئاماژە بەوە دەکەن کە سیستەمە شۆڕشگێڕییەکان وا دەڕواننە قوتابخانەکان کە چەندان دەستەن و وەچەی بچووک وائامادەدەکەن تاببێت بە پاڵپشتێک بۆ سیستەمەکە، ئەم ڕوانینەش ناتوانرێ بڵاوبکرێتەوە یان بەسەر هەموویدا بسەپێنرێت، چونکە بەسەر ئەو منداڵانەدا جێبەجێ ناکرێ کە لە بارێکی کۆمەڵایەتیی ئاست نزمتردان، هەروەها کارتێکردنی قوتابخانە لەوانەیە بەهۆی فێرکردنی ڕەسمی بێت یان لەوانەیە بەهۆی هاوڕێیان و کەسانی نزیک بێت، زیاد لەمەش پێگەیاندن لە تەمەنی باڵقبووندا ناوەستێ بەڵکو کردەیەکە- وەک باسەکانی دیکەش ئەوەیان سەلماندووە- بەردەوام دەبێت دەگەڵ سووڕی ژیانی دانیشتوواندا، جا ئەگەر فێرکردنی سیاسی بنچینەیی لەمیانی بیست ساڵی سەرەتای ژیانی دانیشتووان تەواو بێت ئەوا فێرکردنی گرنگ هەیە، لەوانەی لە ماوەکانی بەسەرچووندا لەژیانیدا ڕوودەدات، مانای هەموو ئەمەش ئەوەیە کە ئێمە کاتێ وەڵامی ئەم پرسیارە کراوە دەدەینەوە، لەبارەی ئەم دەستانەوە (الهیئات) کە خەریکی پێگەیاندنن دەبێ خۆمان لە خێزان یان لە قوتابخانەدا یان بە نزیکان و هاوڕێیان لە بچووکیدا نەدۆزینەوە بەڵکو پێویستە هۆکارەکانی پێگەیاندن، پسپۆڕی ژیانداری بگرێتەوە کە تاکەکەس کاتێ دەگاتە پایەیەکی سیاسی وەری دەگرێت یان کارتێکردنەکانی هاوڕێیانی کار یان ڕووداوە گرنگەکان وەک جەنگەکان و ماوەکانی کەسادی ئابووری و شتی دیکەش[٢١].

## بابەتی پێگەیاندنی سیاسی

بابەتی پێگەیاندنی سیاسی ئەوەیە کە پێوەندی بە ئامادەکردنی دانیشتووان هەیە لە پاراستنی بەهاو هزرەکانی کۆمەڵ بە شێوەیەک کە سەقامگیری و بەردەوامی و ئاشتی مەدەنی مسۆگەر بکات، ئاشتی مەدەنی لە کۆمەڵدا چۆن مسۆگەر بکرێت و چۆن مسۆگەری پاراستنی بەهاکانی کۆمەڵ دەکرێت، لەمیانی زانینی ئەم بنچینانەی کە بەهۆیەوە حوکمڕانەکان دەتوانن ئەم بەهایانە بپارێزن، لەڕووی دەستەبەرکردنی و سەرلەنوێ هەڵسەنگاندنەوەو سەرلەنوێ چاندنەوەی لە وەچە بەدوای وەچەوە، بۆیە ئەوەی لەلایەن حوکمڕانەکانەوە تێبینی دەکرێ ئەوا هەوڵیان داوەو هەوڵدەدەن بنچینەکانی پێگەیاندنی سیاسی بۆ دانیشتوان جێبەجێ بکەن، ئەم بابەتە بابەتێک نییە کە شوێنی بایەخی زانستی سیاسەت وەی زانستی کۆمەڵناسیی سیاسیش نییە، بەڵکو بابەتی بایەخپێدانی زانایانی پەروەردەو زانایانی دەروونزانی کۆمەڵایەتی ئەنثرۆپۆلۆژییەکان و زانایانی کۆمەڵناسین، بەڵام زانستی کۆمەڵناسیی سیاسی بایەخی بە بابەتی پێگەیاندنی سیاسی داوە کاتێ بایەخی پێگەیاندنی سیاسی لەخۆگونجاندن و پاراستنی کۆمەڵ درکپێکردووە، بەمەش وەزیفەکارەکان ئەم ڕێگایەیان بۆ ڕۆشن بۆتەوە کە بنیاتنانی بابەتی پێگەیاندنی سیاسی بکەن، لەبەرئەوەی پێگەیاندنی سیاسی پرۆسەی بەردەوامی و لەگەڵ ڕۆیشتنی کۆمەڵ سەر لەنوێ دادەڕێژێتەوە، بۆیەش کۆمەڵ پێویستی بە سەقامگیریی سیاسی هەیە، تا ئەم کۆمەڵە بتوانێت بە حوکمڕان و ڕەعیەتەوە ئیشی خۆی بکات، ئەوەی ئێمە تێبینی دەکەین، ئەوەیە کە یەکێکی وەک (**ساموێل هنتنگتن**) پایەیەکی بەرز بۆ سەقامگیری دادەنێت و لەهەمان کاتیشدا بە جێگای شانازیشی دادەنێت، بەم سیفەتەی کە بەهایەکی سیاسی

بەرزەو بەتەواوترین شێوەکانییەوە لەژیانی سیاسیی کۆمەڵگەکانی پێشەسازی دیموکراسیدا بەرجەستە دەبێت و لەپێناوی بەردەوامی و پاراستنی سیستەمی سیاسی دایە، لە کتێبەکەیدا (سیستەمی سیاسی لە کۆمەڵگە گۆڕدراوەکاندا) بەم گۆتەزایەوە دەستپێدەکات (باشترین خەسڵەتی سیاسی لە نێوان دەوڵەتاندا، پەیوەستە بە پلەی حوکمڕانی لەوێدا). پاشان ڕاڤەی جوداکردنەوەی نێوان دەوڵەتەکان دەکات (ژیانی سیاسی خۆی بەرجەستە دەکات لە سەرجەمگیریی، بەردەوامی، ڕەوایی، ڕێکخستن، سەقامگیری).[٢٢]

پێشتر دان بە بایەخی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی نراوە بە دانپێدانانێکی شاردراوە زیاتر لەوەی ئاشکرا بێت لەبواری زانستی کۆمەڵناسی سیاسیدا.

جا ئەگەر زانایانی سیاسەت تەنیا بەشێوەیەکی کەمەوە مەبەستدار بووبن بەپێگەیاندنی کۆمەڵایەتی، بەهەر شێوەیەک بێت یان بەلانی کەمەوە بە مسۆگەریان داناوە، بەڵام ئەمە لەلای ئەنثرۆپۆلۆژییەکان و زانایانی دەروونی کۆمەڵایەتی و زانایانی کۆمەڵناسی بایەخێکی تایبەتی پێدراوە.

جا ئەوەی لە گرنگترین ئەم بابەتانەدا کەلەم بوارەوە خرابێتەڕوو بابەتی درکپێکردنی منداڵانە لە دنیای سیاسەتەوەو بابەتی هەڵسوکەوتی سیاسی هەڵبژێرەکانە. هەر بۆ نموونە لە ئینگلتەرەدا جۆرێک لە پەیوەندی لەنێوان سیفاتەکانی کەسایەتیی تاکەکەسان و نێوان هەڵسوکەوتیان بڕیاردرا. ئەمەش لەمیانی نموونەی جیاواز لەم لێکۆڵینەوانەی کەبەسەر هەڵبژاردندا هات، کە ڕاڤەی زۆری بەخۆوەگرت و خرایەڕوو. ئینجا شێوەیەکی دیاریکراو لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی. بە گوزارشتێکی دیکەوە تێبینی ئەوە کرا کە ئەم تاقیکردنەوانەی کە کریکارێکی کاری دەستی پێیدا دەڕوات

له بەریتانیاو ئەم بەهایەی کە پابەند دەبێت پێیەوەو وایلێدەکات دەنگ بۆ حزبی کرێکاران بدات، زیاتر لەوەی کرێکارێکی کاری نادەستی کە تاقیکردنەوەو بەهای جیاوازی هەیە، چارەسەرکردنی زانایانی سیاسەت بۆ چەمکی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی سیاسی گەلێک بەربڵاو و پەرتەوازە بووە زیاتر لەوەی کە رێکخراو بێت، تا کتێبی (هیربێرت هایمان) کە بەناونیشانی (پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی سیاسی، لێکۆڵینەوەیەک لەبارەی سایکۆلۆژییەتی هەڵسوکەوتی سیاسی) لەساڵی (١٩٥٩) دا بڵاوبووەوە.

جا بەهۆی نووژەنیی ئەم بابەتەو ئەم بارەی کە لە دەوری گەشەسەندن و پەرەسەندنیدا رۆڵیان هەبووە، زیاد لە دەروازەی جیاوازی دیکەشەوە، ئەوا تاکاتی ئێستاش وامایەوە کە جارێک خەسڵەتی ئەنترۆپۆلۆژی بەخۆوە هەڵبگرێت و جارێکی دیکەش سایکۆلۆژی بێت.[٢٢] کەواتە پێگەیاندنی سیاسی بەپاڵپشتی شیکردنەوەی وەزیفی زانایانی کۆمەڵناسی سیاسی لەقەڵەم دەدرێت لەبەر ئەم هۆیەی کە وەزیفەکارەکان پێش هەموو شت بایەخیان بە پاراستنی کۆمەڵ داوە هەروەهاش بە دەوامکردنی سیستەمی سیاسی. هەروەها دەتوانین بڵێین کە زۆربەی خەڵک لەژێر سێبەری سیستەمی سیاسی سەقامگیردا لەسەر ئەوە رێکدەکەون کە پێوەرە سیاسییەکانیش بەرۆڵی خۆی یارمەتی چاککردنەوەو پاراستنی باری جێگیربوو بکات کە لەژێر سێبەری ئەمەوە لەدایک بوون. واتە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی سیاسی ج لە کۆمەڵگە سەقامگیرەکاندا یان ناسەقامگیرەکان ئامانجی ئەوەیە کە باری جێگیر بوو بپارێزێت کۆڵەکەکانی سیستەمی سیاسیی باویش بچەسپێنێت.[٢٤]

بەڵام ئەگەرچی هزری وەزیفەکاران ماوەیەکی زۆر

لەشیکردنەوەی پێگەیاندنی سیاسیدا مابنەوە، ئەوا ئاراستەیەکی دیکەش هەیە بۆ شیکردنەوە، ئەویش شیکردنەوەی سیستەماتیکییە کە گوزارشتی لە بیرۆکەی خۆی کردووە لە بارەی بابەتی پابەندبوونی بە میتۆدەکانی دیکەوە و دوای ئەمەش کە پێگەیاندنی سیاسی بووە تەوەری باسی سۆسیۆلۆژییەکان ڕێڕەوێکی دیکە لە ئەورووپا پەیدا بوو، ئەمیش قوتابخانەی فەرەنسییە کە هەوڵیدا بنچینەو میتۆدێکی دیکە بۆ ئەم بابەتە ڕوونبکاتەوە ئەمیش قوتابخانەی (**بۆدلیە**) و (**باسترۆن**) و (**ستام**) و (**بۆردیۆ**)یە. ئەم قوتابخانە فەرەنسابیە هەوڵیدا لەچوارچێوەی وەزیفەکاری لە لێکۆڵینەوەی پێگەیاندنی سیاسیدا بێتە دەرەوە بە ڕوانینێکی شیکردنەوەیی دیکەوە بۆ پێگەیاندنی سیاسی.

## شیکاری ئەمەریکی لەبارەی پێگەیاندنی سیاسییەوە

لەراستیدا سیفەتی گشتی لەشیکردنەوەی ئەمەریکی لەبارەی بابەتی پێگەیاندنی سیاسییەوە لەبنەچەدا لەم بیرۆکەیەوە سەرچاوە هەڵدەگرێ کە دیاردە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان لەکۆمەڵدا و لەپێناوی ناسینەوەی ناتوانرێت بەدەست بهێنرێت بەبێ بەکارهێنانی تاقیکردنەوەکان بۆ گەیشتن بەڕاستی ئەم دیاردانەوە کە پێگەیاندنی سیاسیی یەکێکیانە. تاقیکردنەوەکان بەهۆی تەنیا تێبینییەوە دەبێت و بەهۆی خستنەڕووی پرسیاری ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆوە دەبێت لە دانیشتووان. لەراستیشدا ئەم بابەتە جێگای سەرسوڕمان نییە چونکە هزری ئەمەریکی لەزانین بۆ ئیشەکان دێتە دروستبوون بەوەرگرتنی تاقیکردنەوەکان وەک شێوازێکی لێتۆژینەوەی میتۆدی، هەمان شتیش لە پێگەیاندنی سیاسیدا پەیڕەو دەکرێت. پێگەیاندنی سیاسی ڕۆڵەکەی بە گواستنەوەی بەهاو نەریتەکانە لەنەوەیەکەوە

بۆ نەوەیەکی دیکە. ئەم پرۆسەیە دەبێت لەسەر شێوەی ئاسۆیی و شێوەی ستوونی بێت.

شێوەی ستوونی: واتە نەریتەکان لەنەوەی کۆنەوە (السلف) بۆ نەوەی هاتوو (الخلف) بەهۆی نەوە یەک بەدوای یەکەکانەوە دەگوازرێنەوە.

شێوەی ئاسۆیی: واتە گواستنەوە بەهۆی چەند پارێکەوە (قطاعات) لە کۆمەڵدا، ئەمەش لەپێناوی گەیشتن بەهاوئاستی و پێکەوە گونجان لە کۆمەڵدا. لەبەر ئەمە ئامانجی بنچینەیی لەپێکەیاندنی سیاسیدا ئەوا سەقامگیریی سیاسییەو ئەگەر واشرێککەوت کەداخوازیی دیکە بۆ نوێکردنەوەو نارەزایی دەربڕین هەبوو، ئەوکاتە کۆمەڵ پارسەنگەکەی تێکدەچێ و سروشتی وەزیفەییش لە کۆمەڵدا ناهاوسەنگی تێدەکەوێ.

کۆمەڵیش تەنیا بە سەقامگیری و هاوئاستی نەبێ ڕێگا بەوە نادات جیاوازیگەری تێیدا هەبێ. کاتێک کە داخوازیی دیکە هەبن ئەگەر چی بەنیسبەت وەزیفەکارانەوە نوێکردنەوەو پەرەسەندنیش هەبێت، هەموو ئەم کاروبارانە بەدەر لە کۆمەڵ دادەندرێن کە ئەمانەش حاڵەتەکانی نادروستن. کەواتە چۆن تەفسیری ئەوە دەکرێت کە نەوەی نوێ لەوانەیە بەهاکانی نەوەی کۆن ڕەتبکەنەوە، ئەمەش حاڵەتێکی دروستەو یان هیچ نەبێ حاڵەتێکی سروشتییە لەیاسای پەرەسەندنی کۆمەڵایەتیدا. وەزیفەکاران باسی ئەوە دەکەن کە سەقامگیری بە بنچینەی کۆمەڵ دادەندرێت تا کۆمەڵ بتوانێ بەم هۆیەوە سەرلەنوێ بەرهەم بێنێتەوە، ئەگەر نا هاوسەنگیش ڕوویدا، چۆن دەتوانرێت سەرلەنوێ بەرهەمهێنان بکرێتەوە بەشێوەیەکی سروشتی و ناهاوسەنگ، کەواتە ئەمەیە شیکردنەوەی وەزیفی ئاسایی ئەمەریکی بۆ ئەم بابەتە.[٢٥]

بەهەرحاڵ لیتۆژینەوە سیاسییەکان لەبواری پێگەیاندنی سیاسی لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا ئاماژە بە دوو ڕووگەی (اتجاه) هاودژ دەکات: رووگەی یەکەمیان: کە ڕووگەی زیاترە لای زۆربەی لیتۆژەرەوە بەناوبانگەکان لەبواری پێگەیاندنی سیاسی ئەوەیە کە وڵاتە یەککگرتووەکانی ئەمەریکا بە ڕۆشنبیرییەکی سیاسی پێکەوەگونجاو جیا دەکرێتەوەو زۆر ڕێبازیش هەن لای دانیشتووانی ئەمەریکاییەکان پاڵپشتی و داننانە بە بەهاو زانیاریی سیاسی باو ئەمەش ڕاڤەی سەقامیگریی ژیانی سیاسی ئەمەریکی دەکات.

رووگەی دووەم: ئەمەش ڕووگەیەکی کەمێک لەتوژینەوەرەکانەو ئاماژە بە هەندێک بەڵگە دەکەن کە باری هەبووی ئەمەریکی ڕەت دەکاتەوەو لەهەندێک دیاردەی توندوتیژی سیاسی و مانگرتندا خۆی دەنوێنێ بەتایبەتیش لەلایەن ڕەشپێستە ئەمەریکییەکان. لەوانەیە لەم بارەیەوە تەنیا ئاماژە بەیەکێک لە لێتۆژەرەوە بەناوبانگەکان بکەین کە گوزارشتیان لە ڕێبازی یەکەم کردووە ئەویش (رۆبەرت لین)ەو لە لێکۆڵینەوە بەناوبانگەکەی لەبارەی ئایدیۆلۆژیای سیاسی بۆ ئەوە چووە کە وڵاتە یەککگرتووەکانی ئەمەریکا بە یەکێک لە سەقامگیرترین سیستەمی سیاسی لە جیهان دادەندرێت و ئەم سەقامگیرییەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی تەوەری سیاسی ناوەخۆیی و نەبوونی هیچ لە بزووتنەوەکانی لەناوبردن و پارچە پارچەکردنی ناو دەوڵەتەکەو بەکورتی ئەوەیە کە لاگیری و پاڵپشتی کردنی ئایدیۆلۆژی بۆ سەقامگیریی سیاسی بەهێز ڕوون و کاریگەرە.[٢٦]

بەڵام ئەگەر ئەمە شیکردنەوەی وەزیفی لاسایی ئەمەریکی بێت لەم بارەیەوە، کەواتە چۆن ڕاڤەی بەردەوامی کۆمەڵ بکەین و هەڵوێستی کۆمەڵیش لەهەر یەکێک لە وڵاتە یەککگرتووەکانی ئەمەریکاو

یەکێتیی شوورەوی جاران و کۆمەڵگەکانی دەوڵەتانی جیهانی سێیەم یان تازە پێگەیشتووەکان بزانین؟ دێین کۆمەڵگەی یەکێتیی شوورەوی جاران وەردەگرین و دەگەڕێینەوە سەردەمی شۆڕشی بەلشەفی کە ئەوکاتی بەهاو نەریتە ئەرستۆکراتییە بۆرژواکان لە سیستەمی قەیسەریدا خۆی دەنواندو شۆڕشی بەلشەفی بەهزری نوێوە هات و خۆی بەسەر هزری بۆرژوای کۆن داپۆشی، کەواتە چینی بۆرژوا تادوای شۆڕشی بەلشەفی مایەوە، جا چارەنووسی ئەوەی بۆرژوا چی بوو؟ چارەنووسەکەی دوورکەوتنەوە بوو لەدەرەوەی پرۆسەی بەرهەمهێنان بوو لەسەرجەم کۆمەڵدا، بەڵام تێبینی ئەوەش دەکرێ کە بۆرژوای ڕووسی زۆر کاریگەر بوو بەراستی دۆڕاندنەکەی خۆی، لەبەر ئەوە بەناچاری خۆی گونجاندو بوو بەیارمەتیدەرو پاشان تەواو لە کۆمەڵگەی سۆڤێتیدا خۆی گونجاند، بۆیەش هەڵوێستی شێوە نادروستی بەخۆوە نەدیت. بەڵام لە وڵاتە یەککرتووەکانی ئەمەریکادا لەگەڵ بوونی کۆمەڵگەی لاسایی ئەمەریکی کە لەسەر بنچینەی مەسیحیەت و بەهاکانی بۆرژوای لیبرالی و خۆسەپاندنی ئەنگلۆساکسۆنە سپی پێستەکان و سەروەرییان بەسەر دەوڵەتانی دیکەدا وەستاوە، ئەوا نەوەی نوێ سەریهەڵداو بوو بەراستییەک لە گۆڕانی کۆمەڵایەتیداو ئەمەش بەشێوەیەکی تایبەتی لەکاتی جەنگی ڤێتنامدا بەدیار کەوت. جا چۆن ڕاڤەی گۆشەنیگای نەوەی نوێی ئەمەریکی دەکرێت، داخوا حاڵەتێکی نادروستە، ڕۆڵی پێگەیاندن و ئامادەکاری دەبێ چیبێت کە نەوەی کۆن و نەوەی نوێی چاندووە؟.[٢٧] ئەوەی کە جێگای گومان نییە ئەوەیە کە هەموو سیستەمێکی سیاسی هەمیشە هەوڵی ئەوە دەدات کە چ جۆرە سیاسەتێکی ڕاستوڕەوان هەیە تا لەدڵی منداڵاندا بیانچێنێت، ئەمەش چونکە بەرنامەکانی پەروەردەی نیشتمانی

هەر لەکۆنەوە ئەم چەمکانە بەخۆوە دەگریّ، هەر بۆ نموونە ئەمەریکییەکان وایان دەڕوانییە فێرکردنی سیاسی سۆڤیەتی جاران کە (نۆشکردنێکی ڕێبازی کۆمۆنیستی) بووەو هەروەها بەرنامەی فێرکردنی سیاسی ئەمەریکیش تەنیا (راهێنانی دانیشتووان) بووە لەسەر ژیانی ئەمەریکی، بەڵام هەریەکێک لەم حکوومەتانە وایدەبینیّ کە یەکێک لەوەزیفە گرنگەکانی ئەوا فێرکردنی بەها تەوەرەیی و بیروباوەڕو هەڵسوکەوتە لە کۆمەڵگەکانی خۆیاندا.[٢٨]

بەڵام لە کۆمەڵگەکانی دەوڵەتانی تازە پێگەیشتوودا یان جیهانی سێیەم کە زۆربەیان خودان بنچینەی لاسایین و ئەمەش ڕێگای گێرەشێوێنی خۆش دەکات لەکاتی بوونی ئەم پارانەی (قطاع) کە نوێبوونەوەو هاوچەرخی دەوێت، جاداخۆ لەسەر ئەم سروشتە وەزیفییە دەمێنێتەوە، بۆیەش بازدانەکەو گۆڕانەکە نابێت، یان ڕێگا بەگۆڕان دەدات و بۆیەش دەبێتە هۆی ناهاوسەنگیی سروشت لە کۆمەڵدا، کەواتە وەزیفییە لاساییەکان نەیانتوانی ڕاڤەیەکی وەزیفی بەشێوەی دروست بخەنە بەردەست، چونکە کۆمەڵیان وەک گشتگیرییەوە وەرگرتووە کە وەزیفەیەکی هەیە کە ئەمیش پاراستن و بەردەوامبوون و سەقامیگرییە وەک ئامانجێکی بنچینەیی و لەبیریان چۆتەوە کە سروشت ڕێمان نیشان دەداو ئاماژە دەکات چونکە پێشکەوتوون و هیچ بەربەستێک نییە لە سروشتی شتەکاندا بەڵکو سروشتی شتەکان وەک ئاو وایە ئەگەر شێلوو بوو، پیس دەبێت.کەواتە لاسایی ئەمەریکی بۆ ڕۆڵی پێگەیاندنی سیاسی جێبەجیّ کردنێکی نادروستەو ئەگەر بتوانێت گوزارشت لەهزری خۆیدا بکات ئەوا لە کاتێکی درەنگ وەختەو لەسەرەتای چەرخی بیستەمدایە.

کەلێکۆڵینەوە بایۆلۆژییەکان بەسەر هزری ئەکادیمی زاڵن لەبەر ئەوە لەشیکردنەوەی سیستەماتیکی (**دیڤید ئەستن**) دەکۆڵنەوە.

### شیکردنەوەی سیستەماتیکی لەپێگەیاندنی سیاسیدا

بیرۆکەی بابەتی پێگەیاندنی سیاسی دیاردەیەکەو لێکۆڵینەوە لە گواستنەوەو گەیاندنی بەهاکان، نەریتەکان، زانیارییەکان، زمان، دەکات. هەموو ئەو بنەمایانەی کە لە کۆمەڵدا هەن لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکەوە هۆیەکەی ئەوەیە کە لەپێناوی پاراستنی ئەم بنەمایانەیە کە لەهەر کۆمەڵگایەکدا هەن. بابەتی پێگەیاندنی سیاسی بەشێوەیەکی تایبەتی لای زاناکانی دروونزانی و زاناکانی پەروەردە باسکراون لەبەر ئەوە زۆربەی زۆری لێتۆژینەوەکان لەچوارچێوەی زانستی دەروونزانی و ڕۆڵی لێکۆڵینەوە لە قوتابخانەکان یان جیهانی منداڵ بەشێوە گشتییەکەی نەچوونەتە دەرەوەو لەوەزیاتر تێیان نەپەڕاندووە، بۆیە تێبینی ئەوە دەکەین کە سۆسیۆلۆژیا زۆر لەمێژ نییە کە هاتۆتە ناو ئەم بابەتەوەو خۆی لەقەرەیداوە، بایەخدانیش بەم بابەتەوە لەمەوەیە کە زانستی کۆمەڵناسی سیاسی و بەشێوەیەکی تایبەتیش گرووپی وەزیفییەکان ئەوانیش ئەو پارێزگارانەن کە بایەخیان بەم بابەتە داوە چونکە لەم بڕوایەدابووینە کە لە پێگەیاندنەوە دەتوانن بگەنە بەم ئامانجەی کە بڕوایان پێی هەیە کە ئەوان خۆیان بڕوایان بە (بەردەوامی و سەقامگیریی و پارێزگاری) هەبوو لەبەر ئەوە وەزیفییەکان ئەم بیرۆکەیان هێنایە گۆڕێ، چونکە لەم باوەڕە دابوون کە دەیانگەیەنێتە میتۆدی لێتۆژینەوەی خۆیان لەمیانی پێگەیاندنی سیاسیدا، جا لەبەر ئەمەش کەپێگەیاندن لە بنەڕەتەوە مانای گواستنەوە دەگەیەنێت لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە بۆیەش وەزیفییەکان سوودیان لێی وەرگرت.[٢٩]

**نموونەی دیڤید ئەستن یان میتۆدی سیستەماتیکی لەپێگەیاندنی سیاسیدا**

ئەوەی ڕاستیبێت نامانەوێ بگەڕێینەوە بۆ قسەکردن لەبارەی بەسەرکردنەوەو چەمکەکانی **دیڤید ئەستن** لەبارەی سیستەمی سیاسییەوە، بەڵکو ئەوە لەچەمکە گشتییەکانی سیستەمی سیاسیدا باسی لێوەدەگرێت. بەڵام دیڤید ئەستن ئەو بەسەرکردنەوانەی لە سیستەمی سیاسیدا بەکاردێن، ئەو لە پێگەیاندنی سیاسیدا بەکاریهێناون. بەنیسبەت دیڤید ئەستن لەبارەی پێگەیاندنی سیاسییەوە لەبنەڕەتەوە پەیوەستە بەوەی کە سیستەمی سیاسی بەشێوەیەکی بەردەوام کار دەکات، کەواتە ئەم بوارانە چین کە پەککەوتنی کاری سیستەمی سیاسیمان بۆ بەدیار دەخات؟ ئەم پەککەوتنەی کە ڕوودەدات بەهۆی دەسکەوت و داواکارییەوە لەوانەیە بێتەدی، ئەمەش بەهۆی ئەم پاڵەپەستۆیانەیە کە دەکەونە سەرشانی سیستەمی سیاسییەوە بەهۆی ئەم بارگرانییەی کە لەسەر سیستەمی سیاسیدا دروستدەبێت، داخوا ئەم بارگرانییە لەسەر سیستەمی سیاسی لەکوێوە دێت؟

- یان لەلایەن دەسکەوتەکانەوە
- یان لەلایەن داواکارییەکانەوە

- لەلایەن دەسکەوتەکانەوە: چۆن دەسکەوت و بڕیارەکان دەبنە بارگرانی بەسەر سیستەمی سیاسییەوە، بۆ نموونە لە دەوڵەتێکدا سیستەمی سیاسی هەست بەوە دەکات کە پێویستی بەبوونی نەخۆشخانەی زۆر هەیە، پاشان سەیرکرا کە سستییەک لەکارکردندا هەیە ئەوکات سیستەمی سیاسی بڕیاڕ دەدا کە (١٠٠) نەخۆشخانە دابمەزرێنێ، ئەم بڕیارە خۆی لەخۆیدا لەوانەیە بارگرانییەک بۆ سیستەمی سیاسی دروستبکات. لەمانەش زەحمەتی

پەیداکردنی پسپۆڕو کرێکار و گواستنەوەو ئامێرەکان، لەوەدا بۆمان دەردەکەوێ کە دەسکەوت و بڕیارەکان لەوانەیە بارگرانییەک بۆ سیستەمی سیاسی دروستبکات. کەواتە ڕۆڵی پێگەیاندنی سیاسی لەم بابەتەدا چییە بەلایەنی دەسکەوت و بڕیارەکانەوە. (دیڤید ئەستن) بۆ ئەوە دەچێ کە پێگەیاندنی سیاسی وەک هۆکارێکی ڕادە کەمکردنەوەی ئەم پاڵە پەستۆیەی لەسەر سیستەمی سیاسی پەیدا دەبێت لەمیانی بڕیارو دەسکەوتەکاندا، ئەویش دەخزێتە ناو ئەو بابەتەوە بەهۆی پێگەیاندنی هاووڵاتی یان تاکەکەس بۆ گوێڕایەلی سیستەمی سیاسی، کە دەبێتە هۆیەکی کەمکردنەوەی ئەم پاڵەپەستۆیەی کە بەهۆی دەسکەوتەکانەوە دروستدەبێت و پاڵەپەستۆی ئەم بارگرانییەی کە دروستیش بووە کەمتر دەکاتەوە. شێوەی ئەم کاروبارانەش تاکەکەسان دوای هەست پێکردنیان بە پێگەی کۆمەڵایەتییان و پێگەی ئەوانی دیکەو پێوەندییان بەگشتی کۆمەڵایەتییەوە جێبەجێ دەکەن کە ئینتما بۆ گشتییەکە دەکەن و لەگەڵیاندا تێکەڵاو دەبێت.[30]

- لە لایەن داواکارییەکەوە: لەوانەیە داواکردن چەندان جۆر بێت. هەندێکجار داواکاری لەسەر سیستەمی سیاسیدا دەبێت لەوانەیە بارگرانییەک بۆ ئەم سیستەمە سیاسییە دروستبکات و تەگەرە بخاتە پێش کارەکانی و بۆیەش بارگرانی دروستدەکات. ئینجا چۆن دەتوانرێ ئەم بارگرانییەی کە لە داهاتووەوە دێت بەسەر سیستەمی سیاسیدا کەم بکرێتەوە؟ ئەمەش بە کەمکردنەوەی داواکاری دەبێت وەک (دیڤید ئەستن) وای بۆ دەچێ، ئەوەش بەچاندن و فێرکردنی دانیشتووان دەبێت بەکاروباری مەدەنیەت و فێرکردنەوە، کەواتە پێگەیاندن لێرەوە دێتە گۆڕێ بۆ کەمکردنەوەی ئەم بارگرانییەی کە لەوانەیە داواکاری بەسەر سیستەمی سیاسییەوە دروستی بکات.

لێرەدا پێویستە کە گوێڕایەڵی، فێرکردن، خۆ ئامادەکردنێک بێت و بەهاکانی تێدا بچێنرێن لە مانەش ڕێزگرتن لە دابونەریت و ڕێزگرتن لە یاساوە، هەموو ئەم بەهایانەش دەبێ لەناو داواکاریدا بچێنرێن. مەبەستی بنچینەییش لەم بارەیەوە ئەوەیە کە هیچ سیستەمێکی سیاسی نییە کە بتوانێ بگاتە حاڵەتی پێکەوە گونجاندنی بەردەوام. تەنیا ئەگەر ئەم سیستەمە لەوەدا سەرکەوتن بەدەست بێنێ بەوەرگرتنی دانیشتووانەکەی خۆی لە زانیاری هاوبەش لەبارەی کاروباری سیاسییەوەو لەبارەی کۆمەڵێک لەبەهاکان و ڕێبازە سیاسییە هاوبەشەکاندا، جا ئەگەر هاتوو ئەم چاندنە خاڵێکی سەرهەڵدان بێت بۆ دروستکردنی لێتۆژینەوەو لێکۆڵینەوە، ئەوا دەبێ لێهەڵبژاردن و بژارکردن لەبەرنامەکانی ئەم سیستەمە لەبواری پێگەیاندنی سیاسی پەیڕەو بکرێت، ئەمەش بۆ مسۆگەرکردنی بەردەوامی پاڵپشتکردنی دانیشتووانە بۆ سیستەمەکە.(٣١)

کەواتە (ئەستن) ئەم پرسیارەی کە پەیوەستە بەپێگەیاندنی سیاسی دەخاتەڕوو کە ئەوەیە: ئاخۆ پێگەیاندنی سیاسی بۆ تاکەکەسی دانیشتووان دەتولنرێ لەمیانی قۆناغەکانی ژیانیدا دروستبکرێ و هەر قۆناغێکیش جیاواز بێت دەگەڵ قۆناغی دیکەیدا یان ئاخۆ تاکەکەسان پێش تەمەنی باڵق بوونیان هەموو ئەو شتانە وەردەگرن کە پێوەندی بەپێگەیاندنی سیاسییەوە هەیە، ئەم گریمانەیەش ئەوە دەردەخات کە ئەگەر هاتوو تاکەکەس لەمیانی قۆناغەکانی ژیانیدا فێربێت، بەڵام ئەگەر لەهەموو قۆناغەکانی ژیانیدا فێرنەبوویێت ئەوا دەبێ لەپێش قۆناغی باڵق بووندا فێری بێت.. ئەنجامەکەش ئەوەیە کە لە پێگەیاندنی سیاسیدا هیچ ساڵێکی دیایکراو نییە بۆ زانینی یان گەیشتن بەوەی کە پێویستە پێشکەشبکرێت یان تاکەکەس بیدات. هەر بۆنموونە لە فەرەنسادا دانیشتووان لەدوای

تەمەنی (٢١) ساڵییەوە بەدانیشتووان دادەندرێت. لەم حاڵەتەشدا ئەگەر داواکارییەک هەبێت یان شڵەژانێک لە سیستەمی سیاسیدا هەبێت ئەوا تەوەرەکەی لەم کەسانەوەیە کە تەمەنیان لە (٢١) ساڵی کەمترە. بۆیەش لێرەدا پرسیار لەبارەی پێگەیاندنی سیاسی دێتە ئاراوە کە بۆچی لە فەرەنسادا ئەم نموونەیە هێنرایەوە چونکە لە فەرەنسا و لەئایاری (١٩٦٨)ەوە بازدانێکی ڕۆشنبیریی کۆمەڵایەتی دروستبوو، ئەمەش بووە هۆی لەدایکبوونی گۆڕانێکی سیاسیی ڕاستەقینە.[٣٢]

ئینجا دوای ئەوەی ڕووداوی سیاسی هەبوون کە قوتابییانی زانکۆ ئەنجامیان نەدابوو، بەڵکو قوتابییانی دواناوەندی ئەنجامیان دابوو، ئینجا ئەو کارەی کە داوایان دەکرد دواخستنی ڕاژەی سەربازی بوو، ئەو تەمەنەی کە نەگیشتبووە (٢١) ساڵە و بۆ نموونە لە تەمەنی (١٧) ساڵییەوە دەبووایە لەسەربازیدا گیانی خۆی فیدا بکات بەڵام هەقی نەبوو بەشدار بێت لەکاری سیاسیدا تەنیا دوای ئەوەی کە تەمەنی دەگاتە (٢١) ساڵان. ئینجا (ئەستن) ئەم نموونەی بۆ ئەوە هێنایەوە تابزانرێ کە پێگەیاندنی سیاسی ناوەستێتە سەر تەمەنێکی دیاریکراوەوە بەڵکو پێگەیاندنی سیاسی دەبێ لەگەڵ قۆناغەکانی تەمەنی دانیشتوواندا بەردەوام بێت لە کۆمەڵدا.

بەنیسبەت منداڵانیشەوە هەموو زاناکانی وەک (پێرشلۆن و گرینبرگ و داوزی و ئەستن و هیسی) تۆژینەوەی خۆیان لە بارەی پێگەیاندنی سیاسی پەیوەست بەجیهانی سیاسیی منداڵان پێشکەش کردووەو هەروەهاش تۆژینەوەیان لە قوتابخانەکانی سەرەتایی و ناوەندی لەبارەی پێگەیاندنی سیاسیی منداڵان ئەنجامداوە. بەم پێیەی کە منداڵ نوێنەری قۆناغی یەکەمە لە پرۆسەی گەشەکردنی تایبەت بەپێکهاتەی ڕێبازەکاندا، ئینجا لەبەر ئەوەشە کە پلەیەکی

بەرز لە ڕێبازی دواڕۆژ و پێکهاتەی دواڕۆژی هەڵسوکەوتی پێکدەهێنێت، ئەمەش مانای وایە کە چاندن لە منداڵییەوە گۆڕینی لەتەمەنی گەورەییدا زەحمەت دەبێ.

(گرینبرک) وایدەبینێ کە زۆربەی پێناسەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە منداڵ تەنیا لە چوارچێوەی ڕۆشنبیریی سیاسی باودا دەتوانرێ پێی بگەیەنرێت، کە ئەمەش سیستەمی سیاسی پێی ڕازیەو بۆیەش منداڵ ئەو ڕۆڵانەی پێشبینی دەکرێت کە لە دواڕۆژدا بیبینێت، وەریاندەگرێت لە کۆمەڵدا، هەر بەمجۆرەش ڕۆشنبیریی سیاسی لەنەوەی کۆنەوە دەگوازرێتەوە بۆ نەوەی نوێ.[٣٣]

وەلێ چەمکی (**دیڤید ئەستن**) لەبارەی پێگەیاندنی سیاسیی جیهانی منداڵانەوە شتێکی دیکەیە، ئەو تۆژینەوەی خۆی لەمیانی پێوەرە سیستەماتیکییەکانەوە ئەنجامداوە کە دەبێتە هۆی وێناکردنی پێگەیاندنی سیاسی بەشێوەیەک کە بگەینە ڕێساکانی تۆژینەوە لەم بابەتەدا.

ڕێساکانی تۆژینەوە لە بابەتدا هەندێک لە نووسەرانی فەرەنسی سوودیان لێ بینیوەو وەک میتۆدێکیش بۆ لێکۆڵینەوە لەپێگەیاندنی سیاسی منداڵاندا لەچەند ناوچەیەکی فەرەنسا بەکاریانهێناوە، بەڵام (**دیڤید ئەستن**) لەم شوێنانەدا کە پشتی بە دەروونزانی خۆی بەستووە، چی باس کردووەو چی وتووەو بۆ لێتۆژینەوەش لەبارەی منداڵانەوە چی نووسیوە؟ (**ئەستن**) وایدەرخستووە کە چەند قۆناغێک هەیە منداڵ لە ڕوانینی خۆیدا گوزارشت لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکە دەکات بەشێوەیەک کە لەهەر قۆناغێکدا ڕوانینێک یان بیرۆکەیەکی لەوانەی کە خوێندوویەتی لەلایدا چاپ دەبێت.

**قۆناغی یەکەم**: یەکەم حاڵەت ئەم حاڵەتەیە کە لە زەینی منداڵ پێکدێت بەهۆی بیرۆکەیەکەوە کە ئەویش بەسیاسەت بوونە

(التسيس). منداڵ بیرۆکەیەکی نادیاری لەبوونی سیاسەت لەلادا دروست دەبێت. کە هەست بەبوونی دیاردەی سیاسی دەکات بێئەوەی لە ڕاستییەکەی و واقیعەکەیدا نزیک بێتەوە، منداڵ کە گەشە دەکات ئەوسا دەزانێ کە باوک و دایک و براو خوشک و دراوسێی هەن. منداڵ لە گەشەکردندا هەست بە بوونی شتێک دەکات. درک بە بوونی شتێک دەکات بەناوی سیاسەت بەڵام بەتەواوی نازانێ ئەم شتە چییە.

**قۆناغی دووەم:** ئەویش قۆناغی بەکەسایەتیبوونە، واتە دەستنیشانکردنی کەسایەتییەکان، لەم قۆناغەدا لەلای منداڵ وێنەو ئەقڵیەتێک دروست دەبێت لەبارەی کەسایەتییە دیارەکانی سیستەمی سیاسی بەشێوەیەک کە لەمیانی ئەم کەسایەتییە دیاریکراوانەدا، دەزانێ فلانە کەس سەرۆکی دەوڵەتە یان فلان کەس گەورەترین دەسەڵاتە لە کۆمەڵدا، ئەمەش لەڕێگای وێناکردنی دەموچاوە دیاریکراوەکانی کۆمەڵ دەتوانێ بەرزترین کەسی دەسەڵاتدار لە گوندێک یان لە شارێک یان لە وڵاتێکدا دەستنیشان بکات.

**قۆناغی سێیەم:** منداڵ دەگاتە ئەو ئاستە کە بەها دیاریکراوەکانی لەلا دروست بێت (هەڵوێستە سیاسییەکان) ئەوەش دەبێتە پێکهاتنی هەڵوێستێکی سیاسی گشتی لەبارەی دەسەڵاتەوە بەشێوەیەک کە منداڵ وادەبینرێ کە هەڵوێست وەردەگرێ بە ڕقلێبوونەوە یان خۆشویستنی گەورە سەرکردە یانیش لە گەورە سەرکردە دەترسێ... تاد ئەمەش هەڵوێستێکی دیاریکراوەو لەسەر ڕوانینێکی ئایدیالییەوە دەوەستێ.

**قۆناغی چوارەم:** ئەمەش قۆناغی دامەزراندنە یا قۆناغی دامودەزگاکان یان ڕوانینێک لەبارەی دامودەزگاکانەوە. منداڵ وایلێهاتووە نەک هەر لەبارەی کەسانی دەسەڵاتەوە خوێندن بکاو

لێیان بکۆڵێتەوە، بەڵکو لە دامودەزگاکانی دەسەلاتیش دەکۆڵێتەوە چۆنیەتی کارکردنی دامودەزگاکانیش دەزانێ، بۆیە بەقۆناغێکی بەرەوپێشەوەچوو لە پێکهاتەی هزری دادەندرێت. ئەمەش بە تێپەڕبوونی بەهەرسێ قۆناغەکەی پێشتر تەواو دەبێت تا دەگاتە ئەم قۆناغە. لە ڕاستیدا توژینەوەی (ئەستن) لەبارەی منداڵانی ئەمەریکی، گەیاندییە ئەنجامی دیاریکراوەوەو لەمەدا ئەوەی هەڵێنجا کە دەگەڵ ئەو ئەنجامانەی کە لە فەرەنسادا پێی گەیشت، ناگونجێت، چونکە گەورە سەرکردە کەسێکی خۆشەویستە لای منداڵان و ئەوەشی بۆ ڕوون بووەوە کە گەورە سەرکردە ئاگاداری بەرژەوەندی منداڵانەو لای ئەوان بە باوک و دەسەڵات ناسراوەو ئاگاداریانەو سزادەرەو توندوتیژە، ئینجا لەکاتێکدا کە ئەم نموونەی وەرگرت و لە فەرەنسادا پراکتیکی کرد، بینی کە بەپێچەوانەیەو سەرۆکی دەوڵەت لای ئەوان ئەمرکردەیە و کەسایەتییەکی دەسەڵاتخوازە (سلطوی) و نوێنەری ڕێنمایی کردن نییە و چاودێرییان ناکات وەک لەلای ئەمریکییەکاندا وەهایە، ئینجا لەم بەدواداچوونەی کەوا (پرشلۆن) لەدەوروبەری پاریس ئەنجامی دا، بەدیاری خست کە لەنێوان (١٠-١١) منداڵ یەکێکیان سەرۆکی دەوڵەت دەناسن و لای ئەوان سەرۆکی دەوڵەت دەسەڵاتزاڵە (متسلط) لەهەمان کاتیشدا باسی دەسەڵاتێکی دوور لە بەکەس بوو دەکەن. لە توژینەوەکەی (پرشلۆن) ئەمەش بەدیارکەوت کە منداڵ کاتێ گەورە دەبێت زیاتر تێبینی ئەوە دەکات کە دەسەڵاتەکە بووەتە دەسەڵاتێکی بەکەسبوو (مشخصة) نەک دامودەزگایەک واتە دامودەزگاکان دەسەڵات بەدیار دەخەن و دەسەڵاتیش لە ئەمەریکادا ئەم دەسەڵاتە نییە کە لە فەرەنسادا هەیە. دەسەڵات لەلای منداڵانی فەرەنسا وابەدیاردەخا کە ڕیعایەتکار نییە. لەبەر ئەوە دەتوانین بڵێین کە نموونەی (دیڤید

ئەستن) و مەرامەکەی ئەوەبووە کە بیردۆزێکی خوێنراو بێت، بەڵام ئەم نموونە قۆناغەکان و ڕێکخستنی پەیڕەوکردووە بەڵام پەیڕەوی میتۆدێکی ئەقڵانی نەکردووە. (پرشلۆن) گەیشتە چەند ئەنجامێک وەک ئەنجامەکانی (ئەستن) نەبوو. ئینجا لە تێزی دکتۆراکەیدا هەوڵی ئەوەیداوە لەم بارەیەوە بدوێ کە پێگەیاندنی سیاسی منداڵ نابێ پەیڕەوی تاقە ڕێگایەک بکرێت بەڵکو دەبێ چەند ڕێگایەک بگیرێتە بەر. ئینجا هەوڵیداوە ئەم دەسپێکەی کە (دۆرکهایم) سەری لێوە هەڵگرتووە لەبارەی پێگەیاندنی سیاسی کۆمەڵایەتییەوە، ئەو ویستوویەتی تێکی بشکێنێ.[٣٤] بەڵام (کارل مانهایم) وایدەبینێ کە ئەرکی تایبەتی پەروەردەی سیاسی لە ئاگادارکردنەوەی توانای بنچینەییدا خۆی دەنوێنێ، پرۆسەکە لە زەینەوەیەو بۆ ئەوەی لە حاڵەتی ئاگاداری و ئامادەیی بەردەوام دابێت و وایلێبکرێت کاریگەر بێت لەبەرامبەر ئەو ڕووداوانەی کە دێنە پێشێ.[٣٥] ئینجا ئەمەش دەبێژێ کە مەعریفەو توانستی سیاسی تا ئێستاکە بەرێگایەکی گشتی پچڕاو دەکاتە نەوەی نوێ. ئینجا فێرکردن و فێربوونی کاروباری سیاسی لە بنچینەدا بۆ ئەو بۆنانە بوو کە بەرێکەوت ڕوویاندەدا، بەڵام ئایا ناتوانرێ شێوەیەک لە شێوەکانی فێرکردنی سیاسی هەبێت کە پێشوەختە گریمانەی ئەوە بکرێت بۆ هەڵبژاردنێکی ڕێژەیی سەربەست لەنێوان چەندان ڕێگای توانراودا، ئەمەش بەپلەیەکی زیاتر ببێتە بناغەیەک بۆ دامەزراندنی چینێک لە هزرڤانە نوێکان؟

ئایا ناکرێ شێوەیەکی واهەبێت لەفێرکردنی سیاسی؟ ئایا نابێ ئەمە ببێتە بناغەیەک بۆ چینی هزرڤانان؟.. بەمجۆرە لەسەر ئەم پرۆسەیەی کە ئامانجی دروستکردنی توانایی ئاراستەکردنی کاریگەرە، دەبێ بایەخدانی خۆی لەسەر ڕووداوە ڕاستەوخۆکان

و واقیعییەکان چڕ بکاتەوە کە لەوانەیە هەلێک بۆ بەشدارکردنی قوتابییان ڕێکبخات..[٣٦].

## قوتابخانەی فەرەنسی لە پێگەیاندنی سیاسیدا

لە فەرەنساداو لە میانی لێکۆڵینەوە لە بارەی پێگەیاندنی سیاسییەوە کە لەوێ پەیڕەوی دەکرێ، دەتوانین ئاگاداری تەکنیکی پێگەیاندنی سیاسی ببین، بۆ نموونە لە لێکۆڵینەوەیەکدا لە بارەی ڕۆڵی قوتابخانە لە پێگەیاندنی سیاسیدا هەریەک لە (**بۆدیلێ**) و (**ئیستابیلێ**) لێکۆڵینەوەیەکیان لە بارەی قوتابخانە ناوەندییەکانی فەرەنسا ئەنجامدا، بینیان کە چۆن سیاسەتێکی فێرکردنی دیاریکراو هەیە ئەنجام دەدرێت وەک نموونەیەک و هەمان شتیش بە نیسبەت قوتابخانە سەرەتاییەکانەوە، لێرەدا ئێمە بیروڕای هەردوو نووسەرەکە لە بارەی قوتابخانەی ناوەندی وەک نموونەیەک دەهێنینەوە لە بیروڕای ئەوان لە بارەی پێگەیاندنی سیاسییەوە.

لە توێژینەوەکەیاندا قوتابیانیان کردووە بە دوو گرووپی وانە خوێندنی ناوەندی بە شێوەیەک کە هەر گرووپێک لەوانە قوتابیانی خۆی بە گوێرەی پێگەیاندنێکی دیاکراو فێردەکات و بۆ مەبەستێکی دیایرکراویش.

لەم دوو گرووپە خوێندنەدا، هێمای (SS) و (PP) بۆ دانراو ناویان لە گرووپی (SS) نا گرووپی دواناوەندیی بەرز و ناویشیان لە گرووپەکەی دیکە (PP) نا قوتابخانەی پیشەیی، کەچی هەردوو گرووپەکەش قوتابییانی ناوەندی بوون و لەیەک ئاستی خوێندن بوون و یەک پرۆگرامی خوێندنیان هەبوو وەک ماتماتیک، مێژوو، جوگرافیا، زانست...تاد. قوتابییانی (SS) بە وانە وتنەوەی توند و سنووردار و پڕ لە زەحمەتی و بە چاکی ڕاهێنا و مامۆستای بە

توانایان بۆ دانان و بەشێوەیەکی چڕیش وانەکانی تێدا دەخوێندرا، بەڵام قوتابخانەی دووەم (PP) هەمان پرۆگرامی خوێندنیان بۆ داندرا، بەڵام وانە وتنەوەکانیان بە شێوەیەکی ساکار بوو و بەرشتی نەبوو، دەستەی وانە وتنەوەکانیان بەپێچەوانەی گرووپەکەی دیکە بوون. لە ئەنجامدا قوتابییانی (PP) ئاستیان لاواز دەرچوو، بەڵام قوتابییانی (SS) ئاستیان بەرزبوو و بواریان هەبوو بچنە قوتابخانەی بەرزترەوەو شایانی ئەوەبوون لە کۆمەڵدا ببنە خاوەن پلەی گرنگ بۆیەش زانینێکی ڕاستەقینەیان لا دروست دەبێت لەبارەی کۆمەڵەوە، بەڵام گرووپی (PP) ئاگادارییان بۆ بابەتەکان بەشێوەیەکی پەراوێزی دەبێت.

پێگەیاندن ڕێگا بە گرووپی (PP) دەدات کە لەگەڵ دەسەلاتی حوکمڕاندا بن هەروەهاش ڕێگایان پێدەدات تاببنە بناغەیەک بۆ چینی پرۆلیتاریی نیمچە بۆرژوا، بەڵام چینی (SS) دەتوانێت ببێتە چینێکی گەورەی بۆرژواو ڕاستیی جێگاکەی خۆی بزانێت، جا ئەگەر بابەتەکانمان وەرگرتن کە چۆن دەوترێنەوە، دەبینین وانەکان زۆر بە قووڵییەوە لە قوتابخانەی (SS) دەوترێنەوە، بۆ نموونە وانەی مێژوو بە شێوەیەک دەوترێتەوە کە دیاردەکانی مێژوویی قووڵتر دەوترێتەوە لە قوتابخانەی (PP) کە لە میانەی پرۆگرامی بابەتەکانیاندا ڕووکەشی و سادەیی پێوەدیارە، لە قوتابخانەی (PP) دا زانینێکی ڕووکەشانەیان هەیە بۆ ژیان، حەزدەکەن ئۆتۆمبێل و خانوو و شتی دیکەیان هەبێت کە کاروبارو کەرەستەی ڕووکەشین لە ژیاندا، بەڵام قوتابییانی (SS) ڕێگایان بۆ خۆش دەکرێت بۆ کاروباری گرنگی ژیان، وەک چۆن لای قوتابییانی زانکۆدا دەبینرێن، لە فەرەنسادا دوو سیستەمی زانکۆیی هەیە بۆ ئامادەکردن و پێگەیاندن، بۆ نموونە لە سەردەمی (ناپلیۆن)دا

ناوی زانکۆ و کۆلیژیان لە قوتابخانەکان ناو سیستەمی قوتابخانە باڵاکان و سیستەمی زانکۆکان پەیڕەو کرا، سیستەمی قوتابخانە باڵاکان تەنیا ئەو قوتابییانەی وەردەگرت کە خاوەن ڕۆشنبیرییەکی بەرز بوون و تەنیا ئەوانەش کە دەوڵەمەند بوون وەردەگیران، قوتابخانەکانی سەربازی و ئیدارەی گشتی و ڕێگاوبان و قوتابخانە تایبەتییەکانی دیکەش کۆمەڵێکی کەم وەردەگیران تا ئامادە بکرێن بۆ سەرکردایەتی دەسەڵات و سەرکردایەتی کردنی دامودەزگا سەرمایەدارییە گەورەکان.[٣٧]

کەواتە تەنیا لە بواری قوتابخانەی ناوەندیدا نەبووە، بەڵکو لە بواری زانکۆشدا بووەو لێکۆڵینەوەی دیکەش هەبووە لەبارەی پێکەیاندنی قوتابخانەکان لەلایەن (بۆردیۆ) و (باسرۆن)ەوە کە ئەوانەش باسی ڕۆڵی قوتابخانەکانیان کردووە لە فەرەنسا کە لە بنچینەوە بە گوێرەی ڕوانینی ئەوانەوە لەسەر ئەوەوە بەندە کە فێرکردن لە واقیعدا فێرکردنێکی بێ لایەنەیە یا بێ لایەنی فێرکردن ناوەستێتە سەر بنچینەیەکی سیاسی، بەڵکو سەربەخۆ و بێلایەنەو مامۆستاکان پێی هەڵدەستن، بێ لایەنەکانیش نایانەوێ سیستەمێکی ئایدیۆلۆژی دیاریکراو ئاراستە بکەن، چونکە زۆربەی مامۆستاکان وردە بۆرژوان و ئەم وردە بۆرژوایەش خۆی لە خۆیدا دژی پرۆلیتاریاو دژی گەورە بۆرژواکانن، ئینجا ڕۆڵیشیان بێلایەنەیە لە کێشمەکێشی چینایەتیدا کە لە کۆمەڵدا هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کە ڕۆڵیان بێلایەنەیە لەهەمان کاتیشدا ترسناکە، چونکە ترسەکەیان لەوەدایە کە مامۆستاکان قوتابییان فێری لێڕاهاتن دەکەن، لەبەر ئەوە هەردوو نووسەرەکە وایادەنێن کە کاری مامۆستاکان هۆکارێکە لە هۆیەکانی زەبروزەنگ، چونکە قوتابییان لەسەر لێڕاهاتن فێردەکەن، لێڕاهاتن لە خوێندن و لێڕاهاتن لە ڕێزگرتنی کۆمەڵ، بۆیەش ڕۆڵی

مامۆستایانی سەرەتایی و ناوەندی ڕۆڵی زەبروزەنگی هێمادارە و وانەوتنەوە بە قوتابییانیش بۆ ڕاهاتن دەیانگەیەنێتە ڕێزگرتن لە سیستەمی هەبوو، جا سیستەمی هەبووش ئەگەر کۆنەپەرست و بۆرژواو هەر جۆرە سیستەمێکی سیاسی بێت. (بۆردیۆ) لە دواکتێبیدا کە بەناونیشانی (قسەکەر چی دەوێ و مەبەستی چییە؟) هەوڵدەدات بۆ شیکردنەوەی کاروباری کۆمەڵایەتی و نوێنەرانی گرووپەکان، بەهۆی داڕێژەی زمانەوانییەوە کە پێیەوە دەدوێن.

ئەو لەناو هێناندا چارەسەرێک بۆ کێشەی ناونراو نادۆزێتەوە ئەگەر بەم کەشوبارە کۆمەڵایەتییەوە نەیبەستێتەوە کە ئیحای داوەتێ.

ئەو پێچەوانەی بنەماخوازەکان و دەقخوازەکانە، وایابینێ کە دەق یا بنەما بتوانێ تەبریرێک بۆ مەدلوولی خۆی بدۆزێتەوە، ئەگەر لەبەر تیشکی کۆمەڵایەتی کە بەکاری دەهێنێ لێکنەدرێتەوە.(٣٨)

## پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی، سیاسیی منداڵان

باسی یەکەم: ئەم بیردۆزانەی باسی پرۆسەی پێگەیاندنیان کردووە.

١- **بیردۆزی فرۆید:** **(فرۆید)** وەک زاناکانی دیکەی ڕۆژئاوا بایەخی بە سیستەم و بەردەوامی داوە لە کۆمەڵدا، هەوڵیشیداوە ڕاڤەی ئەوە بکات لە میانی ئەو چەمکەی کە ئەو ناوی لێناوە **(دەروونی باڵا)** ئەمەشیان لە میانی پرۆسەی پێگەیاندنەوە دێتەبەر.

ئەو وایدەبینێ کە مرۆڤی بوونەوەر لە بنچینەدا لە کۆمەڵێک ئارەزوو پێکهاتووەو ئەمەش لەسەر بنچینەی ڕاکێشانی چێژ و دوورخستنەوەی ئازار دروست دەبێت و کاردەکات، ئینجا ئەم حاڵە وەستاوەی سەر ئارەزوو بە **(ئەو- الهو)** ناو دەبات کە هەر

لەکاتی لە دایکبوونەوە توانایی مرۆڤ لە بارەی هەستکردن بە دەوروبەرەکەی خۆی لێی کۆدەبێتەوە، بێئەوەی توانای ئەوەی هەبێت کاری تێبکات، واتە ناتوانایی منداڵ بۆ ڕاکێشانی چێژ و دوورخستنەوەی ئازارەکان، ئینجا مانەوەی لەم قۆناخەدا پشت بە کەسانی دیکە دەبەستێ، بەتایبەتیش دایک. پاشان لەگەڵ گەشەکردندا منداڵ توانای زیاتر بەدەستدەهێنێ لەبارەی تێبینیکردن و دیقەتدان و هاوسەنگکردنی هەڵسوکەوتی خۆی، کە ئەمەش ئەوەی لێدێتەبەر کە توانابیەکی هەبێت بۆ کارتێکردن لە دەوروبەری خۆی، واتە تاڕادەیەک توانای ئەوەی هەیە چێژ بەدیبهێنێت و لە ئازارەکان دووربکەوێتەوە، منداڵ لەم قۆناخەدا هەوڵدەدات کۆنترۆڵی کردەکانی دایکی بکات بۆ بەرژەوەندیی خۆی. (فرۆید) ئەم ڕووکردەی لە کەسایەتیی مرۆڤدا بە (من- الأنا-ego) ناو ناوە، بەڵام بەهۆی ئاوێتە بوونییەوە، زوو کەشفی ئەوە دەکات کە کەسانی دیکەش هەن، هەر یەکێکیشیان لەوانە تا دایکیش (من)ێکی خۆی هەیە، هەروەها کەسانی دیکەش بەتایبەتی گەورەکانیان توانای ئەوەیان هەیە لەم چێژەدا بێبەری بکەن یا دەتوانن ئازاری پێ بگەیەنن. بەم جۆرە منداڵ لە میانی سیستەمێک لە ڕاستی و سزاوە فێری ئەوە دەبێت بارێک وەربگرێت بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەم جیهانەی کەسانی دیکەدا گونجاوبێت، ئینجا بەرە بەرە لەلای ئەو خۆگرتنی ناوەوە (ضوابط داخلیة)ی لەلا دروستدەبێت کە ئەمەش ئەوەی پێی دەوترێ (منی باڵا- الأنا العليا Super ego)ی لێدروستدەبێت، ئەمەشیان لەم ڕاناوە پێکدێت کە بە چەمکی سزاوە پەیوەستە هەروەها ئەو (منەبەرزە)ی کە بەڕاستییەوە پەیوەستە.

جا لەبەر ئەوەی (فرۆید) دکتۆرێک بووەو بایەخی بە شیکردنەوەی دەروونی داوە، بۆیە هەوڵی داوە هەڵسوکەوتی

مرۆڤایەتی بە گۆڕانی بایۆلۆژییەوە ڕاڤە بکات، ئەو هەوڵیداوە ئەم هەڵسوکەوتە بۆ بنچینەی بایۆلۆژی خۆی بگەڕێنێتەوە، بەتایبەتیش بۆ هۆکاری سێکسی، ئینجا ئەمەش بە پرۆسەی پێگەیاندنەوە ببەستێتەوە.(٣٩)

ئەو وایدەبینێ کە پێوەندییەکی هاوشێوەیی لە نێوان پرۆسەی پێشکەوتنی شارستانێتی و پرۆسەی پێشکەوتنی تاکە کەساندا هەیە، کۆمەڵیش پەرە بە خودی باڵای خۆی دەدات. ئینجا لە کاتی ئەم پەرەپێدانەی خودی خۆیدا شارستانیەتیەکەی پەردەستێنێ و پێدەگات.

لەبەر ئەوەی خودی باڵای مەدەنییەت ئەم ماوە زەمەنییەی کە پێیدا ڕەتدەبێ هەرچۆنێک بێت، دەستدەکات بە پێکهێنان و دروستبوون بە هەمان ئەو ڕێگایەی کە خودی باڵای تاکەکەسان دروستدەبێت و پێکدێت، ئەوەی زانراویشە ئەوەیە کە خودی باڵای تاکەکەس لە میانی پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتییەوە پێکدێت.(٤٠)

٢- **بیردۆزی قوتابخانەی ئاوێتەبوونی هێماداری:** لە گرنگترین ئەم بنچینانەی کە ئەم بیردۆزەی لێپێکهاتووە:

یەکەم: ڕاستیی کۆمەڵایەتیی، ڕاستییەکی ئەقڵییە و لەسەر تەسەور و خەیاڵبازی پێکدێت.

دووەم: تەرکیز کردنە سەر توانایی مرۆڤ بۆ گەیاندن لە میانی هێماکانەوە، هەروەهاش توانایی بەدەستهێنانی ئەم مانایانەی کە دەتوانرێ بۆ کەسانی دیکە بگوازرێنەوە.

(**جۆرج مید**) تەرکیزی کردووەتە سەر توانایی گەیاندنی مرۆڤ و ئاوێتەبوون (التفاعل) بەهۆی ئەم هێمایانەوە کە مانای پەسندکراوی کۆمەڵایەتی بە خۆیانەوە هەڵدەگرن و لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە پەسندن. لەبەر ئەوە بایەخی بە لێکۆڵینەوەی پێوەندیی نێوان زمان

و پێگەیاندن داوە، جا لەبەر ئەوەی کە مرۆڤ لەناو کۆمەڵەی خەڵکی و گرووپەکاندا نەبێت ناتوانێ بژییێت، ئاوا ئەو گرووپانە کاریگەرییەکی تەواویان هەیە لە پێکهاتەی کەسایەتیدا. ئەمەشی بەم نموونەیە ڕوونکردۆتەوە وەک کاریگەریی گرووپە سەرەتاییەکان کە لە قوتابخانەکاندا پێکدێن و کاریگەرییان بە سەر هەڵسوکەوتی قوتابییەوە هەیەو پاڵنەرێتی بۆ فێربوون بە گوێرەی ئەو بەهایانەی کە گرووپەکەی پێدروستدەبێت. بەڵام (کولی) وایدەبینێ کە مرۆڤ خۆی بنیاد دەنێ و پەرە بەتەسەوری خۆی دەدات بۆ خودی خۆی، لە میانی ئاوێتە بوونی لەگەڵ کەسانی دیکەدا و ئەم ڕێگایانەی کە بەهۆیانەوە ئاوێتەبوون دروستدەکەن، هەروەهاش ئەوەی کە لە وەڵامدانەوەو هەڵسوکەوتیاندا بە خۆوەی هەڵدەگرێ لە ڕێزلێنان و شایستەبوون یا بەپێچەوانەوە، جا لەمیانی ئەمەوەو چۆنیەتیی ڕاڤەکردنی بۆ وەڵامدانەوەی ئەوانی دیکەوە، وێنەیەکی خودی خۆی لەلادا دروست دەبێت.(٤١)

ئینجا زانای سویسری (جان بیاجێ) دوای ماوەیەک لە خستنەڕووی ئەم تێڕوانینەوە هەوڵیداوە لە ڕاستیی ئەم بیردۆزەیە بکۆڵێتەوە، بۆیە بەلای تێبینی کردنی منداڵاندا ڕۆیشتووە لەکاتی یاریکردنیاندا، ئینجا پرسیاری ئەوەی لێکردوون کە بیروڕایان چییە لەوەی کە دەیکەن، هەروەها هۆیەکانیشیان، ئینجا گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە منداڵ بە قۆناخ فێری یاریکردن دەبێت، واتە درکپێکردنی مرۆڤ بۆ خودی خۆی و بۆ ژینگە یا دەوروبەر بە قۆناخی یەک بەدوای یەکدا دەڕوات، ئەمەش بە گەشەکردنی جەستەیی و هەڵچوونەکانییەوە پێوەند دەبێت، هەروەهاش دەتوانرێت بۆ چەندین قۆناخ بەپێی گەشەکردنی زەمەنییەوە دابەش بکرێن. قۆناخەکانی (بیاجێ)ش ئەمانەن:

**قۆناخی یەکەم:** منداڵ بە تەنیا یاری دەکات، لەوانەیە درکپێکردنی بۆ شتەکان یا ئامێری یارییەکە لەگەڵیدا گونجاو یا هاوشان نەبێت، یا لەوانەیە مەیلی بۆ بیرلێکردنەوەی شتی دیکە بچێت، لەگەڵ هۆشمەندی خۆیدا بەم شتەوە.

**قۆناخی دووەم:** ناسینی بۆ وەزیفەی شتەکان و بەکارهێنانەکانیان، بێئەوەی بنچینەکانی یاری بزانن، لێرەدا ئاماژە بە بایەخ و پێویستی ڕێکخستن دەدرێت بۆ ئاوێتە بوون لەگەڵ کەسانی دیکەدا.

**قۆناخی سێیەم:** ناسینی بۆ بنچینەکانی یاری، بەتایبەتیش لەلای گەورەکانیاندا هەروەهاش گوێڕایەڵی و کۆنترۆڵکردن بۆ ئەم بنچینانە، هەمدیس لێرەدا توانایی بردنەوەو دۆڕاندن یا هاوسەنگی فێر دەبێت.

**قۆناخی چوارەم:** بایەخەکە لە بەکارهێنانی بنچینەکانەوە بۆ جێبەجێکردنی ئامانج بۆ هەوڵدانی دانانی بنچینەکانەوە دەگۆڕدرێت، پاشان بۆ پلەیەکی بەرزتر لە گشتاندن، ئەمەش دۆزینەوەی ئەم پرەنسیپە گشتییانەیە کە ئەم بنچینانەی لێپێکدێت و لە هەمان کاتیشدا بۆ ڕاڤەکردنی بنچینە و تێگەیشتنی یارمەتی دەدات. لەوەدا (**بیاجێ**) گەیشتە ئەم گشتاندنانەی لەبارەی وەزیفەی پێوەرە ڕەوشتییەکانەوەو بایەخیشی لە گەشەکردنی کەسایەتیدا. هەموو ئەمانە بەهۆی یەک بەدوای یەکی قۆناخدارەوە دەبێت لە هۆشمەندیی منداڵان بە کەسانی دیکەوە بۆ هۆشمەندی بە ئەویدیکەی گشتییەکەوە. لێرەدا پێوەرەکان دەبن بە بایەخێک لە خودی خۆیدا. بەمجۆرە گەشەکردنی هۆشمەندی بە خودو بە ئەوانی دیکەوە وایلێدەکات کە بتوانرێ ژمارەی گەورەتر و زۆرتر لە کەسانی دیکەی بخرێنە ناو لە نەسقێکی گەیاندن و لکاندنی کۆمەڵایەتی نەرمەوە. لە هەموو ئەمانەش کە پێشتر

باسکران ئەوە ڕووندەبێتەوە کە پەرەسەندنی درکپێکردنی منداڵ بۆ ئەوانی دیکە پێوەندیدارە بە کێشەی درێژەپێدانییەوە، چونکە درکپێکردنی ئەوانی دیکە لە گرووپی بچووک و دەستنیشانکراودا لەسەر بنچینەی تاکەکەسییەوەو تەسەوری تایبەتی بۆ ئەوانی دیکە لە میانی پێوەندی پێوەبوونییەوە دەستپێدەکات، بەڵام کاتێ کە ئاوێتەبوونەکەی درێژە دەکێشێ بۆ ئەوەی ژمارەیەکی زیاتری کەسانی دیکە بگرێتەوە، ئینجا لە ڕۆڵە نوێکاندا ڕوانینی هیدیکە لەم گرووپانەدا کە لەسەر پۆلینکردنەوە وەستاون دەبێتە شتێکی پێویست و ئینجا هی دیکە دەبێتە ئەندامێک لە تاقمێک کە سیفاتی دیاریکراوی هەیە و لە هی دیکەیان جیا دەکاتەوە، ئەوەشە کە پێی دەڵێن ئەویدیکەی گشتی ئەوەی تێبینی دەکرێ ئەوەیە کە (مید) و (**بیاجێ**) درکپێکردنی مرۆڤیان بەسەرتاپاییەوە گرێداوە، بەڵام دەبینین کە فرۆید گەشەکردنی درکپێکردنی بەبەش بەستۆتەوە، ئینجا لەم حاڵەتەدا سەرتاپاییەکان لای (مید) و (بیاجێ) وە دەبن بەیەکە کە لە خودی خۆیاندا ڕاستیان هەبێت، ئینجا بۆ ئەم پارچانەی کە لێیەوە پێکهاتوون کەم ناکرێتەوە، بەڵام (**فرۆید**) لەم باوەڕەدایە کە (سەرتاپا) تەنیا کۆمەڵێک سیفاتی پارچەکانی خۆیەتی.[٤٢]

٣- **فرۆیدیزمی کۆمەڵایەتی:** (بارسۆنز) و (بیلز) هەردووکیان هەوڵیان داوە سوود لە هەردوو بیردۆزەکەی پێشووتر وەربگرن، ئەمەشیان بەهۆی یەک بەدوای یەکی ئەم قۆناخانەی کە (**فرۆید**) باسی کردوون لەگەڵ گۆڕینی بناغەی ئۆرگانی قۆناخەکان بە بناغەی کۆمەڵایەتییەوە. ئەم بیردۆزەیەش لەسەر بناغەی دانانی قۆناخە جیاجیاکان دەوەستێ، وەک قۆناخی سەقامگیرو پشتبەستوو بە پێوەندیی کۆمەڵایەتی سەقامگیر و نەگۆڕ. واشیان دانا کە قۆناخەکانی گۆڕان لە قۆناخێکەوە بۆ یەکێکی دیکە ئەو تەنگژانەن

کە بە خێرایی تێدەپەڕن و مرۆڤ بۆ قۆناخێکی گەشەکردنی دیکەوە کۆتایی پێدێنێ. لەمەشدا هەردوو نووسەر لە بیروباوەڕەکانیاندا هاوکۆک بوون کە حاڵەتی بنچینەیی کۆمەڵ بریتییە لە حاڵەتێکی هاوسەنگی، ئینجا هەر شڵەژانێکیش کە دەبێت ئەوا ناکاوییەو دوای ئەوە کۆمەڵ دەگەڕێتەوە بۆ حاڵەتێکی هاوسەنگی نوێ، ئینجا باسی سێ قەیرانیان کردووە کە قۆناخەکانی گەشەکردنی کەسایەتی لە پرۆسەی پێگەیاندندا لێکتر جیا دەکاتەوە کە ئەمانەن:

**یەکەم**: قەیرانی زارەکی یا قۆناخی زارەکی: ئەمەش بە لەدایکبوونی منداڵ دەستپێدەکات کاتێ کە لەخواردنیدا پشت بەکەسانی دیکەدەبەستێ و ئەمەش لەڕێگای زارەکییەوە دەبێت، لەجیاتی خواردنی راستەوخۆی لە ڕێگای وێڵاشەوە لەم قۆناخەدا پەیوەندی پشتبەستنی منداڵ بەدایکەوە دروستدەبێ و گەشەدەکات، دەبێتە حاڵەتێکی سەقامگیری، ئەمەش بەردەوام دەبێ تا کاتی قەیرانی دووەم دەمێنێ.

**دووەم**: قەیرانی ڕاڤەیی یا قۆناخی ڕاڤەیی: بەفێربوونی منداڵ دەست پێدەکات کاتێ کە ممارەسەی هەندێک ڕێککاری دەکات بەسەر ئەوانی دیکەدا لە دەوروبەری خۆیدا و دەستدەکات بە جیاکردنەوەی نێوان خۆی و دایکی لەگەڵ مانەوەی پێوەندی بەهێزیشی پێیەوە، ئینجا منداڵ لەم قۆناخەدا هەست بە بوونی کەسانی دیکە دەکات، دەشزانێ دایکی بە تەنیا بۆ ئەو نییە، ئینجا جیهانی دووەمی بۆ جیهانێکی گەورەتر فراوان دەبێتەوە وەک خێزان، ئینجا لە میانی ئەمەوە بنچینەکانی گشتاندن دەدۆزێتەوە وەک ئینتماکردن بۆ ڕەگەزی دایک و باوکی خۆی، کە ئەمەش لەگەڵ هۆکاری تەمەندا دەبێتە هۆشمەندییەک بۆ چەمکی خێزان کە لەسەر ئەم ڕۆڵانەوە وەستاون و لەسەر بنچینەی ڕەگەز و تەمەن

دامەزراون. لەم قۆناخەدا منداڵ دەگاتە ڕادەیەک کە پێی دەوترێ (تێخزان)، چونکە منداڵ هەوڵی ئەوە نادات تێیدا بگاتە سۆزی دایک و باوکی یا ئەندامانی خێزانەکەی یا ئەوانەی لە دەرەوەی ئەواندان.

سێیەم: قەیرانی هەرزەکاری یا قۆناخی هەرزەکاری: مرۆڤ لەم قۆناخەی گواستنەوەیەدا بە سۆزو پێوەندییەکانی خۆی ڕوودەکاتە دەرەوەی چوارچێوەی خێزان، لەسەرەتاوە بۆ خەڵکانێک لە هەمان ڕەگەز و تەمەن، پاشان بۆ تاکە کەسان لە ڕەگەزی دیکە و لەهەمان تەمەندا، بایەخی ئەم قۆناخەش لەوەدایە کە دەکەوێتە نێوان منداڵی و پیاوەتی و ئەم دوو تەمەنە لێکتر جیادەکاتەوە، هەروەها لە گەلێک کۆمەڵگەدا چۆنیەتیی مامەڵەکردنیان لەگەڵ هەرزەکاردا ڕووننەکردۆتەوە و ئەو هەرزەکارەش دەکەوێتە ناو قەیرانی شوێنپێی و پێناسەی خۆیەوە. ئەم شێوەیەش لە خاسیەتەکانی کۆمەڵگە نوێکانن، چونکە مرۆڤ لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکاندا لە منداڵییەوە بۆ پیاوبوون دەگوازرێتەوە بێ دوچار بوونی تاکەکەس لەم جۆرە کێشمەکێشە کۆمەڵایەتی و دەروونییانە و ئەم قەیرانەش بۆ قۆناخێکی سەقامگیریی چوارەم دەچێت کە ئەویش (پێگەیشتن) ە. (بارسۆنز) و (بیلز) ئەم قەیران و قۆناخە درێژەی ژیانی مرۆڤ گشتاندن دەکات و بەشێوەیەکی تایبەتیش لە ئەنجامی گۆڕانکاری و بازدانە کۆمەڵایەتییەکاندا کە تاکەکەسان ناچار دەبن بە خۆڕاهێنان لە چوارچێوەی پێوەندییە نوێکاندا. لێرەدا چەمکی پێگەیاندن ڕاستەوخۆ بەرەگەزەکانی ڕۆڵ پەیوەست دەبێت، ئەمەش کاردەکاتە سەر چەندیی پێوەندی و نەرمونیانییەکەی، بەڵام دەتوانرێ بوترێ کە پێگەیاندن بەم مانایەوە کە توانای زیادکردن و نەرمونیانی گەیاندنە بۆ هەموو تاکێک لە کۆمەڵدا سنوورێکی هەیە.[٤٣]

**باسی دووەم: فێربوونی سیاسی و منداڵان**

منداڵ کە لە دایک دەبێت هیچ دابێکی کۆمەڵایەتیی لەلادا نییە یا پێوەندی بە کۆمەڵێکی دیاریکراوەوە نییە، لەبەر ئەوەی پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئەوا پرۆسەیەکی فێرکردنە بۆ ئەو منداڵە. لەبەر ئەوەیە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و سیاسی پرۆسەی فێرکردنی سیاسیشی پێدەوترێت. جا ئەو کاتەی کە پێوەرەکانی کۆمەڵ و بەهاکانی دەبێت بە بەشێک لە کەسایەتیی تاکەکەس و کیانەکەی. ئەمەش مانای وایە کە بووەتە بنچینەی ئەوەی کە وێنای دەکات، دادپەروەری و ڕاستەقینەو هێزە، هەروەهاش بنچینەی جۆرەکانی هەڵسوکەوت کە کۆمەڵ وەریدەگرێ و سیستەمی سیاسیی چەسپاو کارییپێدەکات. بۆنموونە: دانیشتووان- لەژێر سایەی سیستەمی سیاسیی دیموکراسیی سەقامگیردا - وەها پێشبینی دەکات کە فێرکاری ئەوەیە ڕێگا چارەی گۆڕان و پەرەسەندن لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە دێتەدی و هەروەهاش لە ڕێگای کارکردنی کۆمەڵییەوە دەبێت، ئەمەش لەوە زیاتر فێردەکرێت کە ئەم گۆڕانە لە ڕێگای شڵەژان و شۆڕشەکانەوە بێتەدی.[٤٤]

دکتۆر سادق ئەلئەسوەد وایدەبینێ کە جیاوازیی نێوەندی کۆمەڵایەتی کە منداڵ لێیەوە لە دایک دەبێت، دەبێتە هۆی جیاوازیی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتییەکەیەوە، یا بەلایەنی کەمەوە خێرایی پەرەسەندنی، جا ئەو منداڵەی کە لە شار لە دایک دەبێت، بەتایبەتیش لە پایتەختدا یا لە شارە گەورەکاندا لە ڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە وەک ئەو منداڵە پێناگات کە لە لادێدا پێدەگات. ئەمەش بە تەنیا بەهۆکاری گوزەرانی و ژیان و کۆمەڵایەتی پەیوەست نییە، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە هێماو بەهاکان و جووڵانەوەی ژیانی سیاسی لە شارەکاندا هەن و زیاتریشە وەک لەلادێ و شارە بچووکەکاندا

هەیە. بیناکانی ڕەسمی دەوڵەت، خۆنیشاندان و ئاهەنگسازی لە بۆنە نیشتمانییەکاندا، بینینی پیاوانی دەوڵەت و سیاسەتمەداران.. تاد لە ئاستێکی دیکەشەوە ئەوا هەڵسوکەوتی سیاسی باڵقبووەکان هەروەک چۆن لەگەڵ جۆرەکانی دیکەدا هەڵسوکەوتیان تا ڕادەیەکی زۆر کاریگەر دەبێت بە مومارەسات و مەشقکاری و یا ئەو تاقیکردنەوانە کە لە منداڵییەوە پێی تێپەڕ بوون.

لەبەر ئەوە لێکۆڵەرەوە ئەنترۆپۆلۆژییەکان و بسایکۆلۆژییەکان بایەخیان داوەتە لێکۆڵینەوەی چەشنەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیی سیاسی کە لەسەر منداڵدا پراکتیک دەکرێ هەر لە کاتی لە دایکوونیانەوە تا دەگەنە باڵقبوون وەک سەرەتایەک بۆ تێگەیشتن لە هەڵسوکەوتی سیاسیی تاکەکەسان لە دواییشدا لە قۆناخە جیاوازەکانی باڵقبووندا لەلایەک، لەلایەکی دیکەشەوە سیستەمە سیاسییە جیاوازەکان هەوڵیان داوە بە پێگەیاندنی منداڵان لە ڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە تا هەڵسوکەوتیان لە قۆناخی باڵقبووندا بگونجێت لەگەڵ بەهاو هزرو دامودەزگا چەسپاوەکاندا.

بەم شێوەیە لێکۆڵینەوەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی سیاسیی منداڵان لە دوو لایەنەوە کاری خۆی دەکات، یەکەمیان لە گۆشەنیگای سیستەمی سیاسییەوە، دووەمیشیان لە گۆشەنیگای تاکە کەسەوە. (٤٥)

ئینجا هەردوو زانای بەناوبانگ (ئەستن) و (هیس) بۆ ئەوە دەچن کە هەموو دەلالەتەکانی تۆژینەوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە جیهانی سیاسی منداڵان لە پێکهاتە و هەڕەنگییەوە دەستپێدەکات پێش چوونە ناو قۆناخی یەکەمی سەرەتایی، هەروەها دەکەوێتە بەردەم گەورەترین گۆڕانکاریی خێرا لەم ماوەیەدا، هەروەهاش ساڵانی ڕاستەقینە لە پێکهاتەی دانیشتووان لە سیستەمی سیاسیدا

دەکەوێتە نێوان تەمەنی سێ ساڵان تا تەمەنی سێزدە ساڵانەوە.[٤٦]

جا لەبەر ئەوەی وەزیفەکەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیی سیاسی بایەخێکی گەورەی هەیە، چونکە پەیوەستە بە هۆکارێکی بنچینەیی بۆ پاراستنی سیستەمی سیاسی و پاڵپشتیکردنی جا بەهۆی جۆرینەی سیستەمە سیاسییەکانەوەو جیاوازیی هزرو بەهاکانیش، هەروەها دامودەزگا چەسپاوەکانیش، ئاوا پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیی سیاسی منداڵان لە هەرێمێکەوە یا دەوڵەتێکەوە بۆ دەوڵەتێکی دیکە دەگۆڕێت، لەبەر ئەوە ئەم لێکۆڵینەوانەی کە لەم بارەیەوە دەنووسرێن دەبێت بە ئاگادارییەکی زۆرەوە وەربگیرێن، هەروەهاش لێکۆڵەرەوەکان لە چەند وڵات و هەرێمێکی دیاریکراوەوە کارەکانی خۆیان ئەنجام دەدەن، ئەمەش دەوەستێتە سەر تاقیکردنەوەیەکی دیاریکراوی سنووری کۆمەڵێکی دیاریکراو کە خاسیەتی خودی و تایبەتی خۆی هەیە. بۆیە دەبینین پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و سیاسی لەوڵاتە یەکگرتووەکاندا ناتوانرێ لەوڵاتە هاوشێوەکانی خۆی پراکتیک بکرێت، بۆ نموونە وەک یەکێتی سۆڤیەتی جاران، لەبەر جیاوازی سروشتی هەردوو کۆمەڵگاکان و ئەم ئایدیۆلۆژیایەی تێیاندا پەیڕەو دەکرێت و هەروەهاش ئەم هزر و بەهاو دامودەزگایانە کە بنچینەی سیستەمی سیاسییان لەسەر دروستدەبێت. لەسەر ئاستێکی دیکەشەوە ئەنجامی ئەم تۆژینەوانەی کە لە کۆمەڵگە پیشەسازییەکاندا پراکتیک دەکرێن ناتوانرێ فۆتۆکۆپی بکرێن بۆ کۆمەڵگە سەرەتاییەکان یان بۆ کۆمەڵگە تازە گەشەکردووەکان.[٤٧]

ئەمەو پەیوەستبوونی سۆزداری منداڵ بە کۆمەڵگە سیاسییەکەی خۆی و بەدەسەڵاتی حوکمڕانەوە (لە خۆشەویستی بۆ نیشتمان و ڕەزامەندی بۆ دەسەڵات و نیشتمانپەروەری و خۆشەویستی بۆ سیستەمەکە و گوێڕایەڵی و..تاد خۆی دەنوێنێ) کە ئەمەش

لە تەمەنی بچووکییەوە دروستدەبێت کە بە تەواوی دوورە لەم تەمەنەی کە لەسەر بنچینەی لۆجیک و ئەقڵەوە لە کۆمەڵگەی خۆی دەگات، ئەوەی کە پاڵپشتی ئەم پەیوەستبوونە سۆزدارییەشی دەکات چەند بنچینەیەکن لە هەموویان گرنگتر ئایین و خێزان و پێویستییە دەروونیەکانی منداڵەکە پشت بە کەسانی جگە لە خۆی دەبەستی، جا لە پێناوی ئەوەدا ئاوا بایەخدان بەوەی کە منداڵ فێری دەبێت لەم تەمەنە بچووکەیەوە بەسەرچاوەیەکی بنەڕەتی دادەندرێت لە سەرچاوەکانی سەقامگیریی سیستەمی سیاسی، ئەمەش چونکە ئەوەی کە منداڵ فێری دەبێت لەم تەمەنە بچووکەیدا زۆر زەحمەتە بگۆڕدرێت لەگەڵ ئەم کاتەی کە بەگەورەیی فێری دەبێت.(٤٨)

## باسی سێیەم: خێزان و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و سیاسی منداڵان

خێزان بە بنیادێکی کۆمەڵایەتیی جیهانی دادەندرێت، هیچ کۆمەڵگەیەکی مرۆڤایەتی بێ بوونی خێزانی نابێت، ئەگەرچی شێوەکانی ئەم بنیادەو پێوەرو ئەم بەهایانەش کە لێیەوە پێکدێت جیاوازییان هەبێت.(٤٩)

ئەگەرچی کە منداڵ لە تەمەنی زۆر بچووکییەوە فێری بەها سیاسییەکان دەبێت هەروەهاش هەوڵ دەدات و کێشمەکێش دەکات تا لەگەڵ گرووپی بۆگەڕاوەی خۆیدا (بەتایبەتیش خێزان) گونجاو بێت، ئەوا هەوڵیش دەدات بۆ پێکهاتەی کەسایەتیی خۆی و هەندێک جیاوازیش لە بیروباوەڕی سیاسیی خۆی لە دواڕۆژی ڕۆژانی خۆیدا دروستدەکات(٥٠)

قۆناخی یەکەم لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیی منداڵ لە هەموو کۆمەڵگەکاندا لە خێزان و هەموو ئەو خزم و ناسیاوو برادەرانەی

دەوروبەری خۆی دەستپێدەکات. جا لەم قۆناخەدا منداڵ دەستدەکات بە وەرگرتنی هۆشمەندی بە تەنیایی خۆی وەک بوونەوەرێکی زیندووی خاوەن بنەمای خودی یەکەم جار، پاشان هۆشمەندی بەم ناوەندییە کۆمەڵایەتییە بچووکەی کە لە دووروبەریەتی. ئەم وەرگرتنی هۆشمەندییە دەبێتە دارێژەری بنیادنانی کەسایەتی و بەرەگەزەکانی خۆیەوە چەندی تەمەنی زیاتر بێت مێشکی زیاتر پڕ دەکات و زیاتر فێری دەکات.

لەم قۆناخەدا زۆر بەکەمی پێگەیاندنی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی ئاشکراو بینراو دروستدەبێت، بەڵام ئەوەی کە منداڵ لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە فێری دەبێت لە دواییدا دەگۆڕدرێت و کاردەکاتە سەر لایەنی سیاسی لە پێکهاتەکەیدا. ئەمەش بە ڕوونی لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکاندا، هەروەها لە کۆمەڵگە پێشنەکەوتووەکاندا دەبینرێت، چونکە جیاوازیکردن و جیاکردنەوە لە نێوان یەکەکانیدا تا ڕادەیەکی دوور لاواز دەبینرێت، لە پاشانیشدا کێشمەکێشەکە لاواز دەکات، هەروەهاش ڕووکاری دیاری سیاسییەکەی دەگۆڕێت بە شێوەیەک کە خێزان وەک یەکەیەکی کۆمەڵایەتی تێکەڵاوی سیستەمی سیاسی دەبێت، یا بە گوزارشتێکی دیکەوە، چونکە سیستەمی سیاسی تەنیا بە کەمییەوە نەبێت لە سیستەمی کۆمەڵایەتی جیا ناکرێتەوە، لە ڕاستیشدا کارتێکردنی خێزان بەسەر پێگەیاندنی منداڵ لەڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە زۆر بەهێز دەبێت لەم کۆمەڵگەیانەدا کە جیاوازییان تێدا نییە، بەڵام لەم کۆمەڵگەیانەدا کە جیاوازییان تێدا زۆرە ئاوا کاریگەری خێزان لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیی سیاسیدا ڕێژەکەی کەمتر دەبێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە خێزان لە جۆری یەکەمی کۆمەڵگەکاندا تاکە دامودەزگایەکە کە پێگەیاندنی منداڵان دەخاتە سەر شانی خۆیەوە، ئەویشە کە ئامادەیان دەکات و وەک

ئەندامانی کۆمەڵ دروستیان دەکات، ئەمەش وەک لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکان و ئەم کۆمەڵگەیانەش کە لە ڕووی شارستانیەتییەوە پەرەسەندوو نین دەبینرێن، بەڵام لەم کۆمەڵگەیانەی کە جیاوازییان تێدا زۆرە ئەوا لە تاکە دامودەزگایەک زیاتر هەیە بۆ پێگەیاندنی کۆمەلایەتی و سیاسی وەک: قوتابخانەو کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و ڕێکخراوی نەوجەوانان و لاوان و هی دیکەش.

لێرەدا مەبەست لە جیاوازیدا ئەم جیاوازییە کۆمەلایەتییانەیە کە کۆمەڵ بە شێوەی ئاسۆیی و ستوونییەوە دابڕدەکەن، ئەو منداڵەی کە لە یەکە کۆمەلایەتییە جیاوازەکانی ڕەگەزە پێکهاتووەکانی تری کۆمەڵ پێدەگات وەک یەکەکانی ئایینی، ڕەگەزی، خێڵەکی، یا هەرێمایەتی یان جیاوازیی زمان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەکەوێتە ژێر ئەو کاریگەرییەوە، بەڵام لە ڕووی ستوونییەوە ئەوا ئەو منداڵەی کە لە کۆمەڵگەیەکی دابەشکراو بۆ چینەکۆمەلایەتییەکان یا کەسە کۆمەلایەتییە جیاکراوانەی کە نازناوی شەرەف و خانەدانی بەخۆوە هەڵدەگرێ و هی دیکەش، ئەوانیش ڕووبەڕووی کاریگەریی ڕاستەوخۆ دەبنەوە.

ئەم کاریگەرییە لاییانەی کۆمەڵ لە واقیعدا لەگەڵ کاریگەرییەکانی دارودەستەی دیکە کە لە کۆمەڵگەی سەرتاپاییدا هەیە، یەکتربڕ دەبن، لە میانی ڕۆشنبیرییە گشتییەکەی و بەهاو هزرەکانی و دامودەزگاکانییەوە، وەک قوتابخانەو یانەو کۆمەڵەو یەکێتی پیشەکان و هی دیکەش.

بەم شێوەیە لەوانەیە خێزان بە حوکمی کاریگەری بەهێزی بەسەر منداڵەوە دەستدەکات بە دانانی ڕادەیەک لە کاریگەرییەکانی دارو دەستەی گشتی تایبەتمەند لە پێگەیاندنی کۆمەلایەتیی سیاسی کە بەناوی کۆمەڵگەی نیشتمانی و سیستەمی سیاسییەوە کاردەکات

وەک قوتابخانەکان. لەم کۆمەڵگایانەشدا کە ئەم جیاوازییانە دابڕیان دەکەن، کە ناتوانێ یەکێتی نیشتمانی سەرتاپایی جێبەجێ بکات و ناشتوانێ دامودەزگا گشتییەکانی خۆی بەشێوەیەکی چەسپاو و پتەو بنیاد بنێت وەک لە وڵاتانی جیهانی سێیەمدا دەبینرێ- لەوانەیە ئەم پرۆسەیەی کە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی کە خێزان و نێوەندی کۆمەڵایەتی دەوریداوە ئەنجامی دەدا ببێتە کەمکردنەوەوەی توانایی ئەندامانی بە بەشداریکرن لە ژیانی سیاسی گشتیداو پاشانیش تەگەرە خستنەبەردەم پەرەسەندنی دامودەزگا نیشتمانییەکان بەجیاوازی جۆرەکانیانەوە.[٥١]

بەڵام لە کۆمەڵگە پیشەسازییە نوێکاندا دانیشتووان زەحمەتێک دەبینن لە تێگەیشتنی ئەم بڕیارە سیاسییانەی کە حکوومەتەکان دەریدەکەن، لەبەر ئەوەی بە ئاڵۆزی و قوڵبوونەوە بەتایبەتمەندی دەناسرێتەوە. لێرەدا مەترسییەکە دروستدەبێت کە دانیشتووان پێوەندی و پەیوەستی بە سیستەمی سیاسی بزردەکات، بەڵکو هەستەوەری و سۆزداری پێش ئەم کۆمەڵگەیە بزر دەکات و تەنانەت دەگاتە قۆناخی دابڕانیش لێی.[٥٢]

بەشێکی زۆری پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیی تاکەکەسان داروودەستەی دیکەی جگە لە خێزان پراکتیکی دەکەن، خێزان ئەوەی سەلماند کە گونجاو نییە دەگەڵ کۆمەڵگەی پیشەسازیدا بۆ ئامادەکردنی تاکەکەسان بۆ پێهەڵستانیان بە ڕۆڵە تایبەتمەندەکانی تەمەنی باڵقبوون کە پلەیەکی بەرزی پسپۆڕیتی و بێلایەنی کاریگەری تێدایە.[٥٣]

جا دەوڵەتیش لە کۆمەڵگە پیشەسازییە پێشکەوتووەکاندا کلیلی هەموو چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانی بە دەستەوەیە. دەسەڵاتی خۆشی بەهۆی بەرنامەکاریی نەخشەدانان و گشتگیریی کارگێڕییەوە

بڵاودەکاتەوە. ئەمە کە کۆمەڵ دەگۆڕێت بۆ دامودەزگای کارەکان، دەوڵەت وەزیفەی ئەنجوومەنی ئیدارە بە خۆی دەدات و دەوڵەت شێوەی سەرکردایەتییەکی ئیداری و نەخشەدانانی قەبارە گەورە وەردەگرێت و چالاکییەکان تۆڕی زانیارییەکانیان بۆ لایەنە جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی درێژ دەبێتەوەو دەگاتە ناو تایبەتمەندییەکانی خێزان و تاکەکەسیش.[٥٤] /

دابراندنی کاریگەرییە جیاوازەکانی دارودەستەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە کۆمەڵگە پیشەسازییەکاندا مانای وانییە کە خێزان هیچ ڕۆڵێکی نییە. نێوەندی خێزانی و کەسوکار و دەرودراوسێ هەموویان نێوەندی کۆمەڵایەتی پێکەوە گونجاون و بارستاییەکی کەڵەکەبووی هەیە لە سالانی زووی ژیانی منداڵدا، ئەمیش ئەم ماوەیە کە هەستەوەریی سیاسی یەکەم جاری دەست بە گەشەکردن دەکات و شێوەیەکی خۆی وەردەگرێت تا پێش ئەوەی قوتابخانە دەستپێبکات بە ئیشی خۆی بە گوێرەی بیروڕای هەندێک لە دانەران. ئەم توژینەوانەش زۆرن کە بابەتی هەستەوەریی منداڵانیان بە دەسەڵاتەوە بۆ یەکەم جاری ژیانی ورووژاندووە لەمیانی دەسەڵاتی خێزاندا. زۆربەی ئەنجامەکانیش کە لەم بارەیەوە بەدەستهاتووە وێنەی سەرۆکی دەوڵەت و سیاسەتمەدارە گەورەکان لە زەینی منداڵدا لەگەڵ وێنەی تاکەکەسانی خێزانەکەی پێکەوە دەبەستنەوە، بەتایبەتیش باوک، لێرەدا بەشێوەیەکی تایبەتی ئاماژە بە لێکۆڵینەوەکانی هەر یەک لە (دیڤد ئەستن) و (ڕۆبەرت هیس) دەکەین کە گەیشتنە ئەم ئەنجامەی کە هزرە سەرەتاییەکانی منداڵ لە بارەی سەرۆکی دەوڵەتەوە ئەوەیە کە پیاوی دەسەڵاتە، هەروەهاش لای ئەو، وێنەی باوکی و سەرۆکی دەوڵەت بە یەکتر دەچن، ئەمەش لەم لایەنەوە کە لە سالانی زوویدا دەبێت، بەلام کاتێ

که منداڵەکان گەورە دەبن ئەوسا بەشێوەیەکی زیاتر درک بەوە دەکەن کە بوونی سەرۆکی دەوڵەت وەک ئەوە وایە کە بەشێک بێت لە بنەمایەکی ڕێکخستنی ئاڵۆزی میری.(٥٥)

## باسی چوارەم: ڕۆڵی قوتابخانە لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی سیاسیدا

منداڵ وەک تاکێکی کۆمەڵایەتی دروستبووی ناو ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی و سۆزی خێزانداری و ئایینی و نیشتمانی، پاشکۆیەکە لە وێنەی ئەم ژینگەیەی دەوروبەری خۆی، تەنانەت (دۆرکهایم) وای بۆچووە کە ئەقڵ و زمان و لۆجیک و زانست و هونەرو ئاینداری لە دایکبووی پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتین، مرۆڤ بریتییە لەدوو بوون، یەکێکیان کەسییەو بنچینەکەی جەستەیە، ئەوی دیکەشیان کۆمەڵایەتییەکی وەرگیراوە یا خوازراوە.(٥٦)

جا قوتابخانە وەک دارودەستە یا دامودەزگایەکی کۆمەڵایەتی ڕۆڵێکی بنچینەیی هەیە لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و سیاسی منداڵدا، چونکە لە ماوەی ژیانیدا لە تەمەنی شەش ساڵانەوە تا حەوت ساڵان تا کاتی تەواو بوونی پەروەردەیی یا تەواوکردنی زانکۆیی بەشێوەیەکی سروشتی تێکەڵاوی دامودەزگایەک دەبێت کە بنەمایەکی جیاوازی هەیە و ڕۆڵێکی زیاتریشی هەیە لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی ئەویش قوتابخانەیە، چونکە برادەری بۆ دروستدەبن و لە دەرەوەی خێزاندا بۆخۆی هاوڕێ و دۆستان پەیدا دەکات، هەروەها دەبێتە خاوەن هزری جیاوازو دەکەوێتە پێشبرکێ، جا لەوەش کە پێکەوەلکانی زیاتری دەبێت لەگەڵ شێوەیەکی نوێی دەسەڵات، ئەم دەسەڵاتەش لە کەسانی لێپرسراودا خۆی دەنوێنێ وەک لێپرسراوانی بەڕێوەبردنی قوتابخانە لە چالاکییە جیاوازەکاندا،

وەک بەڕێوەبەرەکان و مامۆستاکان و سەرۆکەکانی تیپە وەرزشی و کۆمەڵە و لیژنەکان و هی دیکەش، هەموو ئەمانەش لەسەر بنچینەیەکی نا خێزانی هەڵبژێردراون، بەڵکو لەسەر ئەو بنەمایەی کە چەند دەسکەوتێکیان دەبێت، هەروەهاش پێگەیاندنی منداڵ بە سیستەمێکی کۆمەڵایەتییەوە دەبێت کە لەسەر بنچینەی ڕێکخستنی چالاکییە جیاوازەکان و دەسکەوتەکان دامەزراوە ئینجا ڕۆڵ و پسپۆڕایەتی و تواناکان زیاتر بە دیار دەکەون و جیاوازن لەوەی کە لە خێزانەکەیدا هەیە، ئینجا لەم قۆناخەدا منداڵ ئەوەی بۆ دیار دەکەویٚ کە لەوانەیە بۆ یەکەم جاری بێت لە ژیانیدا جیاوازی لە نێوان دەسەڵات و ئەوەی کە مومارەسە دەکات لەمیانی کەس و ڕۆڵی مامۆستاکەی ئەم کارەی کە وێنە کۆنەکەی لە بارەی دەسەڵاتی خێزان لەلادا نامێنیٚ، ئەوەی کە زۆریش ڕوون و ئاشکرایە ڕۆڵی قوتابخانەیە بەم پێیەی کە دارودەستەیەکی تایبەتمەندە لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی، ئەوا بەهێزو فراوانترە لە ڕۆڵی خێزان. لەگەڵ ئەوەشدا کاریگەریی قوتابخانە لەسەر منداڵ دابڕێکە لەگەڵ کاریگەریی ماڵەوەی یا کاریگەرییەکانی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن.[٥٧]

بەمەش دەبینین کە دامودەزگای فێرکاری، هەموو ئاستەکانی پێوەندییەکانی کۆمەڵایەتی بەخۆوەدەگریٚ کە ئاستەکانی ڕەسمی و سەرەتایی و بۆ گەڕاوەیین، ئەم ئاستانەش هەموویان و لەهەمان کاتیشدا کاردەکەنە سەر ژیانی قوتابی و ئەنجامی خوێندنەکەی و بەسەر پرۆسەی فێرکردنیش بە شێوەیەکی گشتی. کارەکەش لەم ئاستەدا ناوەستیٚ، چونکە دامودەزگای فێرکاری بەشێکە لە سەمتێکی (نسق) فراوانتر جا چ لەسەر ئاستی کۆمەڵگەی ناوچەیی بێت یا کۆمەڵ بەگشتی، کاریگەر دەبێت بە دامودەزگاکانی ڕەسمی و سەرەتایی و بۆ گەڕاوەیی، پێوەندییەکانی وەزارەتی فێرکردن

و به قوتابخانه، هەروەهاش ماڵەوە بە قوتابخانە، ئینجاش سەمتی بەهاداری بۆ کۆمەڵ هەموویان کاریگەر دەبن و کاردەکەنە سەر قوتابخانە وەک سەمتێکی کۆمەڵایەتی.(٥٨)

جا لەبەر ئەوەیە، چونکە پێوەندییەکی پتەو هەیە لەنێوان پەروەردەو نێوان هاوولاتییەتی بەشێوەیەکی گشتی، یا لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا، لەمەشدا (**گابریل ئەلمۆند**) و (**سیدنی ڤیربا**) لە تۆژینەوەکانیاندا بەسەر پێنج وڵات ئەوەیان دۆزییەوە کە هەرچەندەی پەروەردەی تاکەکەسی فراوانتر بێت ئەوەندە شیمانەی درکپێکردنی بۆ کاریگەریی حکوومەت زیاتر دەبێت، بە دواداچوونیشی دەبێت بۆ کاروباری سیاسی و پێکهێنانی زانیاریی سیاسی زیاتر و چوارچێوەی بیروڕاکانیشی لە بارەی مەسەلە سیاسییەکان فراوانتر دەبێت، زیاد لەوەش کەشیمانەی چوونە ناو گفتوگۆی سیاسی دەگەڵ خەڵکیدا چوارچێوەیەکی فراوانتری هەیە، هەروەها هەست بە توانایەکی گەورەتر دەکات لە کاریگەریی کاروباری سیاسیدا، لەوانەیە ببێتە ئەندامێکیش بە چالاکییەوە لە ڕێکخستنێکدا کاربکات، هەروەهاش گوزارشت لە متمانەی خۆی بکات لەم ناوەندە کۆمەڵایەتییەی کە تێیدا دەژیێت. هیچ گومانی تێدا نییە کە پەروەردە گرنگییەکی زۆری هەیە لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا، بەڵام کاریگەری بەسەر تاکەکەساندا بە جیاوازی ڕێژەییەوە دەمێنێتەوە.(٥٩)

## پێگەیاندنی باڵق بووەکان

لێرەدا گریمانەیەکی پێوەریی هەیە بەنیسبەت تەمەنەوە ئەویش ئەمەیە کە هەرچەندی ئەم فێرکردنە سیاسییە لە تەمەنی بچووکییەوە بێت ئەوەندە ڕەشکردنەوە یا سڕینەوەی شوێنپێی ئەم فێرکردنە

زەحمەتتر دەبێت لە چاو پێشکەوتنی تەمەندا.

بۆیەش بە گوێرەی ئەم گریمانەیە ئەوا دانیشتووانی نموونەیی لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا بەشی بنچینەیی لە فێربوونی سیاسیی خۆی لە قۆناخی هەرزەکاریی ناوەندیدا تەواو دەکات.(٦٠)

لە پێودانگی ئەم بابەتەوە ئەوا پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و سیاسی، لە سنووری منداڵی و مێردمنداڵیدا ڕاناوەستێ، بەڵکو لە قۆناخەکانی دواتریشدا بەردەوام دەبێت، چونکە ئەگەر کاریگەریی نێوەندی کۆمەڵایەتی بەسەر تاکەکەسانەوە هەبێت هەروەهاش تاقیکردنەوە جیاوازەکانیشی کاریگەریی خۆیان بەجێ بهێڵن ئەوا ئەو نێوەندە دەگۆڕدرێت، تاقیکردنەوەی تاکەکەسانیش فراوانتر دەبێت و نوێ دەبێتەوە، بۆیەش پێویستی بەوەیە کە بە خۆئامادەکردنێکی نوێترەوە لە بەرامبەریدا بوەستێ، واتە پێگەیاندنێکی کۆمەڵایەتیی سیاسیی نوێوە، لەوەی کە هیچ گومانیشی تێدا نییە ئەوەیە کە پێگەیاندن لە قۆناخی منداڵی و مێردمنداڵیدا ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە وێنەکردنی هێڵە سەرەکییەکانی هەڵسوکەوتی سیاسی لە قۆناخی باڵقبووندا، بەڵام وێنەی ئەم هەڵسوکەوتە چەق بەستوو نابێت، بەڵکو لەوانەیە ڕووبەڕووی پرۆسەیەکی ئاوێتەبوون ببێتەوە لەنێوان کارتێکردنی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی سیاسی لە قۆناخی منداڵی و مێردمنداڵی و نێوان کارتێکردنی نوێی قۆناخی باڵقبوون کە لە تاقیکردنەوەی تاکە کەسەوە پەیدا بووە لە نێوەندی کۆمەڵایەتیدا.

ئەوانەی کە بەرپرسیێتیی سیاسیی ڕەسمی دەگرنە ئەستۆ پێشتر بە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی سیاسیدا تێپەڕیوون، سەرۆکی دەوڵەتەکان یان وەزیرەکان و جێگرەکان و باڵیۆزەکان و هی دیکەش، بەڵام ئەم دیاردەیە لە سەردەمی شۆڕش و گۆڕانکارییە سیاسییە جۆرینەییەکاندا بەرفراوانتر دەبێت.

لەسەر ئاستێکی دیکەشەوە تەمەنی باڵقبوون پێویستی بە هاوبەشداری هەیە لە ژیانی سیاسیدا، وەک ئینتیماکردن بۆ حزبێکی سیاسی، هەروەها دەنگدان لە هەڵبژاردنەکان و ئەنجامدانی چالاکییەکانی دیکەش، واتە مومارەسەکردنی بەرپرسیاریتی گشتی پێویستی بە پلەیەکی دیاریکراو هەیە لە ئامادەباشیی سیاسیدا بۆ ئەم مەبەستە.(٦١)

ئینجا ئەم ڕێکخراوانەش هەن کە لەسەر ئاستی بۆگەڕاوەییدا (المرجعي) لە پرۆسەی پێگەیاندندا کاردەکەن، هەندێک جاریش سەرلەنوێ بنیادنانی کەسایەتی دروستدەکەنەوە، لەهەمووان گرنگتر (حزب و کۆمەڵە و سەندیکا)کانن. ئەم ڕێکخراوانەش بەتایبەتیش حیزبە سیاسییەکان ڕۆڵی گرنگیان لە پێگەیاندنی نەوەکاندا هەیە.(٦٢)

پرۆسەی پێگەیاندنی باڵقبووان هاوبەستەیە بەپێکەوە گرێدانێکی توندوتۆڵ لەگەڵ قۆناخەکانی پێش خۆیدا. هەندێک لەگەیاندنەکان بەردەوام دەبن کە لە کاتی قۆناخی منداڵی و مێردمنداڵیدا هاتوونەتەدی، تا ڕادەیەک بەشێوەیەکی هاوشێوە بەهۆی برادەرو ناسیاوەوە، لەوانەیە گەیاندنی دیکەش بەردەوام بێت یا بەهۆکاری دیکەوە نوێبکرێتەوە وەک کارو ڕابواردنی کاتی بێئیشی و ئایین و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، بەڵام هەندێکی دیکەیان هەروەها ئەم تاقیکردنەوانەی کە ئەم گەیاندنانە دەیهێنن، ئەوانە نوێدەبن، هەندێک لە تۆژەرەوەکان وایدەبینن کە ئەم تاقیکردنەوە نوێیانە زۆر بە ئاسانی پاڵپشتی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیی زوو یا سەرەتایی دەکەن، بەڵام هەندێکی دیکە لە توێژەرەوەکان وای دەبینن کە پلەی جیاوازی کێشمەکێش، گۆڕانی گرنگ دروستدەکات لە هەڵسوکەوتی سیاسی تاکەکەسدا، وەک گواستنەوە لە ناوچەکانی لادێ نشینەوە بۆ شارەکان، هەروەها گۆڕانی پیشەو مانەوەی بێکاری و ئەندامێتی

لە ڕێکخراوەکان و گۆڕان لە بیروباوەڕو کاریگەری بەڕووداوێک و ڕایەک کە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بڵاویبکەنەوە، لەوانەیە هەموویان کاریگەرییان دەلالەتێک بێت لەسەر هەڵسوکەوتی سیاسیی تاکەکەساندا جا هەرچەندی مرۆ بکەوێتە ناو ساڵانەوە ئەوەندەش بەهاو هزرەکانی مەیلیان بەرەو پارێزگارییوون دەچێت، بەپێچەوانەی ئەمەش کێشمەکێشەکە توندوتیژەکان گۆڕانکاری بنەڕەتی لەهەڵسوکەوتی سیاسیدا دەژیێننەوە. لەوانەشە ئەم شێوە کێشمەکێشە ڕەگەکانی لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیی سیاسیی سەرەتا یا زوو یا پێش وەختەدا هەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا دەشکرێ هەمدیس بۆ تاقیکردنەوە کراوەکان بگەڕێنرێتەوە کە لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی ڕوویان دابێت.

لە واقیعدا دەبێت ئەوەیان لەسەرجەم ژیانی گشتیی وڵاتدا دانەبڕێت، جا ئەم دەوڵەتانەی کە زەمانێکی زۆر سەقامگیرییان بەخۆوەدیوە وەک وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و ئینگلتەرەو وڵاتانی ئەسکەندەناڤی و هۆڵەنداو بەلژیکا و ڕووسیاو هی دیکەش، لە توانایاندایە یا دەتوانن پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە منداڵی و مێردمنداڵیدا بەهێزو پتەو بکەن بۆ پێگەیاندنێکی کۆمەڵایەتی سیاسی لەتەمەنی باڵقبووندا. چونکە بەهاکان و هزرەکان و دامودەزگاکان تا ڕێژەیەکی دیار سەقامگیرن، بەڵام ئەو دەوڵەتانەی کە نازانن سەقامگیری چییە یا سەقامگیرییان تێدا نییە، زۆر زەحمەتە هاوپێوەندییەک بدۆزرێتەوە کە هەردوو نەشونوما کردنەکە پێکەوە گرێبدات، چونکە شۆڕش و کودەتا و گۆڕانە بنەڕەتییەکان هەموو بوارە جیاوازەکانی ژیان وادەکات کە هەموو نەخشەدانانێک بۆ پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی بۆ زەمەنێکی درێژ بەردەوام نەبێت.

لەسەر ئاستێکی دیکەشەوە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی سیاسی

به تەنیا پشت بە بەهێزکردنی هەڵوێستەکان و ڕێبازەکان و بەها سیساسییە چەسپاوەکان نابەستێ، بەڵکو پاڵ بەڕەگەزە بە سیاسەت نەبووەکانەوە دەنێت کە بایەخ بە سیاسەت بدەن و بەو پێیەی کە بەشێک بێت لە بەهاوولاتی بوون. لەم دەوڵەتانەشدا کە لە ڕووی پیشەسازییەوە پێشکەوتوون لەوانەیە ئەم ڕەگەزانە بەشێوەیەکی تایبەتی لە نێو ئافرەتانیشدا هەبن، بەڵام کێشەکە لە دەوڵەتانی جیهانی سێیەمدا بەشێوەیەکی دیکە خۆی دەخاتەڕوو وەک بڵاوبوونەوەی نەخوێندەواری هەروەهاش دووریی جوگرافی لە نێوان پارچەکانی وڵاتدا بەهۆی نەبوونی ڕێگاکانی هاتوچۆ و گواستنەوە لەلایەک و هەمدیس کەناڵەکانی ڕاگەیاندنیش لەلایەکی دیکەوە جیا لەم هۆکارانەی دیکەش کە کاریگەریان بەسەر نزمیی ئاستی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی سیاسییەوە هەیە لەم دەوڵەتانەدا.[٦٣]

### پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی سیاسی لە عێراق دا

بەهۆی جۆراوجۆری سیستەمی سیاسی و جیاوازی بەهاکان و هزرو دامودەزگا بووەکانەوە، پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی سیاسی بۆ منداڵان لە دەوڵەتێکەوە بۆ یەکێکی تر جیاوازە، هەروەها لە کۆمەڵگایەکیشەوە بۆ یەکێکی تر بەشێوەیەک کە هەر کۆمەڵگەیەک تایبەتمەندی خۆی هەیە، ئەمەش سروشت و بارودۆخی لەگەڵ کۆمەڵگەیەکی تر جیادەکاتەوە، هەر بۆ نموونە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی سیاسی لە کۆمەڵگایەکەدا وەک ئەمریکا جیاوازە دەگەڵ یەکێتی شووڕەوی جاران، ئەمەش بەهۆی جیاوازی سروشت و بارودۆخی ئەم دوو کۆمەڵگەیە و هەروەهاش ئەو ئایدیۆلۆژیایە باوەیە تیایاندا لەگەڵ هزرو بەهاکان و ئەم دامودەزگایانەی کە دەبنە بنچینە بۆ سیستەمی سیاسی. بەئاستێکی ترەوەش ئەنجامی ئەم تۆژینەوانەی

که له کۆمەڵگە پیشەسازییەکاندا پەیڕەو دەکرێن ناتوانرێ بەسەر کۆمەڵگە تازە پێگەیشتووەکان یا ئەم کۆمەڵگانەی وا لە پەرەسەندن دان ناتوانرێ بەهەمان شێوە پەیڕەو بکرێت. ئەوەی کارەکەشی زیاتر ئاڵۆز کردووە ئەوەیە کە خێزان هەروەک چۆن بەردی بناغەیە لە پێکهێنانی هەموو کۆمەڵگاکاندا ئەوا دەبینین بنەماو جۆری هاوپەیوەست بوون و بەهاکانی لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ یەکێکی تر جیاوازە بەجیاوازی جۆری ئەم شارستانیەتییەی کە بەشێکە لێیەوە هەر لەکاتی ئێستایەوەو باکگراوەندە مێژووییەکەشیەوە، هەر بۆ نموونە دەبینین کە خێزانی ئەمریکی وەک خێزانی بودایی نییە، یاوەک خێزانی عەرەبان ویابانییان و کوردان نییە. هەر لەبەر ئەم هۆیانەیە کە دەبینین پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی سیاسی پێش هەموو شتێک تاقیکردنەوەیەکی نیشتمانییەو ئاسۆی فراوانەو پێوەندی بە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییەوە هەیە.

بۆیەشە دەبێ بەتەنها ئەو توێژینەوانە بەهەند وەربگیرێن کەراستی و دروستی خۆیان سەلماندووە نەک تەنها هەر لەیەک تاقە کۆمەڵگەوە بەڵکو لەچەندان کۆمەڵگەدا، ئالەوکاتەدا پشکنین تەنیاو تەنیا سروشتێکی مرۆیی بەخۆوە دەبینێ هەمدیس چۆنیەتی داڕشتنەکەی بەکلێشەکانی کۆمەڵایەتی سیاسی کە گونجاوبێت لەگەڵ نێوەندی کۆمەڵایەتی سیاسی کەلێیەوە دێتە ئاراوە.[٦٤]

هەموو کۆمەڵگەیەک بەجیاوازی سروشتە سیاسییەکەیانەوە پێویستی بە بەشداری پێکردن و گونجاندنی هاوولاتیانی خۆی هەیە- بەتایبەتیش نەوەی بچووک- بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی تایبەت بەم کۆمەڵگایەوە، ئەمەش بۆ پاراستنی هەم بەرژەوەندی گشتی و هەمیش بۆ ئەوەی ئەم نەوە بچووکە هەڵگری بەهاو دابونەریتی کۆمەڵگەکاکەی خۆی بێت نەوە دوای نەوە، تاوەکو بەئەرکی خۆیان

هەڵسن لەبەرامبەر کۆمەڵگەی خۆیانداو متمانەشیان بەکۆمەڵگەی خۆیان هەبێت و ئارەزوومەندبن لە ڕاژەکردنیدا.[٦٥]

لەهەموو ئەم قسانەماندا دەتوانین بڵێین زۆربەی زۆری - ئەگەر نەڵێین هەمووی- سیستەمە سیاسییەکان هەوڵدەدەن کۆمەڵێک لە ئاراستەی سیاسی ڕێکەوتن لەسەرکراو بچێنن، ئەم ئاراستە زانستییەش لە ئەدەبی سیاسیدا کارێکی چەسپاوە.[٦٦]

لەعێراق دا خەڵک هەر لەتەمەنی بچووکییەوە سیاسەت دەزانێ و کاریگەریشی لە چوارچێوەی کۆمەڵایەتی دا هەیە لە میانی گردبوونەوەکانی گەڕەک یا لە چایخانەکان و یانەو قوتابخانەکاندا، ئەمە جیا لە ڕۆڵی خێزان و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن کە بەگوێرەی بەرنامەداڕێژی فراوان و دارو دەستەی تەواوەوە ئاڕاستەکراون، بەبەکارهێنانی کەناڵەکانی فێرخوازی و ڕاگەیاندن لە خزمەتکردنی بڵاوکردنەوەی ئایدیۆلۆژیای حیزبی بەعس و پێگەیاندنی تاکەکەسی عێراقی هەر لە منداڵییەوە، لەمیانەی ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکانی قوتابیان و لاوان دا وەک (تەلائیع و فتوە) و کارتێکردنی بیروباوەڕی شوڤینی لە بواری پەروەردەو فێرکردندا، تەنانەت لە پرۆگرامەکانی خوێندنیشدا، هەر لە خوێندنی سەرەتاییەوە تا قۆناغی خوێندنی باڵا. هەروەها ناچارکردنی خەڵک بۆ بە حیزبی بوون لە ڕیزەکانی حیزبی بەعس و ناچارکردنیان بەبڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی حیزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستی و کارکردن بە ڕێنماییەکانی حیزب و خزمەتکردنی دیکتاتۆریەت بەهۆی بەرزکردنەوەی وێنەو بەردەوام ناوهێنانی سەدام حوسێن وەک سەکردەیەک کە گوایە خزمەتی عەرەبان و عەرەبایەتی و عیراقی دەکرد بەوپێیەی کە پێویستییەکی مێژوویی بوو بۆ عێراقیەکان و نەتەوەی عەرەب.

ئینجا هەر بەوەش نەوەستان بەڵکو وێنەی سەدامیان وەک

هێزێکی مێژوویی بەرامبەر دوژمنانی عێراق قیت کردەوە بەوەی کە پێویستییەکە بۆ نەتەوەی عەرەب بۆ ئەمەش ئەم بیروباوەڕەنایان نەک هەر تەنێ لەناو عێراق دا بەڵکو هەوڵیاندا لەدەوڵەتانی عەرەبیشدا بڵاوی بکەنەوەو بۆ ئەمەش وەک دوژمنێکی ئەمریکییەکان نیشانیان دا، بۆئەمەش هەستی دینی ئیسلامییان ئیستغیلال کرد هەروەک لە ساڵانی کۆتایی حوکمی سەدام دا بینیمان ئاڕاستە نەتەوەییەکەیان تێکەڵ بە هەستی دینداری ئیسلامی کردبوو بۆ بەدەستهێنانی سۆزی دانیشتوانی عێراق بەتایبەتیش بەشە عەرەبیەکەی بە سوننەو شیعەوە ئەمە ئەگەرچی لە کوردستانیش بەهەموو شێوەیەک هەوڵیان دەدا کە ئەمە لە دڵی هاونیشتمانی کورد بنێن کە سەدام سەرکردەی هەموو عێراقیەکانە بە کوردو عەرەبەوەو هەر ئەمیشە پارێزەری خواستی کوردان و بە هەموو کەناڵەکانیشەوە چ ڕاگەیاندن و چ پەروەردەیی و چ بەدروستکردنی هێزی بەرگری و ڕێکخراوو...تاد. هەموو شتێکیان بۆئەمە دەکردو بودجەی خەیاڵییان لێی سەرف دەکرد. بەڵام خواوراستان خەڵکی بەشەرەفی کورد ئەمەیان قبوڵ نەکرد ئەوەبوو لەڕاپەڕینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١دا تەختوتاراجی دیکتاتۆریەتییان ڕاماڵی و خەڵکی کوردستان بەهەموو پێکهاتەکانییەوە سەلماندیان کە هیچ بیروباوەڕێک ناتوانرێ بێخواستی خۆیان بخرێتە مێشکیانەوە. لە عێراق دا بێ کوردستان تاڕادەیەک توانیان پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی سیاسی خۆیان بەسەر خەڵکی عێراق دا دابسەپێنن. دکتۆر سادق ئەلئەسوەد بیرمەندو مامۆستای زانکۆی بەغدا لە بواری زانستە سیاسییەکان لەو کتێبەی خۆیدا کەبە ناونیشانی (علم الاجتماع السياسي، اسسه وأبعاده) و لەساڵی ١٩٨٦ لە چاپخانەی موسل چاپکراوەو وەک پرۆگرامی خوێندن لە زانکۆکانی بەغداو موسل

دەخوێنراو ئێمەش کردوومانە بە سەرچاوەی ئەم باسەمان لەمیانی باسکردنی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و سیاسی سەردەمی بەعس دا لە عێراق دەڵێ ((ئەم بزاوتەی کۆمەڵگە لە زۆربەی دەوڵەتاندا بەهۆی دامودەزگا سیاسی و پەروەردەیی و ڕۆشنبیرییەکانییەوە پیادەدەکرێ، بەهەمان هێلیش هێزی سیاسی بزوێنەری دەوڵەت و ئۆپۆزسیۆنیش هەیە. پەروەردەیی سیاسی بەمانای فراوانی وشەکە ئەو هێزانە دەیجولێنن و پەرەپێدەدەن و پێشیدەخەن و بەکاریدەهێنن. لەوانەیە خێزان هەندێک کاریگەری هەبێت لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی سیاسی، لەهەندێک نێوەندی کۆمەڵایەتی دیاریکراویشدا، بەڵام تەنانەت ئەم کاریگەرییەش بەکاریگەری نێوەندی کۆمەڵایەتییەوە پێوانە ناکرێ. لە عێراق دا لای ئێمە نموونەکە ڕوونە، زۆربەمان چەندان نەوەیە کە سیاسەت لەماڵەوە فێرنەبووین، بۆ حیزب و ئاراستەیەکی سیاسی دیاریکراو بەکاریگەری کەس و کارمانەوە نەبووە، بەڵکو ئەمە لەمیانی گردبوونەوەی جیاجیای گەڕەک و چایخانەو یانەو سەندیکاو قوتابخانەو هیتر بووە.

ئەم داورودەستانەش کە پێشبڕکێ لەگەڵ پێگەیاندنی خێزاندا دەکەن بە حوکمی پەرەسەندنی کۆمەڵگا لەرووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەوە دەگۆڕێ بۆ داورودەستەی تایبەتمەند بۆ ڕاییکردنی ئەم ئەرکانە. لەبەرئەمە شۆڕشی ١٧-٣٠ی تەمووزی ١٩٦٨ وەرسوڕایەوە بۆ ئەم مەسەلە گرنگە و بەرنامەی فراوانی بۆ ئامادەکرد هەروەها داورودەستەی تەواوی بۆ ڕێکخست بۆ ئاگاداربوون و بایەخدان بە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی سیاسی لە تەمەنی زووەوە لە ژیانی تاکەکەسان دا، بۆیەش ڕێکخراوی زۆرو جۆراوجۆری لێپەیدابوو وەک (کەشافە و تەلائیع و فتوە)..تاد)).[٦٧]

د.سادق ئەلئەسوەد بەم ڕایەی خۆی دەربارەی پێگەیاندنی

کۆمەڵایەتی سیاسی لەلای حیزبی بەعس و دەسەڵاتی عێراق ماوەی حوکم کردنیان لە عێراق دا پشت بە گوتەی سەدام حسێن دەبەستێ وەک چۆن بەدیاری دەخات بەرنامداریژییان ڕوونە بە پێگەیاندنی منداڵ و مێردمنداڵ بەگوێرەی ڕێرەوی بەعسی و ئاڕاستەکردنیان لەنێو حیزبدا و پێکهێنانی هەڵسوکەوت و ئینتیماو مەیلی سیاسییان بەگوێرەی ئارەزوومەندی حیزبی بەعس و بەسەرخستن و بەرزکردنەوەی خودی سەدام حسێن تا دەستەبەری نەوەیەکی خۆدانەپاڵ دەسەڵاتی بەعسییان مسۆگەربکەن و زەمانەتی داهاتووی خۆیانی پێبکەن وەک لەمبارەوە گوتەی سەدام دەکاتە سەرچاوەی بۆچوونەکەی خۆی کە دەڵێ ((منداڵ و مێرد منداڵ ئینتمای کۆمەڵایەتی، چینایەتییان نییە و سەرەتا هیچ ئاڕاستەیەکی سیاسی دیاریکراویان نییە، بۆیە حیزب و دەوڵەت خێزانی ئەو منداڵ و مێرد منداڵەن هەر ئەوانیشن کە: دایکیانن و باوکیانن. لەسەر ئەم بنچینەیەشە کە پێویست ناکات منداڵ و مێردمنداڵ بەتاوانی هەڵسەنگاندنی کۆمەڵایەتی و سیاسی خێزانەکانی خۆیانەوە حیسابی دەگەڵدابکرێ، ناشبێ هیچ لێپرسینەوەیەک لەمیانی ئەوەوە لەگەڵیاندابکرێ، ئەوانە ناتوانن هیچ خواری و خێچی و لادانێک لەنێوان خێزانەکانیاندا ڕاست بکەنەوە، تا دەگەنە تەمەنی باڵق بوون و تا ئەودەمەی ئامادەکارییان لێدەبینرێ بۆ ئەوەی دەیانکەینە بەعسی چاک بە هەڵسوکەوت و بزاوتیان بەجیا لە کاروباری دیکەوە)).[٦٨]

دەسەڵاتی بەعس پەروەردەو فێرکردنی کردە ئامانج بەشێوەیەک کە بەسیاسەتکردنی پەروەردەی پێڕەوکرد هەروەها پڕۆگرامەکانیشی بەسیاسی کرد بۆ خزمەتکردنی بیروڕا حیزبییەکەیان بەگوێرەی ئاڕاستەکانیانەوە بۆ دەستبەسەرداگرتنی مێشکی نەوەیەکی تەواو

لەمندالان و مێرد منداڵ و لاوان و زامنکردنی لادانەپاڵییان بۆ حیزبی بەعس، وەک هۆکارێکی پتەوبوون لە ئاراستەو هەڵوێستەکانیان و فراوانکردنی یارانییان و پێکهێنانی سیاسەتێکی پەروەردەیی کە بەئاراستەی بەعس کاربکات و ڕاکێشانی زۆرترین ژمارە لە نەوەی ئەوکاتەی حوکمڕانییان و زامنکردنی داهاتووی خۆیان وەک لەم بارەیەوە سەدام حسێن دەڵێ: ((ئێمە ڕێز لە ڕای خەڵکانی تر دەنێین لەبرایانی هاونیشتمانماندا، بەڵام لەسەرمان پێویستە کە ئێمە سەرکردایەتی پەروەردەو ڕێبازەکانی بکەین، بەو پێیەی کە بەشێکی بنچینەییە لە پێگەیاندن و ئامادەکردنی نەوەیەک، لەئێستاو داهاتوودا)).[٦٩]

ئەوەی کە ڕوونە وەک لەپێشدا لەباسەکەماندا باسمانکرد کە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی سیاسی کەناڵی جۆراوجۆری هەیە وەک خێزان و قوتابخانەو گرووپی برادەران و ڕاگەیاندنی جەماوەری و...تاد. دەبینین کە چۆن حیزبی بەعس لە سەردەمی خۆیدا ئەو کەناڵانەی بەکارهێنا بۆ چاندنی بیروڕای سیاسییان لەبواری پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی سیاسی لە عێراق دا.

ئەم کەناڵەش کە زیاتر بایەخی هەبووە لای بەعس لەماوەی حوکمڕانییان لە عێراق دا ئەوە دەبینین زیاتر پێیان لەسەر کەناڵی ڕاگەیاندن دا گرتبوو بۆ بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕو ئایدیۆلۆژیای بەعس و پێکهێنانی وێنەیەکی نەتەوەیی بۆ دیکتاتۆر سەدام حسێن وەک سەرکردەیەکی پێویستی عێراقییەکان و هەروەها پەرەپێدانی هێزی زەینی منداڵان بەحوکمی هێزی کاریگەری وێنەو دەنگ چونکە دەیانزانی منداڵان زیاترین کاتی خۆیان بە تەماشاکردنی تەلەفزیۆن بەسەر دەبەن.

بێگومان ماوەی حوکمڕانی حیزبی بەعس فێس بوک و

کەناڵەکانی تری ئینتەرنێت لە عێراق دا نەبووە و قەدەغەبووە دەنا ئەگەر زەمانی وەک ئێستای پێشکەوتنی جیهانگەرایی ئەورۆ بوایە بێگومان سوودیان لەم کەناڵانەش دەبینی هەرچەندە ئەم کەناڵانە زۆرجاران لە سیستەمە دیکتاتۆرییەکاندا هۆکارێکن بۆ هۆشیاربوونەوەی خەڵک و ڕاپەڕین.

ئێمە لە باسکردنی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی سیاسی لە عێراق دا باسی ماوەی حوکمڕانی زیاتر لە سی ساڵەی حیزبی بەعسمان کرد کە چۆن بە شێوەیەکی بەرمانەدارێژراو کاریان لە کەناڵەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی سیاسی دەکرد بۆ زامنکردنی زیاتری حوکمڕانی خۆیان و بڵاوکردنەوەی ئایدلۆژیای بەعس و هەموو ئەمانە لە خزمەتکردنی دیکتاتۆریەتێک دابوون لە عێراق دا.

بەڵام دوای ڕووخانی سیستەمی دیکتاتۆری و لادانی حزبی بەعس لەعێراق دەبینین ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ئابووری و لە هەموو بوارەکانی تردا گۆڕان و ئاوەژوو بوونەوە. دیکتاتۆریەت نەما سیستەم بووە پەرلەمانی، پێکهاتەکانی عێراق بە هەموو نەتەوەو ئاینزاو تایفەو پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق وەک جاران سەرکوت ناکرێن ئینجا لەم سیستەمە جیاوازەدا کە سیستەمێکی پێچەوانەی جارانە دەبێ هەموو بەرنامەو هۆکارەکانی جاران بسڕێنەوەو نەمێنێ بەتایبەتیش لەرووی یاساییەوە کە دەبێ ڕەگوڕیشەی تەعریب بنبڕ بکرێ و هەموو تایفەو پێکهاتەکانی عێراق مافی بەکارهێنانی ڕێورەسمی تایبەتی خۆیان هەبێت و تەواو وەک عێراقێکی دیموکراسی خۆی بنوێنێ دەبێ ڕاگەیاندن لە ئاراستەکراوی مۆنۆپۆڵی حیزبێک کە حوکمی هەموو عێراقی دەکرد بەئاراستەی ڕاگەیاندنی سەربەست هەنگاوبنێ.. دەبێ مافی هاووڵاتی بوون و مافی مرۆڤ لەعێراق پارێزراو بێت سیستەمی

عێراق سیستەمێکی فرەیی دیموکراسی پەرلەمانی فیدراڵی بچەسپێ و هاوولاتیانی عێراق هەست بە گیانی نیشتمانی بکەن و هەست بکرێ عێراق هی هەمووانەو کۆمەڵگەی مەدەنی دروستبکرێ و دەبێ نەزعەی شوڤینی لە عێراق نەمێنێ کە بەعس چەندان ساڵ پەیڕەوی دەکرد، دەبێ سیستەمی پەروەردە کە بەشێک بوو لە ئامرازی ئاراستەکراوی بەعس بۆ چاندنی بیروڕاو ئایدلۆژیای بەعس بکرێتە پەروەردەیەکی پێگەیاندنی کۆمەلایەتی و سیاسی لەخزمەت گیانی سەردەم دابێت و هەموو سیستەمەکە بەگیانی عێراقی نوێ بنوسرێ و بخوێنرێ. پێویستە سیاسیانی عێراق یا دەسەلاتی سیاسی لە عێراق هەموو کەناڵەکانی پێگەیاندنی کۆمەلایەتی سیاسی لە عێراق دا لەبناغەوە هەڵتەکێنێ و گیانی سەردەمێکی نوێ بەبەردا بکات و بتوانێ لەمڕۆی دنیای پێشکەوتوو و سەردەمێکی نوێی مرۆڤی عێراقی هەنگاو بهاوێ و لەگەڵ بوونی فیدراڵیەتی کوردستان خۆی بگونجێنێ و وەک پێویست مامەڵەی لەگەڵدا بکات.

بێگومان ئێمە لە هەڵسەنگاندن و باسکردنی پێگەیاندنی کۆمەلایەتی سیاسی عێراق دا لەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس و دوای سەردەمی نوێ ناتوانین وەک پێویست هەڵیسەنگێنین چونکە تا ئێستاکە وەک پێویست مامەڵە لەگەڵ تەواوی ئەرک و مافەکان دا نەکراوەو وەک پێویست عێراق نەیتوانیوە لەسەر پێی خۆی بوەستێ، گۆڕانکارییەکانیش زۆربەیان لەرووکەشدا سەردەمێکی جیاواز نیشان دەدەن بەلام لەڕووی پراکتیکییەوە ناتوانین لە خۆزگە زیاتر هەڵیسەنگێنین با ئەمە دوای جێگیربوونی حوکمڕانی عێراقی داهاتوو بێت و ئەم ئەرکە کەسانی تر لە توێژینەوەو ڕاپرسی تردا هەڵسەنگاندن لەماوەی حوکمڕانی دوای حوکمی بەعس و سەدام حسێن بکرێت کە بێگومان ئەم لێکۆڵینەوەی

ئێمە دەبێتە بناغەی ئەم لێکۆڵینەوە بەڵام بۆئەوەی باسەکەمان لە کەموکوڕی بەدەربێت و خوێنەرو توێژەرەوان نەڵێن ئەی کوا باسی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی سیاسی لە کوردستانی عێراق؟.. کە بێگومان لەسەردەمی بەعس دا کورد خەریکی شۆڕش بووە و نەتوانراوە یا حوکمڕانی لەدەست کورد نەبووە تا پێڕەوی بابەتی پێگەیاندنی کۆمەلایەتی سیاسی بکرێت بەڵام خۆ دوای ڕاپەڕین و لەسایەی دەسەڵاتی حوکمی فیدراڵی کەبووە ئەمری واقیع لە عێراق دا و دوای ڕووخانی سیستەمی سیاسی دیکتاتۆری لە عێراق ئێمە لەبەردەم تاقیکردنەوەیەکی نوێداین کە ئەویش دەسەڵاتی کوردییە لە کوردستانی عێراق هەر لەدوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ ەوە تا ئەم دەمە.

## پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی سیاسی لە کوردستانی عێراق دا

بابەتی کورد لە عێراق دا و گەڕان بەدوای پێناسەی نەتەوەیی و مافی سیاسی و ئەم گێڕانەوە مێژووییەی کە کورد هەیبووە لە بێبەش بوونی سیاسی و. نەگەیشتن بە قەوارەی نەتەوەیی خۆی لە دروستکردنی دەوڵەت و دابەشکردنی کوردستان بەسەر چوارپارچەو چەوسانەوەو شۆڕشی بەردەوامی پێویستی بە لێکۆڵینەوەو هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی مێژوو و دەرهێنانی فایلی نێودەوڵەتی و هەرێمایەتی و بەرژەوەندی دەوڵەتە زلهێزو دەوڵەتەکانی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە هەیەو نامانەوێ لەم باسەدا بگەڕێینەوە ناو مێژووی نەهامەتی و شۆڕشە بەردەوامەکانی کورد بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی.

ئەوەی ئێمە دەمانەوێ و مەبەستمانە بۆ خوێنەرانی ڕوونکەینەوە کە کورد لە کوردستانی عێراق دا کە مەبەستی باسەکەی ئێمەیە،

هەر لەودەمەوە کە خواروی کوردستان بە عێراقەوە لکێنراوە لە یەکەمین دابەشکردنی نێوان سەفەوی و عوسمانلییەکان و لە میانەی موعاناتی میللەتی کورد بەدەست زولم و ستەمکاری نەتەوەیی دا ئەوا هەر لەودەمانەوە کورد سیاسەتی زانیوەو مانای شۆڕش و نەتەوەو هەموو زاراوەیەکی تری سیاسەت و دنیای سیاسەتی درکپێکردووە ئەمەش هەر گەورەکان نەیانزانیوە بەڵکو منداڵی بچووکیش سیاسەتیان زانیوەو سەرکردەکانیان ناسیوەو داستەکانی شۆڕشیان بۆ گێڕدراوەتەوە، ئەم شۆڕشە زانیارییە بەردەوامەی کورد بە درێژایی مێژووەوە و لەژێر سایەو فەرمانڕەوایی یەک بەدوای یەکی عێراق دا وای لە مرۆڤی کورد کردووە کە بەردەوام ژیانی لێ ببێت بە سیاسەت و هەست بە کاریگەرییەکانی سیاسەتیش بکات کە بەردەوام ژیانی مرۆڤی کوردی قورس کردووەو هەمیشە دەربەدەر بووە بەڵکو ئەمە سیاسەتە کە وایلێکردووە هەرگیز نەحەسێتەوە. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هەر لە ساڵی (١٩٩١)ەوە و هەر لەدوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی کورد دژی ڕژێمی داپلۆسێنەری عێراق و ڕامالینی دەسەڵاتی دیکتاتۆری لەسەر ناوچەکانی خۆی، کورد گەیشتە نیمچە سەبەخۆییەک بەتایبەتیش دوای ساڵی ١٩٩٢ کاتێ کە کورد هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەنجامدا و حکوومەتێکی ناوچەیی کوردی دامەزراند، ئەگەرچی هەندێک ناوچەی تری مابوو کە هەر لەژێر دەسەڵاتی بەعس دا مابووەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش بەشی ئازادبوو لە کوردستانی عێراق حکوومەتی خۆی بەناوی (حکوومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق) پێکهێنا. ئەم حکوومەتە بووە شوێنی بایەخی هەموو دنیا چونکە تاقە ئەزموونی دیموکراسی بوو لە ناوچەکە کەدوای ئەوە بزووتنەوەو حیزبی بیروڕاجیاواز کە نیشانەی ئازادی و دیموکراسیەتی ئەم حکوومەتەیان بەدنیا ڕاگەیاند

بەتایبەتی لە دەربڕینی بیروڕای ئازادو شۆڕشێکی ڕۆژنامەگەری کە هەر حیزبە بڵاوکراوەو ڕۆژنامەو گۆڤارو تەلەفزیۆن و ئێستگەی خۆی هەبوو جیا لەو کەناڵە ڕاگەیاندنانەی کە لەمیانی بیروڕای ئازاد ڕۆژنامەو گۆڤارو ئێزگەو تەلەفزیۆنیان پەخشکرد و سەربە حیزبەکان نەبوون بەڵکو ڕەوتێکی سەربەست و دوور لە پابەندبوون بە حیزبەکانەوە بڵاوکرانەوە.

بێگومان دانیشتوانی کوردی هەرێمی کوردستان لەهەموو قۆناغەکانی ژیاندا و لەهەموو چین و توێژێکی کۆمەڵگای کوردی کاریگەر بوو بەم گۆڕانکارییانە بەتایبەتیش لەچەرخی جیهانگەرایی و پێشکەوتنی تەکنۆلۆژی دنیادا ئەمەش وایکرد کە هەستی نیشتمانی و نەتەوەیی بڕسکێ بۆیە ((دەتوانین ماوەی سەرەتای ساڵانی نەوەدەکان بە (چەرخی سیاسەت) دادەنرێ لە کوردستان دوای بەهاری ڕاپەڕینە پڕ لە قارەمانیەتی و بەهێزەکەی و کۆڕەوە ملیۆنییەکەی بۆ دەوڵەتانی دراوسێ لەساڵی ١٩٩١دا)).[٧٠]

بێگومان لەکوردستانی عێراق دا باسی پێکەیاندنی کۆمەڵایەتی سیاسی نەکراوە چ لەڕووی بیردۆزییەوە و چ لەرووی پراکتیکیەوە، بۆیە زۆر زۆر هەژارین بۆ ئەم جۆرە توێژینەوەو لێکۆڵینەوانە کە تایبەت بێت بە پێکەیاندنی کۆمەڵایەتی سیاسی لە کوردستانی عێراق دا.

تاقە توێژینەوەیەک پێش لێکۆڵینەوەکەی من کە تائێستا کرابێ و بڵاوکرابێتەوە توێژینەوەکەی مامۆستای زانکۆ (دکتۆر تاهیر حەسۆ زێباری)یە کە بەزمانی عەرەبی بەناونیشانی (التنشئة السياسية الاجتماعية في كوردستان- العراق)ەو ساڵی ٢٠٠١ لە گۆڤاری (زانکۆ)دا بڵاوکراوەتەوە.[٧١]

لەم توێژینەوە گرنگەی توێژەر د.تاهیر حەسۆ زێباری گەیشتۆتە

ئەم ئەنجامانە:-

١- ئەم توێژینەوە دەریخست کە هەردوو پێناسەی نیشتمانی و نەتەوەیی زۆر بەهێزترن لە پێناسە کۆمەڵایەتیەکانی تردا کە پێناسەی ئایینی دەگرێتەخۆ، ڕێژەی (٥٤، ٧٩، ٣٢ لەسەدا) پێی وایە کە پێکهێنانی حکوومەتێکی ناوچەیی لای کوردان، ڕۆڵێکی دیاری هەبووە لە بەرز ڕاگرتنی پێناسەی نیشتمانی و نەتەوەیی دا.

٢- زۆربەی ئەو کەسانەی وەڵامی توێژینەوەکەیان داوەتەوە لەم بڕوایەدان کە بوونی یەک نەتەوەی کورد و یەک نیشتمانی کوردی دەگەڕێتەوە بۆ بوونی یەک زمانی نەتەوەو بەڕێژەی (٣، ٥٣ لەسەدا) ئەمە یەکەم و پاشان سنووری نیشتمان دووەم و پاشان یەک ئایینی زۆربەی دانیشتووان. ئەمەش بنەمای بنیادنانی هەر نەتەوەیەکە.

٣- بەنیسبەت ناسنامەی عێراق لەگەڵ پێناسەکانی تردا، ئەنجامەکان ئەوەیان دەرخست کە ئەم ناسنامەیە بەرەو نەمانە (٢ لەسەدا) و زۆریش لاوازە لەنێوان ئەوانەی دەنگیان لەتوێژینەوەکە داوە، بەهۆی قبوڵکردنی کورد بەواقیعی سیاسی نوێ لە کوردستانی عێراق دا.

٤- ئەم توێژینەوەیە ئەوە دەردەخات کە سەربەخۆیی کوردستان (٥٠ لەسەدا)یە، ئەمەش گرنگترین ئاواتی ئەوکەسانەیە و حەزدەکەن بێتەدی، هەر ئەمە ئاواتی هەموو کوردێکی شەرەفمەندە لەخۆشی و ناخۆشیدا.

٥- شیکارییەکە ئەوەی بەدەرخست کە کاروباری سیاسی (٢٦ لەسەدا) یە کە شوێنێکی فراوانی لە بایەخ و گرنگیپێدانی لاوانی کورد داگیر کردووە، ئەمەش یەکێکە لە دەرهاوێشتەکانی دوای ڕاپەڕینە شکۆمەندەکەی ساڵی ١٩٩١ بوو، هەروەها بەهۆی کەش

و بارە دیموکراسییەی کە باوە لە کوردستان دا.

٦- لەگەڵ بوونی فرەیی کەناڵەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی سیاسی لە کۆمەڵگەی کوردی دا تا ئێستاکەش وەلی ئەمرەکان (٥ لەسەدا) شوێنێکی فراوان پێکدەهێنن لەکارتێکردن بەسەر منداڵەکانیان بەرەو ڕێبازی سیاسی لەکۆمەڵ دا. هەروەها لاسایی کردنەوەو چاولێکردن ڕۆڵی بەرچاویان هەیە لە ئاراستەکردنی سیاسی لاوان دا.

٧- لە شیکارییەکەدا بەدیارکەوت کە زۆربەی کوردان حەز دەکەن کێشەی هەڵپەسێردراوی کورد لە قۆناغی ئێستادا بە دیالۆگ و ئاشتی سیاسی چارەسەر بکرێت (٣، ٩٣ لەسەدا) لە چوارچێوەی پاراستنی نەتەوە یەککگرتووەکان و دەوڵەتانی هاوپەیمان، نە وەک بە خەباتی چەکداری.

٨- ئەنجامەکان ئاماژە بۆ بڵاوبوونەوەی ناسنامەی ئایینی دەکەن (٣، ٥ لەسەدا) بەڵام ئەمەش لەگەڵ ناسنامەی نیشتمانی هاودژنییە و لەم ڕەتاندنەدا بزووتنەوەکانی خودان ڕەگ و ڕیشەی نیشتمانی بەشداری کردووە.[٧٢]

بەڵام لەگەڵ ئەمەش دەسەڵاتی ناوچەیی کوردی لەبارەی بەرنامەی ڕوون و ئاشکرا هەژارە و بەتایبەتیش لەبواری پەروەردە و فێرکردن دا بەپێگەیاندنی قوتابیان و خوێندکاران لەهەموو قۆناغەکانی خوێندن دا و هێشتاکەش پرۆگرامەکانی فێرکردن وەک پێویست نین ئەگەرچی هەندێک بابەتی مێژووی کورد خراونەتە نێو کتێبەکانی خوێندن و کتێبی (پەروەردەی نیشتمانی) یش وەک پرۆگرام لەهەموو قۆناغەکانی خوێندن دا دەخوێنرێ. بەڵام لەگەڵ ئەمەش سیاسەتێکی ڕوونی فێرکردن نییە بۆ پەرەپێدان و بوژانەوەی قوتابی و خوێندکاران بەبیری نەتەوەیی و نیشتمانی

کوردی و سڕینەوەی بەجێماوەکانی سیاسەتی بەعس لەڕووی فێرکارییەوە، بۆیە حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێویستی بە نوێکردنەوەی فێرکردن و بڕیاردەرکردنی خوێندکاری هەیە بۆ پێگەیاندنی ڕۆشنبیریی نیشتمانی و نەتەوەیی و هەروەهاش بۆ پەیدابوون و پەرەپێدانی گیانی هاونیشتمانی بوون و پەیدابوونی لادانەپاڵ نیشتمانەکەیان کوردستان و هەروەها چاندنی ئەم هزرانە لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی سیاسی دا لە هەموو قۆناغەکانی تەمەن و کارکردن بۆ هاندانی دامودەزگاکانی ڕاگەیاندن بە بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری پێویست بۆ پێگەیاندنی هاووڵاتی کورد و بڵاوکردنەوەی بەرنامەی ڕوون و دیار بۆ بایەخدان بە سیاسەتی نەتەوەیی و پەرەپێدان و بڵاوکردنەوەی هۆشمەندی و ڕۆشنبیریی دیموکراسی و کارکردن بۆ پێکەوە بەستنەوەی دانیشتوان بەتایبەتیش وەچەبچووکەکان و مێرد منداڵان بۆ هەڵگرتنی بەهاکانی ئەم کۆمەڵگایە لە دابونەریت و هەڵسوکەوتیدا نەوە دوای نەوە، هەروەها هاندانی ئارەزوومەندییان بۆ پاراستنی نیشتمان و خزمەتکردنی، لەسەر بنەمای زانستی ڕێکخراو کەوایان لێبکات ببن بە بەشێک لە پرۆسەی هاونشتمانی تەواو.

هەروەها دەبێ لەم بوارەدا هانی توێژینەوەو لێکۆڵینەوەکانی تایبەت بە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی سیاسی بدرێت بەتایبەتیش لەبواری خوێندنی زانکۆ و خوێندنی ئەم بابەتە لە پرۆگرامەکانی خوێندن و هاندانی ئەم تواناسازییانە بدرێت لەبواری لێکۆڵینەوە دەربارەی واقیعی کوردی لەرووی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە هەروەها بۆ پەرەپێدانی گیانی هەرەوەزی و بەشداریکردنی سیاسی بۆ هەموو تاکەکانی کۆمەڵگای کوردی لەمیانی پێگەیاندنی بەردەوام نەوە دوای نەوە.

بۆ بابەتی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە کوردستانی عێراق دا هەر ئەوەندە بەس نییە بەڵکو پێویستی بەزنجیرەیەک لە توێژینەوەو لێکۆڵینەوە هەیە لە لایەنی کەسانی تریشەوە وەک ئەوەی د.تاهیر حەسۆ ئەنجامی داو ئەوەی نووسەری ئەم لێکۆڵینەوەیەش لێرەدا خستوتیە ڕوو کە من بۆ باسەکەی خۆم لەرووی مەیدانییەوە ئەنجامەکانی دکتۆر تاهیرم کردە تەواوکەری لێکۆڵینەوەکەی خۆم چونکە دەبوایە کاری مەیدانی بۆ بکەم و هەر بە باسکردنی تیۆری نەوەستم، بۆیە بە گرنگی دەزانم زیاتر بایەخ بە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی سیاسی کوردستانی عێراق بدرێت.

من خۆم زۆر حەز لەم باسە دەکەم و زۆر بە گرنگیشی دەزانم ئەگەر دەرفەت بوو لە لێکۆڵینەوەی تردا بەشێوەیەکی مەیدانی و ڕاپرسی کاری تێدادەکەم، خۆ ئەگەر کەسانی تریش چ وەک هاندان و چ وەک توێژینەوەو لێکۆلینەوە لەم بابەتە بێنە پێش ئەوا بەرهەمی دکتۆر تاهیر و منیش پێ دەوڵەمەندو سوودبەخشتر دەبێت، چونکە بابەتی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی سیاسی کوردستانی عێراق پەیوەستە بەئایندەو داهاتووی نەوەکانی ئێمە بۆ بنیادنانی کۆمەڵگایەکی مەدەنی پێشکەوتوو کە ببێتە بناغەیەک بۆ دەوڵەتی کوردی، ئەو دەوڵەتە کە لەسەر کۆڵەگەیەکی پتەو و زانستی و هاونیشتمانی خاوەن ئینتما بۆ وڵاتەکەیان بنیاد نرابێ ئەمەش پێویستە دامودەزگاکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوام ئیشی بۆ بکەن و گرنگی پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی سیاسی بە بنەمای پرشنگداری ئایندەی کوردستان ببینن.

### پەراوێزەکان

١- البروفیسور دنکن میشیل - معجم علم الاجتماع- ترجمة

د.أحسان محمد الحسن - ل٣٢٨
٢- د.صادق الاسود، علم الاجتماع السياسى، أسسه وأبعاده- ل٢٥٨
٣- فيصل السالم- أساسيات التنشئة السياسية الاجتماعية - ل١٣
٤- د.مصطفى محسن- حوار حول التنشئة الاجتماعية والهوية، قراءة تحليلية ونقدية- مجلة دراسات عربية- العدد ٤، شباط، فبراير، ١٩٩٠-ل٤٤
٥- فيصل السالم- سەرچاوەى پێشوو- ل١٩
٦- البروفيسور دنكن ميشيل- سەرچاوەى پێشوو- ل٣٢٨
٧- فيصل السالم، سەرچاوەى پێشوو- ل٢٠
٨- د.ابراهيم عيسى عثمان- الاصول فى علم الاجتماع- ل٩٥
٩- فيصل السالم- سەرچاوەى پێشوو- ل٢١
١٠- د.ابراهيم عيسى عثمان- سەرچاوەى پێشوو- ل٩٥
١١- د.حسان محمد شفيق العاني- الثقافة السياسية والديمقراطية- مجلة الحقوقي- العددان الاول والثاني- السنة الثانية عشرة ١٩٨٠- ل٤٩
١٢- فيصل السالم- سەرچاوەى پێشوو- ل٢٢
١٣- د.صادق الاسود- سەرچاوەى پێشوو- ل٢٤١
١٤- د.صادق الاسود- هەمان سەرچاوە- ل ٢٤٢
١٥- د.صادق الاسود- هەمان سەرچاوە- ل٢٥٣
١٦- د.صادق الاسود- هەمان سەرچاوە- ل٢٥٣
١٧- فيصل السالم- سەرچاوەى پێشوو- ل٢٢
١٨- فيصل السالم- هەمان سەرچاوە- ل٢٣
١٩- چارلس ماچ- المجتمع فى العقل، عناصر الفكر الاجتماعي- ل٩٩
٢٠- فيصل السالم- سەرچاوەى پێشوو- ل٢٠

٢١- فيصل السالم- هەمان سەرچاوە- ل٣٨
٢٢- توم بوتومور- علم الاجتماع السياسي- ترجمة وميض نظمي- ل١٥
٢٣- د.صادق الاسود- سەرچوەی پێشوو- ل٢٦١
٢٤- فيصل السالم- سەرچاوەی پێشوو- ل٣٦
٢٥- د.حسان محمد شفيق العاني- التنشئة السياسية- محاضرات فى علم الاجتماع السياسي- جامعة بغداد- كلية القانون والسياسة- قسم السياسة لسنة ١٩٨٠-١٩٨١
٢٦- فيصل السالم- سەرچاوەی پێشوو- ل٤٨
٢٧- د.حسان محمد شفيق العاني- سەرچاوەی پێشوو
٢٨- فيصل السالم- سەرچاوەی پێشوو- ل٣١
٢٩- د.حسان محمد شفيق العاني- سەرچاوەی پێشوو
٣٠- چارلس ماچ- سەرچاوەی پێشوو- ل١٣٢
٣١- فيصل السالم- سەرچاوەی پێشوو- ل٤٢
٣٢- ب.روزانڤالون مع ب. فيڤري- نحو ثقافة سياسية جديدة - ترجمة د.خليل أحمد خليل- ل١٧٢
٣٣- فيصل السالم- سەرچاوەی پێشوو- ل٤٨
٣٤- د.حسان محمد شفيق العاني- سەرچاوەی پێشوو
٣٥- كارل مانهايم- الايديولوجيا واليوتوبيا- ترجمة د.محمد رجا الديرينى- ل٢٣١
٣٦- كارل مانهايم- هەمان سەرچاوە- ل٢٣٧
٣٧- د.حسان محمد شفيق العاني- سەرچاوەی پێشوو
٣٨- مطاع صفدي، استراتيجية التسمية فى نظام الانظمة المعرفية، ل١٩٢.
٣٩- د.ابراهيم عيسى عثمان، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٦.

٤٠- چارلس ماچ، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٨
٤١- د.ابراهیم عیسی عثمان، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٧،
٤٢- د.ابراهیم عیسی عثمان، هەمان سەرچاوە، ل٩٩
٤٣- د.ابراهیم عیسی عثمان، هەمان سەرچاوە، ل١٠٠
٤٤- فیصل السالم، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤
٤٥- د.صادق الاسود، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦٢
٤٦- فیصل السالم، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥
٤٧- د.صادق الاسود، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦٣
٤٨- فیصل السالم، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥
٤٩- د.ابراهیم عیسی عثمان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٠
٥٠- فیصل السالم، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٦
٥١- د.صادق الاسود، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦٦
٥٢- فیصل السالم، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨
٥٣- د.صادق الاسود، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦٦
٥٤- مطاع صفدي، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٤
٥٥- د.صادق الاسود، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦٧
٥٦- جمیل صلیبا، علم النفس، ل١١٢
٥٧- د.صادق الاسود، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧١
٥٨- د.ابراهیم عیسی عثمان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٣
٥٩- د.صادق الاسود، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٣
٦٠- فیصل السالم، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٣
٦١- د.صادق الاسود، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٣
٦٢- د.ابراهیم عیسی عثمان، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٢
٦٣- د.صادق الاسود، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٦
٦٤- د.صادق الاسود، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦٣

٦٥- فيصل السالم، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩
٦٦- فيصل السالم، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢
٦٧- د.صادق الاسود، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٠
٦٨- د.صادق الاسود، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٠
٦٩- د.صادق الاسود، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٢
٧٠- طاهر حسو الزيباری- التنشئة السياسية الاجتماعية فی کردستان- العراق- دراسة ميدانية، ل٢٥١
٧١- بۆ زياتر زانياری بڕوانە طاهر حسو الزيباری- هەمان سەرچاوەی پێشوو
٧٢- طاهر حسو الزيباری، هەمان سەرچاوە، ل٢٨٦

## سەرچاوەکان


١- البروفيسور دنكن ميشيل، معجم علم الاجتماع، ترجمة د.أحسان محمد الحسن، منشورات وزارة الثقافة والاعلام الجمهورية العراقية- سلسلة الكتب المترجمة ٧٩ - دار الرشيد للنشر، بغداد، ط/١، ١٩٨٠.
٢- د.صادق الاسود، علم الاجتماع السياسى، أسسه وأبعاده- وزارة التعليم العالي والبحث العلمي- جامعة بغداد، مطبعة جامعة الموصل، ط/١، ١٩٨٦.
٣- فيصل السالم، أساسيات التنشئة السياسية الاجتماعية، جامعة الكويت- مطبعة جامعة الكويت، ط/١ - تاريخ الطبع بلا.
٤- د.ابراهيم عيسى عثمان، الاصول في علم الاجتماع، منشورات شركة كاظمة للنشر والترجمة والتوزيع- الكويت، ط/١، ١٩٨٣
٥- چارلس ماچ، المجتمع في العقل، عناصر الفكر الاجتماعى، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد- ط/١- ١٩٩٠.

٦- توم بوتومور، علم الاجتماع السياسي، ترجمة وميض نظمي، دار الطليعة، بيروت- لبنان، ط/١ اذار ١٩٨٦
٧- ب. روزا نڤالون- ب فيڤري، نحو ثقافة سياسية جديدة، ترجمة د.خليل احمد خليل، دار الطليعة، بيروت، ط/١، ١٩٨٢
٨- كارل مانهايم، الايديولوجيا واليوتوبيا، ترجمة، محمد رجا الديريني، شركة المكتبات الكويتية، ط/١، اكتوبر ١٩٨٠.
٩- مطاع صفدي، استراتيجية التسمية فى نظام الانظمة المعرفية- طباعة ونشر، دار الشؤون الثقافية العامة- بغداد- ط/٢- ١٩٨٦.
١٠- جميل صليبا- علم النفس٠ دروس الفلسفة (١)- دار الكتاب اللبنانى، مكتبة المدرسة- لبنان- ط/٢ - ١٩٨٤
١١- د. مصطفى محسن- حوار حول التنشئة الاجتماعية والهوية، قراءة تحليلية ونقدية- مجلة دراسات عربية- العدد/٤، شباط، فبراير، دار الطليعة، بيروت- ١٩٩٠.
١٢- د.حسان محمد شفيق العاني- الثقافة السياسية والديمقراطية- مجلة الحقوقي- العددان/ الاول والثاني- السنة الثانية عشرة، مطبعة جريدة العراق- بغداد ١٩٨٠.
١٣- د.حسان محمد شفيق العاني- التنشئة السياسية- محاضرات فى علم الاجتماع السياسي لطلبة كلية القانون و السياسة، جامعة بغداد، قسم السياسة، لسنة ١٩٨٠-١٩٨١.
١٤- طاهر حسو الزيباري- التنشئة السياسية الاجتماعية فى كردستان- العراق- دراسة ميدانية على طلبة الكرد في جامعة صلاح الدين - اربيل- العراق- مجلة (زانكو) للعلوم الانسانية- العدد (١٢) - السنة ٢٠٠١

# دەستەبژێرو ڕۆڵە
# کۆمەڵایەتی و سیاسییەکەی

## چەمكی دەستەبژێر

وشەی دەستەبژێر (نخبة) یاخود بژاردە (صفوە- ئیلیت) سەرەتا لەچەرخی حەڤدەهەمەوە پەیدابووەو بۆ وەسفی ئەم كەلوپەلانەی كە جۆری چاكن بەكارهێنراوەو پاشان وەك زاراوەیەك زیاتر كەوتۆتە سەر زاران تا بووەتە هێمایەك بۆ گرووپە كۆمەڵایەتییە بەرزەكان وەك یەكەی سەربازیی یان دەستەی باڵای پیاوماقوڵان.

لە فەرهەنگی (ئۆكسفۆرد) دا بەدیاردەكەوێت، كە لە زمانی ئینگلیزی دا بەكارهێنانی وشەی دەستەبژێر بۆ ساڵی (١٨٢٣ز) دەگەڕێتەوە، ئەوكات بەڕاستی بەسەر گرووپە كۆمەڵایەتییەكان دا جێبەجێ دەكرا، بەڵام وەك زاراوە بەكارهێنانێكی فراوانی بەخۆوە نەدیت لە نووسینە كۆمەڵایەتی و سیاسییەكاندا، بەتایبەتیش لەئەوروپادا هەتا كۆتاییەكانی چەرخی نۆزدەهەم، ئینجا لە سییەكانی چەرخی بیستەمدا لە بەریتانیا و ئەمریكادا زاراوەكە بە شێوەیەكی تایبەتی بڵاوبۆوەو بەكارهێنانەكەی لەبارەی دەستەبژێرەوە لە بیردۆزە سۆسیۆلۆژییەكاندا ڕەنگیدایەوەو بەتایبەتیش دوای نووسینەكانی (ئەلفرێد) و (باریتۆ)ی ئیتاڵی، ئیتر وەك زاراوەیەكی جیاكەرەوە بە باڵای ئەو گرووپە كۆمەڵایەتی و سیاسییانە دابڕا كە دەتوانرێت چالاكی و كاریگەرییان ببیندرێت، هەروەكچۆن (باریتۆ)ش وایدەبینی كە ئەم دەستەبژێرانە بەهۆی بەرچاوی و

جموجۆلیانەوە پەیدا دەبن و دەناسرێنەوە، وەک دەڵێت: ((با وەهای دابنێین کە چینە کەسانێک هەن دیارترن و لەبەرچاوترن ولە خەڵکی دیکە جیا دەکرێنەوە، ئەمش بەهۆی ئەنجامدانی ئەم جموجۆل و چالاکیانەی کە ئەنجامی دەدەن لە تایبەتمەندی کاری خۆیاندا، دەبا ئەم چینە جیابکەینەوەو ناوی بنێین، دەستەبرێژ...))[1] بەڵام (**د. سادق ئەلئەسوەد**) مێژووی پەیدابوونی چەمکی دەستەبرژێری سیاسی بە دوورتر دەزانێت و پۆلینێکی جیاوازیشی بۆ دەکات و لە شێوە فەلسەفییەکەشی دەڕوانێت و دەڵێت: ((چەمکی دەستەبژێری سیاسی لە چەرخی نۆزدەهەمەوە پەیدا بووە، پاشان بە گشتی لە بیردۆزە کۆمەڵایەتییەکاندا پەیدا بووە، بەتایبەتیش لای (**ئەلفرید**) و (**باریتۆ**)، ئەم چەمکانە بە شێوەی جیاواز دەبیندرێن لەلایەن تیۆرستەکانی دەستەبژێریدا، کەپاڵەوان و پاڵەوانییە لەلای (**تۆماس کارلیل**) وتاکرەهەندی وگێرەشێوێنییە لەلای (**ماکس ستێرنەر**) و (**فردریک نیتشە**) و لەلای (**ئۆرتیگا**) ش لە چەمکی ڕەشبین دەبیندرێت لە شۆڕشی جەماوەریدا...))[2] .

لێکۆڵەرەوە سیاسیەکان لە ڕۆژانی (**ئەفلاتون**)ەوە تاوەکو ئێستاش بایەخیان بە ئامادەکردنی سەرکردەو دەستەبژێر داوە، بەڵام ئەم مەیدانە هێشتا پێویستی بە هەوڵدان هەیەو باس و لێکۆڵینەوەکان لەم بارەیەوە زۆر دەگمەنن، بەڵام گرنگترینیان ئەم باسانەن کە لە ئەمریکا (**ئیلۆ**) و هاوڕێکانی کردوویانە...))[3].

ئینجا زاراوەکە بەکۆ دەبێت واتە پێی دەگوترێت دەستەبژێرەکان (النخب) یان بە تاک دەبێت واتە پێی دەگوترێت دەستەبژێر (النخبة). سەبارەت بە زانای کۆمەڵناسی ئیتاڵی (**باریتۆ**)ەوە لە یەک کاتدا تاکە دەستەبژێرێکی سەرکردە بە (تاکی) هەیەو دەستەبژێری دیکەش هەن کە سەرکردە نین و بە (کۆ) ناویان دەبرێت، ئەمە

ئەگەرچی نووسەرانی دیکە وایان پێ پەسندە کە وشەکە تەنیا بە تاک بنووسرێت هەروەها باسی دەستەبژێری سەرکردەش بکەن، وەک (تۆم بۆتۆمۆر) کردوویەتی، یانیش باسی دەستەبژێری بکەن وەک ((میلز) ناوی وەها دەنێت.

هەروەها بۆ زیاتر ئاڵۆزوپاڵۆزکردن هەندێک نووسەر وشەی چین (طبقە) بەکار دەهێنن، ئەمە ئەگەرچی هەندێکی تر بۆ هەمان مەبەست وشەی دەستەبژێر بەکاردەهێنن، بەکارهێنانی (دەستەبژێری سەرکردە) و (چینی سەرکردە) و (دەستەبژێری حوکمڕان) و (چینی حوکمڕان)، ئەمانە بەکارهێنانێکن زۆربەیان توانای گۆڕینیان هەیە، بەڵام ئەوەی پەیوەستە بە چەمکی (چینی زاڵ) ئەم ئیحایە کە جۆرینەی لەبەرچاو تێپەڕینی بۆ ڕاژەی دەستەبژێر بە بوونی گونجاندن لە بەرژەوەندییەکان و بەشداریکردن لەنێوان ئەندامەکانیان و هاریکاری نێوان دەسەڵاتی هەندێک کەس و نفوزی هەندێکی تر...[٤].

لەم ساڵانەی دواییدا گەلێک لە لێکۆڵەرەوەو پسپۆڕان هەوڵی بەرچاویان لە پەرەپێدانی چەمکەکانی دەستەبژێر داوە، هەروەک (ریمۆن ئارۆن) لە کتێبی (دیموکراتیزم و ڕێبازی سەرتاپاگیری)، ئەو لەم کتێبەیدا وایدەبینێ کە دەستەبژێر هەمیشە بریتییە لە کەمینەی حوکمڕان (الاقلیة الحاکمة) و هەمدیس تەئکیدی لەسەر فرەیی دەستەبژێرەکان لە کۆمەڵگە نوێکاندا کردووە بەپێی بوونی پەیوەندی نێوان دەستەبژێرەکان و چینە کۆمەڵایەتییەکان. هەروەها لە کتێبەکەی دیکەشی کە بەناوی (تریاکی ڕۆشنبیران) ـە باسی دەستەبژێر دەکات ودێتەسەر باسی نفوزی کۆمەڵایەتی دەستەبژێرە ڕۆشنبیرەکان و ڕۆڵیان لە دەسەڵاتی سیاسیدا بەدیار دەخات، هەروەها (جیمس بیرنهام)یش یەکێکە لەوانەی بە

بایەخەوە لە بارەی دەستەبژێر دواوە، وەک لە کتێبەکەیدا (شۆڕشی بەڕێوەبەرەکان) تەئکیدی لەسەر ئەمە کردووە کە کۆمەڵگای سەرمایەداری بەرەو نەمان دەچێت و کۆمەڵگایەکی تر جێگای دەگرێتەوە، لەم کۆمەڵگایەشدا کە ئەو باسیدەکات دەستەبژێری بەڕێوەبەران بەسەر کاروباری کۆمەڵگەدا زاڵ دەبن و دەسەڵات بە دەست ئەوانە. هەروەها ((ڕایت میلز))یش لە کتێبەکەیدا کە بەناوی (دەستەبژێرانی دەسەڵات) نووسیویەتی، وای دەبینی کە چەمک و ڕۆڵی چینی ناوەندی نوێ زیاتر چەکەرە دەکات و گەلێک کەسانی دیکەش لە دەوری خۆی کۆدەکاتەوەو ڕۆڵی بەرچاو لە دەستەبەرکردنی دەسەڵات بەدەستدێنن و کاروبار دەگرنەدەست، بگرە ناوی (یاخە سپییەکان) یشیان لێ دەنێت و بە شێوەیەکی بەرچاو لە چینەکانی تری کۆمەڵگەیان جیا دەکاتەوە[٥].

لەلایەکی دیکەوە ئەم بیردۆزانەی لە بارەی دەستەبژێرییەوە نووسراون، زۆربەیان مکوڕن لەسەر بوونی نواندنی بنچینەیی لە نێوان سیستەمە سیاسییەکانی هەموو کۆمەڵگەکان، دەگەڵ لەبەرچاو گرتنی جیاوازی باری ئابووری و کۆمەڵایەتی، کە لە ئەنجامی ئەم جیاوازییە بەردەوامەی نێوان بنکەکانی کەمینەی ڕێکخراو دەگەڵ زۆرینەی ڕێکنەخراو بەدیاردەکەوێت و هەستی پێدەکرێت، یانیش لە ئەنجامی گونجانێکی گشتی لەسروشتی مرۆیی و لە دابەشکردنی ناڕێک بۆ بەهرەکان دێتەدی.

بەڵام لە زۆربەی کاتدا هزری هەردوولا دێنە دەرخستن لەگەڵ بوونی مەرجی زۆرو زەوەند، تا وایلێهاتووە مەسەلەی بنچینەیی لە پەیوەندییەکانی نێوان (سیاسی) و (کۆمەڵایەتی) بە شێوەیەکی زۆر ئاڵۆز لەگەڵ یەکترپێکەوە دەگونجێن، لەگەڵ ڕەچاوکردنی کارلێکی هاوبەش و جۆرینەی مێژوویی، لەگەڵ ئەمەشدا ئەم پێوەندییە

بەخاڵێکی تەوەرەی گفتوگۆکە دەمێنێتەوە لەم جێگەیەدا کە ئیتر بیردۆزی (ماکسیزم) لێیەوە دەوەستێ (لەگەڵ بوونی جۆرینەی ناوەوەو سەرلەنوێ هەڵسەنگاندنەوەی ڕۆڵی دەوڵەت لەلایەن هەندێک هزرڤانە نوێیەکانی خۆی) ئەمەش تەواو پێچەوانەیە لەگەڵ ئەم بیردۆزانەی کە بە شێوەیەکی تایبەتمەندەوە پەیوەندی بە شوێن پێی بێلایەنی دامەزراوە سیاسییەکانەوە هەیە بە سیستەمی حزبی یان جۆرەکانی حوکمڕانی و ئیدارەوە- یاخود ژیانی سیاسی لەسەر بنچینەی کۆمەڵگا نەتەوەییەکاندا لە جیاتی چینە کۆمەڵایەتییەکان و لە نێوان ئەوانیشدا دەستەبژێرە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان دەگرێتەوە ...[٦] ئینجا هەر لە چەمکی دەستەبژێریدا کارلێکی بەها گشتی و بەها کەلەپوورییەکانی ڕۆشنبیری وەبەرچاوان دەکەوێت، کە چۆن بۆتە دەسەڵات و لە ئامانجی سیاسیدا بەکارهاتووە، وەک ئەوەی نازییەکانی ئەڵمان لەکاتی خۆیدا سوودیان لێ بینیووە، بۆ سەلماندنی ئەمەش ((پارسۆنز)) لە شیکردنەوەی دیاردەی نازیەت و ڕاڕەوی نەتەوایەتی سوسیالیستیدا بە وردی ئاماژەی بۆ کارلێکردن و پەیوەستبوونی نێوان بەها گشتییەکان و بەها کەلەپوورییەکانی ڕۆشنبیری ئەڵمانی دەخاتە بەر باس و لێکۆڵینەوە کە چۆن ئەم پشتپێبەستنە یاریدەی سەرکەوتنی نازییەکانی داوە لە چەندان کات و ساتی جیا لە ئەڵمانیادا، بۆ ئەم مەبەستەش دەڵێت: ((ناڕێکییەکانی نێوان بەهاکانی ئاوێتە نەبوو بەکەسایەتی و بەهاکانی پێبەست بە توێژی دەستەبژێر بووەتە هۆی پێداگرتن لەسەر پۆلینکردنی قوچەکیانەو دەسەڵات و ملکەچی لە کۆمەڵگای ئەڵمانیدا، بەشێوەیەک بووە هۆی سەرکەوتنی ڕاڕەوەی نازیەت لەم ماوەیدا))[٧].

## ڕۆڵی سیاسی و کۆمەڵایەتیی دەستەبژێر

دەستەبژێری کۆمەڵایەتی ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە ژیانی سیاسیدا بەتایبەتیش لە کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکاندا. سیستەمە ڕۆژئاواییەکان لەکاتی هەڵبژاردندا بۆ گەیشتن بە دەسەڵات ڕێگای شەرعی دەگرنەبەرو گرووپێک لەناو ئەم سیستەمانەدا دەژیت و بۆ خۆی بە تەنها حوکمڕانی دەگرێتە دەست.

نووسەرێکی فەرەنسی لەساڵی (١٨٨٩) لەیادی سەد ساڵەی شۆڕشی فەرەنسادا دەبێژێ: ((دەوڵەتە دیموکراتەکان لە ڕاستیدا حکوومەتی دەستەبژێرین...)). جێی گومان نییە کەدەستەبژێرەکان لەسەر ئاستی گشتیدا وادادەندرێن کە یارمەتیدەرێکن لە سەرکردایەتی کردنی سیستەمە کۆمەڵایەتییەکاندا، بەدیارخستنی ئەمەش لە ساڵی (١٨٠٧)ەوە بوو لەلایەن (**سان سیمۆن**) هەوەو ئەو وایدەدیت کە ڕێکخەرو زانایان و پیاوانی ئایینی لەمەدا یارمەتی یەکتری دەدەن بۆ هەڵسوڕاندنی کۆمەڵ، ئینجا (**کارل مانهایم**) خستییە بەرچاوان لەکاتی جیاوازیکردنی لە نێوان دەستەبژێرانی سەرکردایەتی و ڕێکخستن لەگەڵ ئەم دەستەبژێرە بڵاوانەی کە چارەسەری کێشەکانی ڕۆحی و ڕۆشنبیری و ڕەوشتی دەکەن، هەروەکچۆن (**برسۆنز**)یش هێنایەوە ناو باسان و دوای ئەویش (**سۆزان کلیر**)، هەر چوار وەزیفەی بیردۆزی (**برسۆنز**) چوار جۆر لە دەستەبژێران دیاری دەکات و دەتوانن سەرکردایەتی سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان دەستەبەر بکەن، (**مارکیۆز**) و (**هابرماس**) یش بەشدارییەکی تەواویان لە پێگەیشتنی کۆمەڵگای ئەمریکی و کۆمەڵگای ئەڵمانی کردووە بە گوزارشت کردنیان لە پێویستییەکانی ڕۆشنبیری نوێ، بەمەش خزمەتێکی چاکی دەستەبژێرە سیاسییەکانیان کردووە لە وڵاتەکانی خۆیاندا، بەڵام سەختی ئەم چەمکە وەزیفییە زۆر بەڵگە نەویستەو

زۆر جار بەخۆ دووبارە کردنەوە ماوەتەوە تا ئەوڕادەیەی ئەم گرنگیەشی نەماوە پێی لەسەر دابگرێت.

یەک مەودایی (میلز) و هاوەڵەکانی بەشێوەیەکی بنچینەیی بیردۆزی وەزیفی دێننە ئاراوە بەم مانایەی کە توێژە دەستەبژێرەکان هاوکارن لە پاراستنی ڕژێمدا... بەڵام بە تێکهەڵکێش کردنی گریمانی زیادەکی لە بیردۆزەکانی تری جیادەکاتەوە کاتێ کەپێی وایە توێژەکانی دەستەبژێران بەرژەوەندییان لە پاراستنی ڕژێمدا هەیەو واشی لێدەکات لە حاڵەتی زاڵ بووندا بێت.

بەڵام لەبەر بەدبەختی بیردۆزەکە ئەم جیاوازییانەی نێوان توێژەکانی دەستەبژێرە سەرکردایەتییەکان تێبینی دەکرێت، وەزیفەکەی لە شێوە کلاسیکیەکەیەتی وەک شێوە مارکسیە نوێیەکەشی وەهایە، لەبەر ئەوە ناتوانێت تەئکید لەسەر ڕاهێنانی بیرۆکەی دووبەرەکییە کۆمەڵایەتییەکان بکات.

ئەم بیردۆزە ئەوکاتەی بەسەر مەسەلەی دەستەبژێرەکاندا جێبەجێ کرا بۆ هەمووان ئیرادەی ڕاژەکردنی (ڕژێم) لەبەرچاوان بوو، ئەمەش وایکرد ببێتە پشتگوێ خستنی یەکێک لە ڕووکەشە بنچینەییەکانی کە ڕووکاری دژبەیەکی لە نێوان دەستەبژێرەکان و توێژەکانی ئەوان نیشان دەدا، لەمەشدا لاساییکردنەوەی (**میکیاڤیللی**) لەسەری مکوڕ بوو لە کۆمەڵگەی پیشەسازییە لیبرالییەکاندا کە سەربەستی وشەو ڕادەربڕینی تێدا بڵاوە بەشێوەیەکی باوتر لە کۆمەڵگە ناسراوەکانی دیکەدا. لەوێدا تۆڕی دەستەبژێرەکان ئاڵۆزترو بەربڵاوتر دەبن لەوانی دیکەدا.

ئینجا بەڵێندەری سیاسی و ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەنووسیش بەرگرییەکی تەواو لەم مەسەلەیەدا دەکەن (واتە ئەم بەرگرییەی، کە بەناوی بەرژەوەندی گشتییەوە دەیکەن) ئەمەش بۆ بەرژەوەندی

تایبەتی ئەم گرووپ یان ئەویتریانە، بەمەوە دەتوانرێت بەشەو و ڕۆژێک بگاتە کەسانی لەبەرچاو واتە بۆ (دەستەبژێرەکان)، جا لەبەر ئەوەی بەرژەوەندییەکانی ئەم گرووپە ئەو چانسەیان هەیە کە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی گرووپەکانی دیکە بەرەنگار ببنەوە (هەمدیس لەمبارەیەوە بەڵێندەرە سیاسییەکان یان ڕۆشنبیرییەکان بەرگری لێدەکەن) ئەمەش بێشک بەرەنگاری و دژگەییەکی حەتمی لێدروست دەبێت.

لە کۆمەڵگا پیشەسازییەکاندا هەروەک لە جۆرە کۆمەڵگاکانی دیکەشدا ڕێگاکانی هەڵبژاردنی دەستەبژێرەکان و لیاقەت و ئەم بارەی کە پێویستە هەبێت بۆ زامنکردنی گەیشتن بە دەستەبژێری و دابەشبوون و پێکەوە گونجانی دەستەبژێرەکان، ئەمانە هەموو پەیوەندییان بەبنەمای کۆمەڵایەتییەوە هەیە، هەروەها بەرەگەزەکانی ئەم بارەوەو بنیادنانی کەشی نێودەوڵەتی، وا پێدەچێت دەستەبژێرەکان لە کۆمەڵگا پیشەسازییەکاندا بەشێوەی کۆمەڵگای سەربازی- پیشەسازی و هەروەها کۆمەڵگەی ئابووری- پیشەسازی نەشونما بکەن، یان ئەگەر هاتوو کەشە باوەکە کەشی (تەنگژە شارستانییەتەکان) بوو ئەوا بە کۆمەڵگەی ڕۆشنبیری- سیاسی دەسەلاتی گەورە فەرمانبەران لە ولاتی (چین)ی کلاسیکیدا پشتی بە ڕۆشنبیری و موڵکایەتی زەویوزار دەبەست، بەلام لە نموونەی- میسالیانەی بەرچاوخراو لەلایەن (ویتفۆجیل) لەبارەی ستەمکاری ڕۆژهەلاتییەوە دەسەلات دەکەوێتە دەست دەستەبژێرێکی ئیدارییەوە. لە هەردوو حاڵەتیشدا پێویستە تەفسیری ڕێگای هەڵبژاردن و لیاقەت و پێکەوە گونجانی دەستەبژێرەکان بکرێت لە کلاوڕۆژنەی خاسیەتەکانی سیستەمی کۆمەلایەتی مەبەستدار دا، کارەکەشی هەر بەم جۆرەیە لە حاڵەتی کۆمەڵگا پیشەسازییەکاندا

ئەوا ناتوانین هیواخوازی بەرهەمهێنانی بیردۆزێکی دەستەبژێرەکان بین لەم کۆمەڵگایانەدا ئەگەر وامان تەفسیر کرد کە سیستەمێکەو جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە لە پلەی ئاڵۆزیدا لەگەڵ کۆمەڵگا کشتوکاڵییەکاندا[٨] هەروا ڕایەکی دیکەش هەیە دەڵێ: ((دەستەبژێری کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی گشتی پەیوەندی بە ڕۆشنبیرییەوە هەیە بۆ جێبەجێ بوونی ئەمەش وا دەخوازێت ڕۆشنبیریی میللی و ڕۆشنبیری لقەکانی دیکە کە پەیوەندییان پێیەوە هەیە بسرێنەوەو ڕەش بکرێنەوە، ئەمەش کارێکی وا دروستدەکا کە ڕۆشنبیری سەرکردە وەک ئیستعمارێکی ئاوەز (عقل) پیشان بدات و هەروک داگیرکردنێکی بێگانەیە بۆ ڕۆشنبیری...))[٩] لە بونیادی کۆمەڵایەتیدا دوالیزمی سەرکردەو جەماوەر دەستەبژێری خۆی لەکێشمەکێشدان تا یەکێکیان شوێنی ئەوی دیکە دەگرێتەوە، وەک لە بۆچوونەکانی (**کارل مانهایم**)دا بەدیار دەکەوێت و لەم بۆچوونەدا (مانهایم) دەڵێت ((ئەو توێژانەی کە بە گوێرەی دوالیزمی سەرکردە- جەماوەر ئیش دەکەن ئەوا توێژەکانی دەستەبژێری گەشە کردوون کە تا ئێستا لایەنگیرنین، یانیش بە شێوەیەکی کۆمەڵایەتی پەیوەندیدار نین، ئەگەر ئەمەیان ڕاست بێت ئەوا تا ئێستا بۆ ئەمە کار دەکەن، کە بنکەیەکی کۆمەڵایەتی بۆ خۆیان دروستبکەن، ئەوان بایەخ بە ئاوەژووکردنەوە یان چاکخوازی یان پاراستنی بنەمای کۆمەڵایەتی نادەن، بەڵکو مەراقی سەرەکیان ئەوەیە کە دەستەبژێری زاڵبوو لاببەن، هەتا لە شوێنی ئەواندا دەستەبژێرێکی تر جێگای بگرێتەوە، ڕێکەوتیش نییە ئەگەر یەکێک لەم توێژانە وا ناوی مێژوو دەبات کە کردارێکی سووڕانەوەیە بۆ توێژە هەڵبژاردەکان. ئەمە ئەگەرچی گرووپی دیکە وادادەنێن کە ئەمە گۆڕانێکە لە بنەمای کۆمەڵایەتی مێژوویی، ئەگەر تەماشای مێژوو بکەین حاڵەتی (ناپلیۆن) بە

نموونه بێنینەوه وەک دیکتاتۆرێک، لەگەڵ هەندێک دەسکاریدا به شێوەیەکی مێژوویی خۆی، ئەمەش مانای وایه که دەسەڵات به سەرکەوتنی دەستەبژێرێکی نوێی دیاریکراو دێتەدی، شێوه لێکدانەوەی سۆسیۆلۆژیش ئیشارەتی ئەوه دەدات به سەرکەوتنی بۆرژوازی هەڵکشاو که پاشان زانی (ناپلیۆن) چۆن بۆ ئامانجی تایبەتی خۆی هەولێداوه...))[١٠].

**بیردۆزەکانی دەستەبژێر**

چەمکی دەستەبژێری و لێتوێژینەوەی ئەم بابەته شوێنی گرنگی پێدانی گەلێک له زانایانی سیاسەت و کۆمەڵناسی و دەروونناسان بووه... بەتایبەتیش لەم ساڵانەی دواییدا گەلێک له هزرڤان و نووسەرو زانایان به بیروبۆچوون و ڕێباز و ئاراستەی جیاجیاوه لێکۆڵینەوەیان لەسەر کردووه دەزگاکانی ڕگەیاندن و بڵاوکردنەوەش به بایەخەوه خستوویانەته ناو مشتومڕی کتێبان و بازاڕی چاپەمەنی و لێکۆڵینەوەی زانکۆییەوه. لەبەر بایەخی ڕۆڵی دەستەبژێرەکان له ژیانی سیاسی و کۆمەڵگا مرۆییه جیاوازەکان و به تایبەتیش ئەم بایەخەی که وڵاتانی ئەورووپی زیاتر قسەیان لەبارەوه کردووه، بۆیەش ئیمه بۆ سوودی باسەکەمان وا دەخوازێت دەستنیشانی ئەم بیردۆزانه بکەین و ئاڕاسته جیاوازەکانی بەدیاربخەین که ئەمانیش به چوار ئاڕاستەی لێک جوداوه خۆ دەخەنه بەرچاوان که ئەمانەن:

أ- ئاڕاستەی ڕێکخستن، که (مۆسکا) و (ڕۆبرت میشیل) نوێنەرایەتی دەکەن.

ب- ئاڕاستەی دەروونی، که (باریتۆ) نوێنەرایەتی دەکات.

ج- ئاڕاستەی ئابووری، که (بیرنهام) نوێنەرایەتی دەکات.

د- ئاڕاستەی سیستەمی، که (رایت میلز) نوێنەرایەتی دەکات.

یەکەمیان لە خاڵێکی گرنگەوە سەرچاوە هەڵدەگرێت، کە دەستەبژێر بەهۆی تواناکانی خۆیەوە کاروباری فەرمانپێکردن بەدەستدەهێنێت و توانای ڕێکخستن و هەستپێکردنی فراوانی بۆ سەرچاوەکانی هێزو دەسەلات لەناو کۆمەڵدا هەیە، ئەم دەستەبژێرەش کە بە ژمارە کەمن و پشت بە یەکگرتوویی خۆیان دەبەستن، وەک (**مۆسکا**) وایدەبینێت، لەمەشدا ڕێزێکی بەهێزی بۆ خۆی دادەمەزرێنێت کە توانای هەموو بەرەنگار بوونەوەو بەرپەرچدانەوەی ئۆپۆزسیۆنی هەیەو دەتوانێت لە ئاستی خۆی ڕایانبگرێت، ئەم دەستەبژێرە لە دیدگای (**مۆسکا**) وە توانای خۆڕێکخستنی وای هەیە کە لە گرووپەکانی تر نابینرێت و لە گونجان و یەکگرتنیشدا لەوانی دیکە باشترن، هەروەها توانای وەڵامدانەوەی زیاتریشیان هەیە بۆهەموو ڕۆژگارێک و بۆ گشت ئەو گۆڕانکارییانەی کە بەخۆیانەوە دەبینن، ئەمەش بۆ گرووپە گەورەکان نالوێت، (**مۆسکا**) بە پێچەوانەی (**باریتۆ**) وایدەبینی کە سروشت خۆی دەستنیشانی دەستەبژێری ستاندەرو لە یەکتر جیاواز دەکات لە نێوان گرووپەکاندا، هەروەها ئەم گرووپانەش دەستنیشان دەکات کە بەهۆی بۆماوەوە (الوراثة) حوکمڕانی بەدەست دەهێنن، ئەم دەستەبژێرە هەر لە دێرزەمانەوە تاهەنووکە بەردەوامەو دروستبوونیشی بە هۆی گواستنەوەی نێوان دەستەبژێرو کۆمەڵ نییە[11].

بەڵام (**ڕوبرت میشیل**) پەیوەندی نێوان دەستەبژێرو جەماوەر شیدەکاتەوە، کاتێ سەرکردەیەک ڕێبەرایەتی دەستەبژێرێک دەکات، ئینجا بەرژەوەندی ئەو دەستەبژێرە لەگەڵ بەرژەوەندی جەماوەردا جیایە بۆیە ئەگەرچی لەسەر حسێبی ڕێکخستنی خۆشیان بێت ناچارن پارێزگاری لە قەوارەی خۆیان بکەن، هەروەها گەلێک هۆی دەروونیش هەن وا لە سەرکردە دەکەن کە دەستی پۆلایینی

خۆی بەسەر دەسەڵاتدا بگرێت و هیچ ڕێگایەکی دیکەی لە بەردەمدا نامێنێ تا واز لەم دەسەڵاتە بێنێت. دیسانەوە سەرۆک لە گۆشەنیگای خۆیەوە تەماشای ئەم کاروبارانە دەکات و هەر ئەو خۆی بنچینەی حزبەو سەرۆکەکەیەتی و هەر خۆشی لە سەرووی ڕێکخستنەکانەوەیەو هەر بەرەنگاریەکیش بۆ خودی ئەو، ئەوا مانای وایە دەستی تێکدەرانەیەو خزمەتی دوژمنانی حزب دەکات.

بەڵام ئاراستەی دووەمیان ئەوا (باریتۆ) دەستەبژێری بە شێوەیەکی گشتگیری شیکردۆتەوە ئەمەش نابێتە بەرهەمی هێزەکانی ئابووری. ئەو وەکو (مۆسکا) و (مشێل) نییە کە پشت بە توانای ڕێکخستن دەبەستن، بەڵکو بە ڕای ئەو دەستەبژێر بەرهەمی خاسیەتە نەگۆڕەکانی مرۆڤایەتییە لەمێژوودا، ئەوجا (باریتۆ) دوو شێوە دەستەبژێری لە یەکتر جودا کردۆتەوە:

أ- **دەستەبژێری حوکمڕان:** ئەوانە دەگرێتەوە، کە ڕۆڵێکی دیارو ڕاستەوخۆ دەبینن لە نەخشەکێشانی سیاسەتی کۆمەڵدا.

ب- **دەستەبژێری ناحوکمڕان:** ئەوانە دەگرێتەوە کە تواناو بایەخی تایبەتیان هەیە، بەڵام لەبنکەکانی هێزو دەسەڵاتدا دوورن.

کەواتە بەڕای ئەوەوە دەستەبژێرێکی حوکمڕان و دەستەبژێرێکی ناحوکمڕان هەیە، بەرامبەرەکەشی جەماوەرەکەیە... (باریتۆ) بۆ نزیک کردنەوەی بیرۆکەی خۆی سوودی لە دوو چەمک وەرگرتووە ئەمیش (هەڵێنجراو و نیشتووەکانە – المشتقات والرواسب) یەکەمیان نزیکە لە زاراوەی ئایدیۆلۆژیا لەلای (مارکس) ەوە، دووەمیشیان ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی غەریزەو سۆزە، ئنجا تەئکیدی ئەوە دەکات کە غەریزە مرۆڤایەتییەکان و ئەوەی لەوێشەوە ڕەنگی داوەتەوە بەوەستاوی و نەگۆڕییەوە لە هەڵێنجراوەکاندا دەمێنێتەوە لە مێژوودا. (مۆسکا) و (باریتۆ) هەوڵیانداوە بیردۆزی

مارکسیزم بڕووخێنن و بیردۆزێکی نوێتر لە جێگایدا دابنێن، بەڕای (باریتۆ) گواستنەوە لە نێوان دەستەبژێرو کۆمەڵگەدا ڕوودەدات، لاشی وایە کە یاسای مێژوویی هەمیشە لە خولانەوە دایەو بەرەو لای حوکمڕانییەوە پێهەڵدەگرێ و بەسەردەکەوێت و جارێکی دیکە دێتە خوارەوە، ئەم حاڵەتە بەردەوام و نەپساوەیە.

بەڵام ئاڕاستەی سێیەم کە ئابوورییە ئەوا (بیرنهام) لە لێکدانەوەی خۆیدا پێی لەسەر کۆکردنەوەی نێوان دوو بیردۆزی کلاسیکی و مارکسی داگرتووە، ئەو ڕایانەشی لە نووسراوە بەناوبانگەکەی خۆی کە بە ناوی (شۆڕشی ئیداری) یە ڕاڤە کردووە کە لە ساڵی (١٨٤١) دا بڵاویکردۆتەوە، کرۆکی ڕایەکانی ئەوەیە: سیستەمی سەرمایەداری لە داڕووخانێکی بەردەوامدایە، هەر بۆیەش وردە وردە دەبێتە کۆمەڵگایەک و دەستەبژێرێکی ئیداری دەستی بەسەردا دەگرن و کاروباری سیاسی و ئابووری ئەم کۆمەڵگایە دەگرنەدەست. (بیرنهام) بۆ خۆی کابرایەکی شۆڕشگێڕی (ترۆتسکی) بوو و لەگەڵ (ستالین) دا جیاوازی و ناکۆکی زۆری هەبوو کە داوای دامەزراندنی سۆشیالیستی لە یەک دەوڵەتدا دەکرد، (بیرنهام) کە کتێبی (چەرخی بەڕێوەبەران –عصر المدراء) ی نووسی کاردانەوەی ئەوکاتی وەک کاردانەوەیەکی ڕێککەوتنی نێوان ڕووسیاو ئەڵمانیای نازی وابوو، ئەو لەمبارەیەوە ڕای وایە کە بەڕێوەبەری کارگەو دامەزراوەکان لە ڕووسیادا ڕێککەوتن دەگەڵ بەڕێوەبەری کارگەو دامەزراوەکانی ئەڵمانیای نازیدا دەکەن، لای ئەو تەنیا بەڕێوەبەرەکانن دەتوانن حوکمڕانی بەدەستبێنن، ئەوانیش خۆیان لە حزبەکاندا بەڕێوەبەرن و هەروەها لەکارگەو لە سەندیکاشدا بەڕێوەبەرن (بیرنهام) بۆ قسەکانی خۆی بەمجۆرە پاساو دێنێتەوە کە دامەزراوە پیشەسازییەکان لەچەرخی

نۆزدەهەمدا گەلەکۆمەکیەکی سەهمکاریان لەپشت بووە، بەڵام لەچەرخی بیستەمدا بەڕێوەبەرەکان خۆیان خاوەنی سەهمەکانن. سیاسەت بەدیدگای (بیرنهام) تەنیا کێشمەکێشە لەنێوان کۆمەڵانی خەڵکیدا، ئەمەش بۆ بەدەستهێنانی هێزە... هەروەها بژاردەی بچووکەکانیش لەوەرگرتنی بڕیاری سیاسیدا بەشدارن، یانیش خاوەنی بڕیاری سیاسیین لێرەدا ئەو لەژێر کاریگەری شیکردنەوە و لێکدانەوەی کلاسیکییە بۆ چەمکی دەستەبژێر. لەمەش زیاتر ئەو ڕای وایە، کە دەستنیشانکردنی چینی حوکمڕان لەم چینەدا خۆی دەدۆزێتەوە کە زۆرترین دراو بەدەست دێنن، بۆ چوونی ئەم ڕایەش لەژێر کاریگەری لێکدانەوەی مارکسیزم دایە.

بەم شێوەیە چینی ئیداری خۆی دەبێتە چینی بە هەژموون (هیمنە) یان چینی زاڵ بەسەر هێزەکانی بەرهەمهێناندا[١٢].

بەڵام ئاڕاستەی چوارەم (رایت میلز) نوێنەرایەتی دەکات و ڕایەکانی خۆی لەکتێبی (دەستەی دەسەڵات) دا دەربڕیون.

لەم کتابەیدا لەبابەت هێزی دەستەبژێر یاخود دەسەڵاتەکانی دەست بژێری نووسیوە، لەوێدا-ئەوە بەدەردەخا کە کۆمەڵگەی مرۆیی چۆن مەحکومە بەبوونی دەستەبژێرێکی ژمارەکەم پێکهاتووە لە:

**أ- پیشەسازەکان**

**ب- سەربازەکان**

**ج- سیاسەتوانان**

لەنێو ئەوانەدا جێگۆڕکێ و گۆزەگۆز بەئاسانی ئەنجامدەدرێت، بەڵام بۆ ئەو کەسانەی لەدەرەوەی ئەم چینانەن بەهیچ شێوەیەک گواستنەوە نایەتەدی، (میلز) ئەمەشی بەنموونە ڕوونکردۆتەوە کە چۆن پێگەی سەفیرەکان دەکرێدرێ و گرنکترین ئەو گرووپانەش




گواستنەوەی تێدا دەبێت ئەوا چینی سەربازەکانە چونکە ئاسانکاری زۆریان بۆ دەکرێ بە ئامانجی پەرەپێدانی ئەمنی و بەرگریکردنی ئەمریکی.

تاوەکو (ئیزنهاوەر) لە وتارێکی ماڵئاواییدا کۆمەڵگەی ئەمریکی لەمەترسییەکانی پێوەندی و هاوکاری نێوان هەردوو باری پیشەسازی و جەنگی ئاگادار کردۆتەوە لە ئاراستەکردنی سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا[١٣]... هەر لەبارەی دروستبوونی دەستەبژێری سەربازی و پیشەسازی، ڕایەک هەبوو بەرامبەر کۆمپانیای جەنراڵ مۆتۆرز کە دەیگوت: (ئەوەی بۆ ئەم کۆمپانیایە باش بێت ئەوا بۆ ئەمریکاش هەر باشە)، ژمارەی کەسانی ئەو دەستەبژێرە لە پەنجا کەس ڕەتنادەن، کاری ترسناک لەوەدایە لەنێوان ئەو کەسایەتییانەدا تەنها چواردە کەسیان سیاسی ناودار بوون ئەوانی دیکە گشتیان پیشەساز بوون یانیش سەربازی بوون و بەهۆی سامان یان هێزی سەربازییەوە هاتبوون.

(میلز) لەگەڵ (بیرنهام) دا هاودەنگە بەم شێوەیەی کە شوێنی دەستەبژێرو بنەماکەی لەسەر بەهرەی تاکە کەسان ناوەستێ، یاخود تەنها پشت بە خاسیەتە دەروونییەکان نابەستێ، بەڵکو لەژێر

ڕۆشنایی بنەمای کۆمەڵایەتی و ئابووریدا دەدۆزرێتەوە، ئینجا لای ئەو هێز بۆ خۆی دەبێتە هۆی پەیدابوون و بەدیارکەوتنی ڕێکخراوە گەورەکان. کۆمەڵگای نوێ کە لەسەر بوونی دامودەزگای زۆرەوە دامەزراوە، بەشێوەیەکی تایبەتی سێ دامودەزگای تێدا سەر هەڵدەدات کە بایەخی تایبەتییان بە گوێرەی ڕۆڵیان لە سیستەمی سیاسیدا هەیە:

١- دامودەزگای سیاسی.

٢- دامودەزگای ئابووری.

٣- دامودەزگای سەربازی.

ئەو کەسانەی کە لە سەرووی ئەم داموزدەگایانەن لە سەرەوەی سیستەمی کۆمەڵایەتیدا دەبن بە گوێرەی ڕۆڵی خۆیان لەم سیستەمە لە ڕووی بایەخ و سەرکردایەتییەوە. (ڕایت میلز) لە میتۆدی پێکهێنانی خۆیدا کۆمەڵگای ئەمریکی بەڕوانگەیەک داناوە، بەم پێودانگەی کەسیاسییەکان بەپلەی یەکەم و بە یارمەتی پیشەسازەکان و سەربازەکان ئەوا کەمینەیەک لە لوتکەی سیستەمی ئەمریکی پێکدەهێنن. ئەوانەش تەنیا لەلایەکەوە دەتوانن بۆ لایەکەی دیکە بگوازرێنەوە بەڵام ئەوانە وەک گرووپێکی زاڵبووی خاوەن ڕەگەزی کۆمەڵایەتی پێکچوو ناگۆڕدرێن... دەستەبژێری بەلای (میلز)ەوە بەرهەمی شێوەیەکی سیستەمییە کە بەتەواوی بەسەر کۆمەڵگای نوێدا زاڵە، هەروەها لە دیدگای ئەوەوە هێز بۆ وەرگرتنی شێوەیەکی سیستەمی گشتی لار دەبێتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی پەیدابوونی ئەم ڕێکخراوانەی کە بنکەیەکی سەرکردایەتی و مەرکەزی داگیردەکەن لەناو کۆمەڵگەدا... سەرکردەی ئەم ڕێکخراوانەش لە ڕاستیدا و لەسەر ئاستی نەتەوەییدا دەستەبژێرێکن کە لە نێوان خۆیاندا بە شێوەیەک لە شێوەکانی پێوەندی و یەکتر بەستنەوەیان

لەگەڵ هێزدایە.

(ملێز) دیسانەوە دەربارەی کۆمەڵگای نوێ دەدوێت و دەڵێ: ((ڕێکخراوەکان کەوتوونەتە ژێر دەستی کەمینە حوکمڕانەکان و وەدەستهێنانی بنکەکانی هێزیش لەلایەن ئەو کەمینە حوکمڕانانەوە شوێن پێیان بۆ دەسەڵات خۆش دەکات و بە دروستکردنێکی مێژوویی دادەندرێت)) .

بەڵام نووسەرێکی وەک (ڕوبرت دال) ڕایەکانی دەگەڵ ئەوانی دیکە جیایە و لەبارەی دەستەبژێرییەوە لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆری هەیەو لە شارێکی نزیک زانکۆی تیل ئیشی کردووەو لەوێدا دەپرسێت: کێ حوکمڕانی ئەم شارە دەکات؟ هەر خۆشی ئەم وەلامە دەداتەوەو دەبێژێت: لێرەدا یان لەم شارەدا حوکمڕانی دەستەبژێر نییە، بەڵکو زۆرینەی لایەنەکانی فەرمانڕەوا ئەم حوکمڕانییە دەگێڕن و لەمەشدا چەند ڕێبازێک دەدیترێت بۆ گەیشتن بە داڕێژراوێکی گرنگ بۆ کۆمەڵگەی ئەم شارە بچووکانە کە کاردەکەن.

### دەستەبژێرو سیسستەمی دیموکراسی

سیستەمە ڕۆژئاواییەکان کە چەمکی دیموکراسی بۆ هەڵبژاردن و حوکمڕانی پەیڕەو دەکەن و هەر لەم پەیوەندییە سۆسیۆلۆژیەی نێوان سیستەمی دیموکراسی دەستەبژێرەکانیان دەتوانن خۆیان جودا بکەنەوەو دەسەڵات بگرنەدەست. پێوەندی نێوان دەستەبژێرو سیستەمی دیموکراسی ئاوێزان و لێکنەپچڕاوە، بۆیەش دەتوانین لەگەڵ (کارل مانهایم) دا بڵێین: ((پەرەسەندنی کۆمەڵگا پیشەسازییەکان شێوەی جوولەکردنی ئەم سیستەمەیە کە چینێک داپۆشیوەو بۆ ئەمە دەچێت وا بێتە بەرچاو کە دەستەبژێرێک ئەم چینەی داپۆشیوە، یان بە واتایەکی دیکە لە یەک بەدوای یەکێکی کۆمەلایەتیدایەو

پشت بەستووە بە بۆماوەی شاهەنشایی بۆ یەک بەدوای یەکێکی پشت بەستوو بە تواناو بەخشین))[١٥]. دیموکراسیەت، سەربەستی بۆ پێکهاتەی دەستەبژێرە کۆمەڵایەتییەکان دادەنێت و هەروەها پێشبڕکێشیان لە نێواندا ڕێکدەخات لە ڕێگای ڕێکخستنەوە بۆ گەیشتن بە بنکەکانی هێزو نفوز، ناتوانرێت درک بە دیموکراسیەتی ڕۆژئاوا بکرێت تەنیا لە میانی ململانێی حزبەکانەوە نەبێ، بۆ دەستەبەرکردنی دەنگەکانی جەماوەر، ئەمەش بۆ مسۆگەرکردنی حزبی باشترو بە ئەزموون و چالاکترو گەیشتنی بە دەسەڵات، لەوێدا دەستەبژێرە کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەیەکی ڕێژەیی کراوەترن وەک هەموو بزووتنەوەیەک یان جوولەیەکی سیاسی کە حزبەکان تێیدا لە ململانێدان بە ئامانجی گەیشتن و زاڵبوون بە دەسەڵات.

(کارڵ مانهایم) لەم بارەیەوە دەڵێت: ((ئێمە وای دادەنێین کە دیموکراسیەت بە نەبوونی چینەکانی دەستەبژێر جیاناکرێتەوە، بەڵکو بە بوونی نموونەیەکی نوێ بۆ هەڵبژاردنی دەستەبژێرو تەفسیرکردنی خودی نوێ بۆ چەمکی دەستەبژێر دەناسرێتەوە، ئەم گۆڕانە گرنگەی کە ڕێخۆشکەرە بۆ گواستنەوە بەرەو دیموکراسیەت، ئەمە خۆی ماوەی نێوان دەستەبژێرو جەماوەرە، دەستەبژێری دیموکراتی پشت بە بناغەیەکی میللی دەبەستێ، لەمەشدا ئەوەی ڕاڤە دەکرێت، ئەوا مانای شتێک بەدەستەوە دەدات لەلای جەماوەرەوە، هیچ گومانیشی تێدا نییە کە زروفی جیهانی لە دوای شەڕدا یارمەتیدەرێکی چاک بوو بۆ بنیادنانی بیرۆکەی سەرکردایەتی بەهۆی ئەم جەنگە ساردو گەرمانەوە، هەروەها کێبڕکێی نێودەوڵەتی بە بوارەکانی پەرەپێدانی ئابووری و پەیدابوونی دەوڵەتی نوێ، ئەمانەش بوونە هۆی ڕازیبوون بە

بیرۆکەی دەستەبژێرە کۆمەڵایەتییەکان لە سیستەمی دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکاندا...))[١٦].

بەڵام دەستەبژێرە کۆمەڵایەتییەکان لە سیستەمی سۆشیالیستیدا بەتایبەتیش لە یەکێتی شوورەوی جاراندا ئەوا یەکڕیزی و یەکپارچەییان هەبووەو جیاجیا نەبوون، سیستەمی تاک حزبی لەشوورەوی جارانداو لەئەنجامی دەستبەسەرداگرتنی حیزبی شیوعی بەسەر هەموو کاروبارێکی دەوڵەتدا وایکردبوو کە هەموو سەندیکاو بەڕێوەبەرایەتییەکان و گەورە فەرمانبەران و هەموو گرووپەکانی ناو دەوڵەت ئەندامی حزب بن و لەژێر کاریگەری حزبی شیوعی سۆڤیەتی دابن، بەمجۆرە دەستەبژێری کۆمەڵایەتی تەنها هەر یەکێک بوو بۆ ئەم یەکێتی سۆڤیەتەی جاران. لەکاتێکدا لە جیهانی ڕۆژئاواییدا ئەم دەستەبژێرە هەر یەکێک نییە بەڵکو چەندانێکن و فرەیین.

یەکەمیان داخراوەو هی دووەمیشیان کراوەیە، لە گۆشەنیگای خوازیارانی دەستەبژێریدا بیرۆکەی سەرەکی لەمەوە سەرچاوە هەڵدەگرێت کە خاوەنەکانی ئەم قوتابخانە هزرییە وایدەبینن کە دیموکراسیەت (حوکمڕانی فرەیی) تەنها هەڵخەڵەتانێکە چونکە بنەچەیەک هەیە کە حوکمی هەموو کۆمەڵگا دەکات ئەمیش ئەوەیە کە حوکمڕانی لەلایەن کەمینەیەکی دیاریکراوەوە پراکتیک دەکرێت کە خۆی بەسەر فرەییدا دەسەپێنێت، بنەماکەشی حوکمڕانی کەمینەیە هەروەکچۆن (باریتۆ) و (مۆسکا) و (ڕوبرت میشیل) و (بیرنهام) بڕوایان وایە، ئەمانەش وەک باسمان کردن هەموویان لە شیکردنەوەی کۆمەڵایەتی و ئابووریدا دەربارەی دیاردەی سیاسی وکارتێکردنی لە حوکمڕانیدا یەکتر گیرن بەتایبەتیش لە هەندێک وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژئاوادا، (جان مینۆ) وایدەبینێ کە ئەم

دەستەبژێرە لەگەڵ ئەوەدا کە خۆشی چینی فەرمانڕەوایە، بەڵام ژمارەیان لە نێوان چوار هەزار هەتا پێنج هەزار کەس دەبن و کاروبارەکانیان بە هۆی پێوەندی کەسایەتی لە نێوان تاکەکەسانی ئەم گرووپە بەڕێوەدەچێت و زاڵدەبێت و زۆربەی زۆری گەل بۆ بەرژەوەندی ئەوان ئیستغلال دەکرێن، ئەم سیستەمە پاساو بۆ هۆیەکانی بوونی خۆی دێنێتەوە بە پاراستنی سیستەمی کۆمەڵایەتی، لەڕاستیشدا پاراستنی مسۆگەر و ئیمتیازاتی کەمینە حوکمڕانەکان بە تەواوی بەدیدەکرێت، ئەگەر جیاوازی بیروڕاش لە نێوان تاکەکانی ئەو کەمینانەدا هەبوو ئەوا ڕێگای پێدراوە چونکە ئەم جیاوازبینییە نابێتە هۆی دوورخستنەوەی دەستبەسەرداگرتنی کەمینەکان یانیش کەسایەتییە حوکمڕانەکان، ئینجا جیاوازبینی لەنێوان تاکە کەسان و دوژمنداری نێوانیان نابێتە هۆی دەست لێدان لە جەوهەری سیستەمی داندراو خۆئەگەر هەشبوو ناشبێتە لادان لە حوکمی ئەو کەمینەیە و بوون و کاریگەری دەستەبژێرەکان...[١٧].

### دەستەبژێر لە کۆمەڵگای کوردیدا

لە دوای تاوتوکردن و ڕامان و پرسین و ڕاڤەکردنی ئەم باسەو لە ئەنجامی ئەم زانیارییانە، دەپرسین داخو ئەم دەستەبژێرە کۆمەڵایەتی و سیاسییانە لە جیهانی سێیەمدا هەن کە وڵاتەکەی خۆشمان یەکێکە لە ئەندامانی ئەم جیهانەو ئەوجا ئەو دەستەبژێرانە ئەگەر هەبن وەک توێژێک یان چینێک یاخود گرووپێک دەتوانن حوکمڕانی وڵاتێک بگرنە دەست و ڕۆڵی کۆمەڵایەتی و سیاسی خۆیان هەبێت و وەک وڵاتانی ڕۆژئاوایی و سیستەمی دیموکراسی بگەنە دەسەڵات و پێگەیەکیان لە گۆڕەپانی سیاسیدا بکەنەوە؟

بێگومان دەڵێین نەخێر چونکە وڵاتانی جیهانی سێیەم ئەم

وڵاتانەن کە لە حاڵەتی دواکەوتوویی دان و سەقامگیری سیاسیان تێدا نییەو گەلێکیشیان وڵاتی دیکتاتۆرین و حوکم بەدەست تاکە کەسێکەوەیە و لەڕووی سیستەمی حزبایەتیشەوە زۆربەیان پەیڕەوی سیاسەتی تاک حزبی دەکەن بۆ حوکمڕانی... هەندێکیشیان هێشتا لە حاڵەتی شۆڕشگێڕیدان و سیستەمی حوکمڕانیان چەسپاو نییە، بۆیە لەم وڵاتانەدا حزب دەتوانێت ڕۆڵی کۆمەڵایەتی و سیاسی خۆی ببینێت و دیموکراسیەت لە ژیانی سیاسی خۆیاندا پەیڕەو ناکەن و بگرە زۆربەشیان بڕوایان بە ژیانی دیموکراسی هەر نییەو تەنانەت ناشهێڵن بگاتە وڵاتەکەیان و بەمەترسیشی دەزانن بۆ سەر دەسەڵاتی خۆیان، ئەم وڵاتانەش کە تاکە پەیڕەوی دیموکراسی دەکەن هێشتا لە قۆناغی سەرەتایی دان و سیستەمەکەیان هەر شکلییەو لە جەوهەردا شتێکی ترەو بگرە هەر لەڕووی شارستانییەتیشەوە دواکەوتوون و ڕادەی دیموکراسیەتیشیان نەگەیشتۆتە ڕادەی وڵاتانی ڕۆژئاواو پلەی فێرکردنیشیان نزمترەو میللەتەکانیان پێویستیان بە هۆشمەندی سیاسی هەیەو وەها ڕاهاتوون کە بەهۆی زەبرو زەنگەوە حوکمڕانی بکرێن. لەم دەوڵەتانەدا سیستەمی تاک حزبی و دیکتاتۆریەتی پەیڕەو دەکرێت، بۆیە زەحمەتە لە سیستەمی وەهادا دەستەبژێرێک هەبن بتوانن لە ڕۆڵی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا چەکەرە بکەن و لە دەسەڵات نزیک ببنەوە.

ئەوەندە هەیە وەک زاراوەو دووربەدوور دەستەبژێرێکی ڕۆشنبیر هەیەو ناوی دەکەوێتە سەر زاران، بەڵام ئەرک و پەیامی بەستراوەتەوەو ڕۆڵی نابێت لەژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی دا، ئەمە ئەگەر یەک دەنگ و یەک ڕەنگ بن ڕەنگە بتوانن جوولەیەک لە ناو بەستەڵەکی سیاسی و کۆمەڵایەتییدا بکەن بەڵام لەبەر دوورەپەرێزی و گردنەبوونەوەیان ئەگەر دەنگیش هەڵببڕن

ڕایەکانیان بە هەند هەڵناگریت... میللەتی خۆشمان وەک ئێستای کە خاوەن حکوومەتی هەرێمە یەکێکە لەم وڵاتانەو بەڵکو لە ژێرەوەی ئەم جیهانەشە کە پێی دەگوترێ جیهانی سێیەم، بۆیە لای ئێمەش هەر بە هەمان شێوەی ئەم وڵاتانە ئەم دەستەبژێرە کۆمەڵایەتی و سیاسیانە دروست نەبووینە، ئەگەر هەشبێت لە گرووپێکی ڕۆشنبیر زیاتر بەرچاو ناکەون و لە ڕۆڵی ڕۆشنبیری و فەرهەنگی بترازێ هیچ ڕۆڵێکی تریان نییەو بایەخیان پێنادرێت و ناگەنە دەسەڵات. ئەگەر ڕۆشنبیرانیشمان هەبن بگەنە هەرەمی دەسەڵاتی حزبێک ئەوا ناتوانن خۆیان لە دەسەڵات و پەیڕەو و پرۆگرامی ئەم حزبە وەدەرنێن و لەژێر کاریگەری سیتسەمی ئەم حزبە دەمێننەوە، ئەمە ئەو پارچە کوردستانەی خۆمان کە دوای ڕاپەڕین توانی دەسەڵات و حوکمڕانی بگرێتە دەست، بەڵام پارچەکانی دیکەی کوردستان هێشتاکە ژێردەستن و لە حاڵەتی شۆڕشگێڕیدان و بۆیەش لە قۆناخێکی مێژووییەوە دەمێننەوە تا دەگەنە دروستبوون.

دەستەبژێرەکانیشیان ئەگەر هەبن تەنها پەیامی ڕۆشنبیری و کولتووری هەڵدەگرن و بە ئەرکی جۆشدانی شۆڕش هەڵدەستن، چونکە ئەوانە لەگەڵ کۆمەڵگا پێشکەوتووەکاندا یەک ئاست نین و بەراورد کردنیان هەر ئەمەیە کە ئەم پێوانەی ئەوانیان بەسەردا ناچەسپێ، لێرەدا بە پێویستی دەزانم لەمبارەیەوە ڕایەکی **(دکتۆر ڕەشاد میران)**یش لەبارەی دەستەبژێری لای خۆمان باس بکەم.

ئەو لە گفتوگۆی پێوەندی و بوونی ڕۆشنبیریی دیموکراتی یان دەسەڵاتێکی دیموکراتییانەدا دەخزێتە ناو ڕۆڵ و باسکردنی دەستەبژێرو دەڵێت: ((دەبێ کارو خەبات بۆ گۆڕینی کۆمەڵگەکە بکەین و عەقڵیەتی مرۆڤی کورد بگۆڕین ئەویش بە دابینکردنی زانست و مەعریفە، بە چاککردنی ژیان و گوزەرانی مرۆی کورد، جا لێرەدا

دەورو بایەخی سەر بژاردە[١٨] (النخبة)ی کۆمەڵ دەردەکەوێ کە تا چەند بۆ ئەو ئامانجە، واتە گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی، خەبات دەکات و تێدەکۆشێ، سەربژاردەی کۆمەڵ دەبێ توێژاڵێکی کۆمەڵایەتی بێت (بۆ نموونە- ڕۆشنبیران)، یان حزبێکی سیاسی حوکم بەدەست، یان جاری وا دەبێت سەربژاردە لە تاکەکەسێکەوە سەرهەڵدەدات و تەواوی کۆمەڵگاکە دەگۆڕێ، بەڵام بەمەرجێ گۆڕانکاری ببێت بە پێویستییەکی ئەکتیڤی، هەر نەبێ، بەشێک لە ئەندامانی کۆمەڵگا لە کۆمەڵگای ئێمەدا، ڕەوشێکی ئاوا لەئارادایە، واتە کۆمەڵانی خەڵکی جۆراوجۆری کورد هەست بە پێویستی گۆڕانکاری دەکەن، دیموکراتیا بە دەرمانی دەردی کۆمەڵگا دەزانن... بەڵام بە داخەوە بەشێکی زۆریان هێشتا دیموکراتیا تەنیا بە شێوازی بەڕێوەبردنی دەسەڵات دەزانن، لێرەدا ئەکری سەربژاردەی کۆمەڵی ئێمە بە تایبەتی لەوەدایە کە هەنگاو بنێ بەرەو دیموکراتیا لە هەموو بوارەکانی ژیان و لە هەرە بچووکترین یەکەو بنکەی کۆمەڵایەتی کوردەواریدا[١٩]، جا دەبێ کێ بێت سەربژاردەی کۆمەڵگەی کوردی؟! لەم ڕایەدا (د. ڕەشاد میران) وای دەبینێ کە بە دابینکردنی زانست ومەعریفە، دەتوانین خەبات بۆ گۆڕانی کۆمەڵگای کوردی بکەین و عەقڵیەتی مرۆڤی کورد بگۆڕین و لەمەشدا ڕۆڵی دەستەبژێری کۆمەڵی کورد ئەم ئەرک و پەیامە نیشتمانییە دەبینێت. بەلای ئەوەوە دەستەبژێری کۆمەڵگای کورد یان توێژاڵێکی کۆمەڵایەتییە وەک ڕۆشنبیران یانیش حزبێکی سیاسییەو حوکمی بەدەستە یانیش لە تاکە کەسێک پێکدێت، بەڵام ئەمانە ئەوسا دەبن بە دەستەبژێر کە گۆڕان دروستبکەن و، لەژیانی دیموکراسیدا بتوانن ئەم ڕۆڵە بگێڕن... ئینجا دکتۆر ڕەشاد لە کۆتایی وتارەکەیدا پرسیاری ئەمە دەکات کە دەبێ کێ بێت سەربژاردەی (دەستەبژێری) کۆمەڵگای کوردی!؟... منیش دەڵێم

بێشک ئەو دەستەبژێرە لەلای ئیمەشدا هەیە. هەر بۆ نموونە وەک ناو هێنان مامۆستا (مەسعود محەمەد) لە چاوپێکەوتنێکیدا دەڵێ: (من بۆ نوخبە دەنووسم)... بەڵام ئەو دەستەبژێرە یەک دەستە نییە تا لە کۆمەڵگای دواکەوتووی ئیمە بتوانێت ڕۆڵی گۆڕانکاری ببینێت، بەڵکو زۆر کەمن ئەو دەستەبژێرانەی کە بتوانن سەرتاپاگیری بیربکەنەوە، ئەوانە ئەگەر وەک توێژاڵێکیش هەبن زۆربەیان لەناو حزبەکاندا پەرت بووینەو هەر هەندێکیان بۆ حزب و گرووپەکەی خۆی دەستەبژێرەو ئەگەر ڕۆشنبیرانیش دەستەبژێریان هەبێت هەر بەتەنها ڕۆڵی ڕۆشنبیری و کولتووری دەبینن و ناتوانن کاریگەری بەسەر بڕیاری سیاسی و دەسەڵاتی سیاسییەوە هەبێت.

هەر بۆ نموونە دەستەبژێری ڕۆشنبیرانی کۆمەڵگای کوردی خۆمان نەیتوانی جارێک لە جاران ئاگری شەڕی براکوژی یان خۆکوژی دابمرکێنێتەوە، ئەگەرچی گەلێک گلەیی و نارەزایی و بەیاننامەو دەنگ بەرز کردنەوەش هەبوو و حزبەکانی دیکەش ڕای خەڵکیان وەردەگرت و بڵاودەکردەوەو هەتا بەخۆسووتاندنیش کەس گوێی بۆ شلنەکردن و نەتوانرا ببنە بەربەستێک یان کاریگەرییەک بەسەر هەردوو دەسەڵاتەکەدا، چونکە بڕیارەکانیش سیاسیین و ژیانی دیموکراسیش لە پێکورەدایەو کێشمەکێشی وەدەستهێنانی دەسەڵاتیش هەر تەنها بەهەڵبژاردن و سیستەمی دیموکراسی یەکلا نەکراوەتەوە. بۆیە ڕۆڵی دەستەبژێریش لەژیانی سیاسی دیموکراسی میللەتێکی پێشکەوتوودا ئەو ڕۆڵە کۆمەڵایەتی و سیاسییانەی خۆی دەبینێت، بۆیە کە دیموکراسیەت نەبێت هەموو شتێک حەڵاڵە، دەستەبژێری ئیمەش چاوەڕوانی گۆڕانی ئەم سیستەمە سیاسی و کۆمەڵایەتییەیە هەتا بتوانێت وەک وڵاتانی پێشکەوتوو ئەم ڕۆڵە ببینێت... ئەمەش باسێکی فراوانەو چەندین

مشتومڕو گفتوگۆی زانستیيانەی لەسەر بكرێت هێشتا هەنگاوی یەكەمە بۆچوونە ناو ئەم بابەتە بەنرخە، كە لە ژیانی ڕۆشنبیری و كۆمەڵایەتی و سیاسی میللەتەكەماندا پێویستە بایەخی پێبدرێت.

پەراوێز:


١- ر. بورون- بوريكو- المعجم النقدي لعلم الاجتماع- ترجمة الدكتور سليم حداد، ص٥٥٣.
٢ - د. صادق الاسود- علم الاجتماع السياسي- بالرونيو، جامعة بغداد، كلية القانون والسياسة، ص١٨٠.
٣- فيصل السالم- أساسيات التنشئة السياسية الاجتماعية، جامعة الكويت، ص٤٦.
٤ - ر. بورون- بوريكو، هەمان سەرچاوە، ل٥٥٣.
٥- د. صادق الاسود، هەمان سەرچاوە، ل١٨٠.
٦- توم بوتومور – علم الاجتماع السياسي- ترجمة د.وميض نظمي، ص١٤.
٧- د. شێرزاد ئەحمەد نەجار – ڕۆشنبیری سیاسی- ڕۆژنامەی هەرێمی كوردستان، ژمارە ١٣٧- ل٥.
٨- ر. بورون – بوريكو- هەمان سەرچاوە، ل٥٥٩.
٩- د. برهان غليون – أغتيال العقل- القاهره، ص، ١٠٨.
١٠- كارل مانهايم – الايديولوجيا واليوتوبيا- ترجمة. محمد رجا الديريني، ص٢٠٢.
١١- د. صادق الاسود – سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٨.
١٢- د. صادق الاسود – سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٢.
١٣- د. حسان شفيق العاني – الانظمة السياسية المقارنة- بغداد، ١٩٨٠، ص٢٠٢.

١٤- د. حسان شفيق العاني – هەمان سەرچاوە، ل٢٠٣.
١٥- كارل مانهايم – هەمان سەرچاوە، ل٢٤٢.
١٦-كارل مانهايم – سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٤.
١٧- د.حسان شفيق العاني، هەمان سەرچاوە، ل٢٠٣
١٨- دكتۆر ڕەشاد میران، لەم وتارەیدا بۆ زاراوەی (النخبة)، (سەربژاردە)ی بەکارهێناوە، بەهەر حاڵ بۆ کورد زاراوەکە تازەیەو هەر کەسێک دەتوانێت بۆ خۆی شتێک دابنێت هەتا وەک گەلێک زاراوەی دیکە یەکێکیان بە پەسندی جێگای خۆی دەکاتەوە لە فەرهەنگی سیاسی کوردیدا.
١٩-د.ڕەشاد میران- بۆچەسپاندنی دیموکراتیا، لەسەرەتادا کامیان پێویستە، ڕۆژنامەی (برایەتی)، ژمارە (٢٥٥٢)، ل٣

سەرچاوەکان:


١- ر. بورون- بوريكو – المعجم النقدي لعلم الاجتماع- ترجمة الدكتور سليم حداد- المؤسسة الجامعات للدراسات والنشر والتوزيع- ط/١- بيروت ١٩٨٦.
٢- د. برهان غليون- اغتيال العقل، محنة الثقافة العربية بين السلفية والتبعية- مكتبة مدبولي- ط/٣- القاهرة ١٩٩٠.
٣- توم بوتومور- علم الاجتماع السياسي- ترجمة د. وميض جمال نظمي- دار الطليعة – ط/١- بيروت ١٩٨٦.
٤- د. حسان شفيق العانى- الانظمة السياسية المقارنة- مطبعة المعارف- ط/١- بغداد ١٩٨٠.
٥- كارل مانهايم- الايديولوجيا واليوتوبيا، مقدمة في سوسيولوجيا المعرفة- ترجمة دكتور محمد رجا الديريني- شركه المكتبات الكويتية- ط/١- ١٩٨٠.

٦- فيصل السالم- اساسيات التنشئة السياسية الاجتماعية- جامعة الكويت- ط/١- سنه الطبع، بلا.
٧- د. صادق الاسود- علم الاجتماع السياسى- جامعة بغداد، كلية القانون والسياسة- طبع مكتب بيروت، بغداد شارع الرشيد- بالرونيو.
٨- د. شيرزاد ئەحمەد نەجار- ڕۆشنبیری سیاسی (٢) بۆچوونی سۆسیۆلۆژی لەبارەی ڕۆشنبیری سیاسییەوە- ڕۆژنامەی (هەریمی کوردستان)- ژمارە (١٣٧)- پێنج شەممە ١٩٩٧/١٢/٤.
٩- د. ڕەشاد میران- بۆچەسپاندنی دیموکراتیا، لە سەرەتادا کامیان پێویستە، ڕۆژنامەی (برایەتی)- ژمارە (٢٥٥٢)، چوارشەممە ١٩٩٨/٣/٢٥.

# دەستەبژێرەکانی
# ئێمە لە کوێین؟!

دەستەبژێر وەک زاراوە تا سەرەتای سەدەی بیستەم ئەو بەکارهێنانە فراوانەی بەخۆوە نەبینی، پاشان لە لێکۆڵینەوە و بیردۆزە سۆسیۆلۆژییەکاندا بەکارهێنرا، بەتایبەتیش دوای نووسینەکانی (ئەلفرێد) و (باریتۆ)ی ئیتالی.

ئیتر وەک زاراوەیەکی جیاکەرەوە بە باڵای ئەو گرووپە کۆمەڵایەتی و سیاسییانە دابڕا، کە چالاکی وکاریگەری بەرچاویان هەبوو و هەستی پێدەکرا.

ئەم دەستەبژێرانە بەهۆی بەرچاوی و جموجوڵ و چالاکییانەوە پەیدا دەبن و دەناسرێنەوە و دروستدەبن.

بەڵام بە چ کەسانێک دەگوترێت دەستەبژێر؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ڕاکەی (باریتۆ) دەکەینە وەڵام، کە ئەو پێیوایە ئەوانە توێژی دیارن و لە خەڵکی دیکە جیادەکرێنەوە وەک دەڵێ: ((با وایدابنێین، کە کۆمەڵە یا چەند کەسانێک هەن دیارتر و لەبەرچاوترن و لە خەڵکی دیکە جیادەکرێنەوە، ئەمەش بەهۆی ئەنجامدانی ئەم جموجوڵ و چالاکییانەیە، کە لە تایبەتمەندی کاری خۆیاندا ئەنجامی دەدەن، دەبا ئەم توێژە جیابکەینەوە و ناوی بنێین، دەستەبژێر..))[١].

دەستەبژێری کۆمەڵایەتی ڕۆڵێکی گرنگ وبەرچاوی هەیە لە ژیانی سیاسیدا بەتایبەتیش لە کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکاندا، کە بەهۆی بوونی ئازادی و دیموکراسی دەستەبژێرەکانیش چ وەک گرووپ و

ج وەک تاکە کەسان دەتوانن چالاکانە لە هەموو گۆڕانکارییەکاندا بەشداربن و بگەنە هەرەمی دەسەڵاتی سیاسیش، چونکە لەم کۆمەڵگایانەدا هەڵبژاردن سەنگی مەحەکە، کەچی لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا هاوکێشەکە بە زەبری هێز بەلای هێزداردا دەشکێتەوە و دیارییشە لەم کۆمەڵگایانەدا نە جەماوەر و نە دەستەبژێریش ناتوانن هیچ ڕۆڵێک ببینن لە ئاراستەکردنی سیاسی و مەسەلە چارەنووسسازەکان و وەرگرتنی دەسەڵات و حوکمڕانی وڵات، کەچی لە دەوڵەتە دیموکراتەکاندا چۆنیەتی و ڕادەی گۆڕینی دەنگدەران دەتوانێت ئاراستەکانی سیاسەت بگۆڕن و بۆیەش ئەو دەستەبژێرانە چالاکانە کاردەکەن و دەتوانن پارسەنگی هێز بگۆڕن و کەسانی هەڵبژاردەی خۆیان بگەیەننە دەسەڵات وحوکمڕانی، تەنانەت جاری وا هەیە تاکەکەسێک ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت و خۆی دەبێتە دەستەبژێر و هاوکێشەکان دەگۆڕێت، هەر بۆیەشە نووسەرێکی فەرەنسی لە یادی سەد ساڵەی شۆڕشی فەرەنسادا گوتوویەتی: ((دەوڵەتە دیموکراتەکان لە ڕاستیدا حکوومەتی دەستەبژێرین..))[٢].

ئێمە لە کۆمەڵگەیەکی دواکەوتووی کشتوکاڵیدا دەژین و تازە خەریکین بەرەو کۆمەڵگایەکی مەدەنی و سیستەمی دیموکراسی هەنگاوبنێین، ناکرێ و ئەستەمە خۆمان بەوڵاتانی دیموکراسی ڕۆژئاوا و کۆمەڵگە پیشەسازییەکان بەراورد بکەین، چونکە بمانەوێ و نەمانەوێ بەشێکین لە جیهانی سێیەم ئەم جیهانەی مەحکومە بە دواکەوتوویی کۆمەڵایەتی و نەبوونی دادوەری کۆمەڵایەتی و ناسەقامگیری سیاسی و ئابووری و دیاریشە، کە دەستەبژێرەکان لە کۆمەڵگە پیشەسازییەکاندا بە شێوەی کۆمەڵگەی سەربازی پیشەسازی و هەروەهاش کۆمەڵگەی ئابووری- پیشەسازی

نەشونما دەکەن، بۆ نموونە لە دەوڵەتێکی زلهێزی وەک ئەمەریکا، کۆمپانیا پیشەسازییە گەورەکانیش دەتوانن ببن بە دەستەبژێر و کاریگەرییان بەسەر سیاسەتی وڵاتەکەیانەوە هەیە وەک ئەوەی کۆمپانیای (جەنەراڵ مۆتۆرز)ی دروستکردنی ئۆتۆمبێل پێیان وایە ئەوەی بۆ ئەوان باشە و دەستدەدات ئەوا بێشک بۆ ئەمەریکاش باشە و گونجاوە، کەچی لە کۆمەڵگە کشتوکاڵی و دواکەوتووەکاندا گرووپ و تاکەکەسان تا ئەو رادەیە سەربەستی بەخۆیان ڕەوادەبینن، کە لە بەرژەوەندی دەسەڵاتی دیکتاتۆری و حزبی فەرمانڕەوا قسە بکەن و تاقە هۆکارێک کە کێشەکان یەکلابکاتەوە و دەسەڵات دیارییبکات تەنیا هێزە، بۆیەش دەستەبژێرەکان لەم کۆمەڵگایانەدا لە پەراوێزی دەسەڵاتدا دەمێننەوە و ناتوانن جموجوڵ و چالاکی بنوێنن، بێگومان بوونی دەستەبژێریش بەندە بە ئیشکردن و چالاکی و هەوڵدان و لە کەشوهەوایەکی ئازاد و دیموکراسیدا دەتوانێت ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ بکات.

لە وڵاتێکی دواکەوتووی کشتوکاڵی نیمچە ئازادی وەک وڵاتی ئێمە هێشتاکە نەمانتوانیوە سیستەمێکی دیموکراسی تەواو پەیڕەو بکەین وقەتیش وەک ڕۆژئاوامان لێنایەت و ناشکرێ بەراورد بکرێت، چونکە نەبەراوردکردنەکە دروستە بکرێت نە ئاستی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و ژیاریشمان بەپێوانەی ئەوان دەپێورێت.

ئێمە تازە بەتازە لە تاقیکردنەوەی دیموکراسیدا لە حاڵەتی پێکوڕەداین و تازە بەتازە باسی پێکهێنانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکەین، لە کاتێکدا هەموو ئاڕاستەکان لە بەرژەوەندی حزبدا دەخولێنەوە، هێشتاکە وڵاتەکەمان نەبۆتە خاوەن یەک حکوومەت و یەک ئیرادە، بۆیەش توانا و چالاکی دەستەبژێرە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لاواز و بێ توانان، هێشتاکە دەستەبژێرە

کۆمەڵایەتییەکان کە ڕۆشنبیرانیش بەشێکن لەو دەستەبژێرانە لە پاشکۆی دەسەڵاتی سیاسیدا دەژین، ئەوانەش کە خۆیان نەخستۆتە ژێر ڕکێفی حزب و دەسەڵاتداری فەرمانڕەوا لە هەردوو پارچەکەدا نەیتوانیوە ببنە ئەو هێزە کاریگەرییەی ئاڕاستەی ڕووداوەکان بگۆڕن و وەک بەشدارێکی کاریگەر لە دەسەڵاتدا پێگەیەک بۆ خۆیان بکەنەوە، مەسەلە ئابوورییەکەش ئەوەندەی تر لە توانایی ئەو دەستەبژێرانەی کەمکردۆتەوە و دەسەڵاتی سیاسی وحزبیش تەنیا لە بەرژەوەندییەکانی خۆیەوە مامەڵە لەگەڵ توێژی ڕۆشنبیراندا دەکات و ڕۆڵیان پەراوێزکراوە و لە بەرامبەر بەرژەوەندی حزب و دەسەڵاتدا قسە و هەوڵەکانیان بەبەر ڕەشەبای لەبیرکردن و بەهەند هەڵنەگرتن و بێ بایەخییەوە دەمێنێتەوە. کەواتە دەستەبژێر نەدەتوانێ کۆمەڵگەی کوردەواری بگۆڕێ، نەدەشتوانێ لە دەسەڵاتی سیاسیدا جێگایەک بۆخۆی بکاتەوە، تا ئەو دەمەی کە تاکی کورد لە کۆمەڵگایەکی مەدەنیدا لە بیرکردنەوە و دەربڕیندا ئازاد دەبێ و لە سیستەمێکی دیموکراسیدا ئاڕاستەکانی دەسەڵات و مەسەلە سیاسییەکان دەتوانن یەکلابکرێنەوە.. بێگومان هیچ دەوڵەت و وڵات و کۆمەڵگەیەک بێ دەستەبژێر نییە و نابێت و ئێمەش هەموو جۆرەکانی دەستەبژێرمان هەیە، بەڵام کوا توانا و جموجوڵ و چالاکییان؟ کوا ئەو زەمینە دیموکراسییەی بۆ ڕۆڵی دەستەبژێر لە ئاڕاستەکردن و گۆڕانی سیاسیدا پێویستە؟ کوا کۆمەڵگەی مەدەنی کە بێگومان بە حوکمی یاسا و وازهێنان لە حوکمی میلیشیا جێبەجێ دەبێت؟

بەداخەوە دەستەبژێری کوردی لە پەراوێزی ڕووداوەکاندا دەژیت!! ئەگەر خۆشیان مەبەستیان بێت یان مەبەستیشیان نەبێت.

ئێمەش هەقمانە بپرسین، کوا دەستەبژێرەکانی ئێمە لە کوێن؟!

بۆچی چالاکی و کاریگەرییان نییە؟ بۆچی لە ئاست ڕووداوەکاندا نین؟ بۆچی بوێر و چالاک و بەتواناکان کڕن و ناتوانن دیواری بێدەنگی بڕوخێنن؟

**پەراوێز و سەرچاوە:**

(١)، (٢)، سابیر ڕەشید، دەستەبژێر و ڕۆڵە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکەی، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە (٧)، ساڵی دووەم، ئابی ١٩٩٨، ل٨١.

# گرووپی فشار
# کاریگەری لەرای گشتی و
# بڕیاری سیاسیدا

هەر لەکۆنەوە دیاردەی کارتێکردنی چەندان کۆمەڵ وگرووپ بەسەر بنکەکانی بڕیاردانی سیاسی هەبووە، هەر بۆیەش کەسانی وا پەیدابوونەو بڕیاری وایان بەسەرکردەکانیان دەرکردووە بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان. هەر لە زەمانی پەیدابوونی (شا)وە واباو بووە کە دەستوپێوەندی شا ڕۆڵی خۆیان دیوە لە کارتێکردن و بڕیارەکانی (شا)دا. هەمیشە وابووە کە کەسانی نزیکی سەرکردەکان کاریان لە سەرکردەکانیان کردووە یا وابووە کە کۆمەڵێکی ئایینی کاریان لە بڕیاری سیاسی دەوڵەتێک کردووە بەگوێرەی خواست وئارەزووی ئەم گرووپانە. گەلێک جاران خێزانێک بووەتە بڕیاردانی سیاسی دەوڵەتێک وەک خێزانی دەزگاکانی پۆلیڤیا. گەلێک جاران باسی کارتێکردنی سەد کەسی دەکرێ لەفەرەنسا یا بیست خێزان لەسوید بەسەر حکوومەتەکانی خۆیان، بۆیە کەسانیش هەن دەتوانن کار لە دەوڵەتەکانی خۆیان بکەن، ئینجا کارتێکردنی ئەم گرووپانە گەلێک جاران ڕاستەوخۆو کاریگەری خۆی هەیە، گەلێ جارانیش زیادەڕۆییە، جاری واش هەیە هەنگاونانێکە بەڵام هەنگاوەکە سستە.

لەسەردەمی ئێستاماندا زۆرکەم دەربارەی کارتێکردنی یانەی تایبەتی و ڕۆژنامەی دیارکراو و ئاژانسی دیار و کۆڕی تایبەت،

قسه دەكرێن دەربارەی ئەم حكوومەتانەی كەتیایدا دەژین.

ئەم گرووپانە دەبن بەدوو جۆر:-

**١- گرووپی فشاری كاتی:**

ئەم گرووپە لە كاتی ئێستادا لە شێوەی دامودەزگاكانی نێودەوڵەتی بەرچاو دەكەون. ڕێكخراوە نێودەڵەتییەكان و ڕێكخراو و ڕێكخستنە میرییەكان شێوەیەكی بەرچاوی ئەم گرووپانەن. گەلێكجاریش لە شێوەی كەسانی ماددی وكەسانی مەعنەوی دەبن كە دامودەزگا ڕەسمییەكان و ڕێكخراوەكان دەگرێتەوە وەك ڕێكخراوی نەتەوەیەكگرتووەكان یا یۆنسكۆ یا پێوەندییە ئیسلامییەكان یا بازاڕی هاوبەشی ئەورووپا.. تاد، هەموو ئەم ڕێكخراو و ڕێكخستنە نێودەوڵەتییانە وەك گرووپی فشارن كە كاریان تێدەكرێ و ئەوانیش هەوڵدەدەن كار لە سیاسەتی دەوڵەتان بكەن، جا هەندێكجار بەشێوەی ڕاستەوخۆوە و هەندێك جاریش بەشێوەی ناراستەوخۆ دەبێت، هەندێك كەڕەت دەوڵەتەكان ئیلتزامی پێوەدەكەن وهەندێكجاریش نایكەن. بۆ نموونە دەبینین كاتی خۆی ڕێكخراوی یۆنسكۆ هەوڵییدا كار لەسیاسەتی ئیسرائیل بكات بۆ هێشتنەوەی كەلەپووری ڕۆشنبیری قودس وەكخۆی كە تا ئێستاكەش ئیسرائیل هەوڵی گۆڕینی داوەو دەیدات. نەتەوە یەكگرتووەكانیش زۆر هەوڵیدا ببێتە گرووپی فشاری نێودەوڵەتی لەكاتی مامەڵەكردنی دەگەڵ ڕووسیا تا لەسیاسەتی ڕەگەزپەرستی دووریبخاتەوە. جگە لەكاریگەری و كاتێكردنی ڕێكخراوە نێودەوڵەتییەكان یان دەوڵەتان كە كار لەسیاسەتی دەوڵەتان دەكەن بەڵكو لەناو ئەم دەوڵەتانەشدا یا لەنێودەوڵەتانی دنیاشدا گەلێك كۆمپانیاو وەكالەتی واهەن كە بەردەوام هەوڵیان ئەوەیە كار لەسیاسەتی دەوڵەتانی خۆیان بكەن ئەگەرچی بەشێوەی كاتیش بێت بۆ نموونە كارتێكردنی كۆمپانیای

نەوتی فەرەنسی بەئاشکرا بەسەر دەوڵەتی خۆیدا، دیارە ئەمەش بەگرتنەبەری سیاسەتێکی دیاریکراو لەبەرامبەر کێشەی عەرەب وئیسرائیل دا.

دەبێ ئەمەش لەیادا نەکەین کە هەرچەندە دەزگا بەرهەمهێنەرەکانی دەوڵەت زیاد بکەن کارتێکردنی کۆمپانیاکان زیاتر دەبن. گەلێکجاران دەمەقاڵێیەکی توند ڕوودەدات لە نێوان دامودەزگا نیشتمانییەکانی ئەمریکاو دامودەزگا هاورەگەزەکان بەنیسبەت هەڵبژاردنەکانی ئەمریکی.

ئەم کردارانەی کە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و کۆمپانیاکان ئەنجامی دەدەن ئەمانە کاتین و کاریگەرییان هەیە، گەلێک جاریش دەبن بە گرووپی فشار لەشێوەی وەزارەت بۆ نموونە وەزارەتی کشتوکاڵ کاریگەرییەکەی بەهۆی نوێنەرییەوە دەبێت، هەروەها وەزارەتی دەرەوە لەهەموو دەوڵەتێکدا کاریگەری لە وەزارەتەکانی دیکە زیاترە بەسەر دەڵەتەوە.

کەواتە ئەم گرووپانە هەن بەڵام بەردەوام نین و شێوەی کاتی بەخۆوە دەبینن لەبەرامبەر ئەمەشدا گرووپی فشاری دیکە هەن کەشێوەی دیکە بە خۆیەوە دەبینێ.

**٢- گرووپی فشاری تایبەتمەند:**

کاری ئەم گرووپە ئەوەیە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کار لە ئیشی حکوومەت دەکات.

ئەم گرووپانەش بەچەند شێوە دێنە بەرچاو:

أ- گرووپی فشاری سیاسی.

ب- گرووپی فشاری هونەری- یانیمچە سیاسی.

ج- گرووپی فشاری مرۆڤایەتی.

د- گرووپی فشاری ئامانجدار.

ه- گرووپی فشاری بەرگریکردن لە بەرژەوەندی دەوڵەتانی بێگانە لەدەوڵەتدا.

**أ- گرووپی فشاری سیاسی:-** ئەگەر ئامانج لەکاری ئەم گرووپە سیاسیانە پێگەیاندنی سیاسی دیاریکراو بێت وەک سەرۆک کۆمار یا وەزیرێک یا نوێنەرێک وگەیاندنیان بەشوێنی خۆیان ئەوا بێشک دەبێ لەباسکردنی گرووپی سیاسیدا پارتە سیاسییەکان لەبیر نەکەین کەبەشێوەی بەردەوام هەوڵ دەدەن یان ئامانجیان ئەوەیە چەندین کەسانی خۆیان بگەیننە پایەی بەرز لە حکوومەتەکانی خۆیاندا بۆ بەرژەوەندی حیزبەکانیان وگەییشتن بەدەسەڵات.

هەندێکجار ئەم گرووپانە دەبنە پاڵپشتی کەسێکی دیاریکراو بەهۆی یانە سیاسییەکان یا چاوپێکەوتنی بەردەوامی ئەو کەسە لە ڕاگەیاندندا.

گرووپی فشاری سیاسی تەنیا بەرژەوەندی سیاسی هەیە.

**ب- گرووپی فشاری هونەری یا نیمچە سیاسی:-** ئەم گرووپانە جموجۆڵیان سیاسیانە نییە، بەڵام بەبێ جموجۆڵی سیاسیش ناتوانن بگەنە ئامانجی خۆیان. هەندێکجار ئەم گرووپانە پیشەیین، واتە وەک پیشەیەک ئەم ئەرکە دەگێڕن هەروەک لە ئەمریکا گرووپی فشار هەیە بەناوی (لوبی) کەئەمانە لە کۆنگریسی ئەمریکی دا پشتی یەکتر دەگرن و نووسینگەی تایبەتییان هەیەو ژمارەیان بەتەنها لە واشنتۆندا (٢٦) هەزار کەسەو بڕیاری خۆیان هەیە و دەدیدەن بەکۆنگرێس.

هەرچەندە گرووپی لوبی ناتوانن لەکۆبوونەوەکانی کۆنگریسدا ئامادەبن، بەڵام ئەوانە لەدەرەوەی هۆڵی کۆبوونەوەدا دەبن وئیشیان ئەوەیە کار لە حکوومەت و لێپراسراوان وخاوەن دەسەڵاتە سیاسیەکان دەکەن.

هەندێکجار ئەو گرووپانە بەشێوەی سەندیکای کرێکاری جیاجیا دەبن یا بەشێوەی یەکێتی خاوەن کار.. ئەگەرچی کاری ئەم گرووپانە پیشەییە، بەلاّم لەگەڵ ئەمەشدا بەهۆی جموجۆڵی سیاسییەوە دەتوانن ببن بە گرووپی فشار.

ج- **گرووپی فشاری مرۆڤایەتی**:- ئەو گرووپە جموجۆڵی سیاسی بەکارناهێنێ، تەنها جارجارە نەبێت.. نموونەی ئەو گرووپانەی وەک کۆمەڵەی چاودێری منداڵان و کۆمەڵەی دۆستایەتی گیانداران. هەموو کۆمەڵە خێرخوازو فریادرەسەکانی دیکەش دەچنە خانەی ئەو کۆمەلاّنەو هەمووشیان دەست لە کاروباری ناوەخۆی سیاسی وەرنادەن و هۆیەکانی فشار لەسەر دەسەلاّتی حکومڕان بەکارناهێنن تەنیا لە کاتی داواکردنی کۆمەکی دارایی وکاتی گفتوگۆکردنی پرۆژەکانی یاسا کە لە خانەی جموجۆڵی خۆیاندایە.

د- **گرووپی فشاری ئامانجدار**:- ئەوانەش بەجیاوازی ئامانجیان دەگۆڕێن و هەیانە گرووپی پرنسیپن و هەشیانە گرووپی بەرنامەن، هەشە بۆ ئەنجامدانی ئامانجێکی نەتەوەیی تێدەکۆشێ وەک گرووپی (یەکێتی ئەوروپی) یان گرووپی (حکوومەتی جیهانی) لە ئینگلستاندا، هەشە گرووپی بەرژەوەندی تایبەتیە کە هەوڵ دەدات بۆ جێبەجێکردنی بەرژەوەندی تایبەتی ئەندامەکانی، واشدەبێ ئەم بەرژەوەندییە تایبەتییە مۆرکێکی نەتەوەیی پێوەبێت وەک بڕیاری مافی تەقاویت بوونی تەمەندارەکان، یا مۆرکێکی ناوچەیی پێوەبێت وەک بەرگریکردن لە بەرژەوندی پیشەسازی لۆکە لە ویلایەتی نیوئینگلاند لەئەمریکا یا ویلایەتی لانکشیر لە ئینگلستاندا.

بەلاّم ئەم دابەشکردنە هەمیشە بەچەسپاوی نامێنێتەوەو زۆر لە بەرژەوەندییە تایبەتییەکان و وادەبێ لەهەمان کاتدا نەتەوەییش بن، زۆربەی زۆری ئەندامانی گرووپە جیاوازەکان هیچ جیاوازیەک

نابینن لەنێوان بەرژەوەندی تایبەتی و نەتەوەیی. بۆیە زۆر جاران سەندیکای فەرمانبەرانی میری کاتێ کەداوای زیادکردنی مووچەو بەخشیش دەکەن ئەوە بەکارێکی چاکی دەزانن کەسەرکەوتنە بەسەر بەرتیل وتێکچوونی کارگێڕی دامودەزگاکانی حکوومەت.

**هـ- گرووپی فشاری داکۆکی کردن لەبەرژەوەندی دەوڵەتانی بێگانە لە دەوڵەت دا:-** ئەو جۆرە گرووپانە بەزۆری لەئەمریکادا بڵاودەبنەوە، کە دەوڵەتانی بێگانە هەوڵدەدەن بۆ دروستکردنی لوبی تایبەت بە خۆیان و بۆ پەسندکردنی بیروراڕی خۆیان و داکۆکیکردن لە بەرژەوەندییان.

جموجۆڵی کاریگەری ئەو گرووپانەش بەجیاوازی قەبارەیان دەگۆڕێت، هەرچەندە قەبارەیان زیاتر بێت ئەوا پەیوەندییان بەدەسەڵاتی دەوڵەتەوە زیاتر دەبێت و دەتوانن کاریگەرتر بن. بەڵام هەمووکاتیش قەبارە بەس نییە بۆ ئەوی بکرێ بە پێوەرێک لە بەهێزی ئەو گرووپانەدا، بۆ نموونە گرووپی (چین) یا (لوبی چینی) لە ئەمریکادا توانیویەتی مەرامەکانی خۆی بەدیبهێنێت، ئەگەرچی قەوارەکەی خۆشی بچووکەو ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چەندی بڕوایی بوونی ئەو گرووپە بە کێشەی وڵاتەکەی و نەبوونی ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێزیش کە ڕێگای لێبگرێت.

سەرەنجام لە پێناسەکردنی گرووپی فشاردا دەبێ بڵێین ئەو گرووپانە ڕێکخراوی کارمەندی سەربەخۆن و ئیشکردنیان بێلایەنە لەبەردەم خواستی ئەندامەکانی و بەرژەوەندی سیاسیشییان هەن و هەندێکیان دەبنە گرووپی پرنسیپ، بەڵام زۆربەی زۆریان لەوانە گرووپی بەرژەوەندین و خاسیەتی بەردەوام بوونیان هەن:

**ڕێگاکانی کارکردنی گرووپی فشار**

ئەمەشیان بەدوو ئاستەوە دێتەدی، یەکێکیان ڕادەی کارتێکردنی گرووپی بەرژەوەندی کەبەسەر دروستکەری بڕیاردا هەیەتی و ئەم ڕێگایانەش کە بەکاردێن لە کارتێکردن و ئەم لایەنەی کە روویتێدەکات. ئەمەش توانایەکی چاکی دەوێ بۆ گەیشتن بەلایەنی بڕیاردەر و دەوەستێتە سەر چەندی سەرکەوتن و شکستی گرووپی بەرژەوەندی لەو کارانەیاندا کە کاریگەرن بۆ ئەوەی بەتەواوی بگەنە ئەو کەسانەی بەکردە لەپرۆسەی دروستکردنی بڕیاردا خۆیان بڕیاردەرن. گرووپەکانی بەرژەوەندی هەموو جار هۆکاری هاوشێوە بەکارناهێنن بەڵکو بۆ هەر ڕووداوێک و حاڵەتێک ڕێگایەکی تایبەتی بۆ دەدۆزێتەوە، لەمبارەوەش دەبێ ئەوە لەبەرچاوبگرین لەرادەی دەسکەوتنی گرووپی بەرژەوندی بەم هۆکارانەی کەدەتوانن بەهۆیەوە مومارەسەی هەندێک کاریگەری خۆیان بکەن لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیاردا.

لەراستیدا گرووپەکانی بەرژەوەندی ئەگەر هەوڵی جێبەجێکردنی داخوازییەکانیان بدەن، ئەمە شتێکی سروشتییە مادام ئەم گرووپانە بونێکی راستەقینەیان هەیە لە کۆمەڵدا. بەڵام کێشەی ڕاستەقینە لەمبارەوە لە چۆنیەتی کارکردنی ئەو گرووپانەیە لەکارتێکردنیان بەسەر دەسەڵاتە گشتیەکاندا بەمەبەستی گەیشتن بە داخوازییەکانیان.

گرووپەکانی بەرژەوەندی لە وەزیفەی داواکردن خۆڕەتدەدەن کە بێشک وەزیفەیەکی خۆیانە، تا بێت و مومارەسەی دەسەڵاتی ڕاستەقینە بکات لەبڕیارداندا لەپشت پەردەی دامودەزگا ڕەسمییەکانی دەوڵەتدا.

بێگومان ئەو هۆکارانەی کە گرووپەکانی فشار لە کارەکەیاندا

بەكاری دێنن بۆ كارتێكردن لە دەسەلاتدا زۆرن و جۆراوجۆرن كە ناتوانرێ بە دوورودرێژی باسی هەر هەموویان بكرێت، بەجیاوازی بارودۆخی كۆمەڵگەو سیستەمە سیاسییەكان دەگۆڕێن ئەمە جگە لە جیاوازی لەنێوان گرووپەكانی فشار خۆیان، بەلام ئێمە بەكارتێكردنی ڕاستەوخۆ وكارتێكردنی ناراستەوخۆ ڕونیدەكەینەوە:-

أ- كارتێكردنی ڕاستەوخۆ:-

ئەمەش لەسەر ئاستی دەسەلاتە گشتییەكانی دەوڵەتە، بەكارتێكردن لە ئەندامانی پەرلەمان یا وەزارەتەكان یا بەڕێوەبەری دایەرەكان یا كارمەندانی ئیدارە بە جیاوازی ئاستەكانیانەوە، فشارەكەش یا بەشێوەی ئاشكرایە یانیش بەشێوەی شاردراوەیە.

كارتێكردنی ئاشكرا و دیار: چالاكی ئاشكرا ئەو هەڵوێستانە دەگرێتەوە كە گرووپی فشار لەبەرامبەر كێشەی جیاواز دەیگرنەبەر كە ژیانی گشتی بە دیاریدەخەن چ سیاسی بێت یا سیاسی نەبێت بەئاستی جیاجیاوە، هەروەها هۆكاری جیاجیاش بەكاردەهێنێت بۆ گوزارشتكردنی هەڵوێستەكانی خۆی.

لەسەرووی هەموویانەوە بەڵگەنامەیەک لەلایەن كۆمەڵێك لە تایبەتمەندانەوە كە بەشێوە زمانێكی ڕەوان نووسراوە و ئەمەش ڕێگایەكی ڕاگەیاندنە كە لەزۆربەی كاتدا گونجاندنێک بەدیار دەخات لەنێوان بەرژەوەندی و خواستەكانی گرووپی فشاردا.

هەندێک جار گرووپی بەرژەوەندی بەڵگەنامەیەک دەخەنە بەردەم پەرلەمان تاوەک پرۆژەی یاسایەک یا پێشنیارێک بۆ دانانی یاسایەک بێت كە كارێكی هونەری یا هەركارێكی دیكەدا.

ئەگەر ئەمەش سەرینەگرت گرووپی فشار وەفدێک دەنێرن بۆ چاوپێكەوتنی لێپرسراوان و بەرچاوخستنی داخوازیەكانیان.

ئەمەش لەسەر زمانی یەكێک لەنوێنەرەكانیان لە كەناڵەكانی

ڕاگەیاندن بڵاوی دەکەنەوە، یا پێوەندی بە حیزبە سیاسییەکان دەکەن بۆ خستنەڕووی هەڵویستی ئەوان لە کێشەیەکی دیاریکراودا. بەڕاستیش گرووپی فشار هەموو هەوڵێکی خۆی بەکاردێنێ بۆگەیشتن بە بنکە ڕاستەقینەکانی یا گرنگەکانی پرۆسەی بڕیار دروستکردندا. بۆ نموونە لە فەرەنسا گرووپی فشار لەسەردەمی کۆماری چوارەمدا ١٩٤٦-١٩٥٨ بە شێوەیەکی تایبەتی کاری دەکردە سەر پەرلەمان کەلەو سەردەمیدا بەرزترین دەسەڵات بوو.

گرووپی فشار لە کاتی هەڵبژاردنیشیدا فشاری خۆی بەکاردێنێ لەسەر هەموو ئاستەکاندا چ وەک ناردنی هەڵبژێری خۆی بۆ دەنگدانی ئەو پاڵێوراوەی کە پاڵپشتی دەکەن یانیش وەک بەخشینی پارە بۆ پاڵپشتیکردنی حەملەی هەڵبژاردن یانیش وەک پاڵپشتیکردنی مەعنەوی بە ئیستغلال کردنی نفوزی هەندیک کەسایەتی ئایینی یا کۆمەلایەتی بۆ پڕوپاگەندە کردن لە دژی هەڵبژێرەکەی کە ئەوان نایانەوێ.

هەندێک جاریش ڕێگای مشتومڕکردن دەگەڵ یەکترو بەشێوازی زەبروزەنگ وبەشێوەی ئاشکراو نهێنی بەکاردەهێنن بۆ کارتێکردن و سەپاندنی مەبەست و داخوازی خۆیان وەک بەکارهێنانی خۆپیشاندان و مانگرتن لە کار یا مانگرتنی قوتابیان لە خوێندن یا مانگرتنی فەرمانبەران.

بەڵام بێجگە لە کارکردنی ئاشکرای گرووپەکانی فشار بەدزی و لەژێرەوەش کاری خۆیان دەکەن کە دەتوانین بەم شێوەیە لەم چەند ڕێگایەوە کە جۆراوجۆر و زۆرن و هەشیانە زانراوە کە گرنگترینیان ئەمانەن:- پێوەندییە تایبەتییەکان، باربوکردن یا پارە پێبەخشین، خۆگەیاندنە هەموو لایەکی یەک بەدوای یەکی فەرمانبەران، فەساد کردن (وەک ڕەشوەپێدانی فەرمانبەران بۆ ڕاکێشانی بەلایەنی

خۆیانەوە)، هەڕەشەو چاوسووركردنەوە، شێوازی بڵاوكردنەوەی فەزایح (وەك فەزیحەی وترگێت و فەزیحەی كریستین كیلەر لەئینگلتەرا).

ب- كارتێكردنی ناڕاستەوخۆ:-

لێرەدا گرووپی فشار خۆی دەخزێنێتە نێو سیستەمی سیاسی بۆ كارتێكردن لە ڕای گشتی وهەوڵدان بۆ خۆراكێشانی تا پاڵپشتی هەڵوێستەكانی بكات و ئاسانكاری بۆ پرۆژە بڕیاردراوەكانی بكات بەبێ بەرهەڵستی و ڕێگرییەك لەلایەن دەسەڵاتی سیاسییەوە. لەبەرئەوەی كاركردنی گرووپەكانی فشار بۆ كارتێكردن لە ڕای گشتی واتە كارتێكردنی بەشێوەی ناراستەوخۆ بەسەر دەسەڵاتە گشتیەكاندا، چونكە لەكۆمەڵگە دیموكراسیەكاندا دەسەڵاتی سیاسی بەبێ ڕای گشتی ناتوانێ هیچ شتێك بكات و ڕای گشتیشی زۆر بەلاوە گرنگە.

گرووپی فشار بەزۆری ڕێگای دیكەش دەگرنەبەر بۆ كارتێكردنی ڕای گشتی كە هەموویان لەدوو ڕێچكەی سەرەكیدا ڕێكدەخرێن كە ئەوانیش ناچاركردن و قەناعەت پێكردنە.

لەناچاركردندا:- گرووپی فشار هەموو هەوڵێك بەكار دەهێنن بۆ ناچاركردنی دەسەڵاتە گشتیەكان كە بڕیار بە بەرژەوەندنی ئەوان بدەن.

لە قەناعەت پێكردنیشدا:- گرووپەكانی فشار بەشێوەیەكی گشتی هەوڵ دەدات كەكار لە ڕای گشتی بكات لە ڕێگای پرۆپاگەندە یا ڕاگەیاندن.

لە ڕێگای پرۆپاگەندەدا لەوانەیە گرووپی فشار ڕۆژنامەی خۆیان هەبێت كە لەم ڕێگایەوە بۆ ئامانجی خۆیان ئەوەی بیانەوێ بۆ ڕای گشتی بیورژێنن و بەرێگای پرۆپاگەندەوە كاری تێبكەن..

یا گرووپەکانی فشار بە نووسین یا بەیاننامەی کۆنگرەیەک یا نامەی کراوە یا چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەگەری یا لەرێگای کۆنگرەی ڕۆژنامەگەری کە لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکان بڵاوی بکەنەوەو وەک پرۆپاگەندەیەک بتوانن کار لەرای گشتی بکەن یا پارە بە چەند ڕۆژنامە نووسێک بدەن کە بەگوێرەی بەرژەوەندی ئەوان بنووسن یا ئەوشتانەی کە لە ڕۆژنامەنووسیدا بڵاوبکرێتەوە بەگوێرەی بەرژەوەندی ئەوان بێت. ئەگەر نەشیانتوانی بەم ڕێگایانەوە کاری خۆیان بکەن ئەوا لەرێگای ئاشکراوە کە بەکرێگرتنی لاپەڕەی ڕۆژنامەو گۆڤارەکانە کە بەیاننامەی خۆیانی تێدا بڵاودەکەنەوە لەشێوەی ئاگاداری یا لەشێوەی بەیاننامە یا بەهەر شێوەیک کە بەرژەوەندی ئەوان دابین بکات.

ئینجا لەرێگای دەستگرتن بەسەر کەناڵەکانی راگەیاندن کە بازرگانە گەورەکان و دەستە سەرمایەدارەکان و هەندێکجاریش دەوڵەتێک یا حزبێک ڕۆژنامەیەک یا تەلەفزیۆنێکی ئاسمانی تەمویل دەکات ئەگەرچی لەژێرەوەش بێت، هەندێکجاری دیکەش بەرێگای ئاگاداری و بڵاوکردنەوە لە ڕۆژنامەکان و تەلەفزیۆنەکان گرووپەکانی فشار دەتوانن دەستبەسەر ئەم کەناڵانەی ڕاگەیاندن بگرن و بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاری بێنن. بەزۆریش ئەم کارتێکردنە و دەستبەسەرداگرتنە بەنهێنییەوە دەبێت تا بێلایەنی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن نەشێوێنن و لەکەداری نەکەن وخەڵک بروایان پێبکات بەمەش کار لەرای گشتی دەکەن و هەمیشە بەهۆی ئەوەوە دەتوانن کار لە دەسەڵاتە سیاسییەکان بکەن.

گرووپی فشار =جماعات الضغط

سەرچاوە:

١- دكتور بطرس بطرس غالى و دكتور محمود خيري عيسى، المدخل فى علم السياسة، مكتبة الانجلو المصرية، مطابع الاهرام التجارية، ط/٥ (١٩٧٦).
٢- الدكتور صادق الاسود، علم الاجتماع السياسي – اسسه وابعاده، وزاره التعليم العالي والبحث العلمي- جامعه بغداد، مديرية دار الكتب للطباعة والنشر –جامعة الموصل، ط/١ (١٩٨٦).
٣- توم بوتومور، علم الاجتماع السياسي، ترجمة د. وميض نظمي، دار الطليعة- بيروت، ط/١ (١٩٨٦).

# دەولەت

## پەیدابوونی دەوڵەت

لێکۆڵینەوە لە پەیدابوونی دەوڵەت بە دوو جۆر لێکۆڵینەوە گرێدەردێ.یەکەمیان، لێکۆڵینەوەی شیکردنەوە، مێژوو ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ کە دەوڵەت چۆن پەیدابووە و چۆنیش نەماوە، لەبەر ئەوەی مێژوو پێمان ڕاناگەیەنێ چۆن مرۆڤ توانیویەتی کۆمەڵگای سیاسی پێکبێنێ، بۆیە ڕوودەکەینە قەبڵاندن و تەخمین کردن، لێرەوە بیردۆزی جیاجیا هاتنە ئاراوە کە ڕاڤەی پەیدابوونی دەوڵەت دەکەن، هەر بیردۆزێکیش مۆرکی تایبەتی خۆی هەیە.

### ١- دەوڵەت و بنچینەکانی

چەند پێناسەیەکی جیا جیا هەیە بۆ ناساندنی دەوڵەت لەوانە (**فۆشی**) ناساندنی دەوڵەتی واپێناسە کردووە کە (کۆمەڵێکی هەمیشەیی سەربەخۆیە لە کەسان کە هەرێمێکی دیاریکراویان هەیە، دەسەڵاتێکی هاوبەش و ڕێکخراو دەیانگرێتە خۆی بۆ بەڕێوەبردنی هەموو کەسانی سەرتانسەری و هەر یەکێکیشیان بتوانێ هەست بە سەربەستی خۆی بکاو مافەکانی بپارێزێت). (**ئۆبنهایم**) یش وایپێناسە کردووە (دەوڵەت ئەم کاتە دەبێ کە لە دەوڵەتە دەستبەسەرگیراوەکان و مومتەلەکات جیابکرێتەوە، کاتێ خەڵکی لە مەملەکەتێکدا ئارام دەگرن لە ژێرچاودێری حکوومەتێکی تایبەت بە خۆیان و خاوەنی سەروەری (سیادە) بێت لەسەریان...). (**دۆگی**)

یش دەڵێت: (دەوڵەت بریتییە لە کۆمەڵە کەسانێک، کۆبوونەتەوەو لەدوو چین پێکهاتوون ئەمیش چینی حوکمڕان وچینی حوکم لەسەرکراو، بەشێوەیەکی هەمیشەیی لە ناوچەیەکی دیارکراو نیشتەجین، دەزگایەکی ڕێکخراو دەسەڵات بەسەردا هەن و خەڵکی وا لێراهاتوون پێی بڵێن حکوومەت).

گەلێک لەزانایان وادەبینن کە ناتوانین بگەینە پێناسەیەکی تەواوی دەوڵەت بۆیە واچاکە باسی بنچینە پێویستەکانی بوونی دەڵەت بکەین.

أ- **کۆمەڵانی خەڵک:** ئەمەیان بنچینەی یەکەمی دەوڵەتە، بۆ ئەوەی ئەم کۆمەڵە بتوانن لەگەڵ یەکتردا بژیت، پێویستە ئارەزووی ئەم مەبەستەیان لا هەبێت، ئەم ئارەزووەش بەهۆکاری جیاجیاوە دەبێت وەک جیرانداری و پێکچوونی هەڵسوکەوت وبەشداریکردن لە ئامانج و یەک ڕەگەزی و ئایین و زمان، هەرچەندە پێویستیش بەمە ناکات ئەم هەموو مەرجە هەر هەمووی هەبن بۆ بوونی دەوڵەت.

پێویستە گەل و نەتەوەش تێکەڵی یەکتر نەکەین، نەتەوە بریتییە لە کۆمەڵە کەسانێک کە پەیوەندی سروشتی و مەعنەوی بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە وەک یەکبوونی ڕەگەز یاخود زمان و ئایین، هەروەها دابونەریتی وەک یەکتر بەیەوەکەوەیان کۆ دەکاتەوە بەڵام گەل واپێویست ناکا ئەم یەکبوونە سروشتیەی تیابێت بۆ ئەوی ببێتە ڕەگەزی پێکهێنەر بۆ دەوڵەت. هەموو نەتەوەیەک مەرج نیە دەوڵەت بێت و هەموو دەوڵەتێکیش نەتەوە نیە.

ئارەزوومەندی نەتەوەکان واهاتۆتەدی کە هەریەکێکیان دەوڵەتێکی هەبێت بەگوێرەی بیردۆزی بنەڕەتی مافی چارەی خۆنووسین کە لە قسەکانی سەرۆک ولسن بەدیارکەوت لە کۆتایی

جەنگی یەکەمی جیهانیدا، هەروەها لە بڕیارەکانی ئەتلەنتی (١٤ ئۆغستسی ساڵی ١٩٤١) و لەبەندەکانی نەتەوە یەککگرتووەکانیشدا باسکراوە.

بنچینەی بڕیاردانی مافی چارەی خۆنووسینیش سێ مانا بەخۆیەوە هەڵدەگرێ کە ئەوانەن:

یەکەم: هەر گۆڕانێکی ناوچەیی پێویستە هاوئاست بێت دەگەڵ ئارەزووی لکاندنی بەدەوڵەتێکی ترەوە.

دووەم: گەلان سەربەستن لە هەڵبژاردنی جۆری ئەم حکوومەتەی کە ئارەزوویان هەیە لەژێر سێبەریاندا بژین.

سێیەم: گەلانی ناوچەکانی ئۆتۆنۆمیان بەدەستنەهێناوە (المستعمرات) مافی ئەوەیان هەیە بڕیاری چارەنووسی خۆیان بدەن بەدیاریکردنی ئەم جۆرە حوکمڕانیەی کە دەیانەوێ لەژێر سێبەریدا بژین.

ب- هەرێم (إقلیم): هەرێمی دیاریکراو ڕەگەزی دووەمی بنچینەکانی بوونی دەوڵەتە، مەرجیش نیە ئەم هەرێمە یەک پارچە بێت، هەرێمی هەموو دەوڵەتێکیش سنووری خۆی هەیە وجیایدەکاتەوە لە هەرێمەکانی دەوروپشتی، ئەم سنوورەش بایەخی هەیەو درێژبوونەوەی سەروەری (سیادة)ی دەوڵەتی خاوەن هەرێم بەدیار دەخات، لەوانەیە ئەم سنوورەش سروشتی بێت یان ناسروشتی بێت.

هەرێم ڕووئاستی ئەم زەویە دەگرێتەوە کە لێی پێکدێت، ئەمیش کۆمەڵێک موڵکی تایبەتی حکوومەتە و موڵکی گشتی حکوومەتیش وەک ڕێگاوبان و پردو بەربەستەکان دەگرێتەوە. ڕوو ئاستی زەویش لەسەر ئەم هەرێمە سەروەت و سامانی جۆراو جۆری تیایە وەک کانزاو پترۆل و کانەکان.

دەوڵەت هەرێمێکی ئاویشی هەیە هەموو ڕووبارو زێ و دەریایەکان دەگرێتەوە لەچوارچێوەی سنووری خۆی، ئەگەر ڕووبارێک لە هەرێمی دەوڵەتێکا هەڵقوڵی و پاشان بۆ هەرێمی دەوڵەتێکی دیکە بڕوات ئەوا ئەم ڕووبارە بەموڵکی هەر یەکێک لەم دەوڵەتە دادەنرێ لە چوارچێوەی سنووری دەوڵەتی خۆی بەگوێرەی بنچینەکانی یاسای گشتی نێودەوڵەتان، بەڵام بەکارهێنان و دابەشکردنی ئاوی ئەم ڕووبارانە بەگوێرەی پەیماننامە دەبێ لەنێوان ئەم دەوڵەتانەدا گرێدەدرێ کە ئەم ڕووبارانەیان تیادا هەڵدەقوڵێ و ئەم دەوڵەتانەی کە پێیاندا دەڕوات.

موڵکایەتی دەوڵەتیش بۆ ئەم دەریایانە بەشێک لە دەریا گشتیەکان دەگرێتەوە کە بە هەرێمەکانیانەوە نووساون و پێی دەوترێ ڕووباری هەرێمایەتی (البحار الاقليمية). ئەمەش لە یاسای نێودەڵەتیدا بەسێ میل دەستنیشانکراوە کە لە بەندەری دەوڵەتەکەوە دەستپێدەکات پاشان هەندێک دەوڵەت کردیان بەدوانزە میل، تا ئێستاش دەستنیشانکردنی ئەم ماوەیە (مسافة) جێگای بیروڕای جیاجیایە. موڵکایەتی دەوڵەت بۆ هەرێمی خۆی چینەکانی هەواش دەگرێتەوە کە دەکەوێتە چوارچێوەی هەرێمەکە هەتا هەوای سەر ئاوی هەرێمی خۆشی دەگرێتەوە، تێبینی ئەمەش دەکرێ کە سەروەری (سيادة)ی دەوڵەت تا بڵندییەکی دیاریکراو دەگرێتەوە لە ئاسمانی هەرێمی خۆی، ئەوەی لەم بڵندییە بەرزتریش بێت سەربەست دەبێت بۆ هەموو دەوڵەتان. کاتێ مانگی دەستکردی دەوڵەتێک بەچوار دەورەی جیهاندا دەخولێتەوە هیچ دەوڵەتێک بۆی نیە ڕێگەی لێبگرێت بەتۆمەتی چوونە ناو هەرێمی ئاسمانی ئەم دەوڵەتە.

ج- حکوومەت: شان بەشانی گەل و هەرێم بۆ بوونی دەوڵەت دەبێ

دەستەیەکی حوکمڕان هەبێت ئەرکی ئەوە بێت سەرپەرشتی گەل و پەیوەندیەکانی نێوان کەسانیش ڕێکبخات و کاریگێڕی هەرێمیش بگرێتە ئەستۆی خۆی و سامانی بگرێتە دەستخۆی بۆ بەرژەوەندی دانیشتووانی، گەلیش بپارێزێ لە هەموو دەستدرێژییەکی دەرەوە. شێوەی سیاسی ئەم دەوڵەتەش بەگوێرەی تایبەتمەندی ئەم دەوڵەتەوە دەبێت.

سەرچاوەکان:

١- د. محمود خيري عيسى ود. بطرس غالي- مقدمة في علم السياسة- الطبعة السادسة- القاهرة ١٩٧٦.
٢- د. صالح جواد كاظم- دراسة في المنظمات الدولية- بغداد- ١٩٧٥.
٣- هشام الشاوي - مقدمة في علم السياسة- جامعة بغداد- ١٩٧٦.

# ڕۆڵی ڕۆشنبیریی یاسایی
# لەنێو کۆمەڵدا

بێگومان سەروەری واتە ڕێزگرتن لە پرنسیپەکانی یاساو پاراستنی گیانی یاساپارێزی لەنێو کۆمەڵدا دەگەیەنێت.. جا لەبەر ئەوەی کۆمەڵ لە تاکەکەسان پێکدێت ئەوا هەڵسوکەوت و ڕادەی تێگەیشتنی ئەو تاکە کەسانە ڕەنگدانەوەی پۆزەتیڤی و نێگەتیڤی دەبێت لە بەدیارخستنی ئاستی شارستانیانەی ئەم کۆمەڵە و پاراستنی کۆمەڵیش بەندە بە هاولاتیان خۆیانەوە کە لە چینی حوکمڕان و ڕەعیەت پێکدێن و چینی یەکەمیان دەسەلاتی لە دەستەو یاسا دادەنێ و یاساش جێبەجێ دەکات.. ئینجا ئەم کۆمەڵەی یا ئەم دەولەتەی یا ئەم ولاتەی پلەی شارستانێتی پێشکەوتوو بێت و سیستەمی سیاسییەکەی دیموکراسی بێت ئەوا یاسادانانەکەشی لە ڕێگای میللەتەوە دەبێت کە خۆی لە پەرلەمانی ئەم ولاتەدا خۆی دەنوێنێ و میللەتەکەشی لە ئاستی بەرپرسیارییەت و نیشتمانپەروەری و خۆشەویستی ولاتەکەدا خۆی دەنوێنێ و دەتوانرێ لەم ولاتانەدا بە تەواوی پەیڕەوی کۆمەلگەیەکی مەدەنی بکرێت. واتە هەرسێ دەسەلاتەکە (دەسەلاتی یاسادانان و دەسەلاتی جێبەجێکردن و دەسەلاتی دادوەری) ئیشی خۆیان دەکەن و هاولاتیان مافیان هەیە و مافیشیان لەسەر شانە و هەمدیسان حوکمڕانەکانیش کە دەسەلاتدارن ئەرک و مافیان لەسەر شانە و

هەردوولا لە بەردەم یاسادا بەرپرسن، بۆ نموونە ئەگەر لێپرسراوێک لەم دەوڵەتانەدا لە یاسا لایدا یا لە پرەنسیپە بنەڕەتییەکانی دەوڵەت لایدا یا هەر کارێکی دژ بە بەرژەوەندییەکانی هاوڵاتیانی خۆی کرد ئەوا دەسەڵاتی دادوەری مافی لێپرسینەوەی هەیە. دەسەڵاتی چوارەمیش کە لەم کۆمەڵگایانەدا سەربەخۆیی خۆیان هەیە لێی دێنە دەنگ و ئەم دەسەڵاتە لەوێ لەم وڵاتانەدا وەک چاودێرێک وایە و چاوساغی کۆمەڵە و خواست و ئامانجە گشتییەکانە و بە هیچ جۆرێک سانسۆری لەسەر نییە تەنیا پاراستنی بەرژەوەندی گۆڤار یان رۆژنامە نەبێت کە بە گوێرەی پەیامی تایبەتی خۆی رەفتار دەکات و بۆیەش بە دەسەڵاتی چوارەم ناونراوە چونکە تەواوکەری هەرسێ دەسەڵاتەکەی دیکەیە.. بۆیە هاوڵاتیان لەم کۆمەڵگایە مەدەنیەدا کە ئێستاکە نموونەی لە وڵاتە ئەوروپاییەکاندا خۆی دەنوێنێ، عەدالەتی کۆمەلایەتی پەیڕەو کراوەو دەتوانن رۆڵی پۆزەتیڤانەی خۆیان بگێڕن هەم لە دیاریکردنی سیاسەتی گشتی وڵاتەکەیان کە خۆی لە رای گشتیدا دەدۆزێتەوە. جاری وا هەیە دەسەڵاتدارانی وڵاتەکانیان ناچار دەکەن بە گوێرەی خواستی ئەوان رەفتار بکەن و خۆشیان واتە خەڵک کە نوێنەری خۆیان لە پەرلەمانی وڵاتەکانیاندا هەیە ئەوا بەگوێرەی خواستی ئەوان یاساکان دادەنێن و رەچاوی خواستی هاوڵاتی میللەتەکانیان دەکرێ و لە چوارچێوەی یاسادا ئەرک و مافیان پارێزراوەو ئەگەر ئەو هاوڵاتیانە لەنێو خۆشیاندا گیروگرفت و ناکۆکی و هەر ناڕێکییەکیان هەبێت ئەوا ناتوانن بەشێوەیەکی بەرەڵلایی رەفتار بکەن و کێشەکانیان لە رێگای پۆلیس و دادگاوە دەبڕێننەوەو ناتوانن پەنا بۆ زەبروزەنگ ببەن تەنیا لە حالەتی دەگمەن نەبێت کە ئەویش نابێتە رێڕەو و جۆری بیرکردنەوەی گشتی ئەم میللەتە. بۆیەش ئەم میللەتانە زیاتر

پێشدەکەون و خەریکی داهێنان و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای خۆیان دەبن و پەرە بە بەهرە و تواناکانیان دەدرێ و خەڵکەکەی بۆ خزمەتکردنی وڵاتەکە ئامادە دەکرێت و ئاستی زانستیشیان لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکان زۆر پێشکەوتووترەو بە هیچ شێوەیەک بەراورد ناکرێت بۆیەش خەڵکی ئەم وڵاتانە هەست بە هاونیشتیمانێتی خۆیان دەکەن و هەست بەوەدەکەن کە بەرژەوەندی و مافەکانیان لە وڵاتێکی پڕ لە عەدالەتی کۆمەڵایەتی و لە چوارچێوەی دەستوور و یاسادا پارێزراوە دەسەڵاتدارانیشیان بە هیچ شێوەیەک ناتوانن پێشێلی سەروەری یاساو مافەکانی مرۆڤ بکەن و ناشتوانن لە دەستووری دەوڵەتەکانیان لادەن و بە ئارەزووی تاکەکەسی یان بەرژەوەندی خۆیان رەفتار بکەن و لەبەردەم دەستوور و یاسادا بەرپرسن و هاوڵاتیانیش کە رادەی فێربوونیان بەرزەو خوێندەوارن و هەموویان رۆژنامەو گۆڤار دەخوێننەوەو پێچەوانەی وڵاتە دواکەوتووەکانن کە نەخوێندەواری تێدا زۆرە، بەڵام لەم وڵاتانەدا نەخوێندەواری نەماوەو هاوڵاتیانیان رادەی زانین و فێرکردنیان بەرزە و بگرە لای ئەوان ئەوەی رۆژێ رۆژنامەیەک نەخوێنێتەوە بە نەخوێندەواریشی دادەنێن، لەبەر ئەوەی درک بە ئەرک و مافی خۆیان دەکەن و تەجاوزی ئیش و ئەرکی خۆیان ناکەن و دەشزانن یاسا چییە و بۆچی دادەنرێ و نابێ هەر بە نووسراو یاسا بێت و دەشزانن ئەگەر هەموویان هەر کەسە و لە راستەخۆیدا رێز لە یاساو یاساپارێزی بنێت کەس ناتوانێ مافی ئەویدیکە پێشێل بکات و دادوەر و یاساناس و پارێزەران و پۆلیس و هەموو دەزاگاکانی یاساپارێزیشیان رقیان لە ساختەکاری و تەزویر و لادان دەبێتەوەو کەسێک لەم کۆمەڵگایەدا جورئەتی ئەوە ناکات پێشێلی یاسا بکات بۆیە ئەگەر رۆشنبیریی یاساییشیان نەخوێندبێ یاخود کەسەکان

یاشاناسیش نەبن، بەڵام دەزانن یاسا چییە و چیان بۆ دەکاو بەرپرسیاریتی خۆیان دەزانن لە بەردەم یاسادا. جا بە حوکمی پلەی پێشکەوتنی ئەم وڵاتانەش بێشک رۆشنبیریی یاسایی لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا ناسراوترە و منداڵانیان هەر لە چوونیان بۆ باخچەی ساوایانەوە تا دەگەنە بەرزترین پلەی خوێندن فێری رێزگرتن لە دابونەریت و رێزگرتنی قوتابخانە و شوێنە گشتییەکان و ئەرک و مافی هاوڵاتیاتی و بایەخدان بە پاراستنی دەمودەزگاکانی دەوڵەت و پاک و خاوێنی و رەفتاری راست و دروست لەگەڵ مامۆستا و پاراستنی یاساو سەربەخۆیی دادگاکان و لادان لە تەزویر و قۆپیە و غەش و ساختەکاری و هەموو ئەم پرەنسیپانە دەکرێن کە کۆمەڵگەی مەدەنی پێیەوە پابەندە کە لە سەرووی هەموو شتێکیشەوە فێری ئەم رۆشنبیرییە یاساییە دەبن کە وەک هاوڵاتییەک پێویستە بیپارێزن و بیزانن و لێی لانەدەن بۆ بەرەوپێشچوونی میللەتەکەیان و دابینکردنی عەدالەتی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەکەیان و بەمەش هەموو مافێکیان پارێزراو دەبێت و لە کۆمەڵگەیەکی بەختەوەردا دەژین کە بەبێ سەروەری یاسا بۆیان ناچێتە سەر، بەڵام بە نیسبەت میللەتانی دنیای دواکەوتوو کە پێیدەڵێن جیهانی سێیەم یا جیهانی تازە گەشەکردوو و ئەو کۆمەڵگانەش کە لەبەردەستی جیهانی سێیەمدان و بە ئەنقەست و بۆ مەرامی سیاسی بە دواکەوتوویی دەهێڵرێنەوەو هیچ بایەخێکیان پێنادرێ و بگرە لەم میللەتانەدا پلەی نەخوێندەواریش زۆرە بۆیە بەهیچ شێوەیەک رادەی بیرکردنەوەی خەڵکەکەی لەگەڵ رادەی بیرکردنەوەو رەفتاری میللەتانی پێشکەوتوودا بەراورد ناکرێت.. گەندەڵی سیاسیش لەم میللەتانەدا ئەوەندە زۆرە دەسەڵاتداران بە کەیفی خۆیان و بۆ مەبەستی خۆیان دەست لە کاروباری دادوەری

وەردەدەن و بە هیچیشی نازانن و خۆیان لە بەردەم یاسادا بە بەرپرس نازانن بۆیە ئەگەر لەم وڵاتانەدا دەسەڵاتی یاسای پاراستن و بەرپرسێتی و ئەرک و مافەکانی لەنێوان دەسەڵاتدار کە حوکمڕان و لەنێوان رەعیەت کە خەڵکەکەیە دەستنیشان کردبێت و لە دەستووردا فەرمانڕەواکانیان سنووری دیاریکراویشیان بۆ دانرابێت ئەوا تەنیا وەک بەندی یاسایین و وەک بەندی نووسراون و کاریان پێناکرێت و بە پلەی سەرەکیش ئەم پێشێلکردنە دەکەوێتە ئەستۆی سیستەمی سیاسی وڵاتەکە، چونکە ئەگەر سیستەمە سیاسییەکە تاکە حیزبی و دیکتاتۆری و دواکەوتوو بوو ئەوا نەخۆی پەیڕەوی دەستوور و یاسا دەکات نە خەڵکەکەشی لەسەر گیانی یاساپارێزی و هاوڵاتی و نیشتمان پەروەری رادەهێنێت نە مللەتەکەش لەم ئاستەدایە کە بتوانن بەم رادە کزەی رۆشنبیرییان رادەی پێشکەوتن و سەرکەوتنی خۆیان لە یاسادا بدۆزنەوە و بتوانن هەموو پێکەوە دەسەڵاتدارانیان لەبەردەم یاسادا لێیان بپێچنەوە و بەگوێرەی یاسا داوای ماف و داخوازییەکانیان لێبکەن بەڵکو لەم وڵاتانەدا کێشەو گرفتی نێوان خۆشیان واتە هاوڵاتیان لە رێگای زەبروزەنگ و پەیڕەوکردنی سیاسەتی شەریعەتی دارستان جێبەجێ دەکەن چونکە ئەوان وا فێرکراون کە گەورە دەبێ بچووک بخوات بە واتای بەهێز دەتوانێ بێهێز تێکبشکێنێ و خۆی خودان ماف و سەپێنەری دەسەڵاتی زۆردارییە و بۆیەش ئەم رێڕەوە لە سیستەمی سیاسی دواکەوتوودا دەبێتە دروستبوونی چینێکی زاڵ و چینێکی گوێڕایەڵ، چینێکی دەوڵەمەند و چینێکی هەژار، چینێکی زانا و چینێکی نەزان و نەفام و نەخوێندەوار، ئەوەی کە لە سەدەکانی ناوەڕاست و تا ئەم دواییانەش و رەنگە ئێستاکەش لە هەندێ وڵاتدا مابێت. ئەوەی لە سەردەمی رژێمی پاشایەتی لە عێراقیش پەیڕەو

دەکرا بوونی دەرەبەگ و جووتیار بوو، کە دەرەبەگ خۆی خاوەن یاساو خۆشی دانەری یاساو خۆشی جێبەجێکاری یاسا بوو، ئەمەش لە کۆمەڵگە کشتوکاڵییەکاندا هەبووەو زیاتر بووە، بەڵام شوکور ئێستاکە لە کۆمەڵگەی کوردەواری خۆماندا نەماوە بەڵکو ئەگەر نموونەیەک لە میللەتەکەی خۆمان وەرگرین دەبینین کە ئێستاکە هاوڵاتیان لە چاو جاران زۆر پێشکەوتووترن و وا خەریکە رادەی نەخوێندەواریش بنبڕ دەکرێ. دوای راپەڕینی میللەتەکەشمان خەڵکەکە وردە وردە وا خەریکە هەست بە پاراستنی یاساپارێزی دەکات و هەرسێ دەسەڵاتەکەش هەیە و دەسەڵاتی چوارەمیش زیاتر خەڵکەکە بەرەو گیانی یاساپارێزی دەبات و بزاڤێکی رۆشنبیریی بەرزیش لە هەرێمەکەماندا دەبینرێ و خەڵکەکەش زیاتر هەست بەوە دەکەن کە لە رێگای یاساوە گیروگرفتەکانیان چارەسەر بکەن. مافی هاوڵاتیانیش بەگوێرەی یاسا پارێزراوەو پەرلەمانی کوردستانیش بەردەوام خەریکی بڕیار لەسەردان و دەرکردنی ئەم یاسایانەیە کە لە بەرژەوەندی هاوڵاتیان دایەو ناولێنانی کابینەی چوارەمیش بە کابینەی پاراستنی یاسا باشترین نموونەیە، بەڵام هێشتاکە پێویستیمان بە رێنمایی و رۆشنبیریی یاسایی هەیە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا کە دەبێ، هەر لە باخچەی ساوایانەوە منداڵەکانمان فێری رێزگرتنی یاساو یاساپارێزی و ئەرک و مافی هاوڵاتی و گیانی نیشتمانپەروەری و پاراستنی دامودەزگاکانی میللەتەکەمان خزمەتکردنی میللەتەکەمان هەر کەسە لە بواری خۆیدا و رێزگرتن لە مامۆستا و قوتابخانە و شوێنە گشتییەکان و پەنابردن بۆ پۆلیس و دادگاو پیاوانی دادپەروەر و دوورکەوتنەوە لە تەزویر و بەرتیل. لە هەمانکاتیش فێری فەرمانبەران بکرێت ئەرکی هاوڵاتیان راپەڕێنن و نەهێڵن رۆتین و

سستی له کارکردنی هاولاتیان بەرەو لادان ببات له یاسا و فێری ئەوە بکرێن لێپرسینەوە له نێوان دەسەلاتداران و خەڵک له ڕێگای یاساوە بێت و مافی مرۆڤ بپارێزرێت و چین و نەتەوەو ئایینە جیاوازەکانیش فێری خۆشەویستی ڕێزگرتن بکرێت له پێوەندییان لەگەڵ یەکتر و ئەم گیانە قووڵبکرێتەوە بۆ هاولاتیان و بەرژەوەندی گشتی هەمووڵایەک لەبەرچاو بگیرێ و فێری خەڵکەکە بکرێت کە هەموو هاولاتیان بە جیاوازی ئایین و ڕەگەز و مەزهەبەوە لەبەردەم یاسادا وەک یەکن و هەمووڵاش له یەکچارەنووسدا هاوبەشن. ئەوەی زیاتر بلاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی یاسایی کۆمەڵی کوردەواریمان بەرەوپێش دەبات فێرکردنییەتی بۆیە هەقی وایە ئەم ڕۆشنبیرییە ئەگەر بە شێوەیەکی سەرەتاییش بێت له بەرنامەکانی قوتابخانەدا بخوێنرێت بەتایبەتی له وانەی پەروەردەی نیشتیمانیدا و له پلەکانی دواتریش بەتایبەتی له پەیمانگا و زانکۆکاندا هەقی وایە وەک وانەیەک بخوێنرێت، چونکە میللەتی ئێمە واخەریکە بەرەو کۆمەڵگایەکی مەدەنی هەنگاو دەهاوێت و بەتایبەتیش لەم سالانەی دواییدا، هەنگاونان بەرەو ئەو کۆمەڵگایە بۆتە وێردی سەر زاری هەموو ڕۆشنبیر و تاکێکی ئەم کۆمەڵە. دیارە دروستکردنی کۆمەڵگەی مەدەنیش لەبەرپرسیارێتی له بەردەم یاساو پاراستنی گیانی یاسادا خۆی دەدۆزێتەوە کە لەوێدا و بەهۆی یاساوە هاولاتیان دەتوانن لەبەردەم دەستوور و یاسادا، هاویەکبن و عەدالەتی کۆمەلایەتی دەستەبەر بکرێت و ئەرک و ماف و پێوەندی نێوان دەسەلات و میللەتیش هەر لەبەردەم یاسادا شێوەیەکی ڕێکوپێک و هاوچەرخ و مۆدێرنانە بەخۆوە دەبینێ.. بەکورتی ئەگەر ئێمە توانیمان گیانی یاسا بکەینە سەروەر و ڕێبازمان و لێی لانەدەین و هەموو کەسیش لەبەردەم یاسادا لێپرسراو بێت له

گەورەترین هەرەمی دەسەڵاتەوە تا بچووکترین ئەندامی کۆمەڵ ئەوا دەتوانین کۆمەڵگایەکی مەدەنی و پڕ لە بەختەوەری بۆ هاوڵاتیانی خۆمان دابین بکەین و دیاریشە هەرچەندی ئەم رۆشنبیرییە یاساییە پەرەی پێبدرێ و بگاتە زۆرترین ژمارەی خەڵک و رادەی هۆشیاری کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریی میللەتەکەشمان چەندی زیاتر بێت ئەوا ئەم رۆشنبیرییە یاساییە زیاتر بەرەو پێشکەوتن و سەرکەوتن و گیانی سەردەمانەمان دەبات و میللەتەکەشمان فێری ئەوە دەکات کە بۆ یەکلاکردنەوەی هەموو کێشەکان، چ کێشەی ناوخۆیی، چ کێشەی هەرێمایەتی و دەرەوەو لەگەڵ هەموو لایەک لە زمانی شەڕ دووربکەوێتەوەو لەجیاتی ئەوە زمانی دیالۆگ کە زمانی سەردەمی عەولەمە و سیستەمی نوێی جیهانە هەڵبژێرێ و ئەمەش زیاتر ئاسوودەیی بە هەموو لایەک دەبەخشێ و دوارۆژی میللەتەکەمان بەرەو رووناکی دەبات. کەواتە زامنکردنی رۆشنبیریی یاسایی زامنکردنی بە هاوچەرخی بوون و بە مەدەنی کردنی کۆمەڵگەی کوردەواری و ئامانجی بەرەوپێشچوون و خۆشگوزەرانی و رووناکبیری و سەرکەوتنی میللەتە.

# فیدرالیزم و دیموکراسی و سەربەخۆیی

فیدراڵیزم لە ڕووی یاساییەوە بەندە بەم دەوڵەتەی کە ئەم سیستەمەی تیادا پیادە دەکرێ، ئەگەر بێت و دەوڵەتەکە دیموکراسی بوو و خەڵکەکەی لە ڕادەیەکی کۆمەڵایەتی بەرزبوو واتە هۆشمەندی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و ئابووری لە ڕادەیەکی پێشکەوتوو بوو ئەوا زۆر بە جوانی دەتوانرێ ئەم سیستەمە پیادە بکرێ و هیچ تەنگ و چەڵەمەیەک دروستنابێت، بە پێچەوانەوە ئەم دەوڵەتانەی کە ڕادەی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕامیارییان دواکەوتووە و دەوڵەتی تاکە حیزبین و دیکتاتۆرین ئەوا فیدراڵیەکە هەر بە شێوە دەبێت و ناوەرۆکی پووچەڵ دەبێت و کێشەکان زیاتر دەئاوسێن.

ئەمەو ڕادەی سەرکەوتن و سەرنەکەوتنیشی دیسان بەو دەوڵەتانەی فرە نەتەوەو یەک نەتەوە دەگۆڕێن و تاسەر چارەسەری گیروگرفتە نەتەوەییەکان ناکات ئەوەتا چیکۆسلۆڤاکیا بێ شەڕ و تەنگوچەڵەمە و بە شێوەیەکی دیموکراسیانە بوون بە دوو کۆمار. ئەوە کۆمارەکەی یۆگسلاڤیا بوو بە چەند دەوڵەتێک. ئەوە کەنەدا کە ناوچەی فیدرالی (کیبک) کە شێوە زمانیان فەڕەنسییە دەیانەوێ ڕادەیەکی پێشکەوتووتر لە سەربەخۆیی بەدەستبێنن. هەرێمەکانیتریش ئەم داخوازیانەیان هەیە و ئێستا دەیانەوێ زیاتر گەشە بە دەستووری فیدرالیەکەیان بدەن کەچی دەوڵەتێکی فیدرالی

وەک ئەڵمانیا و نەمسا و ئەمەریکا و میرنشینەکانی عەرەبی کەنداو... تاد هیچ گیروگرفتێکی نەتەوەییان نییە و شێوە فیدرالییەکەیان سەرکەوتووە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە دەوڵەتەکانیان یەک نەتەوەن و دووبەرەکی نەتەوەییان نییە.

لە رووی یاساییەوە فیدرالیزم بەندە بە خودی دەوڵەتەکە و ئەم گەلانەی کە تیایدا دەژین هەربۆیەش دەبێ چۆنیەتی دارشتنی ئەم چەمکە لەگەڵ دەستووری دەوڵەتی فیدراڵ بە جوانی یەکلابکرێتەوە، ئایا چەند دەسەڵات بە دەوڵەتانی هەرێم دەدات؟

ئایا سنوورەکانی دیاری دەکرێن؟ ئایا لە دوارۆژیش مافی ئەو دەوڵەتانەی هەرێم دەدات بە ئارەزووی خۆیان لەگەڵ دەوڵەتی فیدراڵ بمێننەوە یان نا..؟

بۆیە دەبێ سوود لە بەندە یاساییەکانی ئەم دەوڵەتانە ببینرێ، واتە وامان لێنەکرێ فیدرالیەکە هەر مافی ئیداری بێت یان هیچ دەسەڵاتێکی هەرێمیمان نەبێت و هەموو هێزو توانا و دەسەڵات بۆ دەستووری مەرکەزبێت و دەبێ ئارەزووی مانەوەو نەمانەوەشمان بۆ دوارۆژ دەستنیشان بکرێت ئەمەش بەندە بە داهاتووی دەوڵەتی عێراق خۆیەوە چونکە ناکرێ هەرێمێک بە تەنیا فیدراڵی بێت ئەگەر دەوڵەتەکە و ئەم نەتەوانەی کە تیایدا دەژین نەگەنە ئەم قەناعەتەی کێشەکانی ئەم دەوڵەتە فرە نەتەوەییە بە فیدرالییەتی ئارەزوومەندانە نەبێت چارەسەر ناکرێت.بۆیە لە داهاتووی عێراقێکی دیموکراسی و فرە حیزبی و نەتەوەیی و مەزهەبیدا تاکە چارەسەرکردنی کێشەکان هەر بە فیدرالکردنی عێراق دەبێت، بەڵام دەبێ لە دانانی دەستووری دەوڵەتی فیدرالدا کەسانی پسپۆڕ و لێزان دابنرێن تا لە خشتەمان نەبەن، بێگومان کێشەیەکی هەرە گرنگیش کە تا ئێستا باسی لێوە نەکراوەو دەمێنێتەوە کێشەی دیاریکردنی سنووری

هەرێمەکانە رەنگە بەم ئاسانییە چارەسەر نەکرێ وەک ئەوەی ئێمە تێی گەیشتووین چونکە بڕوا ناکەم کەس بەشی گرنگ لە دەست خۆی بدات، بۆیە دەبێ حکوومەتی کوردستانی خواروو پەرێزی خۆی پاک بکاتەوە، بڕواش ناکەم دەوڵەتی دیمۆکراسی داهاتووی عێراق لە دەوڵەتانی بەناو دیموکراسی رۆژهەلاتی ناوەڕاست دیموکراسیتر بن.

سیستەمی نوێی جیهانی خۆی قەوانێکی نوێیە دوای رووخانی شوورەوی پێشوو و جەنگی کەنداو لەلایەن ئەمەریکاوە جاڕی بۆ درا، ئەم سیستەمە پشت بە سێ کۆلەگەی سەرەکی دەبەستێ کە مافی مرۆڤ و دیموکراسی و مافی چارەی خۆنووسینە.. بۆیە ئێمەی کورد دەتوانین سوود لەم سێیانە ببینین.

ئەوەی حکوومەتی کوردستانی هاندا بۆ راگەیاندنی فیدرالیزم هەر ئەم سیستەمە نوێیە بوو زمینەی بۆ بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد خۆشکرد تا قۆناخێکیتر بێتە پێش و کێشەکەمان ببێتە کێشەیەکی سیاسی و بایەخی نێودەوڵەتانیشی پێبدرێت. راپەڕینە مەزنەی کوردستان و کۆچڕەوە گەورەکەشی دوو کاری زۆر گرنگ بوون بۆ گەیاندنی پایەی کورد و گواستنەوەی لە کێشەیەکی ناوەخۆ بۆ کێشەیەکی جیهانی ئاڵۆز لە رۆژهەلاتی ناوەڕاست و سیستەمی نوێی جیهانیش گوڕوتینێکیتری پێ بەخشی. هەرچەندە فیدرالیزم وەک مافی چارەی خۆنووسینی کوردستانی خواروو دوا ئامانج نییە، چونکە هیچ کوردێک نییە نکۆڵی لەوە بکات رۆژێک لە رۆژان خەون بەوە نەبینێ بە راستکردنەوەی هەڵەی مێژوو کە بەڵگەنەویستە و هەردەبێ نەتەوەکەمان بیگاتێ، بەلام زوو و درەنگی دەوێ و هێشتا بەرژەوەندی زلهێزەکان و ئەم دەوڵەتانەی کە کوردیان تێدایە گۆڕانی وایان بەسەر نەهاتووە ئەم خەونەمان

بێتەدی و نەخشەی کوردستانیش زۆر ئاڵۆزەو هەموو لایەکمان دوژمنە و شوێنەکەشی بە گوێرەی شوێنی جیۆپۆلیتیکی داخراوەو جارێ ناتوانین بە یەکجار هەموو قۆناخەکان ببڕین. ئەگەرچی سیستەمی نوێی جیهانی دنیایەکی تری لەبەردەم دەوڵەتان کردەوەو زۆر لە دەوڵەتە فیدراڵییەکانی هەڵتەکاند و سنوورە دەستکردەکانی هەڵوەشاندەوە و سەربەخۆییان بەدەستهێنا ئەوەتا زۆربەی دەوڵەتە فیدراڵییەکانی فرە نەتەوە پێی رازی نین هەر نەتەوەیە و دەیەوێ قەوارەی خۆی پێکبنێتەوە، بەلام بۆ ئێمەی کورد وەک قۆناخێکی کاتی شتێکی خراپ نییە و رێگای سەختیش هەر هەنگاوی یەکەمی زەحمەتە تا ئەم سیستەمە نوێیە جیهانیەش زیاتر پەرەبسێنی کێشەکەمان زیاتر بەرەوپێش هەنگاو دەنێ و وا خەریکە دەرگاکانی ئەم سیستەمەمان بۆ دەخرێتە سەر پشت.

بێگومان خەباتی پەرلەمانی و دیموکراسی و دیبلۆماتی جۆرێکە لە خەباتی سیاسی بۆیە ئەرکەکە زیاتر دەکەوێتە ئەستۆی خۆمان تا ئێمە یەکگرتوو و دیموکراسی و شارستانی بین و خۆمان رێکخەین ئاسۆمان روونتر دەبێ. دەبێ بە جیهانی پیشان بدەین ئێمە دەتوانین لە رۆژهەلاتی ناوەڕاستی دواکەوتوو و حکوومەتە دیکتاتۆرییەکان میللەتێکی پێشکەوتخواز و ئاشتیخواز و دیموکراسین و ئەم سیستەمە نوێیە جیهانیەش هەر ئەوەی لە ئێمە دەوێ بۆیە دەبێ ئامانج و ستراتیژمان یەکخەین و خەباتی دیبلۆماتی و سیاسی پەرەپێبدەین و ببینە نموونەیەک بۆ گەلانی رۆژهەلاتی ناوەڕاست. تاکە رێگامان ئەم تاقیکردنەوەیە بۆیە دەبێ میللەتی خۆمان لەم دیموکراسییە رابێنین و واخەریکە هۆشمەندی کۆمەلایەتیش زیاتر پەرەدەسێنی و میللەتە قارەمانەکەمان زۆر خۆڕاگرانە پشتی حکوومەت و پەرلەمانی خۆمان دەگرن و بڕوا ناکەم میللەتەکەم

لەو رادەیە بێ ئەم هەلە مێژووییە لە دەستبدات چونکە پیادەکردن و ڕاهێنانی لەسەر فیدرالیزم بۆ کوردستانی خواروو قۆناخێکی باشە بۆ گەیشتن بە ئامانج.

با دڵی خۆشمان بەوە بدەینەوە هێشتا زۆر نەتەوەی دنیا ماون بە ئامانجی خۆیان نەگەیشتوون و دابەشکراون ئەوەتا گەلی ئەلبانیا بەشێکی کەوتۆتە یوگسلاڤیا و بەشێکیشی لە ڕۆمانیایە. ئەوەتا مەکدۆنیا لەنێوان یوگسلاڤیا و یۆنان دابەش بووە. ئەوەتا کشمیر نە هیندین و نە پاکستانین هەر کەسە بەهی خۆی دادەنێ. ئەوەتانێ بلووجستان هێشتا بەسەر سێ دەوڵەتەوە دابەشکراوە. خۆ گەلێک نەتەوەی تریش لەناو کۆمارە سەربەخۆییەکانی شوورەوەی پێشوو ماون و هەوڵی ڕزگاربوون دەدەن، نموونەی تریش زۆرن بۆیە دەبێ ئێمە قۆناخی فیدراڵیزم ببڕین، بەڵام چۆن فیدرالییەتێک قبووڵ بکەین؟ بێگومان ئەمەش دەمێنێتەوە سەر جۆری ئەم پەیوەندییە دەستوورییەی داهاتوو بۆ عێراقێکی فیدراڵ ئەگەر بیانەوێ عێراقی داهاتوو دیموکراسی و یەککرتوو بێت.

بەڵام گرنگترین شت بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد ئەوەیە ئەگەر بمانەوێ هەنگاوی گەورەتر بەدەستبێنین دەبێ پێڵەقە لە بەختی خۆمان نەدەین و بزانین لە بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا و ڕۆژئاوادا شوێنمان چییە و چ شتێک زیانمان پێدەگەیەنێ و چ کارێکیش بەرەوپێشمان دەبات بۆیە دەبێ چالاک و بوێر و یەککرتوو و بیرفراوان بین، چونکە وا پەیماننامەی سایکس بیکۆ تەواو بوو و واپێویستدەکات نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەرلەنوێ دابڕێژرێتەوەو ئەمەش بۆ کورد گرنگە و دەبێ کار بۆ ئەوە بکەین لەو نەخشەیەدا هەبین و پێگەیەکمان لەو ناوچە گڕگرتووەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەبێت.

بێگومان فیدرالیزم وێستگەیەکی گرنگ بوو بۆ کورد هەروەها وەک بناغەیەکیش بوو بۆ ئامانجی داهاتوومان کە دەوڵەتی کوردییە ئەگەر بناغەکەمان تەواو و پتەوتر کەین و ناومالمان یەک بێت دەگەینە یۆتۆبیا و خەونی هەموو کورد کە سەربەخۆیی یەکجارەکییە.

# دیاردەی
# دەسەڵاتی سیاسی

## • دەسەڵاتی سیاسی چییە؟

لە راستیدا چەندان بیروڕا هەن کە پەیوەست بە لێکۆڵینەوە لە دەسەڵاتدا گوتراون، بەڵام ناتوانرێ دەسەڵات بناسرێتەوە بێ زانین و لێکۆڵینەوەی دەسەڵات خۆی لە خۆیدا، وەک دیاردەیەک لەوساوە هەبووە کە کۆمەڵگا رێکخراوەکان دەسەڵاتیان رێکخستووە.

هەمدیس ناشتوانرێ لێیان بکۆڵرێتەوە بێ بوونی کۆمەڵگایەکی رێکخراو، بەشێوەیەک کۆمەڵگاکانیش ئەوکاتانە بە هەبوو دادەنرێن کە واقعێکی دیاریکراوی تێدا بێتەدی کە پاڵ بە تاکە کەسانییەوە بنێت تا بخزێنە ناو گردبوونەوەو تێکەڵی یەکتر بن.

بەردەوامی ئەو واقیعە وادەکات کە تاکە کەسان پێکەوە گردببنەوەو ئەو گردبوونەوەش بەردەوام بێت لەم کۆمەڵگایەدا، بێگومان کۆمەڵگاش دوو جۆری هەیە یان پێکهاتەکەی ساکارەو یانیش ئاڵۆز و پێکهاتەییە. ئاخۆ دەسەڵات ئەوەیە کە کارتێکردنی کەسان بێت بەسەر ئەوانیتر؟ ئاخۆ دەسەڵات توانایی ماددییە بەکارتێکردن بەسەر ئەوانیتر؟ ئاخۆ دەسەڵات خودی خۆیەتی یاخود قەناعەتە لای ئەوانیتر؟ بۆچی هەندێک کەسانی دیاریکراو چێژ لە بوونی دەسەڵات دەبینن و هیتر ئەو چێژەی لێنابینن؟ ئاخۆ دەسەڵات تاکەکەسییە یا وەزیفەیەکی کۆمەڵایەتییە بێ بوونی

کەسانی پێکهاتووی ئەو کۆمەڵگایە، (پارسنس) وایدەبینێ کە دەسەڵات وەزیفەیەکی کۆمەڵایەتییە و ئەم وەزیفە کۆمەڵایەتییەش وەک وەزیفەی دراوە لە کۆمەڵدا. جا ئایا دراو خۆی لە خۆیدا بەهای هەیە؟

وەڵامەکەی ئەوەیە کە دراو خۆی بەهای نییە بەڵکو وەزیفەی خۆی هەیە. کەوایە وەزیفەکەی چییە؟

وەڵامەکەی ئەوەیە کە:

أ- ئاسانکاری بۆ کڕین و فرۆشتن دەکات لە نێوان خەڵک.

ب- دراو دەستنیشانی بەهای شتێک دەکات.

دەسەڵاتیش بەهایەکی وەزیفی هەیە و ئەم بەها وەزیفییەش پەیوەستە بە بیرۆکەی پاراستنی کۆمەڵ لە میانەی ئەم ڕێسایانەی کە لە کۆمەڵگادا هەن.

کۆمەڵگا هەرچییەک بێت گەورە یا بچووک ئەوەی کە تێبینی دەکرێت ئەوەیە کە بنچینەی کۆمەڵگاش وەزیفەکەیەتی، ئەوەی بە وەزیفەکەشەوە لکاوە ئەم ڕێسایانەیە کە دەبێ ڕازیکردنی لەگەڵدا بێت.

جا دەسەڵات پێوەندییە کەسییەکانە لە نێوان حاکم و حوکم لەسەر کراوان لەم کۆمەڵگایەدا.

هەروەک لە بەراییدا گوتمان کۆمەڵگا دوو جۆرە، یا ساکارە و یانیش پێکهاتەییە و ئەمەش کە لێکیان جیادەکاتەوە ئەوەیە کە کۆمەڵگای ساکار و ژمارەی تاکەکەسانی کەمن و یەکتربینییان زووتر ڕێکدەخرێ و کاروباری نێوانیان بێ بوونی ناوبژە (وسیط) لە کۆمەڵگادا و بەم کۆمەڵگایەش دەگوترێ کۆمەڵگای ئامێری چونکە پێکهاتەی پێوەندییەکەی وەک پێوەندی نێوان بەشەکانی یەک ئامێر وایە.

بەلام لە کۆمەڵگای پێکهاتەیی (مرکب)دا پێوەندییەکان بەهۆی ئەم دامودەزگایانە دەبێت کە ناوبژن لەنێوان حاکمان و حوکم لەسەر کراوان.

ئەو دامودەزگا ناوبژانەش دەکرێ حیزبەکان یا سەندیکاکان بن. دەسەلات لەم کۆمەڵگا پێکهاتەییانەدا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پیادە دەکرێ، بە پێچەوانەی کۆمەڵگای ساکار کە بەشێوەیەکی راستەوخۆیە.

دەسەلات شتێکی سروشتییە و پەیوەستە بە بوونی مرۆڤەوە، تەنانەت پەیوەندی بە بوونی بوونەوەرە زیندووەکانیشەوە هەیە. هیچ ماوەیەکی زەمەنی نییە بە نەبوونی دەسەلات، چونکە هەر کەسێک لە کۆمەڵگادا بە هەر شێوەیەک بێت مومارەسەی دەسەلاتی خۆی دەکات، وەک دەسەلاتی باوک و دایک لە خێزان، دەسەلاتی بەڕێوەبەر لە قوتابخانەدا یان لە دائیرەدا، ئەمەش ئەگەرچی ئەو دەسەلاتانە بەشێکن یا بەشێکی بچووکن لە دەسەلاتی هەموو لە کۆمەڵگادا.

- **شێوەکانی دەسەلات یا دیاردەکانی دەسەلات کە دەتوانرێ هەبن لە کۆمەڵگادا بە گوێرەی هەڵسەنگاندنی (ماکس فیڤەر):**

بە نیسبەت (ماکس فیڤەر) لە کتابی (کۆمەڵگاو ئابووری)دا باسی بوونی چەند شێوەیەک دەکات کە لە کۆمەڵگاکاندا مومارەسەی دەسەلاتی تێدا دەکرێ.

بیرۆکەی ئەو دەربارەی کۆمەڵگا پێکهاتەییەکان یا ئاڵۆزەکان ئەوەیە کە دەڵێ: ((شەڕەکان هۆکاری سەرەکی و بنچینەیین بۆ پێشوەچوونی کۆمەڵگاکان کە بۆتە هۆکار تا لە کۆمەڵگای ساکارەوە ببن بە کۆمەڵگای پێکهاتەیی کە بوو بە بوونی تایبەتمەندی و

دابەشکردنی کار. کۆمەڵگاکان لە سەرەتادا هەموویان ساکار بوونە وەک چۆن پێوەندییەکانیان ساکار بووە و پشتیان بە دزی و تاڵان بەستووە، بۆیەشە پێوەندییەکانیان پێوەندی شەڕ بووە بۆ نموونە پێویستیان بە گەنم و جۆ هەبووە ئەوا بە شەڕ بەدەستیان هێناوە یا بە شەڕ توانیوویانە پارێزگاری لە سامانی خۆیان بکەن، ئەم وەزیفەش کۆمەڵێک تاکەکەسانی دروستکرد کە وەزیفەیان پاسەوانی بێت، جا لاوان زیاتر پاسەوانیان دەکرد، لە بەرامبەریشدا دەبووا کەسانیتر هەبن کاری دزی و تالانی بکەن و ئەمەش کۆمەڵگایەکی پڕ لە شەڕوشۆڕی دروستکردبوو..)).

بە گوێرەی هەڵسەنگاندنی (ماکس فیڤەر)، دەسەلاتەکان بەم سێ شێوەیە هاتوتەدی:

**١- دەسەڵاتی ئاقڵمەندی ڕەوا (السلطة الشرعية العقلانية):**

ئەوەش ئەو دەسەلاتەیە کە لە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکاندا هەیە کە لەسەر بنچینەی هەڵبژاردن دامەزراون کە کۆمەڵگاکانیان وەها بڕوایان هێناوەو لەمەشدا لاسایی و دابونەریتی کۆمەڵگا ڕەچاودەکرێ کە تێیدا هاتۆتەدی. لەم کۆمەڵگایانەدا پێداگری نەکراوە بەڵکو ئەم ڕێسایانەی کە لە کۆمەڵگادا هەبووە بۆتە بڕیاردانی مومارەسەکردنی حاکمانیان بەم شێوەیەی دەسەلات.

**٢- دەسەڵاتی وابەستە بە بوونی بۆ خۆڕاکێشان (الجاذبية):**

بە شێوەیەکە کە دەسەلاتی حوکمڕانی ئەوکاتە هەیە کە خاسیەتەکانی دیاریکراوی دەسەلات هەن و ئەم خاسیەتانەش بۆ دەسەلات دەبێتە هۆی گوێڕایەڵی کۆمەڵگاکەی.

هەورەها خاسیەتی دیاریکراوی بۆ خۆڕاکێشان لە حوکمڕانەکاندا بۆتە هۆی قبوولکردنی حوکمڕانیان و ئیتاعەکردنیان لە کۆمەڵگادا وەک دەسەلاتی (نەهرۆ) و (ستالین) و (ماو) و (ئیزنهاوەر)...تاد.

هاتنی ئەو کەسایەتیانە بۆ دەسەڵات زۆر لەکاری ئاسایی هاتنە سەر دەسەڵات دوورە هەروەها لە هەموو لاسایی و بنچینەی ئاقڵمەندییەوە دوورە، واتە بەڕێوشوێنی ئاسایی نەگەیشتوونەتە دەسەڵات بەڵکو هۆکارەکەی ئەوەیە کە ئەوانە خاسیەتی وایان تێدایە و هەڵگری سیفاتی وان بتوانن هیتر بۆخۆیان راکێش بکەن و مومارەسەی دەسەڵاتی خۆیان بە شێوەی نێگەتیفی و پۆزەتیفییەوە بەدەر لە هەموو ئەوانە وابمێننەوە کە لە کۆمەڵگای خۆیاندا قبوڵکراوبن، تەنانەت جازبیەتی ئەو حوکمڕانانە و حوکمڕانیشیان لە دەرەوەی وڵاتانی خۆشیاندا قبوڵکراو بێت.

لە راستیدا ئەو سیفاتانە کە لەلایەن (ماکس فیڤەر)ەوە پۆلێن کراوە، ئەمە مانای وانییە کە دەسەڵاتەکان تەنیا هەر بەیەک شێوە دەقەبەڵکراوە بەڵکو لەوانەیە دەسەڵات هەبێ بەهۆی کۆبوونەوەی هەموو ئەو سیفاتانە بێت نەک تەنها بەهۆی رەگەزی جازبیەتەوە یا بۆخۆڕاکێشانەوە، بەڵکو هەندێکجاریش بنەمای ئاسایی دەیهێنێتە ئاراوە، هەر بۆ نموونە (دیگۆل) هەڵیانبژارد و دەسەڵاتەکەشی لە رێگای ئاقڵمەندییەوە (عقلانية) بوو.

**• بنەمای کۆمەڵگا پیشەسازی و کشتوکاڵی و کۆمەڵگا تازەپێگەیشتووەکان لەڕووی کارتێکردنی ئەم بنەمایە بەسەر دیاردەی سیاسییەوە:**

بێگومان ناتوانرێ هەر تەنیا باسی بوونی کۆمەڵگایەکی سۆشیالیستی یا سەرمایەداری بکرێت بەڵکو وا راستە قسە لەسەر بوونی کۆمەڵگایەکی کشتوکاڵی و پیشەسازی ئاسایی بکرێت چونکە دەسەڵات لە زۆر کۆمەڵگاکاندا هاوچەشنە، بەڵام ئەوەی جیاوازە بنەمایە هەروەک چۆن لە نێوان یەکێتی سۆڤێتی پێشوو و

دەوڵەتانی تازە پێشکەیشتوو و وڵاتە یەککگرتووەکانی ئەمەریکادا هەیە.

(ریمۆن ئارۆن) وایدەبینێ کە کۆمەڵگا پیشەسازییەکان خاسیەتی خۆیان هەیە و دەکرێ قسە دەربارەی ئەم کۆمەڵگا پیشەسازییانە بکرێت.

خاسیەتەکانیش بە نیسبەت ئەو نووسەرە ئەوەیە کە: بوونی دامودەزگای گەورەن کە دابڕاون لە کارو ناوی خێزان و دەرەنجامیشی بوونی دامودەزگاکانی کۆمەڵگای پیشەسازییە.

ئەم دامودەزگا پیشەسازییەش واپێویست دەکات کە لە دانیشتووان دانەبڕێت و ئیشکەری زۆری هەبێت و ئەو ئیشکەرانەش ئارەزوویان لە ئیشکردندا هەبێت و کۆمەڵگای پیشەسازیش بۆ ڕێکخستنی ئەم دامودەزگایانە دەبێ سەرمایەی بۆ دابین بکات کە بتوانێ ئیدارەی ئەم دامودەزگا پیشەسازییانە بکات و ئەم ئیدارەکردنەش تایبەتمەندەو ڕێکخستنی دامودەزگایی دێنێتە ئارا، بەشێوەیەک کە لەسەر بنچینەی ژمێریای دامەزرابێت تا بتوانێ ئیدارەی ئەم دامودەزگایە بکات.

جا ئایا هۆکارەکەی چییە کە کۆمەڵگایەک دەکاتە کۆمەڵگای پیشەسازی و لە دەوڵەتانیتردا نییە؟

بۆچی دەوڵەتانی ئەوروپایی بوونەتە دەوڵەتانی پیشەسازی و بۆچی ئەو دەوڵەتە پیشەسازییانە لە کۆمەڵگاکانیتردا نین؟

(کارل مارکس) وەک زۆر لە نووسەرانیتر زۆر بە پەرۆش بووە و هەوڵی داوە تا وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە.

وەڵامەکەی ئەو دیار و روونە و پەیوەندی بە بەرهەمهێنانەوە هەیە هەورەها بە پەرەسەندنی کردەی بەرهەمهێنانەوە.

(مارکس) گەیشتۆتە ئەوەی کە ئەوروپا بە تەنیا لە

کیشوەرەکانیتری دنیا ئەو دیاردانەی تێدا هاتۆتەدی کە لە کۆمەڵگاکانیتردا نین:

١- نەشونماکردنی شاری بۆرژوای سەربەست لە ئەوروپادا بێ دەسەڵاتداری دەوڵەت بەسەرییەوە، بەڵام لە ئاسیا و ئەفریقیا و ئەمەریکای لاتین چەمکی شاری سەربەست بەدیار ناکەون.

٢- پێشکەوتن و فراوانکردن و بوونی پیشەسازی دەستی سادە کە لەو شارانەدا بەرهەمدەهێنرێن کە بازرگانە بۆرژواکان دروستکردن و دابەشکردنیان خستبووە ئەستۆی خۆیان بۆ شارەکانی نزیک لە خۆیان، ئەمەش وایکرد کە بایەخ بە ڕێگاکانی گەیاندن بدەن (شارستانێتی پێش هەموو شتێک ڕێگاکانی گەیاندنە).. کەواتە بایەخیان بە پیشەسازی و ڕێگاکانی گەیاندنی دەریایی بازرگانیدا لە چەرخی هەژدەمدا، جا بۆیە شاری پیشەسازی دروستبوون و ئەمەش بووە هۆی کۆچی زۆر لە جووتیاران لە لادێوە بۆ شار. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی شارە پیشەسازییەکان وەریانبگرن و بازاڕی کارکردن لە شارەکاندا دروستبوون. کرێی کەم و کاری زۆریش بووە هۆی پەیدابوونی سەرمایە و کەلەکەبوونی سەرمایە و فراوانکردنی کارگەکان، بەشێوەیەک کە ئەم کارگانە بوونە کارگەی بەرهەمهێنان و لە ئەوروپاشدا ماوەیەکی زۆر ئاشتی لە دەرەوە نەک لە ناوەوە هاتەدی و بەپێچەوانەوەش دەبینین کە شەڕو شۆڕ و جەنگی زۆر و بەردەوام بووە هۆی وێرانی شارستانێتی ئاسیاو ئالێرەدا پرۆژەی گەورە دروستبوون و ئەم پیشەسازییە گەورانەش شوێنپێی و هەژموونی دروستکرد کە بوو بە بنچینەی دەسەڵات.

• **خاسیەتەکانی دەسەڵات لە کۆمەڵگا پێش پیشەسازییەکاندا:**

١- لە کۆمەڵگا پێش پیشەسازییەکاندا ئەگەرچی دامودەزگاش هەیە و هەروەها پڕۆژەش هەن و زۆرن، بەڵام ئەم دامودەزگایانە وا بەڕێوەدەبرێن کە پێوەندی راستەوخۆیان بەخێزانەوە هەیە. تەنانەت ژیانی ئەم دامودەزگایانە و کاریشیان لە بنچینەدا بەناوی خێزانێکی دیاریکراوەوەیە، بەم شێوەیەی کە مردنی سەرۆک خێزان لەوانەیە ببێتە هۆی نەمانی ئەم دامودەزگایە.

٢- سەرمایە بەگوێرەی پێویستی پیشەسازی یا تێگەیشتنی پیشەسازی هیچ شوێنێکی نییە، چونکە لە کۆمەڵگا پێش پیشەسازییەکاندا تەنیا و تەنیا دەوڵەمەندان هەن، بازرگانە گەورەکان هەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەش چەمکی سەرمایە و کۆکردنەوەی بۆ دیاردەیەکی سەربەخۆ خۆی لە خۆیدا بە نیسبەت چەمکی سەرمایە لە کۆمەڵگاکانی پێش پیشەسازی پەرەینەسەندووە ئەگەر لەگەڵ کۆمەڵگا پیشەسازییەکاندا بەراوردی بکەین.

٣- پەرەنەسەندنی سیستەمی پارەداری و حیسابی بۆ دامودەزگاکان بۆیەشە ئیدارەی دامودەزگاکان تاکە کەسێک بەڕێوەی دەبات یا کەسێکی نزیک لەو کەسە، بەڵام لە کۆمەڵگا پیشەسازییەکاندا سیستەمی پارەداری و حیسابی سەربەخۆ هەیە کەسانی دابڕاو یا پسپۆڕ لە سیستەمی پارەداری پێی هەڵدەستن.

٤-کۆمەڵگای رێکخراو لە یەکەی تاڕادەیەک بچووک بەپێچەوانەی یەکە کۆمەڵایەتییە گەورەکان کە لە کۆمەڵگا پیشەسازییە گەورەکاندا تێبینی دەکەین.. بۆیە کرۆکی کێشەکە ئەوەمان بۆ بە دیاردەخات کە زیاتر و زیاتر دەسەڵات لە کۆمەڵگا پیشەسازییەکاندا لە بنچینەدا پشت بە دامودەزگا گەورەکان دەبەستێ، بە شێوەیەک کە حکوومەت

ڕێکدەخات و دەستنیشانی دەکات و کاری حکوومەت ڕێکدەخات لەمیانی کاری دامودەزگا و بەرژەوەندی گەورەدا.

بەلام لە کۆمەلگا پێش پیشەسازییەکاندا دەبینین بچووکی قەوارەی دامودەزگاکان و رەگدانەکوتانی لە کۆمەلگادا وادەکات کە لە ئەنجامدا بکەوێتە دەست حکوومەت زیاتر لەوەی کە حکوومەتەکان لەژێر دەستی دامودەزگاکاندا بن.

بەلام لە کۆمەلگا کشتوکالییەکاندا تێبینی ئەوە دەکەین کە خاسیەتی دیاریکراوی هەیە و ئەمەش لەمیانی ئەوەی کە ئەم کۆمەلگا کشتوکالیانە خاسیەتی وای هەیە لەوانەش کیفایەتی خۆی بۆ بەرهەمهێنان و بەکاربردندا، بەم شێوەیە کە:

أ- کۆمەلگا کشتوکالییەکان ئەوەی بەرهەمی دێنن بەکاری دێنن، بۆیەش بەیەکترەوە نەبەستراونەتەوە، لەبەر ئەوەشە کە ئالوگۆڕی کەلوپەل نابینرێ لەنێوان یەکەکانی کۆمەلگای کشتوکالی لەگەل یەکتریدا.

ب- لەم کۆمەلگا کشتوکالیانەدا تەقالیدەکان حوکم دەکەن، ئەمەش وادەکات کە ئەم کۆمەلگایە بەستراو و داخراو بێت لە جولانەوەکانیدا یا شێوەیەکی چەسپاوی هەیە وەک ئەوەی کە کۆمەلگاکانیان بە نیسبەت کۆمەلگاکانیتر بواری تەسکەو فراوان نابێت.

## سەرچاوەکان

١- توم بوتومور، علم الأجتماع السياسي، ترجمة: د. وميض نظمي، ط١، دار الطليعة، بيروت، ١٩٨٦.
٢- ب. روزانڤالون، ب. فيڤرى، نحو ثقافة سياسية جديدة، ترجمة: د. خليل احمد خليل، ط١، دار الطليعة، بيروت ١٩٨٢.
٣- چارلس ماچ، المجتمع فى العقل، ترجمة: د.احسان محمد الحسن، ط١، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٩٠.

# تەزویرکردنی هەڵبژاردن و
# هۆیەکانی کارتێکردنی

زۆربەی دەستوورەکانی دنیا بڕیار لەسەر پێشنیاری گشتی ڕاستەوخۆ و یەکسان و نهێنی دەدەن، بەڵام تاکو ڕۆژگاری ئەمڕۆمان هەوڵدان لە ئارادایە بۆ دانانی ئاستێک بۆ پرەنسیپی پێشنیاری گشتی و دوورخستنەوەی جەماوەرێکی فراوان لە هەڵبژاردندا بە هەنجەتی جۆراوجۆرەوە ئەمەش لەگەڵ سەربەستی سیاسی کەسان ناگونجێ و دەستدەخاتە نێو ئیرادەی هەڵبژێر و ناتوانێ بە ئارەزووی خۆی نوێنەری ڕاستەقینە و لێوەشاوە هەڵبژێرێ. دەبێتە هۆی دەرچوونی کەسانی وا کە ناتوانن خزمەتی میللەتەکەیان بکەن و پاکژی هەڵبژاردن تێکدەدا و ناڕەزایی خەڵکی پێشاندەدا و کار لە کار و بەرنامەکانی پەرلەمانیش دەکات ئەم هۆیانەی خوارەوەش چەند جۆرێکن لەم ڕێگایانەی بۆ تەزویرکردنی هەڵبژاردن ئەنجامدەدرێن:

**١- لادان لە پرەنسیپی یەکسانی لە دەنگدان:**

هەرچەندە یەکسانی لە مافی هەڵبژاردندا لە زۆربەی دەستوور و یاساکانی هەڵبژاردنی دنیادا ڕاگەیەنراوەو نووسراوە، بەڵام لەکاتی ڕاپەڕاندندا ئەم پرەنسیپە دەشێوێنرێ و بەم جۆرە:

**أ- هەڵبژاردنی ناڕاستەوخۆ:** ئەمیش جۆرێکە لە هەڵبژاردن بەوە دەبێ کە کۆمەڵانی خەڵک چەند نوێنەرێک بۆ خۆیان هەڵبژێرن

پاشان ئەم نوێنەرانە پاڵێوراوانی پەرلەمان هەڵدەبژێرن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە هەڵبژێرانی ناسەرەکی وردە وردە دووردەخرێتەوەو دەبێتە هۆی بچووکبوونەوەی هەڵبژاردنی نوێنەرانی پەرلەمان واتە پاڵێوراوان نوێنەرانێکی کەمتر لە جەماوەر هەڵیاندەبژێرن.

ب-**هاودەنگ دان**: واتە هەڵبژێر چەند جارێک لە بازنەی هەڵبژاردنی جیاجیاوە دەنگ دەدات هەروەک لە ئینگلستاندا تا ساڵی ١٩٥١ باوبوو، هەروەکو چۆن هەڵبژێر لەم شوێنە لێی دادەنیشێ دەنگی خۆی دەدا و پاشانیش لەم شوێنەی کە کاری لێدەکا دیسان دەنگی دەداو هەروەها لە ناوچەی زانکۆی هەڵبژاردنیش هەر دەنگدەدا کە دەرچوویەتی چونکە لە ئینگلستان هەردوو زانکۆ ئیکسفۆرد و کمبرج هەر یەکێکیان دوو نوێنەری خۆی دەنێردە ئەنجوومەنی گشتی (مجلس العموم).

ج- هاودەنگی وا لە هەندێک کەس دەکەن چەند دەنگێک بدەن بەهۆی ئەم ئیمتیازەی کە هەیانە بەبوونی مەرجداری سامان یان دەوڵەمەندی. ئەم ڕێبازەش بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەنگی زۆربەی گەلە. ئەمەش شێوازێکی دیکە بەخۆیەوە دەگرێ وەک دەنگدانی زیادەکی سەرەک خێزان شان بە شانی دەنگدانی تایبەتی خۆی وەک کەسێک.

**٢- دەستتێوەردان لە دابەشکردنی ناوچەکانی هەڵبژاردندا:**

هەندێک دەوڵەت فرۆفێڵی جیاجیا بەکاردەهێنن بۆ ئەوەی هەڵبژاردن بەلای پاڵێوراوە لایەنگرەکانی خۆیدا بشکێتەوە. بەم شێوەیەی کە ناوچەکانی هەڵبژاردن بەشێوەیەکی نا یەکسان دابەش دەکات ئەوەی کە پێیدەوترێ (جوگرافیای هەڵبژاردن) کە هەر ناوچەیەکی هەڵبژاردن ژمارەی یەکسان لە پاڵێوراوان هەڵدەبژێرن، بەڵام ژمارەی هەڵبژێران لە بازنەکانی هەڵبژاردندا لە نێوان ئاستی

بەرزی و نزمیدا دەبێت. بۆ نموونە ناوچە میللییە قەڵەبالغەکان دانیشتووانیان زۆرن، بەڵام دەبینین ناوچەی دەوڵەمەندنیشنەکان وەک گەڕەکەکانیتر دانیشتووانیان چڕنییە.

بۆ نموونە هێنانەوە لە ویلایەتی ئۆهایۆ وەک دەستنیشانکردنی دوایی بۆ ناوچەکان هەڵبژاردن کە هەر دەساڵ جارێک سازدەکرێ، ناوچەیەک هاتە ئاراوە کە ٩٠٠ هەزار (نۆ سەد هەزار) کەسی لێدادەنیشێ و ناوچەیەکیتر کە ١٧٥ هەزار (سەدو حەفتاو پێنج) هەزار کەسن، لێرەش بە ئاشکرا جیاوازی دەنگ پەیدا دەبێت هەرچەندە پێشنیاری گشتیشە، چونکە دەنگێک لە ناوچەی دووەمدا بارتەقای پێنج دەنگ دەبێ لە ناوچەی یەکەم.

ئەمەش بەگوێرەی ئەم خشتەیەی خوارەوە ئێستاکە لە فەڕەنسادا بە جوانی دیاری دەکات:

| ژمارەی دانیشتووان بە هەزار | ژمارەی ناوچەکانی هەڵبژاردن |
|---|---|
| ٣٥ — ٤٠ | ١ |
| ٤٠ — ٤٥ | ٥ |
| ٤٥ — ٥٠ | ١ |
| ٥٠ — ٥٥ | سفر |
| ٦٠ — ٦٥ | ١ |
| ٦٠ — ٧٠ | ٥ |
| ٧٠ — ٧٥ | ٢٨ |
| ٧٥ — ٨٠ | ٤٥ |
| ٨٠ — ٨٥ | ٥٤ |
| ٨٥ — ٩٠ | ٧٥ |

| | |
|---|---|
| ٩٠ – ٩٥ | ٦١ |
| ٩٥ – ١٠٠ | ٦٥ |
| ١٠٠ – ١٠٥ | ٣٩ |
| ١٠٥ – ١١٠ | ٣٥ |
| ١١٠ – ١١٥ | ١٩ |
| ١١٥ – ١٢٠ | ١٧ |
| ١٢٠ – ١٢٥ | ٦ |

ئەم خشتەیە لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٨٥ پەیڕەوکرا هەروەها لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٦٢ش هەرچەندە هەر بازنەیەکی هەڵبژاردن تیایدا تەنها یەک نوێنەریان دەنارد.

ڕێگایەکیتر ئەوەیە کە لە کاتی خۆئامادەکردن بۆ هەڵبژاردن دەست دەکەن بە پارچە پارچەکردنی ناوچەکانی هەڵبژاردن بەشێوەیەک زۆرینە بۆ حیزبی حوکمڕان مسۆگەر بکات. بۆ ڕوونکردنەوەش ئەم نموونە دەهێنینەوە لە ناوچەیەکی هەڵبژاردندا پێنج نوێنەر دەستنیشان دەکرێن و (١٠٠) سەد هەزار هەڵبژێریش هەیە لەوانە (٦٠) شەست هەزار لایەنگرانی حیزبی (زۆرینە)یە و (٤٠) چل هەزاریش بۆ حیزبی (کەمینە)یە ئەگەر حیزبی زۆرینە لەکاتی هەڵبژاردندا دەسەڵاتی لە دەستبێت دەستدەکا بە پارچە پارچەکردنی ناوچەکان بۆ پێنج ناوچە و هەر ناوچەیەک نوێنەرێک هەڵدەبژێرێ و ئەمەش بە ئەنجامدانی هێڵی وەهمی بەوەی کە گوایە جوگرافیای هەڵبژاردن ڕەچاودەکا ئەوسا زۆرینەکە هەموو ناوچەکان مسۆگەر دەکات و دەبێتە خاوەن پێنج کورسی بەم

شێوەیەی خوارەوە:

ناوچەی هەڵبژاردن:

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| حیزبی زۆرینە | ١٢٠٠٠ | ١٢٠٠٠ | ١٢٠٠٠ | ١٢٠٠٠ | ١٢٠٠٠ |
| حیزبی کەمینە | ٨٠٠٠ | ٨٠٠٠ | ٨٠٠٠ | ٨٠٠٠ | ٨٠٠٠ |

**٣- لادان لە نهێنی دەنگدان:**

زۆربەی دەستووری دەوڵەتان بڕیاریان لەسەر نهێنی دەنگدان داوە، بەڵام زۆرجار ئەم پرەنسیپە بەشێوەی جیاجیا پشتگوێ دەخرێ. لە هەندێک ویلایەتی ئەمەریکی وەک ویلایەتی کۆلۆرادۆ ژمارەیەک لەسەر کارتی دەنگدان دادەنرێ ئەمەش هەمان ژمارەی هەڵبژێرە لە لیستەکانی هەڵبژاردندا. لە ویلایەتی کارۆلینای خواروی ئەمەریکاش هەڵبژێر کارتی نادرێتێ تەنها ئەو کاتەی بە ئاشکرا رادەگەیینێ کە دەنگی خۆی دەداتە چ کەسێک و ئامانجی خۆدزینەوە لە نهێنی هەڵبژاردن بۆ ئەوەیە تا کار لە هەڵبژێر بکرێ و ئەنجامی هەڵبژاردنەکەش بەلای بەرژەوەندی پاڵێوراوی دیاریکراو بشکێتەوە.

ئەم کارتێکردنە دەرەکیانەش کە کار لە هەڵبژاردن دەکەن وەک کەسێکی خاوەن دەسەڵات یان کەسێکی خاوەن بەرژەوەندی یان لایەنێکی میری کە نایانەوێ هەڵبژێر بە سەربەستی خۆی دەنگ بدا ئەمەش کار لە ئەنجامی هەڵبژاردن دەکات.

**٤- هۆکاری زۆرلێکردن:**

ئەم هۆکارانەی باسمانکردن لەوانەیە بەس نەبن بۆ مسۆگەرکردنی هەڵبژاردن، بۆیە ئەم حکوومەتانەی دەیانەوێ

ساختە باوێنە ناو هەڵبژاردن بەهۆی راسەوخۆوە هەڵبژاردنەکە دەشێوێنن وەک کڕینی دەنگ و بەخشین و چاوترساندن و زۆرلێکردن و گوشاری ئابووری و لە زۆر کاتیشدا پەنا دەباتە بەر تیرۆر بەرامبەر هەڵبژێران ئەمەش بەهۆی دوژمنداری کردنی راستەوخۆوە، جگە لەمەش ئەنجامی هەڵبژاردنەکە ساختەی تێدەکەوێ و دەنگەکان ساختە دەردەچن هەروەها کارتی ساختەش بەکاردەهێنرێ. هۆکارێکیتر بۆ سەختەی هەڵبژاردن ئەوەیە کە رێگای پروپاگەندەی هەڵبژاردن بۆ لایەنگرانی حکوومەت یا حیزبی دەسەڵاتدار خۆشبکرێ و هەموو توانایەکی بۆ دابنرێ بۆ بەستنی کۆبوونەوەو کۆڕی هەڵبژاردن و دەستبەسەرداگرتنی کەناڵەکانی راگەیاندن و هەڵواسینی لافیتە و بڵاوکردنەوەی پێشبڕکێکەرانیتر خۆش ناکرێن و بگرە هەموو رێگایەکی راگەیاندنیشیان لەبەردەم دادەخرێ و هەتا سزای توندیشیان دەدەن ئەمەش لەژێر سێبەری رژێمی ستەمکار و دیکتاتۆری و دەوڵەتە دواکەوتووەکان روودەدات، بەڵام لەم دەوڵەتانەی کە گەلانیان گەیشتوونەتە پلەیەکی بەرزی هۆشمەندی سیاسی و لەوێ تەقالیدی دیموکراسیانەی بەهێز هەیە دەبینین تارادەیەک فرسەتی باشتر و کاتی دیاریکراو هەیە بەتایبەتی لە ئێستگە و تەلەفزیۆن کە پاڵێوراوان دەتوانن گوزارشت لە خۆیان بکەن و خۆیان و بەرنامەیان بە خەڵکی بگەیەنن و هەر حیزبێکیش لەوێ رۆژنامەی تایبەتی خۆی هەیە. کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردن دیاریدەکرێ و شوێنی دیاریکراو دەستنیشاندەکرێ بۆ لە دیوارداني بڵاوکراوەو وێنەی پاڵێوراوان.

تا ئێستا باسی ئەم کێشانەمان کرد کە رووبەڕووی هەڵبژێر دەبنەوەو هۆی تەزویرکردنی هەڵبژاردن و کارتێکردنی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەند پابەندێکیش هەن کە دەستوورو یاسای هەڵبژاردنی

چەند دەوڵەتێک دەیسەپێنن بەسەر پاڵێوراوان لەمانەش:

مەرجی فێربوون (التعليم) وەک کۆماری تورکیا و چەندانیتر و مەرجی تەمەن کە هەندێک دەوڵەت وا بۆ پاڵێوراو دادەنێت کە تەمەنی ۳۰ تا ۳۵ ساڵ بێت وەک ئەمەریکا و فەڕەنسا و لە ئیتاڵیا و بەلجیکاش ئەم تەمەنە (٤٠) ساڵی دادەنێن.

هەروەها هەندێک دەوڵەت بارمتەی گرانبەها دادەنێن بۆ هەڵبژاردن وەک لە ئینگلستان (١٥٠) سەدو پەنجا پاون و لە لوبنان (٣) سێ هەزار لیرە و لە فەڕەنسا (١٠٠٠) هەزار فرەنک و لە ئێران (١٢) دوازدە هەزار ریال.. تاد ئەمەش وادەکا هەموو کەس نەتوانێ خۆی هەڵبژێرێ و گەلێکجار حکوومەتی ئەم دەوڵەتانە بەخشیش دەدا بە پیاوانی خۆی بۆ ئەوەی بتوانن بەشداری بکەن و مەسرەفی هەڵبژاردنیان بۆ دەدات.

هەندێک دەوڵەتیش مەرجی رێژەی دەنگدان دادەنێن بۆ حیزبەکان کە دەبێ لە سەدا دە یا بیست کەمتر نەبێت تا بتوانێ حیزبەکە بگاتە پەرلەمان وەک ئەوەی لە تورکیادا هەیە. ئەمەش بۆ دروستکردنی بەربەستە.

**سەرچاوەکان:**


١-الدكتور نورى لطيف، القانون الدستوري والنظام الدستوري في العراق، الطبعة الثانية، بغداد، مطبعة علاء، ١٩٧٩.

٢-الدكتور حسان شفيق العانى، الأنظمة السياسية المقارنة، بغداد، مطبعة المعارف، ١٩٨٠.

# تاوانباری جەنگ

بەرایی دەبێ لەڕووی یاساییەوە تاوانی جەنگ لە تاوانباری جەنگ جیابکرێتەوە، ئەم دوو زاراوەیە وەک زمانیش دوو مانای جیا دەبەخشن، یەکێکیان کە تاوانی جەنگە مەبەست لەو کردارەیە کە کارەکەی پێدەکرێ واتە کردارەکەیە هەرچی تاوانباری جەنگیشە مەبەست لەو کەسەیە کە تاوانەکە ئەنجامدەدات، هەر لەم روانگەیەوە ئێمە لە باسەکەمان لێی دەدوێین ئەگەر باسی تاوانەکانی جەنگیش بکەین بۆ باسی تاوانباری جەنگ هەر راست و دروستە.

## تاوانەکانی جەنگ چییە؟

مەبەست لە تاوانەکانی جەنگ ئەم کردارانەن کە پێچەوانەی یاساو دابەکانی جەنگن، ئەم کردارانەی کە کەسانی سەر بەهێزی چەکدار و کەسانیتر ئەنجامی دەدەن، ئەمەش لەکاتی هەڵسان بەم کارە لێپرسینەوەی ئەنجامدەرانی دەبێ.

## تاوانەکانی جەنگ بۆ چوار جۆر پۆلین دەکرێ:

أ- پێشێلکردنی رێساکانی دانپیانراوی نێودەوڵەتی کاتی جەنگ لەلایەن کەسانی بەهێزی چەکدار.

ب- هەموو ئەم کردەوانەی ئەم کەسانە پێیهەڵدەستن کە سیفەتی

هێزی چەکداریان نییە کاتی جەنگ.

ج-کردەوەکانی خیانەت و جاسوسی کاتی جەنگ.

د-هەموو کردارێکی تالانکردن کە لە کاتی دەستبەکاری جەنگ کردن ڕوودەدەن[1].

**جەنگ و یاساکانی جەنگ**

ئێمە بۆ ئەوەی بەباشی بچینە بنج و بناوانی جەنگ دەبێ بزانین جەنگ چییە؟ بۆ زانینی ئەوەش دەبێ بزانین کە پێوانەکە لای یاساناسان وا باوە کە تەدبیر لە مەسەلەی دووبەرەکی چەکداری نێودەوڵەتی بکرێ نەوەک دووبەرەکی چەکداری نا نێودەوڵەتی. یەکەمیان ئەوەیە کە لە نێوان کەسانی یاسای نێودەوڵەتی ئەنجامدەدرێ کە سەروەری و ئەهلیەتی شەرعی لای لاکانی ناکۆک دەبینرێ. لە کاتێکا دووبەرەکی دووەم بەم خاسیەتانە ناوزەد ناکرێ، ئەمەش وادەبینرێ کە دەکەوێتە نێوان ئەم کیانانەی ئەهلیەتی شەرعی و سەروەریشیان نییە (جەنگەکانی ناوخۆیی، بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکان). جا لەڕووی ڕەوشتەوە (جەنگ ئافات یان نەخۆشی نییە.. بەڵکو ئەوەیە کە نیشانەی نەخۆشیەکەیە..)[2]، بەلام لەڕووی یاساییەوە جەنگ ((دانراوەی یاساییە کە ڕێ بە دوو لایەن یا زیاتر دەدا لە گرووپی دژبەیەک مومارەسەی کێشەی خۆیان بکەن بەهێزی چەکداری.))، بەلام لەڕووی ستراتیژیەوە جەنگ ((کارێکە لە کردارەکانی توندوتیژی ئامانجی ڕقابەرایەتی دوژمنەکەی بۆ جێبەجێکردنی ئیرادەمان)).

جا بۆیە جەنگیش یاسای تایبەتی خۆی هەیە بۆیە یاساکانی جەنگ بریتییە لە ((کۆمەڵێک ڕێسان کە حوکم لەسەر کرداری جەنگی دەدەن. ئەمەش کۆمەڵێک ڕێسان کە جەنگاوەران و بێلایەنەکان ئیلتیزامی پێوەدەکەن و لەکاتی جەنگدا ڕەچاوی دەکەن

و بە گوێرەی ڕێساکانی یاسای گشتی نێودەوڵەتان، هەروەها دەوڵەتانیش هەروەک کەسانی ئەم دەوڵەتانەوە کەسانی هێزی چەکداریان ئیلتیزامی پێدەکەن و ڕەچاوی ئەم ڕێسا یاساییە دەکەن))[٣].

**جەنگ و یاسای نێودەوڵەتان**

ئایا جەنگ هیچ خاسیەتێکی یاسایی هەیە لە پەیوەندی نێودەوڵەتان؟ یان با بڵێین هەڵوێستی یاسای گشتی نێودەوڵەتان چییە بەرامبەر جەنگ؟ یان ڕێگا بە شەڕ دەدرێ لە نێودەوڵەتاندا لەڕووی یاساییەوە یان نا؟ بۆ ئەمە دوو قوتابخانەی یاسایی هەیە لە بارەی چۆنیەتی جەنگ لەڕووی یاساییەوە:

**قوتابخانەی یەکەم:** وایدەبینین کە جەنگ دەشێ و لەگەڵ سەرەتاکانی یاسای گشتی نێودەوڵەتان پێچەوانە نییە. هەنجەتیشیان ئەمەیە کە هەر دەوڵەتێک پەیوەندیدار نەبێ بە پەیماننامەیەک کە تیایدا هاتبێ کە بەکارنەهێنانی هێز دژی دەوڵەتێکی دیاریکراو بەکاربێنێ ئەوا مافی ئەو دەوڵەتە هەیە کە جەنگ دژی هەر دەوڵەتێکیتر بەرپا بکات، کەی ئەمەی بۆ هاتەدی کە ئەمە گرنگی هەیە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆی، بەمەش نابێتە پێچەوانەی هیچ پەیماننامەیەک یان ڕێسایەکی یاسای گشتی نێودەوڵەتان. بەمەش جەنگ بەتاوان دانانرێ بە گوێرەی ڕوانینی ئەم قوتابخانەیە مادامەکێ یاسای گشتی نێودەوڵەتان دەوڵەت بە پەیماننامەیەک نابەستێتەوە کە ڕێنەدان بە بەکارهێنانی هێزی تیا نووسرابێ.

ترسناکی ڕای ئەم قوتابخانەیە لەمەدایە کەوا لە پەیوەندی نێودەوڵەتان دەکا وەک پەیوەندی گیانەوەران لە دارستاندا و جێبەجێکردنی شەرعیەتی دارستان دەکا بەوەی کە هێز دەتوانی

لاواز بخواو بیکاتە نێچیر. لەبەر ئەمە هەندێک لە نووسەران چەند ڕێگایەکیان لەبەردەم ئەم قوتابخانەیە داخستووە بەوەی کە دەوڵەتان ناچارن مل بدەن بە ڕێساکانی یاسای گشتی نێودەوڵەتی و نابێ جاڕنامەی جەنگ بدەن بەسەر دەوڵەتێکی دیاریکراو بێ هیچ هۆیەک و ناخۆشییەک کە ناتوانرێ بە ڕێگای ئاشتی چارەسەر بکرێ بۆیە ئەم بیردۆزەی ئەمانە لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتانی ئەم سەردەمە ناگونجێ کە سەردەمی مەدەنیەت و شارستانییەتی و ڕێزگرتنی یاسایە.

**قوتابخانەی دووەم:** پێچەوانەی قوتابخانەی یەکەمە، ئەوانە دەڵێن یاسای گشتی نێودەوڵەتان جەنگی بە گوناح داناوە وەک بنچینەیەکی سەرەکی لە پەیوەندی نێودەوڵەتاندا، بەڵام جەنگ لە حالەتێکدا ڕێپێدەدرێ ئەمیش بۆ کاردانەوەی جەنگی غەدرکارییە. بە مانایەکیتر جەنگ تەنها ئەم کاتە ڕێپێدەدرێ کە سزابێت بۆ ئەو دەوڵەتەی ستەمکارن، ئەم حالەتەش پێی دەگووترێ بیردۆزی جەنگی ڕەوا.

بیردۆزی جەنگی ڕەوا لە دێرزەمانەوە پەسند بووە. (**شیشرۆن**) نووسیویەتی (لەسەر دەوڵەتی نموونە نییە کە جەنگ بەرپا نەکات تەنها بۆ بەرگریکردن لە شەرەف و سەلامەتی خۆی نەبێت).

گەلێک نووسەری بەناوبانگیتریش وەک (**سانت ئۆگستین**) و (**تۆماس ئەکویناس**) و زۆرانیتریش نووسینیان لەم بارەیەوە هەیە، بەڵام لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە دەبێ باسی بکەین ئەمیش هەڵوێستی یاسای نێودەوڵەتان جەنگی حەرامکردوە وەک بنچینەیەکی سەرەکی، بەڵام یاسای نێودەوڵەتان هەر خۆی وای ڕێکخستووەو ڕێسای دیاریکراوی داناوە کە پێویستە بگیرێنەبەر لەکاتی جەنگ ڕوودەدات لە نێو دەوڵەتان. لەلایەکەوە جەنگ

حەرام دەکا لە لایەکیتریشەوە بنەماو بنچینەی بۆ دادەنێ. ئەمەش هەڵوەستەی ئەوە دەکرێ کە دژایەتییەکی روون لە هەڵوێستی یاسای نێودەوڵەتاندا دەبینرێ بەرامبەر بە جەنگ. نموونەش بۆ ئەمە ئەوەیە ئەم یاسایەی دزی بە تاوان دادەنێ وسزای دەدا و پێیدەڵێ چۆن دزی بکات.

جا هەر چەند یاسای نێودەوڵەتان جەنگ حەرام دەکات و رێگای پێنادات، بەڵام ئەمە مانای وانادا دەوڵەتان نەتوانن جەنگ نەکەن، بۆیە لەرووی بیردۆزییەوە داوای ئەمە دەکا، بەڵام لەرووی پراکتیکەوە ناتوانرێ. دەبێ ئەمە رەچاو بکرێ کە ناتوانرێ جێبەجێ بکرێ ئا لێرەش دژایەتییەکە بەدیاردەکەوێ. واتە یاسای نێودەوڵەتان دەیەوێ لەگەڵ وەزعە باوەکەی کۆمەڵگای نێودەوڵەتان رابهێنێ ئەمەش سیفەتی پێشکەوتنی یاسایە.

یاسای نێودەوڵەتان سروشتەکەی وایە یاساکە لەرووی دەزگای جێبەجێکردنی مەرکەزییەوە هەژارە بەمەش جیاوازی لەگەڵ یاسای نیشتمانی دەوڵەتاندا هەیە، کە پشت بە دەزگایەکی جێبەجێکردن دەبەستێ و سزا بەسەر سەرپێچکەرانی بنەماکانی یاسایی دەسەپێنێ لەبەر ئەمەیە لێکۆلەرەوەکانی یاسای نێودەوڵەتان درکیان بەمە کردووە کە جەنگ شتێکی سروشتییە لەنێوان دەوڵەتاندا و دیاردەیەکیشە ناوە ناوە روودەدات و هەرچەندەی کۆنگرە نێودەوڵەتییەکان هەوڵ بدەن و یاساکان تێبکۆشن بەوەی کە جەنگ روونەدات، بەڵام هەر بەرپادەبێ. مادام ئیشەکەش وایە پێویستە بنچینە و رێسای بۆ دابنرێ کە دەبێ بگرینەبەر لە نێوان دەوڵەتانی شەڕکەر کاتی بەرپابوونی جەنگ و سەرپێچی کردنی ئەم بنچینە و سەرەتایانە بە تاوان دادەنرێ و پێویستە سزای بۆ دابنرێ[٤].

یاسای نێودەوڵەتان تا سەرەتاکانی سەدەی بیستەم بە شێوەیەکی گشتی بڕیاری شەرعیەتی بەرپابوونی جەنگی داوە، هەمدیس ئەم کردارەی بە تاوانێکی نێودەوڵەتان دانەناوە، بەلام بنەمای ناشەرعیەتی جەنگ بە چەند هەنگاوێک بڕیاری لەسەر دراوەو لە ئەنجامی دەرکردنی زنجیرەیەک بەڵگەنامە بووە، دوا بەڵگەنامەش بەندنامەی نەتەوە یەکگرتووەکانە کە جەنگ بە دیاردەخا و بۆ ئاشتی تێدەکۆشێ، وابوو جەنگی دوژمنکاری بە ترسناکترین تاوانی نێودەوڵەتی بناسرێ لە یاسای هاوچەرخی نێودەوڵەتاندا.

بەلام سەبارەت بە یاساکانی جەنگی ئێستا لە ئەنجامی پەرەسەندنێکی زۆر هاتۆتە ئاراوە کە لە فیقهو (الفقه) و کاری نێودەوڵەتی روویداوە کە هەندێک هەڵسوکەوت بۆتە بنەمای یاسای سەپاو لە ئەنجامی پێهەڵسانی لەلایەن دەوڵەتانەوە کاتی جەنگ کە لە پەیماننامە نێودەولییەکاندا باسکراوە.

ئارەزووی دەوڵەتە پێشکەوتووەکان وایکردووە بۆ کەمکردنەوەی کارەساتی جەنگ، یاسای جەنگ پەیدا ببێ بۆ پاراستنی جەنگاوەر و مەدەنییەکان لە ئێش و ئازاری پێویست نییە و بۆ بڕیاردانی پاراستنی هەندێک مافی مرۆڤایەتی بۆ ئەو کەسانەی دەکەونە دەست دوژمنان، بەتایبەتی یەخسیرانی جەنگ و بریندار و نەخۆشە مەدەنییەکان. هەروەها چوار رێککەوتنەکانی (جنێف)ی ساڵی ١٩٤٩ و رێککەوتنامەی (لاهای) لە ساڵی ١٩٥٤ بڕیاریانداوە پسپۆڕایەتی جیهانی بە گوێرەی سەرپێچیکردنی بەندەکانی وەربگیرێ، لەگەڵ ئەوەشدا پسپۆڕایەتی جینایەتی بە نیسبەت تاوانەکانی جەنگ تا ئێستا بەشێکی مەحکووم دەکرێ بە بنەماکانی یاسای عورفی نێودەوڵەتان. هەروەها کۆمەڵەی گشتی

نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیارێکی دەرکردووە کە داوایکردووە بە هاوکاریکردنی دەوڵەتانی ئەندام بۆ بەکارهێنانی هەموو ڕێگا چارەیەک بۆ دەسگیرکردنی تاوانبارانی جەنگ و دانەوەیان بە یەکتر لە نێوان خۆیاندا، هەروەها بڕیارێکی وەک ئەمەشی لە ٣١ی تشرین یەکەمی ساڵی ١٩٤٨ دەرکردووە[٥].

## تاوانباری جەنگ و یاسای نێودەوڵەتانی ڕێککەوتوو

چوار ڕێککەوتنەکانی جنێف کە لە ساڵی ١٩٤٩ ئەنجامدرا لە بابەتە هاوبەشەکانیدا چارەسەری بۆ بابەتی پسپۆڕایەتی جینایەتی داناوە بە نیسبەت پێشێلکردنی لەرادەبەدەر (الخروق الجسيمة) بۆ ئەم ڕێککەوتنانە.

بۆ ئەمەش وایداناوە کە لایەنەکانی بڕیاردەر بەڵێن بدەن بە دانانی هەر دادنامەیەکی گرنگ کە تیایدا ئەنجامی دەدەن، بەڵام سەبارەت بەم کارانە (بێجگە لە پێشێلکردنی لە رادەبەدەر) وادەبینرێ کە پێویستی بە دانانی دادنامە ناکات، ئەم لێکدانەوەش خۆی یاسای جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەکانی (جنیف)ی ساڵی ١٩٤٩ی ئینگلیزی ساڵی ١٩٥٧ وەریگرتووە. ڕێککەوتننامە پێشکەوتووەکان وایاندانا کە بە دوای کەسانی تاوانبار بە ئەنجامدانی ئەم پێشێلکردنانەدا بگەڕێن، یان ئەوانەی ئەمریان بە ئەنجامدانی کردووەو ڕەوانەی دادگای تایبەت بکرێن بۆ ئەم لایەنانەی کە ڕێککەوتننامەکەیان مۆرکردووە.

کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان نیگەرانی خۆی نیشاندا بۆ جێبەجێنەکردنی تەواوی بڕیارە زۆرەکانی لەمەڕ سزادانی تاوانبارانی جەنگ، لەبەر ئەوەی تاوانەکانی جەنگ ئەمڕۆ لە بارودۆخی باوی گەلێ شوێنی جیاوازی جیهان ئەنجامدەدرێن لە

ئەنجامی جەنگی دوژمنکاری و سیاسەتی جیاجیاو مومارەسەکردنی دیکەی لەم شێوەیە.
ئەمەش سەرنج بۆ ئەمەرادەکێشێ کە بوونی زۆر لە تاوانبارانی جەنگ بەردەوام پەنایان بردۆتەبەر هەرێمی هەندێک لە دەوڵەت و پشتیوانیشیان لێدەکرێ، بۆ ئەمە داوای لە هەموو دەوڵەتان کردووە کە رێگاچارەی گونجاو لەگەڵ سەرەتاکانی یاسای نێودەوڵەتانی دانپیانراو بگرنەبەر بۆ دەسگیرکردنی کەسانی ناوبراو، جا هەر شوێنێک بێت تاوانەکانی خۆیان تیایدا ئەنجامدابێ، هەروەهاش بیاندەنە دادگا لە نزیکترین کاتی گونجاودا.
رێککەوتننامەی (جنێف)ی ١٢ی ئابی سالی ١٩٤٩ کە تایبەتە بە مامەلەکردن لەگەڵ یەخسیرانی جەنگ، سەرەتاو مافی یاسایی بۆ یەخسیرانی جەنگ داناوە، هەروەها هەموو رێککەوتننامەکانی جنێف یەکێک لە خالەکانی مەبەستی پێشێلکردنی لە رادەبەردەی شیکردۆتەوە کە بۆ ئەنجامدانی ئەحکامەکانی دەقەکانی خالە تایبەتییەکانی پسپۆرایەتی لەسەر دەگونجێ و بەسەریاندا دەچەسپێ ئەگەر دژی ئەم کەسانە هاتەدی کە رێککەوتننامەکە دەیانپارێزێ یاخود ئەگەر دژی پارەو پول و مومتەلەکاتی پارێزراو بە یەکێک لەم رێککەوتننامانە بەکارهات ئینجا لە هەموو حالەتێکدا ئەگەر ئەم پێشێلکردنانە کرداری کوشتنی بە ئەنقەست و ئازاردان و مامەلەکردنی نامرۆڤانە ئەمەشی لەگەڵ بێ کە تاقیکردنەوەکانی تایبەت بە زانستی ژیان و ئەم کردەوانەی بە ئەنقەست پارەو پول و مومتەلەکات و دەسبەسەرداگرتنی بێئەوەی ئەوانە بایەخ و پێویستی جەنگی بن، هەروەها بەشێوەیەکی ئەنقەست و ناڕەوایی جێبەجێ بکرێن ئەمانەش هەمووی بە پێشێلکردنی لە رادەبەدەر دادەنرێن. هەروەها ناچارکردنی یەخسیرانی جەنگ بۆ خزمەتکردن

لە ریزی هێزەکانی دوژمن یان بە ئەنقەست یەخسیرانی جەنگ لە مافی خۆیان دەستەبەر بکرێن کە هەقی خۆی هەیە دادگایی یاسایی بکرێ کە لە ریککەوتننامەکاندا بڕیاری لەسەر دراوە.

هەروەها راگواستن و گواستنەوەو کوشتنی کەسی پارێزراو بە شێوەی ئەنقەست و گرتنی کەسی بە بارمەتە (رهائن) ئەمانە هەمووی بەلادان لە یاساکانی نێودەوڵەتی دادەنرێ.

کۆنگرەی (جنێف)ی دیپلۆماسی زاراوەی تاوان یان تاوانەکانی جەنگی بەکارنەهێناو لەجیاتی ئەمە زاراوەی پێشێلکردنی لە رادەبەدەری بەکارهێنا، هۆیەکەشی ئەمەبوو کە وشەی تاوان مانا یاساییەکەی دەگۆڕێ بە جیاوازی سیستەمە یاساییەکانی جیهان ئەمەش لە کاتێکدا بەدیارکەوت کاتێ نوێنەری سۆڤیێتی لە کۆنگرەی ناوبراو خستیەڕوو.

بەندە سزاییە هاوبەشەکانی هەموو چوار ریککەوتنەکانی (جنێف)ی ساڵی ١٩٤٩ ئەوە دەگەیەنێ کە رکێفی داب و یاساکانی جەنگ، ئەگەر رێسای عورفی تایبەت بە پسپۆڕایەتی جێنایەتکاری بەسەردا جێبەجێ بکرێ. لەمەش زێدەتر ئەمەیە کە ریککەوتننامە کۆنەکان کە باسی مەسەلەی سزا دەکەن لەسەر سەرپێچی کردنی یاساو عادەتنامەی جەنگ ئەحکامی فراوانتری تیا نییە لە ئەحکامی دەقەکانی ریککەوتنەکانی دوایی، لەبەر ئەمە لە هەموو حالەتەکاندا کە بنچینەی پسپۆڕایەتی بۆ رێکنەخستراوە بەگوێرەی ئەم ریککەوتنانە بەردەوام کار بە یاسای عورفی نێودەوڵەتان دەکرێ و پەیرەوی دەکرێ بۆ لێکۆڵینەوە لە پسپۆڕایەتی جیهانی لەبارەی تاوانەکانی جەنگ بەگوێرەی یاسای عورفی نێودەوڵەتان پێویست بەوە دەکا رووداوەکان لەم دادگاکردنانەی کە لە هەردوو جەنگی یەکەم و دووەم هەڵینجرێن و هەروەها لە هەڵوێستی دەوڵەتانیش، بۆیە

پێویستە بڵێین کە جەنگی یەکەمی جیهانی هەرچەندە دەقی یاسایی و لێکۆڵینەوەی لە هەڵوێستی دەوڵەتانیش هێنادی بۆیە پێویستە بڵێین کە جەنگی یەکەمی جیهانی هەرچەندە دەقی یاسایی و لێکۆڵینەوەی تۆکمەی لەبارەی لێپرسینەوەی جینایەتکاری دەربارەی تاوانەکانی جەنگ هێنایە ئاراوە، بەڵام هیچ ئەنجامێکی بەدەستەوە نەدا جگە لە دادگاییکردن کە پرەنسیپی پسپۆڕایەتی هەرێمایەتی و پرەنسیپی پسپۆڕایەتی کەسی تیا جێبەجێکرا.

هەروەکچۆن ئەم دوو پرەنسیپە جێبەجێکران لە چەند دەوڵەتێکدا لە جەنگی دووەمی جیهانی لە ئوستراليا و بەلژیکا و ئیتاڵیا و هەنگاریا و پۆڵۆنیا و یەکێتی شوورەوی جاران و یوگسلاڤیا و جەرمەن و چیکۆسلۆفاکیا و فلیپین و فەڕەنسا.. ئەمەشیان وتەبێژی مۆسکۆی دەرچوو لە ١ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٤٣ تەئکیدی لەسەر کردەوە، کە تیایدا هاتووە (ئەلمانەکان ئەوانەی بەشداریانکردووە لە کوشتنی فەڕەنساییەکان و هۆڵاندییەکان و بەلژیکییەکان و نەرویژییەکان لە کوشتنی جووتیارە کریتییەکان یان ئەوانەی بەشداریان کردووە لە قەتلوعامی گەلی پۆڵۆنی یان لە هەرێمەکانی یەکێتی شوورەوی کەوا تەواو پاککرایەوە لە دوژمنان دەبێ بگەرێنەوە سەر شانۆی تاوانەکانیان و دادگایی بکرێن لەم شوێنانەدا لەلایەن ئەم گەلانەی ئازاردراون بەهۆی تاوانەکانیان، بەڵام ئەم وتەبێژییەی مۆسکۆ گەورە تاوانبارانی جەنگی جیاکردەوە ئەوانەی تاوانەکانیان شوێنێکی جوگرافی دیاریکراوی نەبووە، بەڵام ئەم بنچینەی بەدیارنەخست کە پسپۆڕایەتی بۆ دادگاییکردنیان دادەنێ ئەمە لەلایەک، هەروەها باسی بیرۆکەی دانانی دادگایەتی جینایەتکاری دەوڵەتانی نەکردووە بۆ دادگایی کردنی ئەمانە.

لەبەر ئەمە لە ٨ی ئابی ١٩٤٥ ڕێککەوتنی لەندەن بەسترا و

بڕیاری دانانی دادگایەکی سەربازی دەوڵەتانیدا بۆ دادگاییکردنی گەورە تاوانبارانی جەنگ ئەوانەی تاوانەکانیان شوێنێکی جوگرافی دیاریکراوی نییە، ئەم ڕێککەوتنە بڕیاریدا لانەدات بەوەی لە وتەبێژی مۆسکۆی ڕاگەیاندراو لە ١ی تشرینی یەکەمی ١٩٤٣دا هاتووە کە باسی دادگاییکردنی تاوانبارانی جەنگ دەکات، ئەوانەی تاوانیان لە هەرێمێکی دیاریکراو کردووە لە بەرامبەر دادگاکانی ئەم هەرێمانەوە بەگوێرەی یاساکانی. لەمەشدا ڕووندەبێتەوە کە پسپۆڕایەتی دادگا بەتەنیا دەستنیشانی تاوان دەکات کە بە تەواوی لە هەرێمی یەک دەوڵەت نەکراون.

کاتێ دادگای سەربازی لە نۆرمبێرگ دەستیکرد بە دادگاییکردنی ئەمانە بە دیارکەوت ڕاستەوخۆ پسپۆڕانی خۆی بەسەر سێ بنچینە بەکادێنێ:

یەکەم: وەرگرتنی مومارەسەکردنی پسپۆڕانی خۆی لەم بەڵێننامەی کە بە بەڵگەنامە دادەنرێت کە دادگا بەگوێرەیەوە دامەزراوە.

دووەم: دانەری بەڵێننامە مومارەسەی دەسەڵاتی یاسادانانی بالایان بۆ دەوڵەتانی خاوەن سەروەری دەکرد کە بەڵێننامەکەیان مۆر کردووە کە ئەڵمان داویەتی بێ قەید و شەرت، لەمەش بەدیاردەکەوێ کە دادگا بە پسپۆڕایەتی هەرێمایەتی دەجولێتەوە.

سێیەم: بەلام هەنجەتی سێیەم کە دادگا هەوڵیدا پشتی پێببەستێ بۆ بەکارهێنانی پسپۆڕایەتی خۆی ئەوا زۆر ڕوون نەبوو، لەبەر ئەوەی دادگا ئیشارەتی بەمەدا کە دەوڵەتانی مۆرکەر پێکەوە ئیشیان کردووە کە نەدەکرا هەر دەوڵەتێک بە تەنیا بیکات، بەمەش ڕوونیکردەوە کە بەکارهێنانی پسپۆڕایەتی خۆی دەستکاری پسپۆڕایەتی هیچ دادگایەک ناکا کە لە هەر دەوڵەتێک

بکرێ بۆ جێبەجێکردنی یاسا، ئەمەش لەم داڕشتنە دیاردەکەوێ کە دەلالەت لە دلەڕاوکێ دەکا هەروەهاش تەئکید نەکردن بەوەی کە دادگا پرەنسیپی گەردوونی پسپۆڕایەتی خۆی وەردەگرێ، لەگەڵ ئەمەش دەتوانرێ لە قسەی دادگا کە دەڵێ (بۆ هەر دەوڵەتێک...) ئەمە وەربگرێ کە مانای وادەگەیەنێ پەیرەویکردنی مومارەسەی پسپۆڕایەتی گەردوونی کە ئەگەر ئەمە تایبەت نەبێ بە دەوڵەتانی مۆرکەر لەسەر بەڵێننامەکە بە تەنها.

بە هەڵێنجانی کاری دەوڵەتان دەبینین پرەنسیپی، پسپۆڕایەتی گەردوونی لەبارەی تاوانەکانی جەنگ بەشێوەیەکی ئاشکرا جێبەجێکراوە ئەمەش کاتێ دادگایەکی سەربازی ئینگلیزی حوکمی لەسەر پۆلۆنییەکدا بە بەندکردنی بۆ ماوەی بیست ساڵ لە بارەی تاوانەکانی جەنگی کە لە پۆلۆنیا کردبوو لەبەر ئەوەی بە نەبوونی پەیوەندییەک کە لەسەر پرەنسیپی هەرێمایەتی یان پرەنسیپی رەگەزنامە دامەزرابێ، کەوا تاوانەکە لە هەرێمی ئینگلیزی رووی نەداوە هەروەها جینایەتکارەکەش رەعیەتی بەزیتانی نەبوو. کاتێ دادگای سەربازی لە وڵاتە یەککگرتووەکانی ئەمەریکا روونیکردەوە (کە تاوانەکانی جەنگ بە تاوانەکانی نێودەوڵەتان دەژمێردرێ ئەمە بۆ پسپۆڕایەتی سەراپایی بکرێ کە بە نیسبەت بەکارهێنانی پێشێلکردنی لە رادەبەدەر دەبێ بۆ هەر یەکێکیان، بێئەوەی ئەم پرەنسیپە وەربگیرێ بە هەر ئەمرێک لەم دووانە یان ئەوەتا تاوانبار سزا بدرێ لەلایەن ئەم دەوڵەتەی کە لە هەرێمەکەیدا دەبێت یانیش تاوانبار تەسلیم بە دەوڵەتی تایبەتمەند بکرێتەوە کە حەز دەکا مومارەسەی خۆی بکا.

بۆ ئەم مەبەستەش واپێدەچێ بەڵێندانی دەوڵەتانی لایەن لەم رێککەوتننانە بۆ مەبەستی پسپۆڕایەتی جیهانی، بەرەها لە هەموو

کۆتێک هاتۆتەدی، ئەمەش مەبەست بووە هەروەک لەم پێشنیارەی نوێنەری ئیتاڵیا بەدیاردەکەوێ کاتێ لێکۆڵینەوە لەم بەندانەی پەیوەندی بە پسپۆڕایەتی هەیە لە یەکێک لە لیژنەکانی تایبەت بە کۆنگرەی (جنێف)ی دیپلۆماسی کە بڕیاری ڕێککەوتنە بەراییەکانیدا بە ئامانجی ئەوەی ئەم ئیلتیزامە بەندبێ بە گەڕان بەدوای ئەنجامدەران ئەوانەی پێشێلی ئەحکامەکانی ئەم ڕێککەوتنانە دەکەن و دادگایی بکرێن لەلایەنەکانی دووبەرەکی، بەڵام پێشنیارەکەی کێشرایەوە پاش ئەوەش بۆیدەرکەوت ئەم جۆرە پێشنیارانە ئەنجامی مەبەست بۆ بەدیهێنانی لە کاردەخەن لەم ڕێککەوتننامە.

ڕێککەوتنەکانی (جنێف)ی ناوبراو بڕیاری جیهانی پسپۆڕایەتی جینایەتکاری دەدەن کە لە بەندە هاوبەشەکانیدا واژەی (بێچاوپۆشین لە ڕەگەزنامەی جینایەتکاری) کە دەلالەتی ڕوونی ئەوە دەدا کە توانای ڕەتکردنەوەی دەوڵەتێک لە دەوڵەتان بەکارهێنانی پسپۆڕایەتی دووردەخاتەوە بە هەنجەتی ئەوەی کە پێشێلکردنی لە ڕادەبەدەر کە ڕوویداوە نابێ ئەمەی تیا جیابکرێتەوە بە گوێرەی پرەنسیپی پسپۆڕایەتی هەرێمایەتی یان پرەنسیپی پسپۆڕایەتی کەسی.

ئینجا ڕێککەوتننامەی لاهای کە لە ساڵی ١٩٥٤ بەستراو هاتەدی بۆ ئەوەی لە بەندی (٢٨)یدا باسی موممارەسەکردنی پسپۆڕایەتی جیهانی بە نیسبەت ئەم سەرپێچیانەی کە دەکرێن دژی ئەحکامەکانی دەقی ئەم ڕێککەوتنە کە پەیوەندی بە پاراستنی مولکداریەتی ڕۆشنبیری لەکاتی ڕووداوەکانی دووبەرەکی چەکداریێ، ئەمەش هیچ کۆتێک لەسەر بەکارهێنانی دەوڵەتانی لایەن (طرف) دانانێ بە دادگاییکردنی جینایەتکاران کە پێشێلی بەندەکانی دەکەن یان ئەوانەی ئەمر بە بەکارهێنانی ئەم پێشێلکردنانە دەدا هەروەک

ڕێککەوتنەکانی (جنێف)ی ساڵی ١٩٤٩.

ئەوەی دڵخۆشکەرە ئەمەیە کە ڕێککەوتنی لاهای لە پرەنسیپی پسپۆڕایەتی جیهانیدا بونیادی مەبەستی (ڕەگەزنامەی جینایەتکار هەرچییەک بێت) بەکاردەهێنی کە بەندی (٢٨)ی شوێنی ئەم لێتوێژینەوەیە کە ئەمەش ئەوە دەردەخا کە ئەمەی بۆ زیادکراوە بۆ لابردنی هەر تێکنەگەیشتنێک یان زەحمەتی لە تێگەیشتن کە ببێتە هەڵەیی بەکارهێنانی ئەم پسپۆڕایەتییەوە بۆ دوورخستنەوەی دڵەڕاوکێ لە بەکارهێنانی لەم حالەتانەی کە دەکەونە دەرەوەی سنووری بە ئەنجام گەیشتنی پرەنسیپی پسپۆڕایەتی هەرێمایەتی و پرەنسیپی پسپۆڕایەتی کەسی.

ئەوەی ڕێککەوتنی دوایی لە ڕێککەوتنەکانی (جنێف)ی ساڵی ١٩٤٩ی پێ جیادەکرێتەوە سەبارەت بە مومارەسەکردنی جیهانی پسپۆڕایەتی جینایەتکاری بە نیسبەت ئەم سەرپێچیانەی کە دەکەوێتە دژی ئەحکامەکانی بەندەکان هەموویان ئەوەیە کە دەوڵەتان ناچارنین بە مومارەسەکردنی ئەم پسپۆڕایەتییە چونکە بەندی (٨) لە ڕێککەوتننامەکە ئەم گوزارەیەی تیایە کە دەڵێت (لە چوارچێوەی پسپۆڕایەتی چینایەتکاری ئاسایی) و وادەرکەوێ کە ئەمەی بۆ دانراوە بۆ بەربەست بوون بەرامبەر ئەم تەنگوچەڵەمانەی تایبەت کە هەندێک دەوڵەت دووچاری دەبن بە بۆنەی زۆری پسپۆڕایەتییەکان بەهۆی ئەوەی کە سیستەمی یاساییەکەی ئەم زۆرییە قبوڵ ناکات لەبەر ئەوە بە داڕشتنی گونجاو نووسراوە بۆ باری سەرنجی جیاجیای دەوڵەتان لە مومارەسەکردنی پسپۆڕایەتیدا[٦].

## تاوانباری جەنگ و یاسای نێودەوڵەتانی عورفی

لەوانەیە هەندێک حالەت هەبن ناچنە بنباڵی ئەحکامەکانی

خاڵە هاوبەشەکانی پەیوەست بە پسپۆڕایەتی جینایەتکاری بۆ ڕێککەوتنەکانی (جنێف)ی ساڵی ١٩٤٩، هەروەک لە حاڵەتی ئەم تاوانانەی کە بە پێشێلکردنی لە ڕادەبەدەر ناژمێردرێن، یان ئەم تاوانانە نابنە لادان بۆ ڕێککەوتنی لاهای ساڵی ١٩٥٤ هەروەها لە حالەتی دووبەرەکی کە ڕوودەدات لە نێوان لایەنەکانی شەڕکەر کە هیچ کامێکیان لایەن نین لەم ڕێککەوتنەی کە ئەحکامەکانی پێشێلدەکرێ یان کاتی دووبەرەکی ڕوودەدات لەنێوان ئەم شەڕکەرانەی لایەنێک لەم حالەتانەدا نەچۆتەپاڵ ڕێککەوتنەکانی (جنێف)ی ساڵی ١٩٤٩ یان ڕێککەوتنی لاهای ساڵی ١٩٥٦، یانیش لەم حالەتانەدا کە یەکێک لە دەوڵەتانی بەشەڕهاتوو لە شەڕدا قبوڵ ناکات ئەحکامەکانی ڕێککەوتنەکانی (جنێف)ی ساڵی ١٩٤٩ جێبەجێ بکات.

(ڕولنک) ئاماژەی بەمەداوە کە ئەم کردارانەیتر کە بەپێشێلکردنی لە ڕادەبەدەر حیساب ناکرێن بەگوێرەی ڕێککەوتنەکانی (جنێف)ی ساڵی ١٩٤٩ مانای وانییە ئەمانە بە تاوانەکانی جەنگ دانانرێن.

بە مانایەکیتر لە هەموو ئەم حالەتانەدا کە لەژێر دەقەکانی ئەم ڕێککەوتنانە ناژمێردرێن بەردەوام دەچنە ژێر کاریگەری خۆی ئەوەندەش بەسە تا ببێتە عادەتێک بۆ ڕێخۆشکردنی دانی پسپۆڕایەتی بۆ دادگاکانی دەوڵەت کە دەست بەسەر جینایەتکار دادەگرێ لە گوتەی دادگا (دادگاکانی دەوڵەت کە دەست بەسەر جینایەتکار دادەگرێ) دەلالەتی تەواو بەدەستەوە دەدا لە بەکارهێنانی پسپۆڕایەتی گەردوونی بە نیسبەت تاوانەکانی جەنگ) ئەمە و دان بەم ڕێبازە دانرا کاتێ دادگایەکی سەربازی ئەمەریکی حوکمی بەسەر تاوانبارێکی ئەڵمانیدا بەناوی (دیمیل) لە بارەی تاوانەکانی جەنگەوە کە کردبووی دژی هاوڵاتییە ڕووسەکان و چیکۆسلۆفاکییەکان

ئەگەر دادگاکە بکرێ هەرچەندە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هێشتا بەشداری جەنگی نەکردبوو ئەوکات.

دادوەری فەڕەنسی دەستبەکاربوو بۆ جێبەجێکردنی پرەنسیپی پسپۆڕایەتی گەردوونی بە نیسبەت تاوانەکانی جەنگ، ئەمە بوو دادگای (جنح)ی فەڕەنسی بە دیاریخست و روونیکردەوە کە لاسایی دادوەری وارۆیشتووە کە ئەنجامدەرانی تاوانەکانی جەنگ سزا دەدرێن لەم دەسەڵاتانەی کە دەکەوێتە دەستیان و رەگەزنامەکانیشیان هەرچییەک بێت. بیرۆکەی وەرگرتن لە پرەنسیپی گەردوونی پسپۆڕایەتی جینایەتکاری زیاتر سەریهەڵدا لەبارەی تاوانەکەی جەنگەوە لە هەڵوێستە رەسمییەکاندا، ئەمەش لێژنەی تاوانەکانی جەنگ بنیادیناو سەرۆکی لێژنەکە (لۆرد رایت) گوزارشتی لەم رێچکەیە کرد بە وتەکەی کە رێسای ئاسایی (القاعدة التقليدية) بە نیسبەت پسپۆڕایەتی تاوانەکانی جەنگ بەوە وەردەگرێ کە تەنیا دەستگیرکردنی جینایەتکار و گرتنی بەبێ گوێدانە رەگەزنامەکەی یان شوێنی روودانی تاوانەکە یان رەگەزنامەی تاوان لێکراوەکان (المجني عليهم). ئەمەش یاسای ئینگلیزی سەربازی ئەم بیرۆکەیەی وەرگرت کە لە ساڵی ١٩٥٨ دەرچوو کە لە پێشەکییەکەیدا واهاتووە (تاوانەکانی جەنگ بەگوێرەی یاسای گەلان بە تاوان دادەنرێت)، لەبەر ئەمە دادگایی ئەنجامدەرانی دەکرێ لەلایەن دادگاکانی هەموو دەوڵەتان.. ئەمەو دادگاکانی سەربازی ئینگلیزی پسپۆڕایەتی بە نیسبەت تاوانەکانی جەنگ دەستەبەر دەکات کە دەکەوێتە دەرەوەی هەرێمی بەریتانی نەک لە حاڵەتی روودانیدا لەلایەن هێزی چەکداری دوژمن بەڵکو ئەگەر کەسانی مەدەنیش کردیان کە رەگەزنامەی دەوڵەتانی

دژیشیان هەیە، یان کەسانیتر رەگەزنامەکانیان هەرچییەک بێت، هەروەها ئەم کەسانەش کە رەگەزنامەی بەریتانیشیان هەیە یان رەعیەتانی دەوڵەتانی دۆست یان بێلایەن[7].

### تاوانباری جەنگ: چەند زانیارییەکی پێویست

بەپێی عورفی نێودەوڵەتان دەبێ ئەوانەی تاوانبارن بە تاوانی سیاسی تەسلیم بە دەوڵەتانی خۆیان نەکرێنەوە، بەڵام بەگوێرەی راسپاردەی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان (الجمعیة العامة للامم المتحدة) کە لە ١٣ی فبرایەری ساڵی ١٩٤٦ دەریکردووە تیایدا و هاتووە کە تاوانبارانی تاوانەکانی جەنگ ئەم تاوانانەی دژ بە ئاشتی یان مرۆڤایەتی جیابکرێتەوە لە پرەنسیپی گشتی کە تایبەتە بە تەسلیم نەکردنەوەی تاوانبارانی سیاسی، واتە دەبێ ئەم تاوانانە جگە لە تاوانی سیاسی تەسلیم بە دەوڵەتەکانیان بکرێتەوە[8].

دادگاییەکانی نۆرمبێرگ (محاکمات نورمبرک) ئەم دادگاییە سیاسییانەیە کە سوێندخۆران بەرامبەر سەرکردە ئەڵمانییە نازییەکان کردیان پاش خۆبەدەستەوە دانیان لە ٧ی مایۆی ١٩٤٥، ئەمەش لە شاری نۆرمبێرگی ئەڵمانی لە کۆشکی دادوەری بەرز بەسترا (کۆشکی داد) لە ماوەی نێوان نۆڤەمبەری ١٩٤٥ تا ئۆکتۆبەری ١٩٤٦ دادگای سەربازی نێودەوڵەتان لەسەر داواکاری رێککەوتنی دەسەلاتداری چوار دەوڵەتە سوێندخۆرە گەورەکان دامەزراوە لە چوار قازی کە نوێنەری ئەم چوار دەوڵەتە بوون ئەمانیش: گەورە دادوەر (کبیر القضاة) جیڤری لۆرانس، بەریتانی، فرانس بیدل، ئەمەریکی (ئەمیش جێگری گشتی بوو)، میجەر جەنراڵ (لیوا) نیکشتنکو، رووسیایی هەروەها دوندییە دی فابر، فەرەنسی، هەروەها مەکتەبی ئیدعاء لە چوار کەس پێکهات کە نوێنەری

دەوڵەتە سوێندخۆرەکان بوون ئەمانیش وەکجاران یەک لە دوای یەک ، سیر هارتلی شوکروس، رۆبرت جاکسۆن، لیفتنانت، جەنەڕاڵ رودنکۆ، هەروەها دی مینتون.

تاوانبارانیان لەسەر ئەم تۆمەتانە دادگایی کرد: ئەمرکردن بە بەرپاکردنی جەنگی دوژمنداری، هەڵایساندنی تاوانی دژ بە ئاشتی، هەڵایساندنی تاوانەکانی جەنگ ئەمەشیان کوشتن و خراپ جوڵانەوەی مامەلەکردنی مەدەنیەکان و یەخسیرانی جەنگ و کۆچپێکردنی مەدەنییەکان و کاری زۆرەملێ و کوشتنی بارمتەکراوەکان (الرهائن) بوو. هەروەها تاوانی دژ بە مرۆڤایەتییان ئەنجامدا ئەمەشیان ئەمانە دەگرێتەوە: کوشتن و خراپ جوڵانەوەی مامەلەکردن لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی و کوشتنی بە کۆمەڵی جوولەکەکان. هەروەها لە پاشبەندی دەعوادا ئەم تۆمەتانە (الاتهامات) بۆ کەسانی مەعنەویش ئاڕاستەکرا کە ئەنجوومەنی وەزیرانی ئەڵمانی نازی و سەرکردایەتی گشتی سەربازی و ئەرکانی جەنگ، هەروەها رێکخستنەکانی نازی بۆ لەشکری گەردەلوول و (جەستابۆ) و هیتریش بگرێتەوە. .

بە ئامادەبوون درانە دادگا بەرامبەر دادوەرانی سوێندخۆران لە نۆرمبێرگ ٢١ کەس لە سەرکردەکانی حکوومەتی نازی لە سیاسییەکان و سەربازییەکان و لیستەکەش ئەم ناوانەی گرتبووەخۆ: جورنگ، رینتروب، هس، کاتنبرونر، روزنبرگ، فرانک، فریک، ساوکل، شبیر، فونک، شاخت، باین، شیراخ، سیس ئانکوارت، سترایشر، کایتل، بودل، ریدر، دونتر، فرتیش، هەروەها دادگاییکردنی (بورمان) بە ئامادە نەبوون کرا، بەڵام (لای) لەکاتی دادگاییدا خۆی کوشت. هەروەها هەر یەک لە (کروب) و (هالباخ) نەیانتوانی لەبەردەم دادگا بووەستن بەهۆی نەخۆشییەوە، ئینجاش رێگا بە تاوانباران درا

داوای شاهێد و دیفاعکردن لە خۆیان بکەن. دادوەرانی نۆرمبێرگ حوکمی خۆیان بە ئیدانەی هەموو ئەم کەسانە دەرکرد لەسەر بنچینەی تاوانێک یان زیاترەوە ئەحکامەکانیش ئەمانەی گرتەوە: لە سێدارەدان و زیندانیکردنی هەمیشەییان بۆ ماوەی نێوان ١٠ تا ٢٠ ساڵ. ئەحکامی لە سێدارەدان ١١ تاوانباری گرتەوە. هەروەها ئەحکامی ئیدانە بۆ (جستابۆ) ئاڕاستەکرا بۆ لەشکری گەردەلوول هەروەها بە ڕێکخستنی تاوانباری دانرا.

دادگاییەکانی نۆرمبێرگ تا ئێستاش بابەتی مشتومڕی فیقهیە، ناڕازییەکانی نۆرمبێرگ ئەم دادگاییکردنە وادەبینین کە سزایەکە سەرکەوتووی جەنگ بەسەر دۆڕاوی جەنگیدا سەپاندووە، کە تاوانی دیاریکراو نەبووە و هەروەها سزادانی دیاریکراو نەبووە کە دادوەری نێودەوڵەتان دانیپێدانابێ و پێش دانانی ئەم دادگایە بۆ ئەوەی دادگاکە پشتی پێببەستێ بۆ تەنها بە تۆمەتدانەپاڵ یان دەرکردنی ئەحکامەکانی، بەڵکو تەنها پشتی بە چەند ڕێککەوتنی نێودەوڵەتی تایبەت بە جەنگی غەدرکاری یان تاوانەکانی جەنگ یان تاوانەکانی دژی ئاشتی بەستبوو، لەوانەش ڕێککەوتنی لاهای و بەڵێننامەی لەندەن و ڕێککەوتنەکانی جنێف و بەڵێننامەی بریان کیلوج ئەمانەش گشتیان سروشتی جەنگی غەدرکاری بەدەردەخەن یان باسی تاوانەکانی جەنگ دەکەن و بەلای ئەمانەوە نەدەبوایە دادگایەکانی نۆرمبێرگ پشتیان پێببەستێ.

دەستەی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەنجامەکانی دادگاییەکانی نۆرمبێرگی خستە بەرباس و لێکۆڵینەوە هەروەها لێژنەیەک لە ساڵی ١٩٤٦ پێکهات بۆ نووسینەوەی پرەنسیپەکانی یاسایی کە دادگا پشتی پێبەستووە، پاشان لێژنەی یاسای نێودەوڵەتی کە سەر بە ئەمە تەکلیف کرد لە ساڵی ١٩٤٧ بە دانانی راپۆرتێک لەبارەی

تاوانەکانی دژ بە ئاشتی یان دژ بە مرۆڤایەتی تا دابڕێژرێن لە بنەمای یاسایی (القواعد القانونية) و لەسەر ئەم بنچینەیە دەتوانرێ تاوانباران بدرێتە دادگا.

بە هەمان شێواز دوای جەنگی دووەمی جیهانی و دوای دۆڕانی ژاپۆن و تەسلیم بوونی بە سوێندخۆران سەرکردە سەربازییە ژاپۆنییەکان درانە دادگا وەک دادگاییەکانی نۆرمبێرگ دادگاییکران و بەناوی دادگاییەکانی تۆکیۆ ناوبرا.

ئەمە و تاوانبارانی جەنگ لە هەموو ئان و زەمانێکدا دادگایی کراون، بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا ئەوەی کە زۆر روون و بەرچاوە دوای ئەم چەند ساڵەی جەنگی نێوان دەوڵەتە هەڵوەشاوەکانی یوگسلاڤیای پێشوو و بەتایبەتیش نێوان دەوڵەتی بۆسنیاو هەرزەگۆڤینیا و سڕبەکانی ئەم دەوڵەتە جەنگێکی جینۆسایدی گەورە دژ بە موسڵمانەکانی ئەم دەوڵەتە بەرپاکرا بۆ ئەمەش پەنجەی تاوان بۆ هەردوو سەرکردەی سڕبەکانی بۆسنیا درێژکراو بە تاوانباری جەنگ درانە قەڵەم و داوای دادگاییکردنیان کرا لە دادگای دادی نێودەوڵەتی هەمیشەیی لە لاهای (محكمة العدل الدولية الدائمة في لاهاي) ئەم دوو تاوانبارەش یەکێکیان (رادۆڤان کرافیچ - سەرکردەی سڕبەکانی بۆسنیا) و (سلۆبۆدان ملۆسۆفیچ-سەرکردەی ئەرکانی سوپای سڕبەکانی بۆسنیا) بوون. دادگاییکردنی ئەمانەش بەگوێرەی زۆربەی چاودێرە سیاسییەکان دەبوایە لە دادگایەکی نێودەوڵەتی بێت و ئەم داوایەش وەک مەرجێک لەلایەن حکوومەتی بۆسنیا دانرابوو بۆ پێکهاتن لەگەڵ سڕبەکان. نزیکترین نموونەی تاوانباری جەنگ ئەمەیە کە دوای داگیرکردنی کوێت لەلایەن (سەدام) و سەرکوتکردنی راپەڕینە جەماوەرییەکەی گەلانی عێراق و جینۆسایدی دانیشتووانی

عێراق و قەتلوعامی هەڵەبجەی شەهید و دۆڵی خۆشناوەتی بە گازی کیمیاوی و دەیان نموونەی دیکە دەکرێ ئەمانە بکرێن بە بەرنامەیەک بۆ دادگاییکردنی تاوانبارانی جەنگی وەک سەدام و داروودەستەکەی و رای گشتی جیهانیش دڕندەیی سەدام ئاگادارن و پێیانخۆشە شەرعیەتی حوکمڕانی لێبسەنرێتەوە، بەڵام وادەبینرێ کە بەرژەوەندی هەندێک لە دەوڵەتە زلهێزەکان بۆتە بەربەستێک لە بەرامبەر ئەم خواستەدا، یەکەم هەنگاوی ئەم بەرنامەیە ئەمەیە کە سەبارەت بە تاوانەکانی جەنگ دادگایەک بۆ سەدام حوسێن دابمەزرێنرێ، کۆمەڵەی ئابووری ئەورووپا لەسەر پێشنیاری ئەڵمانیا لە ناوەڕاستی مانگی نیساندا ئیمزای لەسەر ئەم بیرە کرد و ئەنجوومەنی پیرانی ئەمەریکاش پشتیوانی خۆی بەرامبەر بە (EEC) دەربڕی، بەڵام ئیدارەی پاش ئەوەی چاوێکی بەم پێشنیارەدا خشاند بە تەواوی رەتیکردەوە، بەشی دەوڵەت هۆی رەتکردنەوەی ئەم مەسەلەیە بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە لە دوورەوە موحاکەمەکردنی سەدام لەوانەیە ببێتە هۆی ئەوەی زیاتر لەسەر کورسی حوکمڕانی بهێڵێتەوە، بەڵام ئەمە رێک لە نوسخەیەکیتری ئەو بۆچوونە دەچێ کە گوشارکردنە سەر سەدام حوسێن دەبێتە هۆی ئەوەی عێراقی و عەرەبەکانیتر زیاتر لە دەورەی سەدام کۆببنەوە.

ئەم لێکدانەوەیەش لەبەر رۆشنایی ئەنجامی رووداوەکانی پاش ٢ی ئاب بە تەواوی بە هەڵەکەوتەوە، ئیدارەی ئەمەریکا داکۆکی لەوەش دەکات کە دادگاییکردنی سەدام حوسێن سەبارەت بە تاوانەکانی جەنگ دەرگای شیمانەی سەرهەڵگرتن بەرەو ژیانی دوورە وڵات لە سەدام دادەخات، بەڵام دەکرێ مەرجی بە سەلامەت دەربازبوونی سەدام بە هەڕەشەی دادگاکردنی سەبارەت بە تاوانەکانی جەنگ ببەسترێتەوە، بەتایبەتی ئەگەر ماوەیەکی

دیاریکراوی بۆ سەرهەڵگرتن. بەر لەوەی پرۆسەی دادگاییکردنەکە دەستپێبکات بۆ دەستنیشان بکرێت و پێیڕابگەیەنێت کە ئەگەر خۆی و دەست و پێوەندەکانی لەو ماوەیەدا عێراق بەجێبهێڵن ئیدی مەسەلەی دادگایی کردنەکە هەڵدەپەرسێردرێ[٩]. هەنجەتەکانی دادگایی نەکردنی سەدام حوسێن و دارو دەستەکەی هەرچییەک بن دەکرێ لە بەرامبەر رای گشتی جیهانی و ویژدانی مرۆڤایەتی وەک تاوانباری جەنگ تەماشاو حیسابی بۆ بکرێ.

دواییش کە ئەمەریکا عێراقی داگیرکردو، گەلانی عێراق رزگاریان بوو، ئەمەریکا سەدامی بە یەخسیری جەنگ داناو، دواییش لەگەڵ سەرکردەکانی عێراقی لە دادگایەکی عێراقی دادگاییکران و دواییش لەسێدارەدران، بەڵام لەگەڵ ئەوەش سەدام تۆمەتی بە تاوانبارکردنی نەدرایەپاڵ و وەک تاوانبارێکی جەنگ نەنێردرا بۆ دادگاییکردن لە لاهای.

# دوا وتە

لەم باسەماندا هەموو ئەم زانیاری و ئەنجامانەی باسمانکرد لەبارەی تاوانباری جەنگ دەگەینە ئەم راستییەی کە جیهان بە شێوەیەکی بینراو درک بە مانای تاوانەکانی جەنگ دەکا و ئەم تاوانەش کە دەبنە هۆی کارەساتی جەرگبڕ و وێژدانی جیهانی لە ناخەوە دەهەژێنێ، لەبەر ئەمە پسپۆڕایەتی جیهانی لەم شێوە تاوانانەدا هۆکارێکی چاکە کە بەربەست لە بەردەم ئەنجامدانی دادەنێ، لەبەر ئەمە ناکرێ دەستبەکاربوونی پسپۆڕایەتی لەم جۆرە تاوانانەدا پابەندبێ بە دەوڵەتێک، بێ دەوڵەتەکەیتر[١٠].

بۆیەش دەوڵەتانی دنیا پێکڕاو بە هاوکاریکردنی یەکترو بە پشتگیری نەتەوە یەکگرتووەکان و یاسا نێودەوڵەتییەکان و بڕیار و پەیماننامە و بەڵێننامە و هەموو ئەم یاسا نێودەوڵەتیانەی دەتوانن سنوورێک بۆ ئەم تاوانە دابنێن دەکرێ دەوڵەتان پشتگیری لەم یاسایانە بکەن و ئیلتیزام بە بنەڕەتەکانی ئەم یاسا نێودەوڵەتیانە بکەن و تاوانبارانی جەنگ لە دادگای نێودەوڵەتی دادگایی بکرێن و کۆمەڵگایەکی مرۆڤایەتی ئاسوودە بنیاتبنێن و نەتەوە یەکگرتووەکان و یاسا نێودەوڵەتییەکان پەیڕەو بکرێن و بکرێن بە سەرچاوەو پشت و پەنا بۆ هەموو دەوڵەت و نەتەوەکانی دنیا.

**پەراوێزەکان:**

(١) بڕوانە: الدكتور زهير الزبيدى (الأختصاص الجنائي للدولة في القانون الدولي- الجريمة ذات العنصر الأجنبي)، الطبعة الأولى، ١٩٨٠، ص٤٦٥.

(٢) بڕوانە: الدكتور كاظم هاشم نعمة (العلاقات الدولية)، الجزء الأول، جامعة بغداد، كلية القانون والسياسة، طبع بالرونيو، ص٢٥١.

(٣) بڕوانە: هەر ئەو سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥١.

(٤) بڕوانە: الدكتور يونس العزاوى (العلاقات الدولية)، جامعة بغداد، كلية القانون والسياسة، طبع بالرونيو، ص٧٩.

(٥) بڕوانە: الدكتور زهير الزبيدى، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٤٦٦.

(٦) بڕوانە: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٤٧٢.

(٧) بڕوانە: هەمان سەرچاوە، ل٤٧٩.

(٨) بڕوانە: أحمد عطية الله (القاموس السياسي)، الطبعة الثالثة، ١٩٨٦، ص٣٨٤.

(٩) بڕوانە: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٣١٤.

(١٠) بڕوانە: لۆری مایلرۆی (سیڕیانی بەردەم ئایندەی عێراق)، گۆڤاری روانگەی جیهان، ژمارە (١)، ساڵی یەکەم، تشرینی دووەمی ١٩٩٣، ل٧٤.

(١١) بڕوانە: الدكتور زهير الزبيدى، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٤٧٩.

**سەرچاوەکان:**

١-الدكتور زهير الزبيدى (الأختصاص الجنائي للدولة في القانون الدولی- الجريمة ذات العنصر الأجنبي)، الطبعة الأولى، مطبعة

الأديب البغدادي، ١٩٨٠.
٢-الدكتور كاظم هاشم نعمة، العلاقات الدولية، الجزء الأول، جامعة بغداد، كلية القانون السياسة، قسم السياسة، (طبع بالرونيو)، بلا.
٣-الدكتور يونس العزاوى، العلاقات الدولية، جامعة بغداد، كلية القانون والسياسة، طبع مكتب الجامعة، بلا.
٤-احمد عطية الله، القاموس السياسي، الطبعة الثالثة، منشورات دار النهضة العربية، القاهرة، ١٩٦٨.
٥-لۆرى مايلرۆى (سیڕیانى بەردەم ئایندەى عێراق)، گۆڤارى روانگەى جیهان، ژمارە (١) سالّى یەکەم، تشرینى دووەمى ١٩٩٣.

# فەرهەنگۆکی ئەم باسە

| کوردی | عەرەبی |
| --- | --- |
| تاوانباری جەنگ | مجرم حرب |
| تاوانەکانی جەنگ | جرائم حرب |
| دووبەرەکی چەکداری | نزاع مسلح |
| یاسای گشتی نێودەوڵەتان | القانون الدولی العام |
| رێسای یاسایی | القاعدة القانونية |
| یاسای نیشتمانی | القانون الوطنی |
| کۆنگرەی نێودەوڵەتییەکان | المؤتمرات الدولية |
| بەخسیرانی جەنگ | اسری الحرب |
| کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان | الجمعية العامة للامم المتحدة |
| یاسای نێودەوڵەتانی رێککەوتوو | القانون الدولی الاتفاقی |
| پسپۆڕایەتی جینایەتی | الاختصاص الجنائی |
| پێشێلکردنی لە رادەبەدەر | الخوارق الجسيمة |
| کەسانی بارمتە | رهائن |
| پرەنسیپ | مبدأ |
| پسپۆڕایەتی هەرێمایەتی | الأختصاص الأقليمی |
| پسپۆڕایەتی کەسی | الأختصاص الشخصی |
| یاسای نێودەوڵەتانی عورفی | القانون الدولی العرفی |
| رێساکانی عورفی | القواعد العرفية |

| | |
|---|---|
| یاسای گەلان | قانون الشعوب |
| دادگاییەکان | محاکمات |
| گەورە دادوەر | کبیر القضاه |
| تۆمەت | الأتهام |
| دەستە | هیئة |
| دادگای دادی نێودەوڵەتانی هەمیشەیی لە لاهای | محکمة عدل الدولیة الدائمة فی لاهای |
| بەڵێننامە | میثاق |
| پەیماننامە | معاهدة |
| ڕێکەوتننامە | اتفاقیة |

# ناوەرۆک


١- ڕۆشنبیری وسیاسەت وئەفسانە ..................... ٥
٢- ڕۆشنبیری سیاسی ودیموکراسی ..................... ٤١
٣- دیموکراسی و مافی هەڵبژاردن ..................... ٥١
٤- ڕۆشنبیریی سیاسی و ئایدیۆلۆژیای زاڵ ..................... ٥٧
٥- ڕۆشنبیر و دەسەڵات ..................... ٧١
٦- کورد و جیهانگەرایی ڕۆشنبیری ..................... ١٢٥
٧- پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و سیاسی ..................... ١٣٣
٨- دەستەبژێر و ڕۆڵە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکەی ..................... ٢١٣
٩- دەستە بژێرەکانی ئێمە لەکوێن؟! ..................... ٢٤٣
١٠- گرووپی فشار- کاریگەری لەرای گشتی و بڕیاری سیاسیدا ..................... ٢٥١
١١- دەوڵەت ..................... ٢٦٥
١٢- رۆڵی رۆشنبیریی یاسایی لەنێو کۆمەڵدا ..................... ٢٧٣
١٣- فیدرالیزم و دیموکراسی و سەربەخۆیی ..................... ٢٨٣
١٤- دیاردەی دەسەڵاتی سیاسی ..................... ٢٩١
١٥- تەزویرکردنی هەڵبژاردن و هۆیەکانی کارتێکردنی ..................... ٣٠٣
١٦- تاوانباری جەنگ ..................... ٣١٣

بۆ دەستنیشانکردنی مانای ڕۆشنبیری بەشێوەیەکی ئەکادیمی پێویست بەلێکدانەوە و مەدلولاتی زمانەوانی و بنچینەو ڕەگەزی زانستی هەیە، بۆ دەربازبوونمان لە لێکدانەوە و قاڵبوون لەرووی مانا بەخشینی ڕۆژانە و ڕاگەیاندنەوە. چونکە زۆرجار تێکەڵاوی لەمەبەست دەکرێ بەمانای فراوان و مانا بچووکەکەی و ئەوەی بەسەر زماندا دێت لەمانا باوەکانی وەک (ڕۆشنبیر، فێرکەر، فێرخواز، کۆمەڵەڕۆشنبیرییەکان، ڕۆشنبیریی گشتی، تا دەگاتە نوێترین زانیاری کۆمەڵایەتی ئاخافتن کە لەڕۆشنبیریی میللی و یاسای کۆمەڵگاکان و پەیوەندیەکانیان دەدوێ).

# Deselatî Roşinbîry

## Sabir Raşid



بەرگ: ئاکار جەلیل